# پشدەر (مەعمورەی حەمیدیە)
# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

١٢٧٤-١٣٣١ کۆچی
١٨٥٨-١٩١٥ زایینی

**بەرگی سیانزە**

**بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان**
**خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان**
**٢٠٢١**

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی ڕەحمان**

# پێرست


| زنجیره | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | پێشەکی | ٧ |
| ٢ | چەند رونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان | ٨ |
| ٣ | شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی | ١٠ |
| ٤ | کۆد و ووشەی رەسەنی کۆدەکان | ١٦ |
| ٥ | بەڵگەکان | ٢١ |


هەواڵنامەی کتێب

- ناوی کتێب • **پشدەر (مەعمورەی حەمیدیە)** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

بەرگی سیانزە ١٢٧٤-١٣٣١ کۆچی/ ١٨٥٨-١٩١٥ زایینی

- ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
- وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی رەحمان
- بەڕێوبەری هونەری • بورهان سابیر
- دیزاینی ناوەرۆک • سومەییە موڕادی
- بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان | خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان
- تیراژ • ١٠٠٠ دانە
- چاپ • یەکەم ٢٠٢١ هەولێر


لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (٨٩١)ی ساڵی٢٠٢١ی وەزارەتی رۆشنبیری



بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان: Download Books

www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی
ئەم کتێبە پارێزراوە
بۆ زانکۆی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

ئەم وشە و بیروبۆچوونانەی کە لەم پەرتوکەدا نووسراوەتەوە سەرچاوەکەی بەڵگەکانە و ئێمە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەمانەتی زانستیش لەکاتی وەرگێڕانی دەستکاری نەکراوە.

# پێشەکی

قەزای مەعمورەی حەمیدیە، لە بەشی باکووری لیوای سلێمانی، بەشێکی چیاییە و لە گوند و ناحیەی جۆراوجۆر پێك دێت. گوندی قەلعە دیزە کە مەرکەزی قەزا بووە، دەکەوێتە خاڵێکی گرنگ و لە مەرکەزی لیوا ٨ کاتژمێر دوورە، لەم سەردەمەدا قۆناغێکی حکوومەت، تەلەگرافخانەیەك، چەند دوکانێک، قاوەخانەیەك، جامعێك و مەسجدێك لەگەڵ چەند خانوویەك تایبەت بە نیشتەجێ بوونی فەرمانبەران و دانیشتوان هەبووە. دەستەی گشتی قەزاکە لە ناو حەوزی زابی بچووکە، گرنگترین چیای لیواکە، لە ناو ئەم قەزایە بووە، زەوییەکەی بە پیت و بەرەکەت بووە، بەرووبووم لە دۆڵ و باغ و باغچەکاندا هەبووە، لە چیاکان بەرووبوومی خۆرسك و لە دەشتاییەکاندا لەوەراندنی ئاژەڵ ئەنجام دراوە، جگە لەمە سەرچاوەی ئاو و ئاوی رۆیشتوو زۆر بووە، گشت ئاوەکانیش دەرژێنە ناو زابی بچووك. کەشوهەوای قەزاکە بە گشتی ساف و تەندروست بووە.

ناحیەکانی سورتاش و پشدەر سەر بەم قەزایە بووە، ناحیەی پشدەر بە ناوی ئەم عەشیرەتە ناوبردراوە، کە تێدا نیشتەجێ بوون، ئەگەرچی ئەم عەشیرەتە بە کشتوکاڵ و جوتیارییەوە خەریك بوون، بەڵام لە هاویندا لەسەر ئەم چیا و دەشتاییەکاندا نیشتەجێ دەبوون، کە دەکەوێتە کۆتایی ناحیەکە، واتە لە زۆربەی گوندەکانی قەزای شارباژێر و مەرگە پەرشوبڵاوببوونەوە. ناحیەی پشدەر ئاووهەواکەی فێنك و خۆش بووە، گوندەکانی قەزاکە بە تایبەتی گوندەکانی ناحیەی پشدەر، بە تەواوەتی ئاوەدان و بە شێوەیەکی گشتی دانیشتوانی قەزاکە نیشتەجێ بوون، لە ناحیەی پشدەریش تەنیا عەشیرەتی نورەددینی نیشتەجێ بوو، بەڵام پارێزگاری لە دابونەریتی خۆی کردووە و لە هاوین چۆتە کوێستان، دانیشتوانی پشدەر بە گوێرەی شوێنەکەیان تەندروست و پیاوی بوێر بوون، لە ناویان پیاوی بە توانا و لێهاتوو هەبووە، بۆیە بەناوبانگ بوون و لە دەوروبەر ناویان رۆیشتووە، دانیشتوانی قەزاکە بە تەواوەتی لە قەبیلە و عەشیرەتە کوردییەکان پێك هاتبوون، زمانیان کوردی بووە.

سەبارەت بەم بەڵگانەی کە خوێندنەوەی بۆ کراوە دەردەکەوێت، پشدەر یەکێك بووە لە ناوچە ستراتیژی و گرنگەکان، شوێنی ململانێ، هەروەها خاڵی گەیشتن بە مەرامەکان و یەکلاکردنەوەی ئامانجی سیاسی هەردوو دەوڵەتی زلهێزی عوسمانی و سەفەوییەکان، بووە، بەڵام زۆربەی کاتەکان ئەم عەشیرەتانەی کە بە درێژایی سنووری عوسمانی و ئێرانی پەرشوبڵاوببوونەوە، بوونەتە رێگر لەبەردەم مەرام و حەزوئارەزووی ئەم وڵاتانە، لەلایەکی تر خاڵی شەڕوپێکداادان و بەیەکگەیشتنی عەشیرەتەکانی پشدەر، هەمەوەند، بلباس و مەنگوڕیەکان بووە. هەردوو وڵاتیش بۆ گەیشتن بە مەرامی خۆیان ئەم عەشیرەتانەیان بەکار هێناوە، جگە لە خودی عەشیرەتەکان، بۆ یەکلاییکردنەوەی هەستی دوژمنکارانە و تۆڵەسەندنەوە، رق و کینەی خۆیان لە رێگەی کوشتن، تاڵان و سووتان دامرکاندۆتەوە. جگە لەم کێشانە کێشەی هەرە گەورەی ئەم عەشیرەتانە پابەند نەبوونیان بووە بە باج و رسوماتی دەوڵەت و قەبوڵ نەکردنی بێگانە و رێگە نەدان بە جێگیر بوونی فەرمانبەران و سەربازانی دەوڵەت، بۆیە لەگەڵ دەوڵەت رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە. کێشەی پەرینەوە لە سنووریش لەلایەك مێنێت، کە ئەم عەشیرەتانە بەشێکیان لە ناو خاکی ئێران و بەشەکەی تریشی لە ناو خاکی عوسمانیدا بووە، بۆ هاوکاری کردنی یەکتر سنووریان بەزاندووە و بۆ لایەکەی تر پەریونەتەوە، بۆ لەوەراندنی ئاژەڵەکانیان و دۆزینەوەی شوێن بۆ نیشتەجێ بوونیش لە نێوان سنووری ئەم دوو وڵاتە هاتووچۆیان بووە.

لێرەدا روون دەبێتەوە کێشەی هەرە گەورەی ئەم قەزاو ناحیەیە کێشەی سەرپێچی و کاری سەرکەشانەی عەشیرەتەکان بووە، حکوومەت هەمیشە هەوڵی داوە بە رێگەی ئاشتییانە و سوڵح کردن، نێوانی ئەم عەشیرەتانە چاك بکاتەوە، زانیویەتی شەڕ چارەسەر نییە، بەڵام هەمیشە ئەم کارە هەتا سەر نەبووە، دوای ماوەیەك هەمان کێشە سەریهەڵداوەتەوە، بۆ دۆزینەوەی کوێستان و لەوەرگا، نە هاتووچۆی سەر سنوور، لەلایەنی دوژمنکاریەوەش، نە هەستی تۆڵەسەندنەوە، کۆتایی هاتووە، بۆ رادەست کردنی باج و رسوماتیش، پابەندی یاساورێساکانی حکوومەت نەبوونە، بۆیە حکوومەتی ناوەخۆ هەمیشە سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بووە، هیچ کاتێك سوودی لە بەرووبووم و داهاتی ئەم ناوچەیە وەرنەگرتووە.

د. نەوزاد یەحیا باجگر

سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان

# چەند روونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان

١ • لە بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ، مانگ و رۆژ کراوە؛ لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکان ئەوا مێژووی کۆچی و رومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی رومی یا کۆچییەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە رومییەکە هەڵەی تێدا کراوە.

٢ • هەڵەی ناوی تێدایە، بۆ نموونە ناوی کەسێتی، شوێن و عەشیرەت بە هەڵە نووسراوەتەوە، ئەم نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، بۆیە بە هەڵە نووسیویەتیەوە، لە کاتی وەرگیرانیش هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

٣ • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان، هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش بۆ ئەوە بووە تا بەڵگەکان رەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەم سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەم بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەمەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان، روون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

٤ • لە هەندێک بەڵگەدا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

٥ • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە، کە ئەم ووشەیە نەخوێندراوەتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە، کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

٦ • هەندێک ووشە یاخود راسترە بڵێین زاراوە هەیە لەم سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەم مانایە نادەن کە ئێمە رۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەمەش وەرگێرانی ئەم ووشانە بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەم ئاستە نابێت، واتە مانای پر بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

• بەڵگە هەیە لە چەندین لاپەڕە پێک هاتووە، ئەم چەند لاپەڕەیەش باسی یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە
تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان
٧ تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەم چەند لاپەڕەیە باسی چەند بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە
شێوازی جیاواز و هەر لاپەڕەیەک بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا مووی وەرگێردراوە.

• دووبارە بوونەوەی بەڵگە، هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی تێدایە؛ وەکو ئەوەی لە
سەرەوەباسمان کرد، بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆبکرێتەوە و هەمان
٨ ژمارەی بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان
بابەت کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەی نەدراوەتێ.

• لە کاتی نووسینەوەی رووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە، بە گشتی
٩ باسی بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باسکراوە؛ لێرەدا
تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

• لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و رستەی دووبارە بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا نووسەر لە کاتی نووسینەوەی
١٠ نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری نووسیوەتەوە.

• لە بارەی ساڵی بەڵگەکان، بۆ ڕیزبەندی بەڵگەکان ساڵی کۆچی و زایینی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ
و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی سەر
١١ بەرگەکەی گۆڕانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە،
کە گەیشتۆتە لای پاشاش ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە، کە نووسراوەکەی بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی
جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک بەڵگەدا چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

• هەندێك ساڵ کە لە ناو بەڵگەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بە کورتکراوی نووسراوەتەوە، بۆ نموونە
١٢ دەڵێت ساڵی (٢٧) لێرەدا مەبەستی ساڵی (١٢٢٧)ە، کە ١٢٠٠ەکەی فڕێ داوە، یا ئەگەر
نووسرابێت ساڵی (٣٣٦) ئەوا لێرە مەبەستی ساڵی (١٣٣٦)ە، کە ١٠٠٠ەکەی فڕێ داوە.

وەرگێر

# شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی

| | |
|---|---|
| ئالآی (الای) | ئالآی بە مانای کۆمەڵ و قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە، لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئالآیەک سانجەقێکی لە ژێر دەستدایە. |
| ئەعیان (اعیان) | بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی میللەت، ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و کەلوپەل بەکارهاتووە. |
| ئەنجوومەنی والآ (مجلسی والا) | ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵکی جێبەجێ دەکرد، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێنی ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامره) | تەوێلەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆجاقلق (اوجاقلق) | ئەم زەوییانە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەلآ و کۆگای چەک بوو. |
| ئۆن باشی (اونباشی) | ئەم سەربازە قوماندانیەتی ١٠ کەسی کردووە. |
| ئیستدعانامە (استدعانامە) | ئەم نووسراوەیە وەکو داواکاری بۆ دەوڵەت دەنووسرێت، بەڵام مۆر و پولی لەسەرە . |
| ئیستعلامنامە (استعلامنامە) | ئیستعلام نووسراوی بە زانیاری بووە، هەرچی ئیستعلامنامەیە نووسراوی بە بەڵگە بووە. |
| ئیستیناف (استیناف) | دووبارە دەست پێکردنەوە، ئەم بڕیارەی کە لە دادگای سەرەتایی دەدرا، بۆ ئەوەی بڕیارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە سەردانی دادگایەکی سەرووتر، واتە لە ئەم بەرزتر دەکرا، تا بڕیارەکە هەڵبوەشێننەوە. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم،دیوانی هومایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، لە فەرمانگە فەرمییەکاندا ئەرکەکەشی نووسینی نووسراو بووە. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیب، واتە سەرۆکی نووسین. |
| باشبوغ | قوماندانی سەربازی رێک نەخراو یاخود نارێک. |
| باش مودیرەت (باش مدیرت) | باش بە مانای سەرۆك یاخود یەکەم دێت. مودیرەت واتە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان؛ هەرچی باش مودیرەتە بە مانای بەڕێوەبەرایەتی یەکەم یاخود بەرپرسی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتی دێت. |
| بەرائەتی شەریفە | واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن، دەبووایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆ وەربگیرێت. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە برا. |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی. |
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بینباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار دێت، باش واتە سەر، بینباشی، ئەم ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| پلەی حەرەمەین (درجە حرمین) | بەم کەسە ووتراوە کە تۆبەی کردووە و حەرامی لە خۆی قەدەغەکردووە، زیاتر لە کاتی حەج کردن دەچووە پلەی حەرەم و خراپە و کاری بەدی لە خۆی حەرام دەکرد. لەلایەکی تر لە سەردەمی کۆندا چینی زاناکان دەگرێتەوە، کە لە دوای پایەی میسر لە پێش پلەوپایەی ئیستەنبۆڵ پلەیەکی بەرزە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەم کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خێرا ڕۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەحسیلدار (تحصیلدار) | ئەم فەرمانبەرەیە باج و باجی داهات و بەروبوومی داهات کۆدەکاتەوە. |
| تەرسانە (ترسانە) | تەرسانە یاخود تەرسخانە واتە کارگەی دەریایی، ئەم شوێنە بووە کاروباری کەشتییە جەنگیەکان و کاروباری دەریایی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانە عامرە). |
| تەغار (تغار) | ٤ ربە ١ تەغارە. |
| تەنزیمات (تنظیمات) | لە رووی زاراوەدا بە مانای ڕێکخستن و ڕێکوپێکی و خستنە سەر ڕێگا دێت، لە سەردەمی عەبدولمەجید لە ٣ قاسمی ١٨٣٩ لە گوڵخانە خوێندرایەوە، بە ناوی رەشنووسی هومایۆنی گوڵخانە بە فەرمانێکی پاشا هەژمار کرا، لەلایەن رەشید پاشای گەورەش وەکو چاکسازی راگەیەندرا، تا ساڵی ١٨٧٧ی جەنگی رووس بەردەوام بوو، دواتر سنووردار کرا؛ ناوە راستەقینەکەی تەنزیماتی خێرخوازی (تنظیمات خیریە) بوو. |
| تیمار | ئەم زەوییە کشتوکاڵیە داهاتی ساڵانەی لە نێوان ٣٠٠٠-٢٠٠٠٠ ئاقچە بووە، ئەم جۆرە زەوییەش بەم سەربازانە دراوە، کە بەشداری شەڕیان کردووە یاخود بەم کەسانە دراوە کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرا بوو، بەم داهاتەش بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین کردووە، واتە لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |
| پارە | وشەیەکی فارسیە، ١ قوروش ٤٠ پارەیە، ١ پارەش دەکاتە ٣ ئاقچە. |
| پۆست نشین | بەشێخی تەکیە ووتراوە پۆست نشین، لە هەمان کاتدا بە کەسێک ووتراوە کە پلەیەکی هەبووە و کارەکەی بەڕێوە بردووە. |
| حەرەم (حرم) | ئەم شوێنەیە، هەموو کەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەم شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت. |
| جەبەخانە (جبەخانە) | ئەم کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیلە) | جەلیلە بە مانای ناوداری گەورە یاخود شکۆدار دێت، کە نووسراو بۆ فەرمانگەی وەزیر و موشیر دەکرا، بەم شێوەیە ڕێزیان لێ دەگیرا، لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە. |
| خاخام | زانا و بەرپرسی یەهودیەکان، واتە کاهین. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێغەمبەر کاری کردووە، ئەم ئەرکە لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەو دەردەچێت. |

| | |
|---|---|
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |
| خولعە (خلعە) | ئەم جلە چەند جۆرێکی هەبووە، جلی رێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە وەکو پاداشت یاخود رێزلێنان بە کەسێک دەدرا. |
| داعی | ئەم کەسە ئەرکی دوعا کردن و نزا کردن بووە. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبوڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی. |
| دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی) | دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە، فەرمانگەیەك بوو، کاروباری پارەی دەوڵەت و موڵك و زەوی و زاری بەرێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| دوخان | تووتن. |
| دوخانچی | تووتنچی؛ ئەو کەسە کاری تووتنی کردووە. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری رووداوەکان، یاخود دەفتەری رۆژانە. |
| رایج | رایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای رابردووی. |
| رەدیف (ردیف) | بەم سەربازانە وتراوە رەدیف، کە لە دواوەی سەربازی رێکخراو دەوەستان و لە کاتی پێویستیش چەکیان پێ دەدرا. |
| رەژی (رژی) | فەرمانگەی تووتن. |
| روزهزر و روزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (رۆژی هزر) کە بە ناوی رۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەم سەردەمە، لەم رۆژەدا لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی رۆژژمێری زایینی رۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی رۆژژمێری رومی رۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی رۆژەکانی هزر وەرزی هاوین و ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی رۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە رۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین دەکات. |
| رسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |
| رسومات (رسومات) | باجەکانی گومرگ. |
| ریاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتییەوە، کە پەیوەستە بە کارەکانی پاشا. |
| ریال | ریال پارەی زیوی ئاسیاوییە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ریکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب هومایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |

| | |
|---|---|
| ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| زەربخانەی عامیرە (ضربخانە العامرە) | ئەم شوێنە پارەی دەوڵەتی تێدا دروست دەکرا. |
| سالیانە | ئەم باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان بەرامبەر بە ئەرکەکەیان، ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. |
| سەدری ئەعزەم (صدر اعظم) | پلەکەی وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سەفەربەرلیك (سفربرلك) | بەم کەسانە ووتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە، تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە. |
| سەلاملك (سلاملك) | لە کۆشکە گەورەکاندا بەم ژوورە دەوترا کە بۆ پێشوازی کردن لە میوانان تەرخان کرابوو. |
| سوریچی | ئەم پیاوەیە سەرپەرشتی ئاژەڵە بارهەڵگرەکان یاخود بارگیرەکان دەکات، واتە کرێچیە، وەکو خزمەت بەکرێ گیراوە، تا بارگیرەکان بە رێگا ببات. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئەم سەربازە سوارەیە خاوەنی زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەم دە یەکە (عشر) کە لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەم ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد، بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| سیلاحشۆر (سلاحشور) | واتە پیاوی چەکدار، ئەم پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە جەنگدا بە چەك شەریان کردووە. |
| شاهنشاه | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شەهبەندەر (شهبندر) | بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم، بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوەخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد، تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | پێش ئەم دامەزراوەیە، ئەنجوومەنی والا کارەکانی ئەنجام دەدا، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی والا، لە ساڵی ١٨٦٨ شورای دەوڵەت دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێڕی پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێڕییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. |

| | |
|---|---|
| چاوش | وشەیەکی تورکیە، لە رووی سەربازییەوە سەربازی پلە بچووکە، ئەمڕۆش بە پلەی پاسەوان دێت. |
| چەڵتوك (چلتوك) | برنج. |
| ڤۆیڤۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکاندا فەرمانبەرێک بووە سەر بە خەزینە، ئەم داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن خانم، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سانجەقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەمانە ئەرکی پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، لە بەرێوەبردندا پیاوی بەهێز بوون، بۆیە ناوە ناوە کێشەیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست دەکرد. |
| عولوفە (علوفە) | ئەم زاراوەیە بەم سەربازانە دەوترا، کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | واتە تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئەم فەرمانبەرانە بوون کە لە بابی عالی ویلایەت، لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والییان جێبەجێ دەکرد. |
| قەپوچی باشی | بەرێوەبەری ئەم چینەیە، کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری بەر دەرگا بوو. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و برینداركاری برینداركراوەكەیە، بۆ میراتی كوژراو داوای قەساس دەكەن. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا، کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەم دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەمە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە، دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب همایونی قپوچی باشی). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری قۆڵی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا. |
| قولی | قول؛ ئەم پیاوەیە بۆ ئەرك جێبەجێ كردن دەكردرێت، هەرچی قولی؛ ئەم فەرمانبەرەیە بۆ چاودێری كردنی سەربازانی دوژمن و سەرپەرشتی كردنی زەوی و زار ئەركی پێدەدرێت. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئاڵای، قوماندانی ژاندارمە. |
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لەسەر رێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەم دوو ناوچەیە هەبوایە هەژمار دەکرا، جگە لەمە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت. |
| قیە | دەکاتە گرانی ٤٠٠ درهەم، بۆ دە یەکیش بە واتای کیلۆ دێت، کە ١٠٠٠ گرام دەکات. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی پلەکەیان لە فەرمانبەر نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار. |
| کەلەك (کلك) | ئەم پارچە دارانەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، لە رووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەرێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر رووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی راستەقینەی کەلەکچیەکان ئەم کرێیە بووە، کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەم کەلەکچیانە لەسەر رووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێلە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە. |

| | |
|---|---|
| کیل | کیل، بۆ پێوانی دانەوێڵە بەکارهاتووە. |
| گاردیان | فەرمانبەری گرتووخانە. |
| مەشروتیەت(مشروطیت) | مەشروت واتە مەرجدار کە پەیوەستە بە مەرجەکانەوە، مەشروتەش لەلایەن یەکەم خاوەنیەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکو خانوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مزگەوت، هەرچی مەشروتیەتە ئەوا ئەم حوکمدارە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) | وڵاتی عوسمانی. |
| مەمالیك(ممالك) | وڵاتەکان، مەملەکەتەکان، خاکی وڵاتێك. |
| مەملوک (مملوک) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک ڕۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی یەکسانە بە وەزارەت، کە گەورەترین پلەی سەربازییە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |
| موعەجەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەگایەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | ئەم زەوییانە بوونەن، کە خاوەنداریەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە شێوەی رێککەوتن و بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان، جگە لەمەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەم پارەیەش راستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتیکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و رێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەڕێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| نەزارەت (نظارت) | لە زاراوەی بینین هاتووە؛ واتە چاودێری کردن و بینینی دەورووبەر. لەلایەکی تر بە مانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دێت. لەم سەردەمەدا بە مانای وەزارەت دێت. |
| هومایۆن (همایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەم کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەرەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە رووی سەربازییەوە ئەم ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی بلۆکێک دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی رەدیف. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت، کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |

## کــۆد و ووشــەی ڕەســەنــی کــۆدەکــان

| | | |
|---|---|---|
| A.AMD. | Bab-i Âsafî<br>Âmedî Kalemi | بابی عەسافی |
| A.DVN. | Sadaret<br>Divan Kalemi Evrakı | سەدارەت، کاغەزەکانی دیوانی قەڵەم |
| A.E.I. ABDÜLHAMİD. | Ali Emiri Tasnifi I. Abdülhamid | پۆلێنکردنی میری عەلی عەبدولحەمیدی یەکەم |
| A.E.III. OSMAN. | Ali Emiri Tasnifi III. Osman | پۆلێنکردنی میری عەلی عوسمانی سێیەم |
| A.E.III.AHMED. | Ali Emiri Tasnifi III. Ahmed | پۆلێنکردنی میری عەلی ئەحمەدی سێیەم |
| A.E.III.MUSTAFA. | Ali Emiri III. Mustafa | پۆلێنکردنی میری عەلی مستەفای سێیەم |
| A.MKT. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi | سەدارەت، قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.DV. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Deavî | سەدارەت، دیوانی قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.MHM. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Mühimme | سەدارەت، قەڵەمی تۆمارە گرنگەکان |
| A.MKT.MİTM. | B.E.O. Sadaret Evrakı | بابی عالی کاغەزەکانی سەدارەت |
| A.MKT.MVL. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Meclis-i Vala | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری ئەنجوومەنی والا |

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.NZD. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Nezaret Ve Devair | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری<br>نەزارەت و دیوان |
| A.MKT.UM . | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Umum Vilayet | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری<br>گشت ویلایەتەکان |
| BEO. | Babıali Evrak Odası | کاغەزەکانی ژووری بابی عالی |
| C.AS. | Cevdet<br>Tasnifi Askeriye | جەودەت، پۆلینکردنی سەربازی |
| C.EV. | Cevdet<br>Evkaf | جەودەت، ئاوقاف |
| C.NF. | Cevdet<br>Nafia | جەودەت، نافیە |
| C.T. | Cevdet<br>Timar | جەودەت، تیمار |
| DH.EUM.EMN. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyet Şubesi | نەزارەتی ناوەخۆ، پەکەی<br>بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی<br>گشتی |
| DH.EUM.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyeti Posta<br>Mecmuası | نەزارەتی ناوەخۆ،<br>بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی<br>پۆستەی ئەمنیەتی گشتی |
| DH.I.UM.EK. | Dâhiliye Nezareti<br>İrade-iUmummiye Ekleri | نەزارەتی ناوەخۆ، پاشکۆی<br>فەرمانی گشتی |
| DH.ID. | Dâhiliye Nezareti İrade | نەزارەتی ناوەخۆ، فەرمان |


| | | |
|---|---|---|
| DH.MB.HPS. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye-Hapishâneler | نەزارەتی ناوەخۆ، بینایەکانی میری-گرتووخانەکان |
| DH.MB.HPS.M. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye Hapishâneler Müdüriyeti | نەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەکانی بینایەی میری |
| DH.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Mektubi Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی تۆمار |
| DH.ŞFR. | Dâhiliye Nezareti<br>Şifre Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی شیفرە |
| DH.SN.THR. | Dâhiliye Nezareti<br>Sicill-i Nüfus idare-i umumiyesi tahrirât Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، تۆماری ناسنامە، فەرمانی گشتی قەڵەمی تۆمارکردن |
| DH.TMIK. M. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesr-i Muamelat Ve Islahat Komisyonu Muamela | نەزارەتی ناوەخۆ، مامەڵەی قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.TMIK.S. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesrî-i Muamelat ve Islahat Komisyonu | نەزارەتی ناوەخۆ، قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.UMVM. | Dâhiliye Nezareti<br>Umur-i Mahalliyye Ve Vilayat Müdürlüğü Kataloğu | نەزارەتی ناوەخۆ، کاروباری دارایی و کەتەلۆگی بەڕێوەبەرایەتی ویلایەت |
| HR.MKT. | Hariciye Nezareti<br>Mektubi Kalemi Evrakı | نەزارەتی دەرەوە، کاغەزەکانی قەڵەمی تۆمار |

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| HR.SYS. | Hariciye Nezareti<br>Tahrirat-ı Hariciye Odası | نەزارەتی دەرەوە، ژووری تۆماری دەرەوە |
| I.AS. | Irade Askeri | فەرمانی سەربازی |
| İ.DH. | Irade Dâhiliye | فەرمانی ناوەخۆ |
| I.DUIT. | Irade Dosya Usulü Iradeler Tasnifi | ڕێگاکانی فەرمانی دۆسیە، پۆلینکردنی فەرمان |
| I.HB. | Irade Harbiye | فەرمانی جەنگی |
| I.HUS. | Irade Hususi | فەرمانی تایبەتی |
| İ.ML. | Irade Maliye | فەرمانی دارایی |
| İ.MMS. | Irade Meclis-i Mahsus | فەرمانی ئەنجوومەنی تایبەت |
| I.MVL. | Irade Meclis-i Vâlâ | فەرمانی ئەنجوومەنی والا |
| I. ŞD. | Irade Şura-yı Devlet | فەرمانی شورای دەوڵەت |
| İ.TAL. | Irade Taltifat | فەرمانی ڕێزگرتن و بەخشین |
| İE.EV. | Ibnulemin Tasnifi Evkaf (Vakıf) | پۆلینکردنی وەقفی ئیبنولئەمین |
| MF.MKT. | Maarif Mektubi Kalemi | قەڵەمی تۆماری مەعاریف |
| MV. | Meclis-i Vükela<br>Meclis-i Vükela Matbataları | ئەنجوومەنی بریکارەکان، چاپکراوەکانی ئەنجوومەنی بریکارەکان |

| | | |
|---|---|---|
| MVL. | Meclisi Vâlâ | ئەنجوومەنی والا |
| MVL. | Meclis-i Vâlâ<br>Meclis-i Vâlâ Evrakı | ئەنجوومەنی والا، کاغەزەکانی<br>ئەنجوومەنی والا |
| Ş.D. | Şura-yı Devlet Evrak | کاغەزەکانی شورای دەوڵەت |
| Y.A.HUS. | Yıldız<br>Sadâret Hususi | ئەستێرە، تایبەت بە سەدارەت |
| Y.MTV. | Yıldız<br>Mütenevvi Maruzât Evrakı | ئەستێرە، کاغەزی داواکاریە<br>وون بووەکان |
| Y.PRK. AZJ | Yıldız<br>Perakende, Arzuhâl ve Jurnaller Kataloğu | ئەستێرە، نارێک، کەتەلۆگی<br>داواکاری و ژورنال |
| Y.PRK.ASK. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Askeri Maruzat | ئەستێرە، پۆلینکردنی نارێکی<br>کاغەزەکانی داواکاری سەربازی |
| Y.PRK.DH. | Evrakı Dâhiliye Nezareti Maruzatı | کاغەزەکانی داواکاری نەزارەتی<br>ناوەخۆ |
| Y.PRK.PT. | Yıldız<br>Perakende Posta ve Telgraf | ئەستێرە، پۆستە و تەلەگرافی<br>نارێک |
| Y.PRK.SH. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Sıhhıye Nezareti Maruzatı | ئەستێرە، پۆلینکردنی کاغەزی<br>داواکاریە نارێکەکانی نەزارەتی<br>تەندروستی |
| Y.PRK.UM. | Evrakı Umum Vilayetler Tahriratı | کاغەزی گشتی، تۆماری<br>ویلایەتەکان |


هەواڵنامەی کتێب



| 18 زیلقەعدە 1274 (٣٠ حوزەیران ١٨٥٨) | 00243.00073 | HR.MKT |
|---|---|---|

نووسراوی سەدری ئەعزەم بۆ قائیمقامیەتی سلێمانی


لـە ناوچـەی ئالانـی سـەر بـە مەمالیکـی ئێـران، لەلایـەن حکوومەتـی ئێرانـەوە بەڕێوەبـەر دامـەزراوە، بـەم هۆیـەوە ناکۆکـی کەوتۆتـە نێـوان بایـز ئاغـا و کوڕەکـەی محەمـەد ئاغـا، لـە ئەنجـام محەمـەد ئاغـا چۆتـە سـلێمانی، لـە لای نورەددیـن عوسـمان ئاغـای دانیشـتووی پشـدەر ماوەتـەوە، عوسـمان ئاغاش بـە بیانووی هـاوکاری هەندێـك چەکداری لـەلای خـۆی کۆکردۆتـەوە و هێرشـی کردۆتە سـەر ئالان و بە زۆرەملی و ناچاری دانیشـتوان و خەڵکەکەی گواسـتۆتەوە سـلێمانی، لـەوێ نیشـتەجێی کـردوون، بـۆ گەرانـەوەی محەمـەد ئاغا و دانیشـتوان بۆ نیشـتیمانی خۆیـان، هەروەها بۆ ئـەوەی کەلوپەلـە تالانکـراوەکان رادەسـتی خاوەنەکانیـان بکرێنـەوە، نـووسراو کـراوە و لەلایـەن باڵیۆزخانـەی ئێرانیش داواکاری بـەرز کراوەتـەوە، ئەگـەر ئـەم بابەتـە راسـت بێـت، ئـەوا لەلایـەن دەوڵـەت جێبەجـێ دەکرێـت و بریارەکـە بـە گونجـاو زانـراوە، بۆیـە لێکۆڵینـەوەی پێویسـت ئەنجام بدرێت و ئاماژەی پێ بکرێـت، تا چەنـد رووداوەکە راسـتە.




A.}MKT.UM.00571.00079.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.MKT.UM</td><td>00571.00079</td><td>14 زیلحیجە 1278 (١٢ حوزەیران ١٨٦٢)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ والی بەغداد<br>لە عەشیرەتەکانی سانجەقی سلێمانی، سەرۆکی عەشیرەتی مەنگور حەمزە ئاغا و فرقەی عەشیرەتەکانی تر یەکیانگرتووە و لە قەزاکانی سلێمانی هێرشیان کردۆتە سەر قەزای پشدەر، کەلوپەلیان تالان کردووە و خەڵکیان کوشتووە، لەسەر ئەم سەرپێچیانەی کە کردوویانە، هەروەها بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە، کاری پێویست ئەنجام بدرێت، نووسراوی عالی لە مێژووی ٢٤ شەوال ١٢٧٨ ژمارە ٥٢ رەوان کراوە، بە ناردنی بۆ ئەنجوومەنی والای داد، دەردەکەوێت لەم رووداوانە شتی زۆر ناخ هەژێن روویداوە، بۆ رێگەگرتن لەم بارودۆخ و گەرانەوەی کەلوپەلە تاڵانکراوەکان کار بکرێت، جگە لەمە بە بابەتی کوشتنیش دادگایی بکرێن، کارەکە جێبەجێ بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>



<table>
<tr><td>A.MKT.UM</td><td>00574.00026</td><td>26 زیلحیجە 1278 (٢٤ حوزەیران ١٨٦٢)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ والی بەغداد<br>بۆ نەهێشتنی ئەم ساردیەی لە نێوان قەبیلەی بلباس و پشدەریەکان هەیە، هەروەها بۆ بەلاوە نانی سەرپێچیەکانی مەنفی عەلی پاشا لە کەرکووك، لەلایەن قائیمقامی سلێمانی میری میران مستەفا پاشا، دوو ئەندامی ئەنجوومەن چۆتە ناوچەکە، کەچی خۆیان لەوێ چەندین سەرپێچیان ئەنجام داوە، ئەم دوو پارچە نووسراوەی کە بە واژوو رەوان کراوە، تێدا ئاماژەی پێکراوە، چۆنیەتی کارەکە حەواڵەی ئەنجوومەنی والای داد کراوە، لە عەشیرەتەکانی سانجەقی سلێمانی سەرۆکی عەشیرەتی مەنگور حەمزە ئاغا و فرقەی عەشیرەتەکانی تر یەکیانگرتووە، هێرشیان کردۆتە سەر قەزای پشدەری سەر بە سلێمانی، تێدا کەلوپەل و پارەوپولیان تالان کردووە و خەڵکیان کوشتووە، قائیمقامی ناوبراو هەندێك جولە و کاری کردووە، بەڵام حاڵی حازر هەواڵ هاتووە بارودۆخەکە هێور کراوەتەوە، ئەم نوسراوانەی لەم بارەیەوە هاتووە، بۆ دوورخستنەوەی زیان و کێشەی عەشیرەتەکان و گەرانەوەی کەلوپەلە تالانکراوەکان بووە، بەڵام لە بابەتی کوشتن بۆ دادگاییکردنی تاوانباران، مێژووی ١٤ زیلحیجە ١٢٧٨ نووسراو بۆ عالی رەوان کراوە، لەم رووەوە کاری پێویست ئەنجام بدرێت.</td></tr>
</table>



DH.MKT.01347.00006.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 01347.00006 | 8 شەعبان 1302 (٢٣ مایس ١٨٨٥) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی کاروباری دەرەوە
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١٣٦
بۆ لایەنی عالی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
راگەیەندراوی بەندەمانە


لە خاکی ئێران هەڵاتوون و لە گوندی دوچومانی سەر بە ناحیەی پشدەر خۆیان حەشارداوە، هەروەها لە لایەن فەرمانبەری باڵیۆزخانەی تەهران داواکراوە حەمزە ئاغا زادە باپیر ئاغا رادەستی ئێران بکرێتەوە، ئەم نووسراوەی کە وەرگیراوە لە مێژووی ٣٠ مارت ١٣٠١ پێشکەش کراوە، بەلام هێشتا وەڵام نەهاتووە، لە باڵیۆزخانەی ئێرانیش پرسیار دەکرێت کە ئاخۆ کارەکە بە کوێ گەیشتووە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.



| A.MKT.MHM | 00498.00041 | 22 زیلحیجه 1304 (١١ ئەیلوول ١٨٨٧) |
|---|---|---|

بۆ موشیرەتی لەشکری عیراق و حیجاز و جەنابی پاشای سەر عەسکەر
بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٦٢١
بۆ جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەمانە


سەرۆکی تائیفەی مەنگوری کوهستان بە ناوی کاك عەبدوڵلا ئاغا لە بنەرەتدا سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، چەند ساڵێك پێش ئێستا لە لایەنی ئێران ماوەتەوە، لە کۆندا مەنگور گەرمیان و رودی سەر بە سانجەقی شارەزور هاونیشتیمانی دەوڵەتی عالیە بوونە، کەچی ناوبراو دەستی بەسەر کوێستانی میرگاوی زەوی دەوڵەتی عالیە داگرتووە، بۆیە ئەم دوو قەبیلە بە ناچاری دوو سێ ساڵ دەبێت بۆ لایەنی ئێران کشاونەتەوە، ئەمجارە عەبدوڵلا ئاغا کوڕەکەی بە ناوی بایز ئاغای ناردۆتە شوێنێك بە ناوی درنەی سەر بە قەزای مەرگەی سانجەقی سلێمانی، ئەویش دەستی بە دروست کردنی خانە کردووە، ئەگەرچی ئەم جولەیە ئەنجام دراوە، بەڵام لەم ناوچەیە مەنگور روتەی سەر بە ناحیەی پشدەر و عەشیرەتەکانی مامش و ئۆجاقی سەر بە رانیە ئاژەڵ دەلەوەڕێنن و کشتوکاڵ دەکەن، لە ئەنجام ئەمانەش وەکو ئەوانی تر ناچار دەبن مەیلیان بۆ ئێران بروات، بەڵام پشدەریەکان ئەم سەرپێچیەیان پێ هەزم نەکراوە، ئەمەش وادەکات رووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە رووبدات، ئەم زانیاریە لەلایەن فەرمانبەرەوە راگەیەندراوە و نێردراوە، بۆ ئەوەی رێگە لە سەرپێچی بایز ئاغا بگیرێت، لە بارەی کوێستانی میرگاو ئاگاداری دراوەتە حکوومەتی ئێران، بەڵام ئێران کۆتایی بەم سەرپێچیە نەهێناوە، ئەگەر دەرکەوێت ئەم عەشیرەتە سەرپێچی ئەنجام دەدات، ئەوا بۆ پرۆسەی سەربازی داوای رێنمایی لە ویلایەتی موسڵ کراوە، ئەم تەلەگرافنامەیەی کە لەم بارەیەوە هاتووە، وێنەیەکی هاوپێچ پێشکەش کراوە، هەروەها بە رێگەگرتن لە سەرپێچی بایز ئاغا و گەرانەوەی ئەم کوێستانەی کە ناوی هاتووە، ئامۆژگاری پێویست دراوەتە باڵیۆزخانەی تەهران، پێویستە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە رێگە لەم سەرپێچیانە بگیرێت و چەتەکان سزا بدرێن، ئەگەر لە توانای نەبێت ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەوا بۆ پاراستنی دانیشتوانی عوسمانی و بۆ ئەوەی سەروەت و گیان و ناموسیان پارێزراو بێت، ئامادەکاری بکرێت و لە مێژووی ٥ جەمادی یەکەم ١٣٠٥ نووسراو لە باڵیۆزخانەی ناوهاتوو هاتووە و وێنەیەکی پێشکەش کراوە، بە تێروانین لە نووسراوەکان کارەکە جێبەجێ بکرێت، فەرمان و راگەیاندنی بۆ جەنابی پەیوەندیداری سەدارەتە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە پەیوەستە بەم بابەتە.
نازری دەرەوە



Y.PRK.BŞK.00011.00030.001

| 9 موحەررەم 1305 (٢٧ ئەیلوول ١٨٨٧) | 00011.00030 | **Y.PRK.BŞK** |
|---|---|---|

جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
قائیمقـام زەکەریـا بـەگ لـە ناحیـەی پشـدەری سـەر بـە سـانجەقی سـلێمانی ئابڵوقـە دراوە، بـۆ رزگار کردنـی ناوبـراو پەیوەنـدی بـە عەلـی پاشـا والـی موسـڵ و قوماندانـی کەرکـووك کـراوە، لـە بەنـدە عەلـی پاشـا تەلەگرافنامـە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، قوماندانـی ناوهاتـوو لـە بابەتـی ناردنـی سـەرباز خـودی خـۆی رێکـی خسـتووە و ئەرکەکـەی جێبەجـێ کـردووە، لەسـەر فەرمـان و یاداشـتی والـی ناوهاتـوو کار دەکات، فەرمانـی داوەتـە میـری ئـاڵای تۆفیـق بـەگ و بینباشـی تابـوور کـە جێگـەی ووردبینـی کردنـە، چونکـە لـە دەرەوەی بنکـەی سـەربازی جولـە کـردن دەبێتـە هـۆی سـەرنەکەوتن و زیـان بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت، لـەم حاڵەتـەدا ئـەوەی پەیوەسـتە بـە قوماندانیـەت لـە بازنـەی ئەرکـدا رێـك دەخرێـت و رەوان دەکرێـت، بـۆ ئـەوەی فەرمانـی بـە پەلـەی پـێ بدرێـت، بریـار و فەرمـان لـە پاشـای سـەر عەسـکەر دەربچێـت، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە بریـار دەردەکات.





Y.MTV.00028.00024.001


| Y.MTV | 00028.00024 | 22 موحەررەم 1305 (١٠ تشرینی یەکەم ١٨٨٧) |
| --- | --- | --- |

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
تەلەگرافنامەی بە شیفرەی ویلایەتی موسڵ هاتووە

لە ٢٣ ئەیلوول ١٣٠٣ فەرمانی تەلەگرافی پایەبەرزە، گرنگیەکەی لەلایەن جەنابی عالی روون و ئاشکرایە، لەسەر چاکسازی مەسەلەی پشدەر نووسراو کراوە، لە مەرکەزی ویلایەت ٥٠ کاتژمێرە دوورە، کەچی مەرکەزی تەلەگرافی نییە، ئەم کاتەی لە ناو کوێستان بووم، دوای چوار رۆژ لە مێژووی فەرمانەکە، ئەمرۆ بە رێگەی زەبتیە بەدەستم گەیشت، موتەسەرفی پێشووی سلێمانی لە لایەنی کارگێری و سەربازی ئامادەکاری خراپی کردووە و لە رووی بەرێوەبردنەوە باش نەبووە، بەمەش زیانی بە دارایی و بارودۆخی ناوچەکە گەیاندووە، هەر چەندە بەردەوام لە مەرکەزی ویلایەت ئاقچە و زەخیرە رەوان کراوە، بەڵام ئەمجارە قۆنتراتچیەکان بۆ ئەم مەبەستە سەردانیان کردووین، ٩٠٠٠٠ قوروش بۆ زەخیرەی مانگێك و نیو وەردەگرن، دوا وادە بۆ وەرگرتنی کۆتایی ئەم مانگەیە، بۆیە سکاڵا بەرز کراوەتەوە و ٢٠ رۆژە بەندەکان لە مەرکەز هاتوونەتە ئێرە، دابین نەکردن و نەناردنی ئاقچە لەلایەن وەکالەتەوە، بۆتە هۆکاری دروست بوونی ئاژاوە، ئەگینا بۆ ئەرکێکی بە رەفاهیەت و لە هەموو شتێکدا سەربازی شاهانە لە پێشەوەی ئەرکە، داواکردنی ئەم برەیە و گۆرینەوەی بە ٦٠٠٠ قوروش رێکخراوە، لێرەدا پارەکە دەست بەسەر کراوە، لە لیوای ناوهاتوو بە پەلە ئاقچە رەوان بکرێت، ئەمەش پێش ٥ رۆژ بۆ مەرکەز نووسراوەتەوە، ئێستا لەم شوێنەی کە من تێدام، پارەی بەردەست نییە، ئەگەر بۆ بە دەست هێنان و دەستکەوتنی پارەش فەرمانبەر دەربچێت، ئەوا هەر دوا دەکەوێت، چونکە سلێمانی لێرە چوار رۆژ دوورە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدرێت کارەکە جێبەجێ بکرێت و پارەکە بگاتە شوێنی مەبەست، تا ئەم کاتە رێگە نەدرێت ئیدارەی سەربازی کێشەی تێ بکەوێت، هەروەها بۆ دواکەوتنی چەند رۆژێکیش ئەوا قۆنتراتچیەکان دڵنیاییان نیشان داوە، ئامۆژگاریشیان پێ دراوە، دواکەوتنیشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی برە پارەی ویلایەتی موسڵ بەرگەی ئەم برە خەرجیە ناگرێت و نیوەی لەشکری شەشەمی هومایۆن، ١٦ تابووری پیادە و ٣ ئالای سوارە و ٨ ئالای رەدیف لە سێ سانجەقی ئەم ویلایەتە پێك دێت، دیسان ئەم نیوەی کە ماوەتەوە لە ٧ سانجەق پێك دێت، پارەکەشی بە رێژەیەکی چەند قاتێك زیاتر لە ویلایەتەکانی بەغداد و بەسرا هەیە، دیسان بۆ هێزی سەربازی بەغداد و بۆ شوێنەکانی تر بە ملیۆنەها ئاقچە داوا دەکرێت، دەمێنێتەوە دابین کردن و خەرجکردنی داهاتە، پێش ٣ ساڵ بە تەواوەتی بۆ فەرمانبەرانی دارایی رەوان کراوە، هەروەها رێگە نەدراوە والی و فەرمانبەرانی مولکیە تێکەڵی کارەکە بن، بۆ ئەمەش کار دەکرێت کەس دەست لە کاروبارەکە وەرنەدات، بە ئامادەکردن و رێکخستنی ئەرکی دڵسۆز و بەندایەتی لەگەڵ ئەمەش لەم ویلایەتە زیاتر ٥ ساڵە بەهۆی شوێنەکەیەوە جۆرەها کێشە روویداوە، بارودۆخەکەش پێویستی بە میهرەبانی و بەزەیی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بووە و بە هەموو شێوەیەکیش لە ناو ئەشکەنجە و ناخۆشی دابووە، مەسەلەی پشدەری سەر بە لیوای ناوهاتوو، بەرێوەبردنی خراپی موتەسەرف و ئەم سکاڵایانەی کە لە سەر بارودۆخی ناوچەکە هەیە، هەندێك فەرمانبەران پێچەوانەی یاسا و رێسای جەنابی پاشا هەڵسوکەوت دەکەن، لە ویلایەتیش پێش جولەی بەندەم لە ناو عەشیرەتەکان بارودۆخەکە خراپە و لە هەموو لایەك چەك وەردەگرن، دانیشتوانێکی زۆریش بە چەکداری لە چیاکان، چاوەرێی دەرفەتێکن جولە بکەن، نزیکەی ١٠٠٠ خانەش بە کۆکراوەیی چوونەتە ئێران، ئەم بارودۆخانە لە تێروانینی سیاسی و لایەنەکانی تر گرنگی خۆی هەیە، بۆ روونەدانی شۆرش و تێکنەچوونی ئاسایش خودی خۆم لە کوێستانم، لێرەوە دەستپێشخەری کراوە بۆ کۆکردنەوەی ئاقچە و ناردنی، لەگەڵ ئەمەش مەسەلەی راگەیەندراو لە جەنابی (سێبەری خودا لەسەر زەوی) داواکراوە، خەڵکی پیرۆز و زیانلێکەوتوو روویان لە فەرمانگەی عالی کردووە، جەنابی پاشا بۆ نەهێشتنی ئەم کاریگەرە خراپانە لە سایەی ناوبراو ئامادەکاری بکرێت، دانیشتوان چەکەکانیان فرێ بدەن و لە چیاکان بێنە خوارەوە و بە گشتی عەشیرەتەکان هێور بکرێنەوە، لەگەڵ ئەمەش ئەم ١٠٠٠ خانەی کە بۆ ئێران هیجرەتیان کردووە، بگەرێندرێنەوە، بۆ ئەمەش دەست بە کار کردن کراوە، دوای ئەمەش ئەمانەی دەستیان لەم کارە هەیە دەستگیر بکرێن و کارەکە بە تەواوەتی بگەرێندرێتەوە دۆخی جارانی، بۆ ئەم چاکسازی کردنە نوسراو کراوە، بۆ دەستکەوتنی ئەنجامیش لێرە هەوڵ و کۆشش دەستی پێکردووە، لە راگەیاندنی بوێریم کرد.
تەحسین والی ویلایەتی موسڵ




Y.MTV.00028.00053.001



Y.MTV.00028.00053.001

| Y.MTV | 00028.00053 | 12 سەفەر 1305 (٣٠ تشرینی یەکەم ١٨٨٧) |
|---|---|---|

بۆ مابەینی هومایۆنی باش کیتابەتی شکۆدار
بە شێوەیەکی جانەوەرانە نزیکەی ١٠٠٠ خانەی پشدەریەکان بۆ ئێران رۆیشتوون، بەڵام بە رێگەی پێویست هێنراونەتەوە و لە گوندەکانیان نیشتەجێ کراون، هەر هەمووی بەڵێنیان بە جەنابی پاشا داوە رووداوێکی تر بەرپا نەکەن، بە رێگایەکی گونجاویش چەکەکان رادەستی دەوڵەت بکەنەوە و ئەوانەی دەستیشیان لە رووداوەکان هەبووە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەم کارەش دەستپێشخەری بکرێت، بە ئامادەکارییەوە ئەم چەکە مارتینیانەی کە لە ژێر دەستییانە بەشێکی گەرێندراوەتەوە، لە سەرەتای مەسەلەکە بەرامبەر سەربازی شاهانە چەکیان بەکار هێناوە، ئەوانەی گومانیان لەسەرە چەند نەفەرێك دەستگیر کراون، لەم رێگایەوە لەسەر دەستپێشخەری و ئامادەکارییەکان، بە تەواوەتی پەرشوبڵاویەکان نەماون، هەروەها عەشیرەتەکانی دەوروبەر هەر یەکە لە شوێنەکانی خۆیان پەرشوبڵاوبوونەتەوە، سوپاس بۆ خوا ئاسایش بە تەواوەتی بەرقەرار بووە، ئەم کەسانەی دەست بەسەر کراون، دەدرێنە دادگای نیزامیە و ئەم چەکانەی کە رادەست کراونەتەوە و ئەوانەی رادەست دەکرێنەوە چ چەکەکان چ جانەوەرەکان رادەستی وەکیلی موتەسەرف و قوماندانی سلێمانی کراونەتەوە، رێنمایی پێویست دراوەتە لایەنەکان، لەسەر ئەم ئاسایشەی کە هەیە، لێرەوە بۆ مەرکەزی ویلایەت گەراونەتەوە و دەستییان بە جولە کردووە، فەرمانبەرانی ناوەخۆ و سەربازان بە جولەیەکی خراپ هەروەها ئەوەی لەسەر سنوور روو دەدات رێگە نەدرێت عەشیرەتەکانی دەوروبەر خوێن برژێنن، لە ژێر سێبەری خودا بارودۆخی گواستنەوە و یاخیبوون و وێنەی رێکخستنەکە سەردەکەوێت.
والی ویلایەتی موسڵ تەحسین



هەواڵنامەی کتێب

Y.PRK.ASK.00042.00080.001

<table>
<tr><th>Y.PRK.ASK</th><th>00042.00080</th><th>8 سەفەر 1305 (٢٦ تشرینی یەکەم ١٨٨٧)</th></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەر عەسکەر<br>قەڵەمی تۆمار<br>تایبەتی<br>ئەندامانی عەشیرەتی پشدەر بۆ ئێران هەڵاتبوون، بەڵام بەم بەڵێنانەی کە لە خانەکان وەرگیراوە گەراونەتەوە شوێنی خۆیان، جگە لەمە ئەم داوایانەی کە لەسەریانە دەبێ جێبەجێی بکەن، قوماندانی سەربازی شاهانەی ناوچەکە قائیمقام عەلی جەزار بەگ بە تەلەگرافنامە رایگەیاندووە، کە لەوێ شەڕ نەماوە، تەلەگرافنامە لە مێژووی ١١ تشرینی یەکەم ١٣٠٣ لەلایەن جەنابی قوماندانی کەرکووک فەریق عەلی پاشاش هاتووە، لەسەر ئەم ئاماژە پێکردنە نووسراو کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>سەر عەسکەر</td></tr>
</table>








| DH.MKT | 01449.00007 | 2 موحەررەم 1305 (٢٨ ئەيلوول ١٨٨٧) |
| --- | --- | --- |


بۆ جەنابی عالی پەیوەندیداری سەدارەت
بـەم نـووسراوە و گوێگرتـن لـە داواکاران و ڕێگـە نـەدان بـە ڕوودانـی ڕووداوی تـر ئامـۆژگاری و ئـاگاداری پێویسـت دراوەتـە پەیوەندیـداران، لـە بـارەی کۆکردنـەوەی چەکـی میـری لـە مەرکـەزی قـەزا، قائیمقامـی ڕەدیـف زەکەریـا بـەگ لـە شـوێنی مەبەسـتە، لـە موتەسـەرفی سـلێمانی داهاتەکەشـی ڕەوان کـراوە، جگـە لەمـە پاشـکۆی ٣٠ ساڵە داواکـراوە، لـە سـەر تەنگانەیـی و سـەرپێچی عەشـیرەتەکانی ناحیـەی پشـدەر، سـەلیم ئاغـا و عەلـی ئاغـا کـە هاتوونەتـە مەرکـەزی لیـوا دەستبەسـەر کـراون، ناوبـراوان لەلایـەن موتەسـەرفەوە پارێـزراو بوونـە، بـەڵام کـە ڕەوانـی لای قائیمقـام کـراون لـە ڕێـگادا لەلایـەن پیاوانـی عەشـیرەتەکیانەوە بـە چەکـەوە ڕێگەیـان لـێ گیـراوە و بـە زۆری ناوبراوانیـان بـردووە، ئەمانـەی بوێـری ئـەم کارەیـان کـردووە، مەحمـود ئاغـا و مامەنـد ئاغـا و ئەوانـی تـر بوونـە، کـە بـە هێزێکـی تـەواو هێرشـیان کردۆتـە سـەر سـەربازانی نیزامیـەی ژێـر دەسـەڵاتی قائیمقامیـەت، ئـەم هێـزەش بەهـۆی نەبوونـی هێزێکـی تـەواو نەیانتوانیـوە بەرگـری بکـەن، لـە لایـەن موتەسـەرفەوە ڕاگەیەنـدراوە، لـە سـلێمانی تابورێکـی تـری سـەربازی بچێتـە شـوێنەکە، بـە تێروانیـن لـەم ڕووداوانـەی کـە لـە سـنوور ڕوودەدەن بـە هەنـد وەرنەگیـراوە، هەرچـی زووە بارودۆخەکـە هێـور بکرێتـەوە، ئـاگاداری ڕەوان کـراوە و لـە قوماندانـی فرقـە و موتەسـەرفی سـلێمانی تەلەگرافنامـە هاتـووە، بـەڵام لـە کاتـی ڕووبەڕووبوونـەوەدا، لـە سـەربازی شـاهانە شـەهیدێک و دوو برینـدار هەبـووە، هەروەهـا لـە گونـدی سرە قائیمقامـی ناوهاتـوو لەگـەڵ ٣٠ نەفـەر، لەلایـەن ئاغاکانـی ناوهاتـوو و دانیشـتوانی بانـە و سەردەشـتی سـەر بـە ئێـران ئابلۆقـەدراون، حاڵـی حـازر لـە گونـدی بەشـیر نەفـەری نیزامیـە لـە جەنگـدان، لەگـەڵ ئـەم ڕاگەیەنـدراوە نەفیـری عـام کۆبوونەتـەوە و پشـدەریەکانیش بـۆ لەناوبردنـی سـەربازی شـاهانە بـە چەکـی مارتینـی دەجەنگن، بـۆ ئەمـەش ٢٠٠ نەفـەر و تۆپێکـی چیایـی نێردراوە، بـۆ ڕێگەگرتـن لـە چەتـەکاری ئەمانـە کاری کاریگـەر ئەنجـام بدرێـت، بـۆ نەهێشـتنی گەندەڵیـش موفتـی ئەفەنـدی و ئاغـای تابـوور ڕەوان کـراوە، سـەبارەت بـە دانیشـتوانی بانـە و سەدرەشـت، ئـەوا زانیـاری دراوەتـە حکوومەتەکەیـان، لەگـەڵ باڵیۆزخانـەی تەهـران قسـە بکرێـت، ئێرانیـەکان بگەڕێندرێنـەوە شـوێنی خۆیـان، هەروەهـا لەلایەنـی پشدەریشـەوە ئەگـەر لـە سـنوور سـەرپێچی بکـەن قەبـوڵ نەکرێـت و بـۆ ئـەم لایەنـە بگەڕێندرێنـەوە، بـۆ ئەمنیـەت و ئاسایشـی ناوچەکـەش لـە ویلایەتـی موسـڵ دوو تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە و وێنەیـان ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە جەنابـی پەیوەندیـداری وەکالـەت فەرمـان دەربـکات، بریـار و فەرمـان.



Y.A.HUS.00207.00050.001

هەواڵنامەی کتێب


| Y.A.HUS | 00207.00050 | 23 موحەڕڕەم 1305 (١١ تشرینی یەکەم ١٨٨٧) |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>٣<br>رۆژانی رابردوو لە قەزای مەرگەی سەر بە سانجەقی سلێمانی، لەلایەن پشدەریەکانەوە قائیمقامی رەدیف زەکەریا بەگ لەگەڵ سەربازانی شاهانە ئابلۆقە دراون و خراونەتە تەنگانەوە، ئەوانەی چوونەتە ئێران پارێزراون، نزیکەی ١٠یان گەراونەتەوە، هەر هەموویان هاتوونەتەوە شوێنی خۆیان، بۆ ئەوەی چەك فرێ بدەن و ئەوانەی هۆكاری تاوان بوونە رادەست بكرێن، جگە لەمە ئەم ئێرانیانەی كە لەگەڵ خۆیان هێناویانە بە رێگەی ئامۆژگاری و رێنمایی هەر هەمووی گەرێندراوەتەوە شوێنی خۆی، هەروەها قائیمقامی ناوبراو بەهۆی جولە و مامەڵەكانی لەبەر ئەم سكاڵایانەی كە لەسەریەتی لەگەڵ لەشكری هومایۆن قسە كراوە، لە شوێن ئەو كەسێكی تر دادەمەزرێت، عەشیرەتەكانیش هێور كراونەتەوە، لەسەر گفتوگۆی گشتی لە والی موسڵ تەلەگرافنامە وەرگیراوە، فەرمان راگەیەندراوە و پێشكەش كراوە.<br>سەدری ئەعزەم | | |


Y.A.HUS 207/76

Y.A.HUS.00207.00076.001

| Y.A.HUS | 00207.00076 | 2 سەفەر 1305 (٢٠ تشرینی یەکەم ١٨٨٧) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
ڕۆژانی ڕابردوو لە ناو سانجەقی سلێمانی، لەلایەن پشدەریەکان زەکەریا بەگ قائیمقامی ڕەدیف لەگەڵ ئەم سەربازانەی کە لە ژێر دەسەڵاتیەتی ئابلۆقەدراون، ئەم پشدەریانە لەلایەن دانیشتوانی بانە و سەردەشت هاوکاری کراون، بۆ گەرانەوەی ئەمانە و بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت پشدەریەکان بچنە ئێران، ئاگاداری دراوەتە ناوبراوان، لەلایەن حکومەتی ئێرانیش فەرمان دەرچووە، تەلەگرافنامە لە باڵیۆزخانەی تەهران وەرگیراوە، لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار هاوپێچ ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە.
سەدری ئەعزەم



Y.A.HUS.00207.00078.002

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>30 موحەررەم 1305 (١٨ تشرینی یەکەم ١٨٨٧)</th><th>00207.00078</th><th>Y.A.HUS</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>ژووری تەلەگراف<br>لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە بۆ جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت ڕەوان کراوە<br>ئەم پشدەریانەی کە بۆ ئێران ڕۆیشتبوون، هەر هەموویان گەڕاونەتەوە گوندەکانی خۆیان، بۆ ڕادەست کردنەوەی چەکەکانیان و ئەوانەی لە ڕووداوەکە دەستیان هەبووە، لە ڕێگەی ٦٤٣٨٣ و بە بێ خوێن ڕشتن، ئامادەکاری پێویست ئەنجام بدرێت، ئەنجامەکەی ڕادەگەیەندرێت، فەرمان.<br>والی موسڵ تەحسین<br>بەندە عەبدولرەحمان میری ئاڵای کەرکووك</td></tr>
</table>




İ.DH.01051

| İ.DH | 01051.082537 | 7 موحەرڕەم 1305 (٢٥ ئەيلوول ١٨٨٧) |
| --- | --- | --- |

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت

لـە پشـدەری سـەر بـە سـانجەقی سـلێمانی، لـە نێـوان سـەربازانی شـاهانە و پشـدەریەکان رووبەرووبوونـەوە روویـداوە، لـە تەلەگرافنامـەی مێـژووی ٧ ئەیلـوول ١٣٠٣ ی ویلایەتـی موسـڵ لەگـەڵ نـووسراوی پایـەی سـەدری ئەعـزەم دەرچـووە و دراوەتـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار، بـۆ ئـەوەی ئـەم رووبەرووبوونـەوە یەکلایـی بکرێتـەوە، لـە ناوەخـۆ هەندێـك ئامـادەکاری سـەربازی کـراوە، بـەڵام بـە پێـی پێویسـت نییـە و پێویسـتی بـە برێکـی تـری هێـزی سـەربازییە، نـووسراوی وەکالەتـی موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن نێـردراوە، وێنەیەکـی لـە ٤ موحـەرڕەم ١٣٠٥ لەگـەڵ نـووسراوی تایبەتـی سـەر عەسـکەر پێشـکەش کـراوە، لـەم دوو تەلەگرافنامەیـەدا باسـکراوە و راگەیەنـدراوە، لـەم بابەتـەدا بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا لێکۆڵینـەوە ئەنجـام دراوە، ئەنجامەکـەی رەوان دەکرێـت، لەلایـەن جەنابـی دەرویـش پاشـا داواکاری پێشـکەش کـراوە، تێدا هاتـووە چاکسـازی کـردن لـە نـاو عەشـیرەتەکانی ئـەم لایەنـە جەنابـی موشـیر ئیسـماعیل حەقـی پاشـا ئەرکـی پێـدراوە و ناوبـراو توانیویەتـی عەشـیرەتەکان رازی بـکات، کـە چەنـد چەکـی میـری لـە دەسـتی ئـەم عەشـیرەتانە هەیـە هەمـووی رادەسـتی حکوومـەت بکەنـەوە، ئـەم رووداوە لـە ناحیـەی پشـدەر خراوەتـە ئابڵوقـەوە، بـەم دواییـەش قائیمقـام زەکەریـا بـەگ گەراوەتـەوە و توانیویەتـی چەکێکـی زۆر کۆبکاتـەوە، بـەم شـێوەیە موتەسـەرفی سـلێمانی مـاوەی ٣٠ سـاڵە نەیتوانیـوە ئـەم تەنگانەیـی و سـەرپێچیە یەکلایـی بکاتـەوە و نووسـیویەتی، هەروەهـا والـی موسـڵیش بـە گوێـرەی بەرژەوەنـدی خـۆی هەڵسـوکەوتی کـردووە، لەبـەر ئـەوەی دیـدی پیسـی نەبینـراوە و بـە هەنـد وەرنەگیـراوە، ئاغاکانـی ناحیـەی پشـدەر بوێـری ئـەم سـەرپێچیانەیان کـردووە، دەرکەوتـووە ئەمانـە هۆکاریـان داوەتـە دەسـت کـە لـەم کاتـە هەسـتیارەدا رووداوەکانـی سـەر سـنوور رووبـدات، بۆیـە مانـەوەی والـی و موتەسـەرف لـە ئەرکەکانیـان گونجـاو نییـە و سـوودی نابێـت، ئەمـەش راگەیەنـدراوە و سـەلمێنراوە، بـۆ ئـەوەی رێگـە نەدرێـت رووداوی تـر روودبـدات هەرچـی زووە کارەکـە تـەواو بێـت و ئامـادەکاری پێویسـت ئەنجـام بدرێـت، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.
جەنابی سەر کاتیب سورەیا


İ.DH 1054/82760

İ.DH.01054

هەواڵنامەی کتێب

| İ.DH | 01054.082760 | 28 سەفەر 1305 (١٥ تشرینی دووەم ١٨٨٧) |
|---|---|---|

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
مەسەلەی پشدەر کۆتایی پێ هات، هەروەها ئەوانەی بەرامبەر سەربازی شاهانە چەکیان بەکار هێنا، چەند کەسێك لەگەڵ تاقمێك مارتینی رادەست کراونەتەوە، ئاسایش گەراوەتەوە ناوچەکە، هەروەها ئەم چەکانەی کە ماوەتەوە لەگەڵ گومانلێکراوەکان دەست نیشان بکرێن و دەستگیر بکرێن، لەم بارەیەوە لە وەکالەتی موتەسەرفی سلێمانی نووسراو دەرچووە و دراوەتە قائیمقام عەلی جەزا بەگ، ئەمەش لەلایەن جەنابی والی پاشا ئاماژەی پێکراوە، هەرچی ئاماژەی میری ناوبراو لەم بابەتەدا هاتووە، سەربازی شاهانە لە پشدەر کۆبوونەتەوە، ئەوەی دەستیان لەم رووداوە هەیە و خۆیان رادەست نەکەن، بە هێز ناچار بکرێن، بۆ ئەمەش پێویستە رەزامەندی لە مەرکەز دەربچێت، لە بابی عالیەوە ئەرك دراوەتە جەنابی والی ناوهاتوو، بەڵام چوونی میری ناوبراو گونجاو نییە، لەسەر هەندێك ووتە وەکالەتی موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن تەلەگرافنامە هاتووە، وێنەیەکی پێشکەش کراوە، نووسراوی تایبەتی سەر عەسکەر دەرچووە، تێدا هاتووە، بە گوێرەی بەرژەوەندی چوونی میری ناوبراو گونجاو نییە، لەم خوێندنەوەی کە راگەیەندراوە، دەبێ جەنابی پاشاش رەزامەندی نیشان بدات، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.
جەنابی سەر کاتیب سورەیا




DH.MKT 01462.00040.001

| | | |
|---|---|---|
| **DH.MKT** | 01462.00040 | **23 سەفەر 1305 (١٠ تشرینی دووەم ١٨٨٧)** |

بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت

ئـەم فەرمانبەرانـەی بـۆ کۆکردنـەوەی چەکـی میـری ئەرکیـان پـێ دراوە، لەلایـەن موتەسـەرفی سـلێمانی ئەرکـی داهاتیشـیان پـێ دراوە، بـەڵام لـە نێـوان عەشـیرەتەکان و سـەربازەکان رووداو روویـداوە، هـەر خۆشـی خـودی خـۆی چۆتـە ناوچەکـە، لـە ویلایەتـی موسـڵەوە لـە مێـژووی جۆراوجـۆر تەلەگرافنامـە راگەیەنـدراوە و نێـردراوە، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو تەلەگرافنامـە رەوان کـراوە، لـە خوێندنـەوەی پەیوەندیدارانـی سـەدارەت بریـاری لەسـەر دەدرێـت، ئـەم ١٠٠٠ خانـەی پشـدەری کـە بـۆ لای ئێـران رۆیشـتوون، گەرێندراونەتـەوە و لـە گوندەکانیـان نیشـتەجێ کـراون و ئـەم تفەنگـە مارتینیانـەی کـە لەلایەنـە رادەسـت کراونەتـەوە، بۆیـە ئەوانـەی چەکیـان بەرامبـەر سـەرباز بـەکار هێنـاوە لـە چەنـد کەسـێکی دیـاری کـراو پێـك دێـن و ئەوانـەی گومانیـان لەسـەرە دەسـتگیر کـراون، عەشـیرەتەکانیش لـە شـوێنەکانیان پەرشـوبڵاوبوونەتەوە، بەمـەش ئاسـایش بـە تەواوەتـی گەراوەتـەوە و سـەرپێچی نەمـاوە، بـە دادگاییکردنـی ئـەم کەسـانەی چەکیـان لـەلا بـووە، رادەسـتی وەکیلـی موتەسـەرف و قوماندانـی سـلێمانی کـراوە، جگـە لەمـە رێنمایـی پێویسـت دراوە و بـۆ مەرکـەزی ویلایـەت جولـە کـراوە، بـۆ ئـەوەی رێگـە نەدرێـت خوێـن برژێـت، دەبـێ ئـەم رووداوە نەهێڵدرێـت و کۆتایـی پـێ بهێنرێـت.



هەواڵنامەی کتێب


| MV | 00046.00021 | 17 زیلحیجە 1306 (١٤ ئۆغستۆس ١٨٨٩) |
|---|---|---|

پوختەی بابەتەکە

دانیشتوانی پشدەر تەکالیفی میریان نەداوە، بۆ کۆکردنەوەی تەکالیفی میری و بۆ وەرگرتنی ئەم چەکە میریانەی کە لە دەستییانە، سەربازی شاهانە بۆ ناوچەکە رۆیشتوون، بەڵام هێرشیان کراوەتە سەر، جگە لەمە دیسان چەك و جبەخانەیان دەست کەوتووە، بۆ وەرگرتنەوەیان ئاگاداری دراوەتە قوماندانی فرقەی ١٢، بەڵام دانیشتوانی ناوبراو لەبەر کاری چەتەیی پێویستە تەمبێ بکرێن، ئەگینا ئەم جۆرە کارانە دووبارە دەبێتەوە، لەم نووسراوانەی کە بۆ موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن رەوان کراوە، بارودۆخەکە بە روونی و ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت، نووسراو بۆ لایەنی سەر عەسکەر رەوان کراوە و پرسیار لە بارودۆخەکە کراوە، لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ خوێندنەوەی بۆ کرا.

بریار

هەڵسوکەوتی دانیشتوان جێگەی قەبوڵ کردن نییە، بەڵام حاڵی حازر پرۆسەی سەربازی بەلاوە بنرێت، بۆ ئەم باجانەی کە لەسەریانە و نەیانداوە، لەگەڵ وەرگرتنی ئەم چەکە میری و جبەخانانەی کە لە ژێر دەستییانە، ئامۆژگاری بدرێتە دانیشتوانی ناوهاتوو، ئەگەر بێتو بەمە رازی نەبن، ئەم کاتە لە بارەیانەوە رێگەی توند بگیرێتە بەر، بۆ دانەوەی چەك و باجی کۆکراوەش، بە شێوەی قست لێیان وەربگیرێت، ئەگەر بێتو گوێرایەڵ نەبن و ملکەچ نەبن، ئاگاداری بدرێتە ویلایەتی بەغداد، بە گوێرەی وەڵامەکە ئاماژە بدرێتە نەزارەتی ناوهاتوو.




DH.MKT.01613.00009.001


| DH.MKT | 01613.00009 | 5 شەعبان 1306 (٦ نیسان ١٨٨٩) |
|---|---|---|
| بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت<br>بـۆ دابیـن کردنـی بـاج و تەکالیفـی میـری لـە کاتـی خۆیـدا، جەنابـی پایەبـەرز ئیسـماعیل پاشا لـە دەورووبـەری موسـڵ بـووە، لـە ئاغاکانـی ناحیـەی پشـدەر محەمـەد ئاغـا بوێـری کـردووە ٦ نەفـەری سـەربازی شـاهانە بکوژێـت و داتـر رابـکات، بۆیـە بـە تاوانـی کوشـتن نابـراو و هاوەڵانـی تاوانبـار کـراون، لـە یاریـدەدەری داواکاری گشـتی دادگای سـەرەتایی سـانجەقی سـلێمانی داواکـراوە، هەروەهـا دواکەوتنـی ئـەم مامەڵەیـەش هیـچ شـتێکی تـر دەسـت ناکەوێـت و دواکەوتنـی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بـەردەوام بـن لـە سـەرپێچیەکانیان، نـووسراو لـە ویلایەتـی موسـڵ هاتـووە، هاوپێـچ بەیەکـەوە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، جگـە لەمـە دۆزینـەوەی ئەنجامدەرانـی تاوانـی لـەم جـۆرە پێویسـتی بـە چاودێـری یاسـاییە، بـە تێروانیـن لـە وێنـەی ئامـاژە پێکردنەکـە بـۆ فەرمانـی عالـی، لـە جەنابـی پەیوەندیـداری وەکالـەت بریـار بدرێـت. | | |



Y.PRK.BŞK.00025.00115.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>Y.PRK.BŞK</td><td>00025.00115</td><td>28 رەمەزان 1309 (٢٦ نیسان ١٨٩٢)</td></tr>
<tr><td colspan="3">کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>٦٢٧١<br>پشدەریەکان هێرشیان کردۆتە سەر گوندێك و سووتاندوویانە، بوێری ئەمانە وایکردووە عەشیرەتەکانی قەزای رانیەش سەرکەشانە چاو لەمانە بکەن، بۆ تەمبێ کردنیان ئامادەکاریش کرابێت، بەڵام کاری جۆراوجۆریان ئەنجام داوە، بۆیە بە مەبەستی تەمبێ کردنیان هێزی سەربازی رەوان دەکرێت، لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، بۆ دووپاتکردنەوەش لەلایەن دانیشتوانەوە سکاڵا بەرز کراوەتەوە، بە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنی سەر عەسکەر روون بۆتەوە، بە تێروانین لە بابەتەکە فەرمانی پاشای جەنابی پاشا رەوان کراوە، لە کاتی پێشکەش کردن نووسراوی تایبەتی پەیوەندیدارانی سەدارەت لە مێژووی ٢٧ رەمەزان ١٣٠٩ حەواڵەی قۆمیسیۆنی سەربازی کراوە، لەوێشەوە حەواڵەی موشیری والا کراوە، لەم بارەیەوە موشیری لەشکری چوارەمی هومایۆن جەنابی زەکی پاشا هەندێك داواکاری هەبووە، لەم کارەدا ئەم پشدەریانەی کە لە ئالای سەربازی حەمیدیە ناویان تۆمار کراوە، بدۆزرێنەوە و رەوانی سەربازی بکرێن، بە پەند و ئامۆژگاری بخرێنە ناو بازنەی ملکەچ بوون، بۆ سەرکەوتنی ئەم کارەش بە پەلە پەیوەندی بە موشیری ناوهاتوو کراوە، تا مامەڵەی پێویست ئەنجام بدرێت، بە مەزبەتەش راگەیەندراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>سەر کاتیب سورەیا</td></tr>
</table>



| MV | 00068.00015 | 1 رەبیعی کۆتایی 1309 (٤ تشرینی دووەم ١٨٩١) |
|---|---|---|

پوختەی بابەتەکە

عەشیرەتی پشدەری سلێمانی لەگەڵ عەشیرەتەکانی تر کۆمەڵێکیان پێك هێناوە و هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی یاری گەورە و یاری بچووکی شێوەگل، لەسەر هەندێك ووتە باس لە تاڵان و سەرپێچی کراوە، لەم بابەتەدا بۆ وەرگرتنی بەڵێن لە پشدەریەکان کار دەکرێت، بەهۆی سووتانی خانەکان خەڵك بێ شوێن ماوەتەوە، بۆیە لە سندوقی دارایی ٥٠ هەزار قوروش زەخیرە دابەش دەکرێت، بۆ رەزامەندیش تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، هاوپێچ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ خوێندنەوەی بۆ کرا.

بریار

لە بارەی تاڵانچییەکانەوە، نووسراو لە نێوان موشیرەتی لەشکری چوارەمی همایۆن و ویلایەت ئاڵوگۆر کراوە، بە گوێرەی ئەنجامەکەی مامەڵەکە ئەنجام دەدرێت، لە نووسراوی ناوهاتوودا ئاماژەی پێکراوە، بەهۆی ئاگرکەوتنەوە خەڵك بێ رێوشوێن ماونەتەوە، بۆ ئەمانە زەخیرە بکردرێت و دابەش بکرێت، بەڵام ئەم ٥٠ هەزار قوروشە بۆ بەڵێنی پشدەریەکان خەرج کراوە، بۆ قەرەبووکردنەوە و کرینی زەخیرە و دابەش کردنی، لە سندوقی دارایی تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی ناوهاتوو کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی ناوهاتوو و زانیاریش دراوەتە نەزارەتی دارایی.





DH.ŞFR.00151.00081.002


| DH.ŞFR | 00151.00081 | 25 رەبیعی یەکەم 1309 (٢٩ تشرینی یەکەم ١٨٩١) |
|---|---|---|

لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامەی بە شیفرەی مێژووی ١٧ تشرینی یەکەم ١٣٠٧ هاتووە و دراوەتە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار.

لە نێوان عەشیرەتی شێوەگل و پشدەر رووبەرووبوونەوە رویداوە، بۆ قەدەغە کردنی ئەم جۆرە رووداوانە لێکۆڵینەوە بکرێت، بۆ ئەمەش لە سلێمانی دەستەیەك رۆیشتووە، لە مێژووی ١٣ تشرینی یەکەم ١٣٠٧ شیفرە راگەیەندراوە، ئەمجارە لە موتەسەرفیەتی سلێمانی تەلەگرافنامە وەرگیراوە، عەشیرەتی پشدەر، مەنگور رونە و سوسنی، هەروەها عەشیرەتەکانی هەرکی و ئالان کە بەشێکی لە سلێمانی و بەشەکەی تریشی لە ئێرانە، بەیەکەوە کۆمەڵەیەکیان پێك هێناوە و هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی یاری بچووك و یاری گەورەی سەر بە شێوەگل، تفەنگچیەکانی ئەم سێ گوندەش هەڵاتوون و رایانکردووە، دواتر چوونەتە ناو گوندەکان، کەلوپەل و پارەوپولیان تالان کردووە، ئەم زەخیرە و خواردنەی دۆزیویانەتەوە سوتاندوویانە، دواتر گەراونەتەوە شوێنی خۆیان، هەروەها خانەکانی ئەم سێ گوندە تەنیا ٣٠ خانوو لە سووتان رزگاریان بووە، ئەوەی ماوەتەوەش سووتاوە، هەروەها لە گوندی شێوەگل ئەم خانانەی کە سووتاوە ئافرەت و پیری تێدا بووە، یەکیان بە سووتان یەکێکیشیان بە فیشەك مردووە، دانیشتووانی گوندەکان نە شوێنی حەوانەوە و مانەوە نە ئەرزاقیان هەیە، بە ئاماژەی دەستەی ناوهاتوو راگەیەندراوە، لەسەر راگەیەندراوی پێشوو دوژمنایەتی نێوان پشدەریەکان و شێوەگلیەکان کۆنە و چەند جارێك رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە، تەنانەت لە وەرزی بەهاردا دووبارە لە نێوانیان رووبەرووبوونەوە رویداوە، بۆیە موتەسەرفی سلێمانی لەگەڵ دوو تابوور رەوان کراوە، ئەگەر رێگە نەدراوە رووداوەکە گەورەتر بێت، بەڵام تەمبێ کردنیان بۆتە ئەرك، ئەگەر بێتو ئەمجارە پشدەریەکان سزا نەدرێن و وازیان لێ بهێنرێت ئەوا شێوەگلیەکانیش بۆ تۆڵەسەندنەوە لەسەر سنوور کێشە دروست دەکەن، بۆ رادەست کردنەوەی کەلوپەلە تالانکراوەکان و ئەنجامدانی چاودێری پێویستیش پەیوەندی بە موشیرەتی شکۆدار کراوە، هەروەها ئەم گوندنشیانانەی کە بێ شوێن ماونەتەوە، گفتوگۆ بەردەوامە، بۆ دڵنیاییکردنەوەی پشدەریەکان لە سندوقی دارایی ٥٠ هەزار قوروش زەخیرە دابەش بکرێت، بۆ دەرچوونی فەرمان تکا دەکرێت.



DH.ŞFR.00152.00053.001




DH.ŞFR.00152.00053.001

| DH.ŞFR | 00152.00053 | 3 جەمادی یەکەم 1309 (٥ کانوونی یەکەم ١٨٩١) |
| --- | --- | --- |


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار

هـەر لـە کۆنـەوە بـە کاری سـەرپێچی و کاری بـەدەوە خەریکـن، ڕۆژانـی ڕابـردوو هێرشـیان کردۆتـە سـەر شـێوەگل و سـێ گوندیـان بـە تەواوەتـی تـاڵان کـردووە و سـووتاندوویانە، لەگـەڵ ئەمـەش کارە قێزەونەکانیـان دووبـارە دەکەنـەوە، لەلایـەن حکوومەتیـش هیـچ هەنگاوێکـی تەمبـێ کـردن نەنـراوە، جگـە لـە عەشـیرەتەکانی پشـدەر، عەشـیرەتەکانی قـەزای ڕانیـەش لـە خۆباییبوونـە و باجـی میـری نـادەن و مامەڵـەی سـەر کەشـانە ئەنجـام دەدەن، ئەگـەر بێتـو تەمبـێ نەکرێـن، ئـەوا بەبـێ گومـان زۆر عەشـیرەتی تـر لاسـایی ئەمانـە دەکەنـەوە، بـە پەلـە قوماندانـی فرقـەی ١٢ دەسـت بـە کار بێـت، بـە ناردنـی هێـزی سـەربازی پەلـە بکرێـت لـە تەمبـێ کردنیـان.

کەمال والی موسڵ




DH.ŞFR.00153.00017.001




DH.ŞFR.00153.00017.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00153.00017</td><td>6 جەمادی کۆتایی 1309 (٧ کانوونی دووەم ١٨٩٢)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>پێش دوو مانگ و نیو، هێرش کراوەتە سەر دوو گوند و شێوەگل کە سەر بە قەزای شارباژێری سانجەقی سلێمانییە، زەخیرە و پارەوپولی دانیشتوان بە تەواوەتی تالان کراوە و خانەکانیشیان سووتێنراوە، کەچی تا ئێستا ئۆجاقی عەشیرەتی پشدەر تەمبێ نەکراوە، چەند کەسێك لە سەرۆکەکانی دانیشتوانی ئەم گوندانەی کە سوتێنراون، هاتوونەتە مەرکەزی ویلایەت، باسیان لەم رووداوانە کردووە کە بەسەریان هاتووە، بۆیە پێویستە پشدەرییەکان تەمبێ بکرێن و ئەوەی پێویستە لە بارەیانەوە بکرێت، بەڵێنیان لێ وەربگیرێت، کە کاری لەم شێوەیە ئەنجام نەدەنەوە، ئەگەرچی لەلایەن حکوومەتەوە ئامادەکاری کراوە، ئەمجارە پشدەرییەکان بە هەنگاو ئەوەی کردوویانە عەشیرەتەکانی تریان بۆ لای خۆیان راکێشاوە، بەم شێوەیە شێوەگل و گشت عەشیرەتەکان بۆ لای خۆیان رادەکێشن، بەهۆی رووداو و زیانەکان ئامادەکاری بکرێت، بە بریاری یەکلاییکەرەوە بریار و ئاماژە دراوەتە لایەنی بەندەمان، فەرمان.<br>کەمال والی موسڵ</td></tr>
</table>



DH.ŞFR.00155.00047.001


<table dir="rtl">
<tr><th>DH.ŞFR</th><th>00155.00047</th><th>15 زیلحیجه 1309 (١١ تەمموز ١٨٩٢)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لـە بەرەبەیانـی ٢١ حوزەیـران ١٣٠٨، پشـدەریەکان بوێـری ئەوەیـان کـردووە گونـدی شـێوەگل بسـوتێنن، لـە تەلەگرافنامـەی جۆراوجـۆر راگەیەنـدراوە، لـە مێـژووی ٢ حوزەیـران ١٣٠٨ پێشکەشـی پەیوەندیـداری سـەدارەت کـراوە، بـەڵام لـە تەلەگرافنامەی مێـژووی ١٣ حوزەیران ١٣٠٨ پاشا دەرکەوتووە، کە دەبێ پێـش تەمبێ کردنی ئەمانە، بـە رێگـەی سـەربازیەوە ئامـۆژگاری سـەرۆکەکان بکرێت، بـۆ ئـەوەی کاری جانەوەریان بنبڕ بکرێت، لە شـوێنەکانیان مەکتـەب دابمەزرێـت، بـۆ ئەمـەش جەنابـی پاشـا بـە فەرمـان فەرموویەتـی، ئامـاژەی پێکـراوە و وێنـەی فەرمانـی پاشـا پیـت بـە پیـت بـە موتەسـەرفی سـلێمانی راگەیەنـدراوە، بـۆ دەستپێشـغەری پێویسـتە پەلـە بکرێـت، فەرمـان.<br>والی مەعمورەی عەزیز کەمال لە موسڵ</td></tr>
</table>




DH.MKT.01878.00075.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 01878.00075 | 11 ڕەبیعی یەکەم 1309 (١٥ تشرینی یەکەم ١٨٩١) |
|---|---|---|
| نووسراو بۆ میری میران جەنابی تەحسین پاشا والی موسڵ<br>لە دەورووبەری سنوور، ناحیەی پشدەر سەر بە قەزای مەرگەی ویلایەتی موسڵ، عەشیرەتی نورەددین هەیە، ئەم چەکەی کە تاڵانی کردووە، لە سەردەمی والی موسڵ وەرگیراوەتەوە، ئەگەرچی کارەکە تەواو بووە، بەڵام عەشیرەتی ناوبراو جانەوەرن و لەگەڵ دانیشتوانی بانەی ئێران ڕێککەوتوون، بەم هۆیەوە چەند ڕووداوێك ڕوویداوە، ئەگەر بێتو ئەم بارودۆخە بەردەوام بێت، ئەوا چەندین شەڕ بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە ئەوانەی بوێری تاڵان کردنی ئەم چەکانەیان کردووە، تەمبێ بکرێن، لە بارەی ڕێگە گرتن لە کاری سەرپێچی، لەسەر هەندێك ووتە بە هەمان مۆر داواکاری بەرز کراوەتەوە، هاوپێچ بۆ والا ڕەوان کراوە، لە وەڵامدا نووسراوی سەدری ئەعزەم هاتووە، بە تێڕوانین لە بابەتەکە زانیاری و خوێندنەوە سەروو بە ڕوونی ڕابگەیەندرێت، کاغەزەکانیش ڕەوان بکرێتەوە. | | |




DH.MKT.01884.00063.001

| DH.MKT | 01884.00063 | 28 رەبیعی یەكەم 1309 (١ تشرینی دووەم ١٨٩١) |
| --- | --- | --- |

جەنابی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت


ئـەم عەشـیرەتانەی كـە ناویـان تۆمـار كـراوە لەگـەڵ عەشـیرەتی پشـدەری سـلێمانی كۆمەڵەیەكیـان پێـك هێنـاوە و هێرشـیان كردۆتـە سـەر گوندەكانـی یـاری گـەورە و یـاری بچووكـی سـەر بـە شـێوەگل، گوندەكانیـان سـوتاندووە و تاڵانیـان تێـدا ئەنجـام داوە، هەروەهـا لـە نێـوان پشـدەریەكان و شـێوەگلیەكان دوژمنایەتـی كـۆن هەیـە، لـە كاتـی خۆشـیدا لـە نێوانیـان رووبەڕووبوونـەوەی گـەورە روویـداوە، پێویسـتە ئەمجـارە پشـدەریەكان بـە جـدی تەمبـێ بكرێـن، ئەگینـا شـێوەگلیەكان بـۆ تۆڵـە سـەندنەوە لـە سـنوور ئـاژاوە دەنێنـەوە، بـۆ رادەسـت كردنـەوەی كەلوپەلـە تـاڵان كراوەكانیـش چاودێـری پێویسـت ئەنجام بدرێت، لە موشـیرەتی شـكۆدار هـەواڵ هاتـووە، لە داهاتـوودا بەڵێن لـە پشـدەریەكان وەردەگیرێـت، جگـە لەمـە ئـەم خەڵكـەی كـە بـە هـۆی ئاگركەوتنـەوە بـێ شـوێن ماونەتـەوە، لـە سـندوقی دارایـی ٥٠ هـەزار قـوروش زەخیـرە بكردرێـت و بەسـەریان دابـەش بكرێـت، بـۆ رەزامەندیش لـە ویلایەتی موسـڵ تەلەگرافنامـە هاتـووە و پێشـكەش كـراوە، بـۆ كاری دەسـتگیر كردنـەكـەش ئەنجامەكـەی راگەیەنـدراوە.



DH.MKT.01887.00014.001

| DH.MKT | 01887.00014 | 4 رەبیعی کۆتایی 1309 (٧ تشرینی دووەم ١٨٩١) |
|---|---|---|


نووسراو بۆ جەنابی والی پێشووی ویلایەتی موسڵ میری میران تاهیر پاشا
لـە ویلایەتـی موسـڵ، عەشـیرەتی نورەددیـن لـە ناحیـەی پشـدەری سـەر بـە قـەزای مەرگـە و دەوروبـەری سـنوور نیشـتەجێیە، ئـەم چەکـە میریانـەی کـە ئـەم عەشیرەتە تاڵانـی کـردووە، لـە سـەردەمی والـی میـری میران تەحسـین پاشـا رادەسـت کراوەتـەوە، بـەڵام ئەندامانـی عەشـیرەتی ناوبـراو جانـەوەرن و لـە سـنووری ئێـران لەگـەڵ دانیشـتوانی بانـە پەیوەندییـان هەیـە، بـەم هۆیـەوە هەندێـك رووداو روویـداوە، لەسـەر ئـەم داواکاریـەی کـە بـە هەمـان مـۆر پێشـکەش کـراوە، بـە فەرمانـی سـەدری ئەعـزەم لەلایـەن جەنابـی تەحسـین پاشـا زانیـاری وەرگیـراوە، بـە پەیوەندیدارانـی سـەدارەتیش راگەیەنـدراوە، لـە داواکاری ناوهاتـوو پرسـیار لـە واڵاش کـراوە، لـە وەڵامـدا فەرمـان و بریـار دەرچـووە، لـەم بابەتـەدا پەیوەنـدی گشـتگیر لەگـەڵ نـووسراوی داواکاریەکـە رەوان کـراوە، لـەم بابەتـەدا زانیارییـەکان خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، بـە راگەیاندنـی نـووسراوی ناوهاتـوو و داواکاریەکـە رەوان بکرێتـەوە.




DH.MKT.01887.00100.001

| DH.MKT | 01887.00100 | 7 ڕەبیعی کۆتایی 1309 (١٠ تشرینی دووەم ١٨٩١) |
| --- | --- | --- |


بۆ ویلایەتی موسڵ
١٧ تشرینی یەکەم ١٣٠٧، لە بارەی تاڵانچیەکان پەیوەندی بە موشیرەتی شکۆدار کراوە، بە گوێرەی ئەم ئەنجامەی بەردەستکەوتووە، مامەڵەکە جێبەجێ دەکرێت، خەڵك برسی ماوەتەوە، پێویستە زەخیرە بکڕدرێت و ڕەوان بکرێت، بەم دواییە بۆ پشدەریەکان ٥٠ هەزار قوروش لە سندوقی دارایی دابین کراوە، بۆ قەرەبووکردنەوە و کڕینی زەخیرە بۆ دانیشتوانی ناوهاتوو تەمەننا دەکرێت دابەش بکرێت.



DH.MKT.01898.00048.007

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01898.00048</td><td>5 ڕەبیعی کۆتایی 1309 (٨ تشرینی دووەم ١٨٩١)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی تۆمار<br>ژمارە ٣٠١<br>بۆ جەنابی میری میران تاهیر پاشا والی پێشووی ویلایەتی موسڵ<br>جەنابی میری میرانی ئەفەندم<br>لە ناو ویلایەتی موسڵ، عەشیرەتی نورەددین لە ناحیەی پشدەری سەر بە قەزای مەرگە و نزیك سنوور نیشتەجێیە، ئەم چەکە سەربازیانەی کە تاڵانیان کردووە، لە سەردەمی والی تەحسین پاشا ڕادەست کراوەتەوە و کارەکە تەواو بووە، بەڵام ئەندامانی عەشیرەتی ناوبراو جانەوەرن و لەگەڵ دانیشتوانی بانەی ئێران ڕێککەوتوون، بەم هۆیەوە هەندێك ڕووداو ڕوویداوە، بە هەمان مۆر داواکاری پێشکەش کراوە، جەنابی تەحسین پاشا بە فەرمانی پاشا زانیاری وەرگرتووە، دراوەتە سەدری ئەعزەم پەیوەندیداری سەدارەت، واڵاش زانیاری هەیە، لەم بابەتەدا گفتوگۆکراوە لەگەڵ نووسراوی سەدری ئەعزەم بەیەکەوە پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا زانیاری و خوێندنەوەی بەهیە لەگەڵ نووسراوی ناوهاتوو و داواکاریەکە ڕەوان کراوەتەوە، هیممەت بکرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمانە.<br>نازری کاروباری ناوەخۆ</td></tr>
</table>





DH.MKT.01913.00105.001

| DH.MKT | 01913.00105 | 19 جەمادی کۆتایی 1309 (٢٠ کانوونی دووەم ١٨٩٢) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی عالی


عەشیرەتی پشدەری سلێمانی و ئەم عەشیرەتانەی کە ناویان تۆمار کراوە، کۆمەڵەیەکیان پێك هێناوە و هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی شێوەگل و خانەکانیان سووتاندووە، بۆ ئەم خەڵکەی کە بە بێ زەخیرە ماونەتەوە زەخیرە بکردرێت، لە ویلایەتی موسڵ ٥٠ هەزار قوروش بۆ خەرجی زەخیرە دابین کراوە، بەڵام بەم دواییە دراوەتە پشدەریەکان، کەچی لە سندوقی دارایی قەرەبووکراوەتەوە و بە گفتوگۆکردن لەگەڵ پەیوەندیداری سەدارەت فەرمان و نووسراو کراوە، تا خەرج بکرێت، لەم بارەیەوە ئاگاداری دراوەتە ویلایەتیش، هەواڵ و نووسراوەکە هاوپێچ بەیەکەوە نێردراوە، لە بابی عالیش هەواڵ دراوەتە لایەنی خەزینە، بۆ قەرەبووکردنەوەکە مامەڵەی پێویست ئەنجام بدرێت.



DH.MKT.01946.00016.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01946.00016</td><td>12 شەوال 1309 (١٠ مایس ١٨٩٢)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ لایەنی والای جەنابی سەر عەسکەر<br>عەشـیرەتی پشـدەر سـەر بـە سـلێمانی لەگـەڵ تاقمێـك عەشـیرەت رێککەوتـوون و هێرشـیان کردۆتـە سـەر سـێیەکی گوندەکانـی قـەزای شـارباژێر، کەلوپـەل و پارەوپولـی دانیشـتوانیان بـە تەواوەتـی تـاڵان کـردووە، هەروەهـا خانەکانیـان سـووتاندووە، بـەڵام تـا ئێسـتا لەلایـەن حکوومەتـەوە تەمبـێ نەکـراون، ئـەم عەشـیرەتانەی کـە لـە سـەر سـنوورن کاریگـەری خراپیـان هەبـووە، هـەواڵ هاتـووە، عەشـیرەتی ناوبـراو جارێکـی تـر دەسـتپێشـغەری دەکات لـە رووبەرووبوونـەوە، بۆیـە بـۆ تەمبـێ کـردن و چاکسـازی دوو تابـووری پیـادەی ٦٠٠ نەفـەر لەگـەڵ مەفرەزەیەکـی ئێسـتر سـوارەی ١٥٠ نەفـەر بـە پەلـە رەوان بکرێـت، لـەم بارەیـەوە لـە ویلایەتـی موسـڵ هاوپێـچ تەلەگرافنامـە پێشـکەش کـراوە، بـە تێروانیـن لـە گرنگـی بابەتەکـە بـە پەلـە مامەڵەکـە جێبەجـێ بکرێـت.</td></tr>
</table>



DH.MKT.01950.00035.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01950.00035</td><td>19 شەوال 1309 (١٧ مایس ١٨٩٢)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ لایەنی والآی جەنابی سەر عەسکەریمان<br>عەشیرەتی پشدەر بە تەواوەتی گوندەکانی شێوەگلیان سووتاندووە و دانیشتوانەکەیان پەرێشان کردووە، بەهۆی دووبارە بوونەوەی کاری چەتەیی ئەم عەشیرەتە، دەبێ تەمبێ بکرێن، لەسەر هەندێك ووتە، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ بۆ سەر عەسکەر نێردراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە کارەکە جێبەجێ بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00059.00002 | 9 زیلقەعدە 1310 (٢٥ مايس ١٨٩٣) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ژمێریاری فەرمانبەرانی هەڵبژێردراو
١٥٦

لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ، لەلایـەن مسـتەفا ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری پێشـووی ناحیـەی توزخورماتـو داواکاری پێشـکەش کـراوە، داواکارییەکـە حەواڵـە کـراوە، بـە خـۆی بەڕێوەبـەری توزخورماتـو بـووە، لەگـەڵ بەڕێوەبـەری ناحیـەی پشـدەر گۆڕینـەوەی پێکراوە، ناوبـراو لـە ناحیـەی توزخورماتو دەسـتی لـە کار کێشـاوەتەوە و بۆ دەسـت بە کار بوونـی لـە پشـدەر بەڕێکەوتـووە، کـە گەیشـتۆتە قـەزای مەرگـە، موتەسـەرفی سـانجەقی سـلێمانی ڕێگـەی نـەداوە بچێتـە سـەر کارەکـەی و لەبـەر هەسـتیاری شـوێنەکە نەیناردۆتـە پشـدەر، ئەویـش بـە ناچـاری گەڕاوەتـەوە دەرسـەعادەت و ڕایگەیانـدووە زوڵمـی لێکـراوە، بۆیـە داوای کـردووە لـە بەڕێوەبەرایەتـی شـوێنێك دابمەزرێـت، دوای لێکۆڵینـەوە لـە بابەتەکـە نووسراو لـە ویلایەتـی موسـڵ دەرچووە و بۆ قۆمیسـیۆن نێـردراوە، ئەگەرچـی زانیاری ڕاگەیەنـدراوە، کـە سـلێمان ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری پشـدەر لەگـەڵ بەڕێوەبـەری توزخورماتـو گۆڕینـەوەی پێکـراوە، ناوبـراو گەیشـتۆتە توزخورماتـو و دەسـتی بـە کار کـردووە، بـەڵام مسـتەفا ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری توزخورماتـو چۆتـە پشـدەر و لـە بـارەی هـۆکاری گواسـتنەوەکە هیـچ شـتێك گـوێ بیسـت نەبـووە، هەروەهـا دەرکەوتـووە تـا ئێسـتا فەرمانـی گۆڕینـەوەی ئەرکەکەیـان پەسـەند نەکـراوە، بۆیـە هـۆکاری گۆڕینەوەیـان و نەناردنـی مسـتەفا ئەفەنـدی بـۆ پشـدەر ڕوون بکرێتـەوە و بـە مەزبەتـە ڕابگەیەندرێـت، بـۆ ئەمـەش نـووسراو کـراوە و ویلایـەت ئـاگادار کراوەتـەوە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە بڕیـاری بـە دەسـتەوەیە.






<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00160.00006</td><td>24 زیلحیجة 1310 (٩ تەمموز ١٨٩٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>تەلەگرافنامە لە موتەسەرفی کەرکووك وەرگیراوە، بە تێروانین لە بەراییەکانی ئەم بابەتە، بریار و ئاماژە لە کارگێرییەکانەوە دەردەچێت، لە ٢٨ حوزەیران ١٣٠٩.<br>والی موسڵ عوسمان<br><br>بایز ئاغا سەرۆکی مەنگوڕییەکان لە وەزنەیە، لە نووسراوی مێژووی ١٥ زیلحیجە ١٣١٠ کە لە ساعیەکی تایبەت وەرمگرتووە، ساڵی رابردوو لە لاهیجان رووبەرووبوونەوەیەك روویداوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە عەشیرەتەکانی عوسمانی شایەد وەرگیراوە، بە تێروانینی ئێرانیەکان لە سەرۆکایەتی عەشیرەتی مەنگور دوور خراوەتەوە، بە راگەیاندنی گەرانەوەی بۆ خاکی عوسمان ٤٠٠ خانە لەگەڵ مەنگوڕییەکان پشدەریەکانیش .......، لەگەڵ ئەمەش داوا دەکرێت سەرۆکایەتی بدرێتە لایەنی عەشیرەتی مەنگور زوری، وەزنە خاکی عوسمانییە و لەوێ مەنگورەکان هاونیشتمانی دەوڵەتی عالیەن، کاکە لاو ئاغا مردووە، ماوەیەکیش بە پچر پچری مەیلیان بۆ ئێرانیەکان رۆیشتووە، ئەگەرچی نیشتەجێ بوونیان لە پشدەر بەس نییە، بەڵام حاڵی حازر مەنگور زوری لەلای ئێمە و لە ناوچەی پشدەر بوونیان هەیە، سەرۆکەکەیان محەمەد باپیر ئاغا لە رووی تواناوە لە رێزی بایز ئاغایە، دەتوانی سەرۆکایەتی بکات و ئەگەر بدرێتە بایز ئاغا هەڵدەچێت و بۆ لایەکەی تر مەیلی دەروات، بە قەبوڵ کردن و نیشتەجێ کردنی بایز ئاغا و بە دامەزراندنی وەکو سەرۆك تەنیا ئەندامانی عەشیرەتەکەی بە دوای خۆیدا دەبات، بۆ ئەمەش بریار پێویستە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02001.00081 | 22 سەفەر 1310 (١٥ ئەيلوول ١٨٩٢) |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>گوایە پشدەریەکان بە هاندانی مستەفا ئەفەندی نەقیبی سلێمانی و قائیمقامەکانی شاربازێر و مەرگە سەرپێچیان بەرامبەر شێوەگلیەکان کردووە، لەسەر هەندێك ووتە، لەلایەن رەسول ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی شێوەگل و قائیمقامی پێشووی شارباژێر نووسراو هاتووە و نێردراوە، کارەکەش لەسەر نووسراوی عالی جێبەجێ بکرێت، ئاگاداری پێویستیش دراوەتە ویلایەتی موسڵ، ئەمجارە لەم نووسراوەی کە هاتووە، ئەم ئامادەکارییانەی جێبەجێ دەکرێت، بە فەرمانی پاشا بووە، کە لەلایەن جەنابی پاشاوە دەرچووە و ئاگاداری دراوەتە موتەسەرفی سلێمانی، هەر خودی خۆی قوماندانی فرقەی چاکسازی فەریق میری میران عومەر وەهبی پاشا ئەرکی پێدراوە و ئاماژەی پێکراوە، هەروەها نووسراوی ناوهاتوو بە هاوپێچەوە لەگەڵ مەزبەتەی ئەنجومەنی کارگێری سلێمانی رەوان کراوە. | | |



<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02007.00003</td><td>11 رەبیعی یەکەم 1310 (٣ تشرینی یەکەم ١٨٩٢)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>لە ناو سانجەقی سلێمانی سەلیم ئاغا بەڕێوەبەری ناحیەی پشدەر دەستی لە کار هەڵگرتووە و لە شوێن ئەو عەلی ئاغا دادەمەزرێت، لە پایەی ویلایەت نووسراو لە مێژووی ٥ تەمموز ١٣٠٨ ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لە هەڵنەبژێردراوەکانە، بۆیە پەسەند کردنی ئەرکەکەی پێچەوانەی نیزامە، بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوهاتوو، لە مونتەفیك سلێمان ئەفەندی لە مولازم و هەڵبژێردراوەکانە و چاوەڕێی ئەرك دەکات، بۆیە ناوبراو دادەمەزرێت، لەسەر ئەم مەزبەتەیەی کە لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی هەڵبژێردراو دەرچووە، جێگیر کراوە، بەڕێوەبەری ناوبراو مانگانە ٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ براوەتەوە، ناوبراو لە مێژووی دەست بە کاربوونی لە کارەکەی مووچەکەی بۆ دەبردرێتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە، لە مێژووی باسکراو رادەگەیەندرێت و پشت بەستن بە بڕیارنامە، مانگانە نیوەی مووچەکەی و هەر مانگ لە ٥٪، جگە لە ١٪ بۆ خانەنشینی دەبردرێت، هەروەها مووچەکە بە تەواوەتی لە ١٠٪ی بۆ سندوقەکانی قۆمیسیۆنی هاوکاری مولکیە دەست بەسەر دەکرێت، بەڵام سەلیم ئاغا کە لە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراوە، دەرکەوتووە لە هەڵنەبژێردراوەکانە، بۆیە بە شێوەی وەکیل دەتوانێت کار بکات، بە وەرگرتنی نیوەی مووچەکەی لەمە زیاتر شتێکی تری پێ نادرێت، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.02035.00002.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02035.00002 | 6 جەمادی یەکەم 1310 (٢٦ تشرینی دووەم ١٨٩٢) |
| --- | --- | --- |
| بۆ لایەنی واڵای جەنابی سەر عەسکەر<br>دانیشتوانی پشدەر هێرشیان کردۆتە سەر سەربازی ساهانە، بۆ ئەم مەبەستە لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار نووسراو نێردراوە و بۆ ناردنەوەی، لە مێژووی ٢٨ تشرینی دووەم ١٣٠٨ نووسراوی عالی و سەر عەسکەر فەرمان و ئاماژەی پێکراوە، کاغەزەکانی پێشکەش کراوە. | | |



Y PRK AZJ 00027.00069 001


<table>
<tr><td>Y.PRK.AZI</td><td>00027.00069</td><td>18 رەبیعی یەکەم 1311 (٢٩ ئەیلوول ١٨٩٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە بابی عالی وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیەیە کە بۆ جەنابی مومەییزی ژووری وەرگێران عززەت بەگ ئەفەندی هاتووە.<br><br>مـاوەی ٢٠ سـاڵە عەشـیرەتی پشـدەر لـە ژیانێکـی جانـەوەری دەژیـن، بـە فەرمانـی پەیوەندیدارانـی ویلایـەت ئەمجـارە ئامـۆژگاری کـراون و بەهۆی ئەم کاریگەرەوە نزیکەی ٤٠٠ سـەرۆك و دارودەسـتەکانیان هاتوونەتە سـلێمانی و ملکەچـی خۆیـان ڕاگەیانـدووە، بـۆ لێخـۆش بـوون و پاداشـت کردنیـان بـە بابـی عالـی ویلایـەت ڕاگەیەنـدراوە.<br>نەقیب حەفید سەید مستەفا</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT | 00101.00034 | 19 موحەررەم 1311 (٢ ئۆغستۆس ١٨٩٣) |

بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
سـلێمان ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری ناحیـەی پشـدەر گوازراوەتـەوە بـۆ ناحیـەی توزخورماتـو، لـە شـوێن ئـەو عەلـی ئاغـا دامـەزراوە، بـە ئامـاژەی ویلایەتـی بەهیـە و بڕیـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی هەڵبژێـردراو، هەروەهـا لـە تۆمـار ڕێکخـراوە، لـە مێـژووی دەسـت بـە کاربوونـی مانگانـە ٥٢٤ قـوروش مووچـە، عەلـی ئاغـاش مانگانـە ٥٠٠ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن کـراوە، لەگـەڵ ئەمـەش سـلێمان ئەفەنـدی نەچۆتـە سـەر کارە کۆنەکـەی، بۆیـە گۆڕینـەوەی پـێ کـراوە، بـە گوێـرەی بڕیارنامـە چ ئـەو چ عەلـی ئەفەنـدی مانگانـە ئـەم مووچـەی وەریدەگـرن نیـوەی مووچەکەیـان هەروەهـا هەمـوو مانـگ لـە ٥٪ی جگـە لەمـە ١٪ی بـۆ خانەنشـینی دەبردرێـت، لەلایەکـی تـر مووچـەی دووەم مانگیـان ٥٪ی بۆ سـندوقی قۆمیسـیۆنی هـاوکاری بریندارانبووانی مولکیـە دەنێردرێت، نـووسراوی سـەروو حەواڵـە کـراوە، بـە ووتـەی نـەزارەت هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی مامەڵەکـە.



DH.MKT 00148.00024.001

<table>
<tr><td>سەرەتای ڕەبیعی یەکەم 1311 (ئەیلوول ١٨٩٣)</td><td>00148.00024</td><td>DH.MKT</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>عەشیرەتی پشدەر لە ناو سانجەقی سلێمانی و لەسەر سنووری ئێرانن، ئەمانە لەسەر هەندێك تاوانکاری گومانیان لەسەرە، زیاتر لە ٢٠٠ خانە و ٣ لە سەرۆکەکانیشیان هاتوونەتە سلێمانی، دوای مۆڵەت بە مەرجی ئەنجام نەدانی سەرپێچی و گوێرایەڵ بوون تکایان قەبوڵ کراوە، لەم ئاماژەی کە لە ویلایەتی شکۆدار دەرچووە، دەرکەوتووە بەڵێنی بەهێزیان لێ وەرگیراوە، کە جارێکی تر پێچەوانەی حکوومەت هەڵسوکەوت نەکەن، لە بارەی قەبوڵ کردنی ملکەچبوونیان، بە بڕیاری ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان، ڕەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەرچووە، هەروەها ویلایەت زانیاری داوە، لە نووسراوی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت، فەرمان و بڕیار لە مێژووی ٢١ ئەیلوول ١٣٠٩ ژمارە ١٨٩٧ دەرچووە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00161.00012.003

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00161.00012 | 12 ڕەبیعی کۆتایی 1311 (٢١ تشرینی یەکەم ١٨٩٣) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٧٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

فەتاح خان کە لە بانە شۆڕشی بەرپاکردووە، سەرۆکی تائیفەی پشدەر عوسمان ئاغا و هاوەڵان و لە عەشیرەتی عوسمانیەکانیش کۆمەڵەیەکی گەورەی پێك هێناوە و چۆتە بانە، لەم باوەرە دایە لەوێ بە هێمنی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خانی ناوبراو دادەمەزرێت، ڕێگە نەدرێت ئاغای ناوبراو و عەشیرەتە ناوهاتووەکان سەرپێچی بکەن، هەروەها بۆ ڕادەستکردنی خانی ناوبراو لە باڵیۆزخانەی ئێران نووسراو ڕەوان کراوە و وێنەی هاوپێچ نێردراوە، جگە لەمە ڕاگەیەندراوە فەتاح خان هەڵاتووە و بۆ ناو خاکی عوسمانی هاتووە، لە بارەی ڕادەست کردنی چ لە باڵیۆزخانەی تەهران چ لە باڵیۆزخانەی ناوهاتوو، ئاماژەی پێ کراوە، لە وەڵامی ویلایەتی موسڵ دەرکەوتووە ناوبراو شارۆچکەی بانەی بە زۆری داگیرکردووە، ئەم تەلەگرافنامەیەی هاتووە، لە باڵیۆزخانەی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە، بەڵام بە تێڕوانین لە نووسراوەکە و بەراییەکان و زانیارییەکانی ناوەخۆ کارەکە جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بڕیاری بە دەستەوەیە.
نازری دەرەوە



| DH.MKT | 00165.00043 | 29 رەبیعی کۆتایی 1311 (٨ کانوونی یەکەم ١٨٩٣) |
| --- | --- | --- |
| بۆ ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>ئـەم سـەرۆك عەشـیرەتانەی لـە نـاو سـانجەقی سـلێمانی ملکـەچ بوونـی خۆیـان راگەیانـدووە، مەحمـود ئاغـا بـە پلـەی ئیسـتەبڵی عامیـرە و سـەلیم ئاغـا و عەلـی ئاغـا بـە پایـەی قەپوچـی باشـی و بابەکـر ئاغـازادە مەمەنـد و ئەحمـەد ئاغـازادە عەبدوڵـڵا و عەبـاس ئاغـازادە بابەکـر و رەسـول ئاغـا زادە عەبدوڵـڵا ئاغـا بـە پلـەی پێنجـەم، هـەر یەکـە نیشـانێکی مەجیدیـان پـێ بدرێـت، لـە پایـەی ویلایەتـی شـکۆدار نـووسراوی ٢٩ ئەیلـوول ١٣٠٩ ژمـارە ١٠٥ ئامـاژەی پێکـردووە، بـە تێروانیـن لـە شەڕوشـۆڕی دوو سـاڵەی نێـوان پشـدەریەکان و شـێوەگلیەکان پاداشـت کردنـی ئەمانـە گونجـاوە، بـە خوێندنـەوەی عالـی پرسـیار دەکرێـت. | | |






BEO.000287.021464.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 22 رەبیعی یەکەم 1311 (٣ تشرینی یەکەم ١٨٩٣) | 000287.021464 | BEO |


بۆ ویلایەتی موسڵ
تاوەکو عەشیرەتەکانی پشدەر سەرپێچی بەرامبەر حکوومەت نەکەن، بەڵێنی بەهێزیان لێ وەربگیرێت، بۆ قەبوڵ کردنی ملکەچ بوونیان بە بریاری ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان و بە رەزامەندی پاشا فەرمان دەربچێت، زانیاری دەدرێتە نەزارەتی ناوەخۆ، مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت.





<table>
<tr><th>BEO</th><th>000293.021959</th><th>5 جەمادی یەکەم 1311 (١٤ تشرینی دووەم ١٨٩٣)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>عوسمان ئاغا سەر بە عەشیرەتی پشدەر، لەگەڵ ٣٠٠ سەربازی سوارەی شاهانەی ژێر دەستی، بۆ هاوکاری فەتاح خان چوونەتە ناو بانە، بۆ گەرانەوەی ئەمانە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە راگەیەندراو دراوەتە باڵیۆزخانەی تەهران، ٣٠٠ سەربازی شاهانە یاخود هەندێك لە عەشیرەتەکانی عوسمانی بەم شێوەیە یارمەتی فەتاح خانیان داوە، بە پەلە لێکۆڵینەوە لە راست و دروستی ئەم بابەتە بکرێت.</td></tr>
</table>

<table>
<tr><th>BEO</th><th>000293.021959</th><th>2 رەبیعی یەکەم 1311 (١٣ ئەیلوول ١٨٩٣)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز<br>ژووری تەلەگراف<br>وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیە کە لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار رەوان کراوە<br><br>تەلەگرافنامەی ٣٠ ئۆغستۆس ١٣٠٩ راگەیەندراوە، لە دەورووبەری شارۆچکەی بانە حاکمی پێشووی بانە فەتاح خان لەگەڵ محەمەد خان رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە، تێدا لە فرقەی فەتاح خان ٤ کەس و لە فرقەی محەمەد خان ١ کەس کوژراوە و بریندارێکیش هەبووە، هەروەها لەلایەن فەتاح خان ٣٠ سەر ئەسپ بردراوە و شارۆچکەی بانەی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، محەمەد خان و گشت بەگ زادەکان بە دۆراوی و شکستخواردووەوە بۆ لای سنە رایانکردووە، ئەمجارە لەلایەن موتەسەرفی سلێمانی تەلەگرافنامە وەرگیراوە و راگەیەندراوە.<br>عوسمان والی موسڵ</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000299.022371</td><td>12 رەبیعی کۆتایی 1311 (٢٣ تشرینی یەکەم ١٨٩٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>بۆ هاوکاری فەتاح خان، لە عەشیرەتی پشدەر عوسمان ئاغا لەگەڵ ٣٠٠ سەربازی سوارە چۆتە ناو بانە، لەلایەن حکوومەتی ئێران ئاگاداری دراوەتە باڵیۆزخانەی تەهران و بۆ گەڕانەوەی ئەمانە پەیوەندی کراوە، نووسراوی ژمارە ١٧٢٤ ئاماژەی پێکراوە، جگە لەمە پرسیار لە ویلایەتی موسڵ کراوە، ئاخۆ ئەم ٣٠٠ سەربازی شاهانە یاخود هەندێك لە عەشیرەتەکانی عوسمانی یارمەتی فەتاح خان دەدەن یاخود نادەن، وەڵامەکە لە مێژووی ٩ تشرینی یەکەم ١٣٠٩ دراوەتە دەوڵەت، دەرکەوتووە کە نە سەربازی شاهانە نە عەشیرەتەکانی عوسمانی هاوکاری فەتاح خانیان نەکردووە و ئەم هەواڵە راست و دروست نییە، بۆ ئەمەش هەواڵ بدرێتە باڵیۆزخانەی ناوهاتوو.</td></tr>
</table>



DH.ŞFR.00170.00091.001


| 25 جەمادی کۆتایی 1312 (٢٤ کانوونی یەکەم ١٨٩٤) | 00170.00091 | **DH.ŞFR** |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>پشـدەریەکان لـە نـاو قەزاکانـی مەرگـە و شـارباژێری سـەر بـە سـانجەقی سـلێمانی سـەرپێچیان کـردووە، هەروەهـا بـۆ ئامـادەکاری کـردن لـە مێـژووی ٣١ تشرینـی یەکـەم ١٣١٠ تەلەگرافنامـەی بـە شـیفرە و داواکارییەکانـی ژمـارە ١١٩ و ١٥٩ی مێـژووی ٢٤ ئەیلـوول ١٣١٠ و ٥ تشرینـی دووەم ١٣١٠ راگەیەنـدراوە، ئێسـتا لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری لیـوای ناوهاتـوو مەزبەتـە هاتـووە، لـە پشـدەریەکان بابەکـر بالـق و کاپیلـول و کوڕەکـەی تـری خـضر ئاغـا کـوڕی سـلێمان ئاغـا هاتوونەتـە ناحیـەی سـورتاش و لـەوێ نیشـتەجێ بوونـە، ناوچەکەیـان خسـتۆتە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان، دانیشـتوانیان ترسـاندووە و هەڕەشـەیان لێکـردوون، بـە دەسـتگیر کردنیـان و دوور خسـتنەوەیان و پەرشـوبڵاوکردنەوەی ئـەم کۆمەڵەیـەی کـە دروسـتیان کـردووە، بارودۆخـی ناوچەکـە و کاروبـاری ئیـدارە هێـور دەبێتـەوە، بـۆ ئەمـەش چارەسـەرێکی بـە پەلـە بدۆزرێتـەوە، خەریکـە یەکیـان لـە قـەزای شـارباژێر و ئـەوی تریـان لـە قـەزای مەرگـە نیشـتەجێ دەبـن، پێشـووتر کـە داوای دوو تابـوری سـەربازی شـاهانە کـرا بـوو بچێتـە ناوچەکـە، بـە تێروانیـن لـە سـەرپێچیەکانی پشـدەریەکان کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.<br>عەزیز والی موسڵ | | |



DH.ŞFR.00175.00042.001

| | | |
|---|---|---|
| DH.ŞFR | 00175.00042 | 27 زیلحیجه 1312 (٢١ حوزەیران ١٨٩٥) |


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شكۆدار
یەك دوو كاتژمێر دوور لە سلێمانی تاقمێك لە عەشیرەتی پشدەر و هەمەوەندەكان هاتوونەتە گوندەكانی فیساش و دۆكان و سرن، بەڵام لەسەر ئەم ئامادەكارییانەی كە كراوە، گەراونەتەوە شوێنی خۆیان، هەروەها لە مەملەكەتدا رووداوێك روونەداوە كە ببێتە هۆی تێكچوونی ئاسایش، ئێستا لە موتەسەرفی لیوای ناوهاتوو تەلەگرافنامە هاتووە و تێدا راگەیەندراوە، هەروەها بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت كارێك رووبدات كە جێگەی قەبوڵ نەبێت، ئامۆژگاری پێویست دووپاتكراوەتەوە، لە وەڵامدا لە موتەسەرفی ناوهاتووەوە ئاماژەی پێكراوە و راگەیەندراوە.
والی موسڵ عەزیز




DH MKT 00186 00050 001


| DH.MKT | 00186.00050 | 3 شەعبان 1312 (٣٠ کانوونی دووەم ١٨٩٥) |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵی شکۆدار
لە مەسەلەی حکوومەتی بانەی سەر بە ئێران، لە نێوان فەتاح خان و محەمەد خان رووبەرووبوونەوە و پێکدادان روویداوە، بۆ ئەم مەبەستە نەقیبولئەشراف قائیمقام سەید مستەفا ئەفەندی سلێمانی بە ئەرك چۆتە پشدەر، بۆ رۆژانە و خەرجی چوون و گەرانەوەی خەرجی رێگای پێ دەدرێت، لە موازەنەی ناوەخۆی ساڵی ١٣١٠ و رێکخستنی زیادە، بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت ٦٨٩٠ قوروش لە دەرماڵەی ناوەخۆی ئەم ساڵە هەژمار دەکرێت و لە خەزینەی شکۆدار رێکخراوە و حەواڵەنامە نێردراوە، نووسراوی دەفتەرداری ویلایەت هاوپێچ بۆ دەوڵەت رەوان کراوە، مامەڵەی تۆماری لە نەزارەتی ژمێریاری جێبەجێ کراوە، مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت.





هەواڵنامەی کتێب




<table>
<tr><th>DH.MKT</th><th>00301.00051</th><th>8 جەمادی یەکەم 1312 (٧ تشرینی دووەم ١٨٩٤)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت<br>پشدەریەکان کەللە رەقن و لە کارە سەرپێچیەکانیان ئەمنیەت و ئاسایش بپارێزرێت، بۆ هەر یەك لە قەزاکانی مەرگە و شارباژێری سەر بە سانجەقی سلێمانی تابوورێکی سەربازی رەوان بکرێت، بە ئاماژەی ناوەخۆ، لە ویلایەتی موسڵ نووسراو و تەلەگرافنامە لە مێژووی ١٧ تشرینی یەکەم ١٣١٠ و ١٤ تشرینی دووەمی هەمان ساڵ دەرچووە، پشدەریەکان بە تەواوەتی ناحیەی مەرگەیان داگیر کردووە، بۆیە بە هێرشی سەربازی بۆ ناوچەکانی خۆیان بگەرێندرێنەوە، بە پەلەش کار بۆ ئەمە بکرێت، چونکە تا دێت کاری توندوتیژی زیاد دەکات، بۆ گەرانەوەی بارودۆخی ئاسایی قەزاکە کەسێك رەوان بکرێت و بتوانێت کاروبارەکە رێك بخاتەوە، تەنانەت فەرمانبەرانی ناوەخۆ شوێنی خۆیان بە جێ دەهێڵن، ئاوا بروات کەسانی تر دەست بەسەر قەزاکە دادەگرن، بۆیە پێویستە هەرچی زووە قەزاکانی مەرگە و شارباژێر لە ژێر پەلاماری پشدەریەکان رزگار بکرێت، وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیەی کە لە موتەسەرفی سلێمانی هاتووە، لەگەڵ تەلەگرافنامەی مێژووی ١١ مایس ١٣١١ پێشکەش کراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە و گرنگی شوێنەکە، ئاماژەی پێشوو جێبەجێ بکرێت، بریارەکە جێبەجێ بکرێت و رابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>

| 28 جەمادی کۆتایی 1312 (۲۷ کانوونی یەکەم ۱۸۹٤) | 00301.00051 | DH.MKT |
|---|---|---|

بۆ جەنابی عالی پەیوەندیداری سەدارەت
کەللە رەقیان روون و ئاشکرایە، لەبەر جولەی سەرکەشانەیان و بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی قەزاکانی مەرگە و شارباژێری سەر بە سانجەقی سلێمانی، بۆ هەر یەکەیان تابوورێکی سەربازی جێگیر بکرێت، لە ویلایەتی موسڵ نووسراو رەوان کراوە لەگەڵ تەلەگرافنامەی دووپاتکردنەوە کە لە مێژووی ۱۷ تشرینی یەکەم ۱۳۱۰ و ١٤ تشرینی دووەم هەمان ساڵ دەرچووە، دەردەکەوێت سەرپێچی پشدەریەکان بەردەوامە، هەروەها دانیشتوانی شارباژێر گەیشتوونەتە بارودۆخێك ناچارن هیجرەت بکەن، مەرکەزی قەزای شارباژێر بگوازرێتەوە گوندی راجە، ناوچەی ناوهاتوو لەگەڵ قەزای مەرگە بۆ هەر یەکە تابوورێکی سەربازی شاهانە جێگیر بکرێت، لە بارەی تەواوکردنی کارەکان لە ویلایەتی ناوهاتوو نووسراو رەوان کراوە، هەروەها هاوپێچەکەشی لە مێژووی ۳۰ تشرینی دووەمی هەمان ساڵ پێشکەش کراوە، لە پشدەریەکان کورەکانی سلێمان ئاغا هەرەشە لە دانیشتوان دەکەن و دەیانترسێنن، بۆیە هەندێك دەستگیر کراون و ئەم ئەندامە نوێیانەش پەرشوبڵاوبوونەتەوە، جگە لەمە کاروباری ئیداری پەکی کەوتووە، ئەم تابوورە سەربازیەی کە داواکراوە لە قەزای مەرگە و شارباژێر نیشتەجێ بێت، ئەمجارە لە ویلایەتی ناوهاتووەوە تەلەگرافنامە لە مێژووی ۱۲ کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ هاتووە، هاوپێچ پێشکەش کراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە و ئاماژەی پێشوو کارەکە جێبەجێ بکرێت و رابگەیەندرێت.

| 24 شەعبان 1312 (۲۰ شوبات ۱۸۹٥) | 00301.00051 | DH.MKT |
|---|---|---|

بۆ جەنابی عالی پەیوەندیدارانی سەدارەت
بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایشی قەزای شارباژێری سەر بە سانجەقی سلێمانی لە کارە سەرپێچیەکانی پشدەریەکان، مەرکەزی قەزاکە بگوازرێتەوە بۆ گوندی راجە، هەروەها بۆ ناوچەی ناوهاتوو و قەزای مەرگە، هەر یەکە تابوورێکی سەربازی نیشتەجێ بکرێت، بۆ ئەم کارەش لە ویلایەتی موسڵ نووسراو و دووپاتکردنەوە لە مێژووی ۱۷ تشرینی یەکەم ۱۳۱۰ و ١٤ و ۲۰ تشرینی دووەمی هەمان ساڵ پێشکەش کراوە، بۆ کۆکردنەوەی داهاتی میری لەلایەن دەوڵەتەوە فەرمانبەرانی مولکیە و سەربازی رەوان کراون، بەڵام ئەمانە هەندێك کاری تایبەتیان بۆ خۆیان ئەنجام داوە، بۆ ئەمە دوای پێداچوونەوە پێویستی کردووە ئامادەکاری سەربازی ئەنجام بدرێت، لە کۆتاییدا لە مێژووی ٤ شوبات ۱۳۱۰ نووسراو لەگەڵ نووسراوی رەزامەندی پێشکەش کراوە، بۆ کۆکردنەوەی داهاتیش، مەفرەزەی شاهانەی ناحیەکانی برکور و سیویل کە سەر بە قەزای شارباژێرن، گەیشتوونەتە گوندی سیشەی ژێر دەسەڵاتی پشدەریەکان، لە چوار گرد خۆیان حەشارداوە، تاقمێك بوێری ئەوەیان کردووە چەك بەکار بێنن، لەم رووبەرووبوونەوەدا نەفەرێک لەگەڵ دوو ئاژەڵ لەناوچووە، لە سەربازی شاهانەش نەفەرێك لە قۆڵی بریندار بووە، بەم هەواڵە مەفرەزەیەکی تریش رەوان کراوە، گوندەکانی قەزای مەرگە و شارباژێر تەکالیفی میری نادەن، لە موتەسەرفی سلێمانی بریار دراوە ئامادەکاری حەکیمانە بدرێت و رێگە نەدرێت رووداو رووبدات، بۆ ئەمەش وەڵام بۆ موتەسەرفی ناوهاتوو رەوان کراوە، لەسەر دووپاتکردنەوەی ئاماژەی پێشوو پرسیار لە مامەڵەکە کراوە، ئەمجارە بە تێروانین تەلەگرافنامە لە مێژووی ٥ شوبات ۱۳۱۰ ی ویلایەتی ناوهاتوو پێشکەش کراوە، بە پەلە جێبەجێ بکرێت، بریار و راگەیاندنی دەگەرێتەوە بۆ پەیوەندیداری سەدارەت.





Y.A.HUS.00311.00050.001

| Y.A.HUS | 00311.00050 | 24 رەبیعی کۆتایی 1312 (٢٥ تشرینی یەکەم ١٨٩٤) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
١٥٣٤

عەشیرەتی پشدەر کە جانەوەر و کەللە رەقیان روون و دیارە، بەردەوام ئامۆژگاری دەکرێن، کەچی ئەمجارە بەسەر گوندەکان و موقاتەعاتی قەزایەکانی شارباژێر و مەرگە دابەش بوونە و هێرشیان دەکەنە سەر، جگە لەمە دانیشتوانی گوندی شارباژێریان دژی شێوەگلیەکان هان داوە، ئامۆژگاریەکان هیچ سوودێکی نەبووە، شێوەگلیەکان توانای بەرگری کردنیان نییە، بۆیە بۆ سنووری ئێران کشاونەتەوە و سیویل مەرکەزی قەزای شارباژێر بگوازرێتەوە بۆ گوندی راجە و لە سەربازانی شاهانەی سلێمانیش تابورێك بچێتە ناوچەکە، لە کۆتاییدا ئەم تەلەگرافنامەیەی کە لە ئەنجوومەنی کارگێری سلێمانی وەرگیراوە، ئاماژەی پێکراوە، دواکەوتنی کارەکە دەبێتە وێران کردنی تاقمێك گوند و دانیشتوانەکەی تووشی پەرێشانی دەبن، بۆیە بە پەلە جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە، وێنەیەکی ئەم تەلەگرافنامەیە بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار رەوان کراوە، دوای خوێندنەوەی نووسراوی نێردراوی ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان، گرنگیەکەی روون بۆتەوە، بۆیە لە نووسراوی حەواڵە کراو بۆ والای سەر عەسکەر و نەزارەتی ناوهاتوو روون بۆتەوە پێویستە بە پەلە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان هەر چییەك بێت جێبەجێ بکرێت.

سەدری ئەعزەم




BEO.000883.066201.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 000883.066201 | 5 رەجەب 1312 (٢ کانوونی دووەم ١٨٩٥) |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
٣٧٧٢
بۆ جەنابی عالی پەیوەندیداری سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەمانە

ئاغاکان و لایەنگرانی پشدەر لە حکوومەتی خۆچێی پاراونەتەوە و ئامادەن بەبێ کێشە تەکالیفی میری ئەم ساڵە بدەنە حکوومەت، لە موتەسەرفی سلێمانی راگەیەندراوە، تا داهاتی نوێ بەرهەم دەهێنرێت، کەموکوری دروست نەبێت، هەروەها لەبەر تاوانی ناوبراوان بۆ وەرگرتنی لێبووردنی عالی، رەزامەندی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەتی پێویستە، ئەم تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەت وەرگیراوە، لە نووسراوی سەدری ئەعزەمی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت کە لە مێژووی ٢١ تشرینی دووەم ١٣١٢ ژمارە ٢٩٤٢ هاتووە، رەزامەندی نیشان دراوە، لەم بابەتەدا لەلایەن وەکیلی والی و قوماندانی موسڵ میری میران پاشا تەلەگرافنامە هاتووە، لە بارەی لێبووردنی گشتی جەنابی پاشا رەزامەندی نیشان داوە، ئەگەرچی بۆ چۆنیەتیەکەی نووسراو کراوە، بەڵام فەرمانی پاشای پەیوەندیداری وەکالەت بۆ کەمتەرخەمی نەکردن لە تەکالیفی میری دەرنەچووە، بۆ ئەم بابەتە رەزامەندی نووسراوەتەوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.
نازری کاروباری ناوەخۆ



DH.MKT.02101.00008.001


<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02101.00008</td><td>18 ڕەبیعی کۆتایی 1312 (١٩ تشرینی یەکەم ١٨٩٤)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>بـۆ درێژکردنـەوەی هێڵـی تەلەگرافـی قـەزاکانـی گولعەنبـەر، شـارباژێر و مەرگـە بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت مەرکـەزی قـەزای مەرگـە کـە بـە نـاوی مەعمـورەی حەمیدیـە ناونـراوە، گوازراوەتـەوە بـۆ ناوچـەی پشـدەر، هەرچـی بـۆ هـاوکاری ئەوانـی ترە پارە نێردراوە، لـە بـارەی درێژکردنـەوەی هێڵی باسـکراو، لە پایـەی ویلایەتـی شـکۆدار نـووسراو لـە مێـژووی ٦ مایـس ١٣١٤ ژمـارە ٣٢ هاتـووە، لەسـەر ئـەم نـووسراوە پەیوەنـدی بـە نەزارەتـی تەلەگـراف و پۆسـتە کـراوە، سـەرەتا کەلوپەلـی هێڵـی ناوهاتـوو نێـردراوە، بـۆ ئـەوەی پەلـەش بکرێـت لـە درێژکردنـەوەی هێڵەکـە، ئەمجـارە لـە بـاش مودیریەتـی پۆسـتە و تەلەگـراف ئـاگاداری نێـردراوە.</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞIVI
DH.TMIK.M
5 29

DH.TMIK.M.00005.00029.001

هەواڵنامەی کتێب

| 13 زیلحیجه 1313 (٢٦ مایس ١٨٩٦) | 00005.00029 | **DH.TMIK.M** |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>لە ٩ مایس ١٣١٢، بۆ چاودێری کردنی چەتەکانی پشدەر، ئەم ئامادەکارییانەی کراوە، تەمەننا دەکرێت ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت. | | |




Y.PRK.ASK.00105.00050.003

| Y.PRK.ASK | 00105.00050 | 1 موحەرڕەم 1313 (٢٤ حوزەیران ١٨٩٥) |
| --- | --- | --- |


وێنەی ئەم تەلەگرافنامەی بە شیفرەیە کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
لە ڕۆژانی ڕابردوو مەحمود پاشای جاف لەگەڵ موفتی پێشووی سلێمانی سەید محەمەد ئەفەندی لە دەرسەعادەت وەرگیراون، دواتر سەید ئەحمەد ئەفەندی برادەرزادەی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی لە ژێرەوە دەستی بە گەندەڵی کردووە، تێروتەسەلی بابەتەکە لە مێژووی ٢ کانوونی یەکەم ١٣١٠ و ١٧ کانوونی دووەم ١٣١٠ و ١٩ مایس ١٣١١ بە سێ پارچە تەلەگرافنامە پێشکەشی پەیوەندیداری سەدارەت کراوە و ڕاگەیەندراوە، لە وەڵامی ئەم پرس و ڕایەی کە کراوە، لە پایەی ناوهاتوو تەلەگرافنامە لە مێژووی ٦ حوزەیران ١٣١١ ڕەوان کراوە، لە مێژووی ٢ کانوونی یەکەم ١٣١٠ و ٢٧ کانوونی دووەم ١٣١٠ ئاماژەی پێکراوە، بۆ ڕێکخستنی ئەمنیەت و ئاسایش ئامادەکاری کراوە، بۆ ئەمەش بە ڕێگەی دەستەیەك لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی ئەم دواییە کراوە، ئەگەر بێتو هەر کامە لایەن هۆکاری ئەم ڕووداوە بن سەرۆکەکانیان دوور دەخرێنەوە، ئەوەی سەرۆکایەتی ئەم دەستەیەی کردووە، بریاری داوە لە کاتی لێکۆڵینەوە ئەگەر بە پێویست بزانرێت لە سلێمانی دوور دەخرێنەوە، ئەگەر ئەم کاتەی لە سلێمانی دەردەهێنرێن هەوڵ بدەن کارێکی نەشیاو ئەنجام بدەن، ڕێگە نەدرێت بەم کارە هەڵسن، بۆ ئەمەش لە فەریقەکانی کەرکووك و بەغداد یەکێکیان دابمەزرێت و سەربازی سلێمانیش زیاد بکرێت، لە تەلەگرافنامەی مێژووی ٤ حوزەیران ١٣١١ کە پێشکەشی پایەی ناوهاتوو کراوە تێدا ئاماژەی پێکراوە، ئەمجارە ئەم تەلەگرافنامەیەی کە لە موتەسەرفی سلێمانی وەرگیراوە بەرزنجیەکان چوونەتە پاڵ ئۆرامانیەکانی ئێران و زیاتر لە ١٠٠٠ پیادە و سوارە لە کانی حەسەن کۆمەڵەیەکیان پێك هێناوە، تاڵەبانیەکانیش دەستییان لەم کارە وەرداوە، هەواڵ هاتووە خەریکە دێنە سلێمانی، هەروەها جافەکانیش بیرۆکەی ئەوەیان هەیە هاوکاریان بکەن، لە بەرامبەر ئەمانەشدا لە ڕۆژانی ڕابردوو پشدەریەکان بە دووری دوو کاتژمێر بۆ سلێمانی کشێنراونەتەوە، یەکسەر گەڕاونەتەوە و دووبارە دەستییان بە کۆکردنەوەی کۆمەڵەیەکی گەورە کردووە، وا پێدەچێت بگەڕێنەوە، بۆ ئەمەش سەرباز بگاتە شوێنەکە، جگە لەمە کۆمەڵەی بەرزنجیەکان گوێڕایەڵی ئامۆژگاری حکوومەت نین، ئاماژە هاتووە کە بە چ شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ئەم کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی گونجاو پەرشوبڵاو بکرێتەوە، ئەگەر پەرشوبڵاو نەبنەوە و لە مەملەکەت نزیك ببنەوە و بوێری بکەن چەك بەکار بهێنن، ئەم کاتە بە هەمان شێوە وەڵامیان بدرێتەوە، ڕێگە نەدەن بێنە ناو مەملەکەت، لە خانەی سەیدەکان ئەم کەسانەی کە کۆبوونەتەوە، بە شێوەیەکی گونجاو پەرشوبڵاو بکرێنەوە، بۆ ئەمەش دووبارە ئامۆژگاری کراون، لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن تەلەگرافنامە لە مێژووی ٨ حوزەیران ١٣١١ هاتووە، دوو تابووری سەربازی شاهانە بە پەلە بۆ سلێمانی بڕوات، تاڵەبانیەکانیش بە هیچ شێوەیەك دەست لەم کارە وەرنەدەن، لەم بارەیەوە شێخ عەلی ئەفەندی لە کەرکووك بە نووسراو ئاگاداری پێویست و کاریگەری داوە و بە موتەسەرفی کەرکووکی ڕاگەیاندووە، بەشێکی پشدەریەکان و هەمەوەندەکان و هەندێك عەشیرەتی تر چوونەتە پاڵ شێخ سەعید ئەفەندی، بەشێکی جافەکانیش و عوسمان پاشا حەفید مەیلیان بۆ شێخ سەعید ئەفەندی دەڕوات، لەلایەکی تر دژی لایەنەکانی تر بەشێکی عەشیرەتی جاف لەگەڵ مەحمود پاشای جاف و ئۆرامانیەکان و هەندێك لە فرقەکان لایەنگری تاڵەبانیەکان بوون، تەلەگرافنامەکانی ٢ کانوونی یەکەم ١٣١٠ و ٢٧ کانوونی دووەم ١٣١٠ و ١٩ مایس ١٣١١ خوێندنەوەی بۆ کراوە، پێشنیار دەکەم دەستەییەك بە سەرۆکایەتی فرقەیەك هاوشێوەی دیوانی جەنگی دەست بە کار بن و دوای لێکۆڵینەوە سەرۆکەکان دوور بخرێنەوە و ئەوانەی لە تاوانی سووتانی گوندەکان و تاوانکاری جۆراوجۆر دەستییان هەبووە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت، لە بارەیانەوە مامەڵەی شیاو جێبەجێ بکرێت، ئەم چاکسازیەی کە سانجەقەکانی سلێمانی و کەرکووك پێویستی پێیەتی دەست پێ بکرێت، ئەوەی ئەرکی چاکسازیەکەشی پێ دەدرێت کەسایەتێکی باش بێت، ڕاگەیەندراوە فەرمان.
عەزیز والی موسڵ





| DH.ŞFR | 00175.00058 | 1 موحەررەم 1313 (٢٤ حوزەیران ١٨٩٥) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
زۆر بە پەلەیە
پشدەریەکان لە دووری دوو کاتژمێر لە سلێمانی نزیك ببوونەوە، بەڵام لەگەڵ هەمەوەندەکان گەڕێندراونەتەوە شوێنی خۆیان، بە ئاماژەی موتەسەرفی سلێمانی تەلەگرافنامەی مێژووی ٩ حوزەیران ١٣١١ ڕاگەیەندراوە، ئێستا لە موتەسەرفی ناوهاتوو تەلەگرافنامە وەرگیراوە، بەرزنجیەکان چوونەتە پاڵ ئۆرامانیەکانی ئێران و زیاتر لە ١٠٠٠ پیادە و سوارە لە شێخ حەسەنی گوندی کانی گوە کۆمەڵەیەکیان پێك هێناوە، هەروەها تاڵەبانیەکانیش چوونەتە ناو کارەکە و نیەتی ئەوەیان هەیە بێنە سلێمانی، لەبەر ئەوەی جافەکان لەگەڵ بەرزنجیەکان خزمایەتیان هەیە، بە وەرگرتنی ئەم هەواڵە، بیرۆکەی ئەوەیان هەیە یارمەتیان بدەن، جگە لەمە پشدەریەکان و هەمەوەندەکان بە کۆمەڵەیەکی زۆرەوە دووبارە دێنەوە ناوچەکە، بەم ڕاگەیەندراوە سەرباز بگەنە شوێنەکە و گشت کومەڵەکە گوێرایەڵی فەرمانەکانی حکوومەت بکرێن، لەلایەکی تر ئاماژە بەم مامەڵەیە بکرێت کە پێویستە ئەنجام بدرێت، کۆمەڵە ناوهاتووەکەش بە شێوەیەکی گونجاو پەرشوبڵاو بکرێتەوە، ئەگەر بێتو پەرشوبڵاویش نەبێتەوە هەر کاتێك لە مەملەکەت نزیك بوونەوە بوێری ئەوە بکەن چەك بەکار بهێنن، ئەم کاتە ڕووبەڕوویان ببنەوە و ڕێگە نەدەن بێنە ناو مەملەکەت، لە وەڵامدا نووسراوەتەوە و دووبارە کراوەتەوە خانەی سەیدەکان و ئەمانەی کۆبوونەتەوە بە شێوەیەکی ڕێك پەرشوبڵاوبکرێنەوە تەلەگرافنامە لە مێژووی ٨ حوزەیران ١٣١١ لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار هاتووە و ئاماژەی پێکراوە، کە بە قوماندانیەتی میری ئاڵای ڕزا بەگ دوو تابووری سەربازی بە پەلە ڕەوانی سلێمانی بکرێت، هەروەك لە موشیرەتی ناوهاتوو ئاماژەی پێکراوە، تاڵەبانیەکان بە هیچ شێوەیەك تێکەڵی ئەم کارە نەبن، بۆ ئەمەش ئاگاداری دراوەتە شێخ عەلی ئەفەندی لە کەرکووك و لە موتەسەرفی کەرکووکیش نووسراوەتەوە و لە مێژووی ٩ حوزەیران ١٣١١ لە سەدارەت ڕاگەیەندراوە، هەرچی زووە قۆمیسیۆن دابمەزرێت، لە بەرامبەر ئەم کارە نابەجێیانەیان کاری کاریگەر ئەنجام بدرێت، ڕاگەیەندراوە.
عەزیز والی موسڵ


OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
175 129


DH.ŞFR.00175.00129.001

| DH.ŞFR | 00175.00129 | 16 موحەررەم 1313 (٩ تەمموز ١٨٩٥) |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار

لـە بـارەی جموجۆڵـی سـەرپێچی کارانـەی پشـدەریەکان، کـە لـە قەزاکانـی شـارباژێر و مەرگـە ئەنجامـی دەدەن، بـە چەندیـن هەنـگاو نـووسراو و تەلەگرافنامـە راگەیەنـدراوە، ئەمجـارە لـە موتەسـەرفی سـلێمانی تەلەگرافنامـە هاتـووە و تێـدا ئامـاژەی پێکـراوە؛ لـەم گوندانـەی کـە پشـدەریەکان بـەم دواییـە سـەرپێچیان تێـدا ئەنجـام داوە و داگیریـان کـردووە، لـە خۆیانـەوە فەرمانبەریـان دامەزرانـدووە، بـەم شـێوەیە سـەرپێچی ئەمانـە داهاتـی دە یـەك و ئەوانـی تـر تووشـی زیـان دەکات، راگەیەنـدراوە.

والی موسڵ عەزیز




DH.ŞFR.00183.00033.001



DH.ŞFR.00183.00033.001

| DH.ŞFR | 00183.00033 | 11 سەفەر 1313 (٣ ئۆغستۆس ١٨٩٥) |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
لـە ئاغاکانـی عەشـیرەتی پشـدەر بایـز ئاغـا لـە هەنجیـرە نیشـتەجێیە و لەگـەڵ دانیشـتوانەکەی دوژمنایەتـی هەیـە، بـەم هۆیـەوە کەسـێك برینـدار بـووە و کەسـێکیش کـوژراوە، بۆیـە کـوڕە مامـی ئاغـای ناوبـراو بە نـاوی بابەکـر ئاغا، لایەنگرانـی کۆکردۆتـەوە و لـە گونـدی شـەهری شـینە چوونەتـە سـەر بکـوژەکان، لـەم رووبەرووبوونـەوەدا بابەکـر ئاغـا برینـدار بـووە، بـەم هۆیەشـەوە عەشـیرەتی ناوهاتـوو بۆتـە دوو بـەش، لـە ناحیـەی مەرگـە لـە بیرۆکـەی ئـەوەدان هێـرش بکەنـە سـەر یـەك، بـۆ ئـەوەی رێگـە لـەم رووداوە بگیرێـت، ئـەم هێـزە سـەربازیەی کـە لـە قـەزای مەرگەیـە، زیـاد بکرێـت، بـۆ ئەمـەش لـە موتەسـەرفی سـلێمانی ئامـاژەی پێکـراوە، رێگـە نەدرێـت سـەرپێچی روو بـدات، بـۆ ئەمـەش ئامـادەکاری پێویسـت ئەنجـام بدرێـت، لـە وەڵامـدا بـە موتەسـەرفی ناوهاتـوو راگەیەنـدراوە.
عەزیز والی پێشووی موسڵ




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00421.00070 | 24 سەفەر 1313 (١٦ ئۆغستۆس ١٨٩٥) |
|---|---|---|


فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
٩٨٠
راگەیەندراوی بەندەیە

لەسەر سەرۆکایەتی ناکۆکی کەوتۆتە نێوان ئاغاکانی مەنگور، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش، حاکمی ساوجبۆلاق خەریکە دەچێتە لای عەشیرەتی ناوهاتوو و کوردە سوارەکان کۆدەکاتەوە، ئەمەش لە شەهبەندەری ناوەخۆ راگەیەندراوە، بۆ پاراستنی سنووری رانیە و پشدەر پێویستە کاری پێویست ئەنجام بدرێت، لەلایەن فەرمانبەری باڵیۆزخانەی تەهران تەلەگرافنامە هاتووە و تێدا ئاماژەی پێکردووە، لەگەڵ راگەیەندراوی عالی، لە نووسراوی مێژووی ١٣ تەمموز ١٣١١ ژمارە ٦٩٠ سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت بریاری لەسەر داوە، لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار ئاگاداری دراوە، بە پێویست زانراوە کارەکە جێبەجێ بکرێت، لە موشیرەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە هاتووە و وێنەیەکی هاوپێچ پێشکەش کراوە، بە تێروانین لە بەراییەکان رابگەیەندرێت و جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.
رزا سەر عەسکەر



DH.MKT.00426.00066.001

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT</td><td>00426.00066</td><td>19 سەفەر 1313 (١١ ئۆغستۆس ١٨٩٥)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی تۆمار<br>٩٦<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لەسەر ئەم سەرپێچی و جموجۆڵانەی کە پشدەریەکان ئەنجامیان داوە، ئەمجارە لە موتەسەرفی سلێمانی نووسراو هاتووە، هاوپێچ بەیەکەوە بە پەیوەندیدارانی نەزارەت راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەسەر راگەیەندراوی پێشوو بە تێروانین لە گرنگی بابەتەکە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.<br>والی پێشووی موسڵ</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00437.00003 | 11 ڕەبیعی کۆتایی 1313 (١ تشرینی یەکەم ١٨٩٥) |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
وەڵامـی ئـەم نووسراوەیـە کـە لـە پایـەی پەیوەندیـداری سـەدارەت لـە مێـژووی ٢٤ ئۆغسـتۆس ١٣١١ ڕەوان کـراوە.

دانیشـتوانی سەردەشـت حاکمەکانیـان دەرکـردووە، ئەمانیـش هاتوونەتـە دەورووبـەری ئـەم گەرمیانـەی کـە عەشـیرەتی پشـدەری تێـدا نیشـتەجێیە، هەروەهـا دوای ئـەوەی ماوەیـەك لـە نـاو سـنووری ئێـران نیشـتەجێ بوونە، دووبـارە بەڵێنیـان بـە حکوومەتـی ئێـران داوە و پێـش ١٥ ڕۆژ گەراونەتـەوە شـوێنەکانی خۆیـان، لـە وەڵامـی ئـەم نـووسراوەی کـە پێشـووتر ڕەوان کـراوە، لە ویلایەتی موسـڵ تەلەگرافنامەی مێژووی ٥ ئەیلـوول ١٣١١ ئاماژەی پێکراوە.



| İ.AS | 00018.00036 | کۆتایی جەمادی کۆتایی 1314 (٥ کانوونی یەکەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|
| جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>عەشـیرەتی پشـدەر لەگـەڵ هەندێـك دانیشـتوانی ناوچەکـە یەکیـان گرتـووە و هێرشـیان کردۆتـە سـەر عەشـیرەتی ئۆجـاق، بـۆ تەمبـێ کردنـی ئـەم عەشـیرەتە، لـە سـلێمانی یـەك تابـوور ڕەوام بکرێـت، بـۆ ڕەزامەندیەکەشـی، لەسـەر نـووسراوی سـەر عەسـکەر نـووسراو لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی وەکیلـەکان دەرچـووە و ئـەم مەزبەتـەی دراوەتـە قەڵـەم ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت ئـەو جێبەجـێ دەکرێـت.<br>سەدری ئەعزەم | | |




| Y.PRK.UM | 00036.00030 | 30 جەمادی یەکەم 1314 (٦ تشرینی دووەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
شیفرەی موسڵ


لەلایەن بینباشی حوسنی ئەفەندی قائیمقامی پشدەر و قوماندانی تابوور ئاغای قوڵ سەعید ئەفەندی لە وەکالەتی قوماندانی فرقەی ١٢ تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٤ تشرینی یەکەم ١٣١٢ و تەلەگرافنامەی موتەسەرفی سلێمانی لە مێژووی ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣١٢ دەرچووە، بە تێروانین لە بەراییەکانی پرۆسەی سەربازی ئەم دواییە کە ئەنجام دراوە، بۆ ئێران رایانکردووە و لەوێ پارێزگاریان لێکراوە، ئاغاکانی پشدەر لە ناحیەی ئالانی سەر بە سنووری عوسمانی نیشتەجێ کراون، ئەم ئاغایانە عەشیرەتی پشدەر و دانیشتوانی ناحیەی ناوهاتوویان لە یەکتر نزیك کردۆتەوە و کۆمەڵەیەکی یەکگرتوویان پێك هێناوە، لە ٢٣ی تشرینی یەکەم بە رێگەی گوندی لەستانەی سەر بە ناحیەی پشدەر زیاتر لە ١٥٠٠ کەس هێرشیان کردۆتە سەر عەشیرەتی ئۆجاق، گوندەکانیان سوتاندووە، کەلوپەل و پارەوپولیان تاڵان کردووە، ئەم هێزە سەربازیەی لە مەرکەزی قەلعەدیزەیە تەنیا حوسنی ئەفەندی بە مەفرەزەیەکی نیزامیەی ١٠٠ نەفەری چاودێری کراون، لە رووبەرووبوونەوەی دوو کاتژمێری، لە سەربازی شاهانە ٢ شەهید و ٤ بریندار، لە چەتەکانیش سەلیم ئاغا و دوو کوڕەکەی و کۆمەڵەیەکی زۆریش لە عەشیرەتەکەی کوژراون و بریندار بوونە، هەروەها هێزی سەربازی ژمارەکەیبە پێی پێویست نییە، لەلایەکی تر هەرچی زووە تابوورێك بۆ ئەم سەربازانە رەوان بکرێت کە لە ئابڵوقە ماونەتەوە لەبەر گرنگی کارەکە و پەلەیی ئامادەکاری بکرێت، بە قوماندانەکان راگەیەندراوە بە پەلە مەفرەزەی ١٢٠ پیادە و ٣٠ ئێستر سوارە لە کۆی سانجەق بچێتە شوێنی مەبەست، ئەمرۆ لە کەرکووکیش مەفرەزەیەکی سەربازی ٦٠ نەفەری جولەی کردووە، بەڵام ئەمەش ژمارەکەی تەواو نییە و ناتوانێت ئەمنیەتی ناوچەکەی پێ جێگیر بکرێت، لەسەر فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت، لە سلێمانی تابورێکی سەربازی رێك دەخرێت و رەوان دەکرێت، بە پەلە ئەم ناوچەیە بخرێتە بەر چاوان و بخرێتە ژێر چاودێری سەربازانەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بە پەلە ئاسایشی پشدەر جێگیر بێت، لە کۆی سانجەق و کەرکووك بە پەلە سەرباز رەوان کراوە، ئەم مەفرەزانەی کە لە بالا راگەیەندراوە لە سلێمانیش بە پەلە تابورێك رەوانی پشدەر بکرێت، ئەم هێزە دەتوانێت ئاسایشی ناوچەکە بەرقەرار بکات، بۆ ئەمەش بە قوماندانیەتی ئەفسەرێکی میری ئالای دەبێت و ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە، پێویستە رەزامەندی بدرێت، تا کارەکە جێبەجێ بکرێت.
وەکیلی والی و قوماندانی موسڵ رەفیق

هەواڵنامەی کتێب




İ.HUS.00050.00137.001

<table>
<tr><th>İ.HUS</th><th>00050.00137</th><th>8 ڕەجەب 1314 (١٣ کانوونی یەکەم ١٨٩٦)</th></tr>
<tr><td colspan="3">کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>٧٣٨٤<br>لـە ئاغاکانـی پشـدەر سـەلیم ئاغـا، لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕابـردوو کـوژراوە، دوای ناوبـراو لـە ناوعەشـیرەتی ناوهاتـوو ئـەوەی زیاتـر خاوەنـی دەسـەڵات و هێـز بێـت و ئەمـڕۆ ملکەچـی حکوومەتـی عوسـمانییە، عوسـمان ئاغایـە، بۆیـە لـە ویلایەتـی موسـڵ دوور لـە پشـدەر لـە قائیمقامیەتێـك دابمەزرێـت، لەسـەر ئامـاژە و ڕاگەیەنـدراوی ویلایەتـی ناوهاتـوو، بـە فەرمانـی پاشـا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت ڕەزامەنـدی نیشـان دراوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.<br>جەنابی سەر کاتیب</td></tr>
</table>



Y.PRK.ASK.00118.00050.001

هەواڵنامەی کتێب

| Y.PRK.ASK | 00118.00050 | 28 ڕەمەزان 1314 (٢ مارت ١٨٩٧) |
|---|---|---|
| پایەی سەر عەسکەر<br>قەڵەمی تۆمار<br>تایبەتی<br>لە تەلەگرافنامەی مێژووی ١٦ شوبات ١٣١٢ کە لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن هاتووە، دەردەکەوێت پشدەریەکان کۆمەڵەیەکیان پێک هێناوە و هێرشیان کردۆتە سەر مەرکەزی قەزای مەعمورەی حەمید، بەم ڕاگەیەندراوە ئاماژەی پێکراوە کە بە پەلە تابوورێك بگاتە شوێنی مەبەست، بۆ پاڵپشتی سەربازی خۆچێی، تابووری سێیەم و یەکەم لە ئالای ٤٦ و تابووری دووەم لە ئالای ٤٥ و تابووری چوارەم لە ئالای ٤٦ی کۆی سانجەق، بە قوماندانیەتی بینباشی سلێمان ئەفەندی هێزێکی ٣٢٠ ڕەوان کراوە، بۆ ڕاگەیاندنی زانیاری نووسراو کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمانە.<br>سەر عەسکەر رزا | | |




Y.MTV.00148.00044.001

<table>
<tr><td>Y.MTV</td><td>00148.00044</td><td>15 جەمادی کۆتایی 1314 (٢١ تشرینی دووەم ١٨٩٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەر عەسکەر<br>قەڵەمی تۆمار<br>بـە قوماندانیەتـی وەکیلـی والـی پێشـووی موسـڵ فەریـق عەبدوڵـڵا پاشـا پرۆسـەی سـەربازی بـۆ سـەر پشـدەریەکان ئەنجـام دراوە، ئـەم چاودێریـەی لـە فەرمانگـەی ئەرکانـی جەنگـی گشـتی جێبەجـێ کـراوە، تۆمارکـراوە و لـە نـووسراوی تایبەتـی ٢٩ جەمـادی یەکـەم ١٣١٤ دراوەتـە عالـی، لـە مێـژووی ٦ رەبیعـی یەکـەم ١٣١٤ بـۆ لایەنـی بەنـدە رەوان کـراوە، لـە نووسراوەکـە پرۆسـەی سـەربازی جێبەجـێ کـراوە، لـە بـارەی بەکارهێنانـی چـەك بەرامبـەر دانیشـتوان، راسـت و دروسـتی بابەتەکـە بـاس نەکـراوە، چۆنیەتـی ئەنجامدانـی ئـەم پرۆسـەیەش بـە عەتەبـەی عالـی راگەیەنـدراوە، فەرمانـی پاشـا دەرچـووە و لـە مێـژووی ٢ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٤ بـە نـووسراوی تایبەتـی ئاماژەی پێکـراوە، بـە بریـار و فەرمانـی هومایـۆن ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکـە بـە رێگـەی بـە تەلەگرافنامـە بـە تێروتەسـەلی بـە موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی شـکۆدار راگەیەنـدراوە،</td></tr>
</table>

لەلایەنی پاشای بابی عالی نووسراوی سەدری ئەعزەم نێردراوە، لە ویلایەتی موسڵ ئەندامانی عەشیرەتی پشدەر بەهۆی پرۆسەی سەربازییەوە لەگەڵ دانیشتوانی هەندێك ناحیەکان یەکیان گرتووە و چوونەتە سەر عەشیرەتی ئۆجاق، خانوویان سووتاندووە و کەلوپەلیان تالان کردووە، دواتر بە مەفرەزەیەکی سەربازی چاودێری ئەنجام دراوە، بەڵام دواتر ئەم مەفرەزەیە ئابلۆقەدراوە، بۆ رزگار کردنی ئەمانە و رێگە نەدان لە خوێن رشتنی موسڵمانان، ئەگەر پێویست بکات لە سلێمانی هێزێکی زیاتر رەوان بکرێت، لەسەر ئاماژەی موشیرەتی ناوهاتوو پێشکەشی عەتەبەی عالی کراوە، لەبەر گرنگی شوێنەکە و هاوسنوور بوون لەگەڵ ئێران، کاریگەری ئیدارە فراوان دەبێت، جگە لە پرۆسەی سەربازی زیاتر پێویستی بە جێبەجێ کردنی کاروباری مولکیە و ئیدارەیەکی بەهێزە، بۆیە حاڵی حازر چاوپۆشی لە ناردنی سەرباز بکرێت، لە موسڵ شێخ سەعید ئەفەندی کە لە ناو عەشیرەتەکان خاتری هەیە یاخود نەقیب مستەفا ئەفەندی کەسانی گونجاون یەکێکیان رێژەیەك سەربازی پێ بدرێت و بۆ ئامۆژگاری کردن بە پەلە بچێتە پشدەر، ئەم ناکۆکیەی لە نێوان عەشیرەتەکان هەیە نێوانیان چاك بکرێتەوە و ئاشت بکرێنەوە، هەروەها ئەم مەفرەزە سەربازیەی کە ئابلۆقە دراوە، بە شێوەیەکی ئاشتییانە بە پەلە رزگار بکرێن، ئەمنیەت و ئاسایش بگەرێندرێتەوە ناوچەکە، رێگە نەدرێت رووداوی نەخوازراو روو بدات، بە تەلەگرافنامە ئاگاداری دراوەتە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار، لەلایەن بەندەوە حەواڵە کراوە و بە بریاری ئەنجوومەنی تایبەتی راگەیەندراوە، لەلایەن وەکیلی قوماندان و والی موسڵ لە بارەی ئەم بابەتە تەلەگرافنامە رەوان کراوە، تێدا ئاماژەی پێ کردووە، کە لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بکرێت، هەروەها بۆ ئەوەی پشدەرە هەڵاتووەکان بە شێوەیەکی حەکیمانە بهێنرێنەوە و لە شوێن خۆیان نیشتەجێ بکرێنەوە، بە سەرۆکایەتی حاکمی کەرکووك و قائیمقامی پێشووی هەولێر عەبدوڵلا پاشا لەگەڵ عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی رواندز دەستەییەکی لێکۆڵینەوە دامەزرێت و رێنمایی تۆمار کراویان پێ بدرێت، تا دەست بە ئەرکەکەیان بکەن و بچنە شوێنی مەبەست، بە نووسراو رەزامەندی لەسەر ئەم ئەرکە بدرێت، بۆ ئەمەش جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا رەزامەندی نیشان داوە، زانیاری دراوەتە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار، بە تەلەگرافنامە ئاگاداری دراوەتە موشیرەتی شکۆدار، ئەمجارە لە وەڵامدا تەلەگرافنامە هاتووە، ئەم سەربازانەی کە لە پشدەرە دووچاری ئابلۆقە بوونەتەوە دوای بەراوردکردنی زانیارییەکان دەرکەوتووە راست نین، ئەم پشدەریانەی کە بۆ ئێران هیجرەتیان کردووە، لە بنەرەتدا پشدەریەکان نین، بەڵکو سەرباز و ئەوانەی لە ناو ناحیەی پشدەر کە لە هەندێك گوند سەرپێچیان کردووە، بۆ لە ناوبردنی ئەم سەربازانەی قەلعە دیزە، لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکەیان سەرپێچی کەرانی ناوهاتوو لە بەرامبەر سەرباز بەرگریان کردووە، بەڵام دۆراوەکان لە سەربازگە ماونەتەوە، دیسان پشدەریەکان گەراونەتەوە ناو ئێران، لە لەشکر ئاگاداری دراوەتە ویلایەت، بەڵام بە تەماشاکەر نەوەستاون، پشدەریەکانی ئێران هێنراونەتە جوڵەوانی، بۆ رێگەگرتن لە سەرپێچی ئەمانە، لە ویلایەت رێنمایی و بیرۆکە دراوەتە لایەنی پەیوەندیدار، هەروەها پشدەریەکان زیاتر لە ١٥ ساڵە تەکالیفی میریان نەداوە، رێگەیان نەداوە فەرمانبەر و سەرباز بچێتە ناویانەوە، ماوەی چەند ساڵێکیشە سەرپێچیەکانیان زیادی کردووە و هێرش دەکەنە سەر گوندەکانی دەوروبەر، لە ژێر ملکەچبوون دەرچوون و گوێرایەڵی فەرمانەکانی حکوومەت نین، هیچ کاتێك بە دەست بە تاڵی دانانیشن، هەمیشە سەرقاڵی تاوانن، جگە لەمە ئەمجارە فەریق عەبدوڵلا پاشا راستەوخۆ پرۆسەی سەربازی ئەنجام داوە، پشدەریەکان رایانگەیاندووە کە قەبوڵ ناکەن سەرباز بچێتە ناویانەوە و رازی نین ناحیەی پشدەر بکرێتە قەزا و بە هیچ شێوەیەك رازی نابن حکوومەت و هێزی حکوومەت لە پشدەر جێگیر بێت، بە شێوەیەکی نەگونجاو هەندێك هەرەشەیان کردووە، داواکاریەکانیشیان پێچەوانەی یاسا و رێسای حکوومەتە، کە پاشای ناوهاتوو لەگەڵ سەرباز راستەوخۆ بۆ قەلعە دیزە جولەیان کردووە، پشدەریەکان رووبەرووی سەربازان بوونەتەوە، لە ئەنجام شەڕ دەستی پێکردووە و هەوڵیان داوە بە چەك رێگە لە سەربازان بگرن نەچنە ناوچەکە، گومانی تێدا نییە ئەمانە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم شەڕەیان داوەتە دەست و سەربازی شاهانە لە سایەی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت تووشی شکست نەهاتوون و راگەیەندراوە، لە سەربازی شاهانە ئەفسەرێك و ١٧ نەفەر شەهید بوونە، دوو ئەفسەر و ٢٥ نەفەریش بریندار بوونە، هەروەها بە بابی عالیش راگەیەندراوە و بە نووسراوی پەیوەندیداری خەلافەت بە ووتەی فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمانە.

رزا سەر عەسکەر




Y.MTV.00148.00088.001

| Y.MTV | 00148.00088 | 8 ڕەجەب 1314 (١٣ کانوونی یەکەم ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |
| کۆشکی یڵدزی همایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>تەلەگرافنامەی بە شیفرەی موسڵ<br>لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوی ڕابردوو، لە ئاغاکانی پشدەر سەلیم ئاغا کوژراوە، دوای ئەو لە ناو عەشیرەتی ناوهاتوو عوسمان ئاغا خاوەنی زۆرترین دەنگ و دەسەڵاتە، ئەمڕۆ بەرامبەر حکوومەتیش نیەتی پاك و بە هەموو شێوەیەك ملکەچە، عوسمان ئاغا لە ناو ویلایەت تەنیا دوور لە پشدەریەکان لە قائیمقامیەتێك دادەمەزرێت، بەم ڕێزلێنانە ئاسایشی ناو پشدەریەکانیش جێگیر دەبێت، بوێری ئەم ڕاگەیاندنەم کردووە، فەرمان.<br>والی موسڵ و قوماندانی وەکیل میری لیوا ڕەفیق | | |



DH.ŞFR.00194.00050.001





DH.ŞFR.00194.00050.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR | 00194.00050 | 27 موحەررەم 1314 (٨ تەمموز ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
لــە ٢٥ حوزەیــران ١٣١٢ ئەوانــەی لــە ســەر ســنووری ئێرانــن، مەیلیــان بــۆ چەتەیــی دەروات، لەگــەڵ عەشــیرەتی پشــدەر عەشــیرەتەکانی بلبــاس و هەرکیــش بــە هەمــان شــێوەن، بــۆ تەمبــێ کردنــی ئەمانــە و هێــور کردنەوەیــان و بــۆ ئــەوەی لــە ســەر سنوری ئێــران ســەرپێچی نەکــەن، ئامــادەکاری پێویســت ئەنجــام بدرێــت، بــەم نزیکانــەش هێــزی تــەواو بــۆ ناوچەکــە جولــە دەکات، لــە بــارەی ئەوانــەی ســەرپێچی دەکەنــە ســەر ئێــران مامەڵــەی توندیــان لەگــەڵ دەکرێــت، ئــاگاداری بــە هەرەشــە دراوەتــە ئاغاکانــی پشــدەر، بەمــەش بەڵێنیــان لــێ وەرگیــراوە، کــە ســەرپێچی ناکەنــە ســەر ئێــران، جگــە لەمــە پشــدەریەکان کەللــە رەقــن، رۆژانــی رابــردوو بەرامبــەر ســەربازی شــاهانە چەکیــان بەکارهێنــاوە، پێویســتە ئامــادەکاری بکرێــت و کار بکرێــت بــۆ بەرقــەرار بوونــی ئاسایشــی ســەر ســنوور، دەســتەی قائیمقامــی قــەزای مەرگــە لەگــەڵ تابورێکــی ســەربازی ئامادەیــە، بەیەکــەوە بگوازرێنــەوە نــاو پشــدەر، ئەمــەش بــە بەڵگــەی پێشــوو ســەلمێنراوە، ئەگــەر رەزامەنــدی عالــی وەربگیرێــت ئــەوا لەگــەڵ تابــوری قــەزای مەرگــە بریــار بدرێــت بگوازرێتــەوە بــۆ ناحیــەی پشــدەر.
عەبدوڵڵا والی موسڵ




DH.ŞFR.00196.00047.001



DH.ŞFR.00196.00047.001


| DH.ŞFR | 00196.00047 | 7 ڕەبیعی یەکەم 1314 (١٦ ئۆغستۆس ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |
| بوێنە<br>لـە ٣١ تشرینـی یەکـەم ١٣١٢، دوای ئـەوەی هەمـوو ڕۆژ دانیشـتوانی پشـدەر تکایان کـردووە، لەلایـەن حکوومەتەوە بریـار و پێشـنیار ڕاگەیەنـدراوە و ئەوانیـش قەبوڵیـان کـردووە، بـەم شـێوەیە تکاکەیـان قەبـوڵ دەکرێـت.<br><br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>قەبـوڵ کردنـی ملکەچبوونـی پشـدەریەکان، ئەمـڕۆ لـە قائیمقامیەتـی پشـدەر ئامـاژەی پێکـراوە، لـە بـارەی ئـەم بابەتـە لـە گرتووخانـەی سـیواس کەسـێك دەسـت بەسـەر کـراوە و هەمـوو ڕۆژ داوا دەکرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی بریـار و فەرمـان ڕابگەیەندرێـت.<br>خەلیل والی سیواس | | |



هەواڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR | 00200.00078 | 2 جەمادی کۆتایی 1314 (٨ تشرینی دووەم ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
ئەمرۆ لە پایەی پەیوەندیداری سەدارەت ئاگاداری دەرچووە و لەسەر تەلەگرافی فەرمانی پاشا، مەسەلەکانی پشدەر بە مەرجی بێ خوێن رشتن و بە شێوەیەکی ئاشتییانە بارودۆخی ئێستای قەزاکە بپارێزرێت، لە سلێمانی بە رێگەی نزاکار حەفید شێخ سەعید ئەفەندی و بە هاوەڵی براکەی بە ناوی مستەفا ئەفەندی، کە لە موسڵ نەقیبە، ئەم شەوە بە شێوەیەکی گونجاو داوام کردووە و ئەفەندی ناوبراویش داواکەمی قەبوڵ کردووە، بۆ هێورکردنەوەی مەسەلەکە خزمەتی دەبێت و بەڵێن و رەزامەندی نیشان داوە، ناوبراو حەفید شێخ سەعید ئەفەندی زادەی سلێمانی عەبدولرەحمان بەگی لەلایە، شوێنی دووری سلێمانییە، کە دەچێتە پشدەر لەلایەن نەقیب مستەفا ئەفەندی لە موسڵ ئامۆژگاری و ووتاری بۆ رێك دەخرێت و ئامۆژگارنامەش لەلایەن عەبدوڵلا پاشا قائیمقامی پێشووی هەولێر ئامادەکراوە، جگە لەمە ناوبراو لە نێو عەشیرەتەکان دەسەلات و رێزی هەیە، لەگەڵ عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی رواندز رەوانی شوێنەکە دەکرێت، بۆ ئەم کارە لە ناو چەند رۆژێك کارەکە جێبەجێ دەکرێت، راگەیەندراوە فەرمان.
وەکیلی والی و قوماندانی موسڵ میری لیوا رەفیق




DH.ŞFR.00201.00080.001




DH.ŞFR.00201.00080.001

| | | |
|---|---|---|
| 18 جەمادی کۆتایی 1314 (٢٤ تشرینی دووەم ١٨٩٦) | 00201.00080 | DH.ŞFR |

بۆ ویلایەتی موسڵی شکۆدار
لە قەزای سەڵاحیە پروپاگەندەی ئەوە کراوە، کە ساڵح بەگ فەرمانبەری هۆبەی ئەملاکی هومایۆنی پێشوو ٢٥ لیرە بەرتیلی بۆ بینباشی رەفعەت بەگ فەرمانبەری لێکۆڵینەوە ناردووە، بۆیە لە دژی داواکاری بەرز کراوەتەوە، لە ئەنجوومەنی کارگێری سانجەقی کەرکووك ساڵح بەگ دادگایی کراوە و بێتاوانی بۆ دەرچووە، لەلایەن داواکاری گشتی ئەنجوومەنی کارگێری لیوای ناوهاتووش بریارەکە پێداچوونەوەی بۆ کراوە، بۆ پەسەند کردنی بریارەکە، لە فەرمانگەی دادگاکانی شورای دەوڵەت لە مێژووی ١٤ شوبات ١٣٠٩ ژمارە ٣٣٠٢ ئیعلام لەگەڵ نووسراوی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت رەوان کراوە، لە چۆنیەتی کارەکەش ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شکۆدار لەگەڵ سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی تۆماری زانیاری عالی.




DH.ŞFR.00201.00090.001




DH.ŞFR.00201.00090.001

| DH.ŞFR | 00201.00090 | 19 جەمادی کۆتایی 1314 (٢٥ تشرینی دووەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لە ٣١ تشرینی یەکەم ١٣١٢، ئەم دەستەیە کە بۆ پشدەر ڕۆیشتووە، پێش گەیشتنی دەستەکە بەشێك لە عەشیرەتی نورەددین دەستییان بە ملکەچ کردن کردووە، بەڵام بە گەیشتنی دەستەکە ئەم بەشەی کە ماوەتەوە لەگەڵ عەشیرەتەکانی تر، کە پەیوەستن پێیانەوە ملکەچ بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە، هەروەها بە نیشتەجێ کردنیان هێوری و ئاسایش گەڕاوەتەوە، لە بارەی کوژراوانی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشوو، سەرەتا ژمارەکەی ڕاگەیەندراوە، بۆ گەڕانەوەی عەشیرەتەکانیش لەلایەن سەرۆکەکانەوە بەڵێن دراوەتە حکوومەت، ئەمەش لەلایەن قائیمقامیەتی ناوەخۆ ڕاگەیەندراوە، ڕێگە نەدرێت وەکو پشدەریەکان عەشیرەتێکی تر لەوێ خوێن بڕێژێت، بە گەیشتنی جەنابی پاشامان کۆمەڵێك سەرکەوتنی تۆمار کردووە.<br>وەکیلی قوماندان و والی موسڵ میری لیوا ڕەفیق | | |




DH.ŞFR.00201.00130.001

| 24 جەمادی کۆتایی 1314 (٣٠ تشرینی دووەم ١٨٩٦) | 00201.00130 | DH.ŞFR |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لـە ١٧ تشرینـی دووەم ١٣١٢ بەرەبەیـان، عەشـیرەتی پشـدەر دابـەش بـووە بـۆ فرقەکانـی ئۆجاقـی شـەعبانەکان وجاقبیاسـی و نورەددیـن و ئاکـۆ و شـیلان، بـە کۆکراوەیـی ١٥٧٠٠ نێـر نفوسـی هەیـە، ١٢٥٠٠ تفەنگچـی لـێ دەردەچێـت، لـە بەشـی باشـووری سـلێمانیش جافـی گـەورەی رەسـەن بوونـی هەیـە، لـە ئێرانیـش عەشـیرەتی بلباسـی گـەورە هەیـە، کۆمەڵێـك لێکۆڵینـەوە ئەنجـام دراوە و روون بۆتـەوە و راگەیەنـدراوە.<br>وەکیلی والی موسڵ میری لیوا رەفیق | | |





DH.ŞFR.00201.00148.001

| | | |
|---|---|---|
| 27 جەمادی کۆتایی 1314 (٣ کانوونی یەکەم ١٨٩٦) | 00201.00148 | DH.ŞFR |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار


لە رووداوی ئەم دواییە، پشدەریەکان ئەوەی لە سەربازی شاهانە دەستییان کەوتبوو، لە بەرامبەر تفەنگێك و ٣ ئێستر، ئاغاکانی پشدەر ١٦ تفەنگ، ١٤ ئێستر و بارگیرێکیان رادەستی حکوومەت کردووە، جگە لەمە ئاغاکانی ناوهاتوو بەڵێنیان لێ وەرگیراوە، تەلەگرافنامەی قائیمقامیەت راگەیەندراوە.


وەکیلی قوماندان و والی موسڵ میری لیوا رەفیق


TELEGRAMME
L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie
OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
201 164

DH.ŞFR.00201.00164.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00201.00164</td><td>3 ڕەجەب 1314 (٨ کانوونی ١٨٩٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لـە کاتـی ووردبینـی کـردن لـە تفەنگچیەکانـی پشـدەر، روون بۆتـەوە لـە ٩٥٠٠ کـەس پێـك دێـن، کەچـی ١٢٥٠٠ کـەس نیشـان دراوە، بـەڵام دەرکەوتـووە لـە قەڵـەم هەڵـەی تێـدا کـراوە و بـەم شـێوەیە نیشـان دراوە.<br>وەکیلی والی و قوماندانی موسڵ میری لیوا رەفیق</td></tr>
</table>







هەواڵنامەی کتێب


| DH.ŞFR | 00201.00175 | 6 ڕەجەب 1314 (١١ کانوونی یەکەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
لەسەر فەرمانی پاشا ئەمرۆ دەستەی تایبەتی گەیشتۆتە پشدەر، لە شوێنە کۆنەکانیان نیشتەجێ کراون و لە ڕێکخستنیان سەرکەوتوو بوونە، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەی کە لە سەردەمی عەبدوڵڵا پاشا والی پێشوو ڕوویداوە، لەلایەن عەشیرەتەوە کەلوپەل تاڵان کراوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی، تا ئێستا ١٧ ئێستر و ١٦ تفەنگ و ماینێک و بارگیرێک گەڕێندراوەتەوە و ڕادەستی حکوومەتی ناوەخۆ کراوە، هەروەها ئەم کەلوپەلانەی کە ماوەتەوەش ڕادەستییان نەکردووە، ئەمانیش جێبەجێ دەکرێت، مەسەلەی پشدەر بە سوڵح هێور بکرێنەوە و نیشتەجێ بکرێن، هەروەها دەستەی ناوبراویش لەسەر سنوور ئاسایشی بەرقەرار کردووە، بۆیە پاداشت کراون، بەڵام حەفید شێخ سەعید ئەفەندی بە هەموو شێوەیەك تێگەیشتوو و لەم کارە باشەدا سەرکەوتوو بووە، ئەرکەکانی بە کارێکی دڵسۆزانە و دیلایەتی زانیوە، تەنیا کە والی پێشوو بووە، براکەی نەقیب سەید مستەفا ئەفەندی هێناوەتە مەرکەزی ویلایەت، دواتر لە سلێمانی وەریگرتووە، عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی پێشووی هەولێر لەگەڵ عەبدوڵڵا بەگ قائیمقامی پێشووی ڕواندز، لە بەگزادەکانی عەشیرەتن و ماوەی ٣٠ ساڵە خزمەتی حکوومەت دەکەن، ئەمەکداریان بەرچاوە و ڕێگەی بە قەچاغچییەکان نەداوە، بۆ ڕێزگرتنیان داوای هاوکاری دەکرێت.
میری لیوا ڕەفیق وەکیلی والی موسڵ




DH.ŞFR.00204.00023.001

<table>
<tr><th>DH.ŞFR</th><th>00204.00023</th><th>17 رەمەزان 1314 (١٩ شوبات ١٨٩٧)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لەسەر ئەم جموجۆڵە سەربازیانەی لە سەردەمی والی وەکیل عەبدوڵڵا پاشا لە پشدەر ئەنجام دراوە، تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە مێژووی ١٦ کانوونی یەکەم ١٣١٢ دراوەتە پەیوەندیداری سەدارەت، دەردەکەوێت تا ئێستا ئاسایش تێکنەچووە، بەڵام ئەمجارە لە قوماندان و قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە تەلەگرافنامە هاتووە، پشدەریەکان کەلوپەل و ئاژەڵەکانیان، کە لە سنوورە بردوویانەتە لای عەشیرەتەکانی ئێران، تاقمێك عەشیرەت و دانیشتوانیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە و وەکو خۆیان لێ کردووە، بیرۆکەی ئەوەیان هەیە بە کۆمەڵ هێرش بکەنە سەر مەرکەزی قەزا، بە هاتنی ئەم هەواڵە پێویستە تابورێکی پیادە بە پەلە رەوانی ناوچەکە بکرێت.</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00204.00081.001

<table>
<tr><th>DH.ŞFR</th><th>00204.00081</th><th>24 رەمەزان 1314 (٢٦ شوبات ١٨٩٧)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>پشدەریەکان نییەتی ئەوەیان هەیە و دەستپێشخەری دەکەن تا هێرش بکەنە سەر مەرکەزی قەزا، بۆیە بە پەلە تابورێکی سەربازی شاهانە رەوان بکرێت، بۆ ئەمەش تەلەگرافنامە لە قوماندانیەت و قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە وەرگیراوە، لە مێژووی ٦ شوبات ١٣١٢ تەلەگرافنامەی بەندەمان راگەیەندراوە، لەم پرسیارەی کە قائیمقامی ناوبراو کردوویەتی، لە وەڵامدا تەلەگرافنامە هاتووە، ئەم ئامادەکارییە یەدەگیەی کە لە بەرامبەر بیرۆکەی خراپی پشدەریەکان کراوە، پشدەریەکان هەواڵیان بۆ رۆیشتووە، بۆیە کۆمەڵەکەیان پەرشوبڵاوبۆتەوە، جەنابی پاشاش رایگەیاندوە، ئەم کارە گرنگی خۆی نەماوە، چونکە ئەم زستانە رێگاکان بە بەفر داپۆشراوە و پشدەریەکان ناتوانن جولە بکەن، بەڵام هەر کاتێك هەواڵ بێت کە ئەمانە بیرۆکە هێرشیان هەیە، ئەوا لێکۆڵینەوە بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت، لە راستیدا پشدەریەکان لە وەرزی هاویندا بوێری ئەم جولە نەشیاوانە دەکەن، لە موشیرەتی شکۆدار ئەم تابوورەی رەوان کرابوو، بەرامبەر هەر ئەگەرێك رەوانی شوێنی مەبەست بکرێت.</td></tr>
</table>





DH.ŞFR.00209.00062.001

| DH.ŞFR | 00209.00062 | 24 زیلحیجه 1314 (٢٦ مایس ١٨٩٧) |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>بینباشی حەسەن ئەفەندی قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە بەهۆی برینەکەیەوە کۆچی دوایی کردووە، هەروەها لەگەڵ پشدەریەکان کۆمەڵەکە لە دووری نیو کاتژمێر هاتۆتە مەرکەزی قەزا، لەم تەلەگرافنامەیەی کە لە بەڕێوەبەری دارایی وەرگیراوە، بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەکە لە موشیرەتی شکۆدار نووسراو کراوە، بۆ ڕێگە نەدان بە سەرپێچی، ئامادەکاری پێویست ڕێك بخرێت و دەستەیەکیش لە سلێمانی ڕێکخراوە، بە پەلە ڕەوان بکرێت، ئەمەش لە موتەسەرفی سلێمانی ڕاگەیەندراوە و ئاگاداری ڕەوان کراوە.<br>زوهدی والی موسڵ | | |



DH.ŞFR.00209.00111.001



DH.ŞFR.00209.00111.001



DH.ŞFR.00209.00111.001

هەوڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR | 00209.00111 | 29 زیلحیجه 1314 (٣١ مایس ١٨٩٧) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار


دوای مردنـی بینباشـی حەسـەن ئەفەنـدی قائیمقامـی مەعمـورەی حەمیدیـە، پشـدەریەکان نیازیـان هەیـە هێـرش بکەنـە سـەر مەرکـەز و نیـو کاتژمێـر نزیـك بوونەتـەوە، بـەڵام بەهـۆی چـری بارانـەوە بـۆ گوندەکانـی تـر ڕۆیشـتوون، لـە سـەرۆکەکانیان عوسـمان و مـەدەد و مەحمـود ئاغـا زادە بابەکـر ئاغـا لـە سوسـنی و ئـالان و بانـەی سـەر بـە قـەزای شـارباژێر سـوراونەتەوە، بـۆ هـاوکاری سـەرقاڵی هێنـان و کۆکردنـەوەی پیـاون، ئـەم تەلەگرافنامەیـەی کـە لـە وەکالەتـی قائیمقامـی مەعمـورەی حەمیدیـە وەرگیـراوە، تێیـدا ئاماژەی پێکـردووە، هـەر کاتێـك پشـدەریەکان بـە کاری سـەرپێچی خەریـك بـن، لەلایـەن عەشـیرەتەکانی ئێـران پارێزگاریـان لێکـراوە و خۆیـان بـە خـاوەن زانیـوە، سـاڵی ڕابـردوو چوونەتـە ئێـران و لـەوێ هـاوکاری پێویسـت کـراون، بـۆ ئـەوەی لـە پـر یاخیبـوون ڕوونـەدات، ئامـۆژگاری دراوەتـە باڵیۆزخانـەی ئێـران و باڵیۆزخانـەی تەهـران، لـە وەڵامـی ڕاگەیانـدن و ئاماژەوە، لـە مێـژووی ١١ شـوبات ١٣١٢ و ١١ مـارت ١٣١٣ دوو پارچـە تەلەگرافنامـە لـە پەیوەندیـداری نـەزارەت دەرچـووە، ئەمجـارەش ئاغاکانـی پشـدەر داوای هاوکاریـان لـە عەشـیرەتەکانی ئێـران کـردووە، بۆیـە لەلایـەن ئێرانـەوە هـاوکاری نەکرێـن و پارێزگاریـان لـێ نەکرێـت، حکوومـەت ئـاگاداری بـە پەلـەی داوەتـە باڵیۆزخانـە.

زوهدی والی موسڵ



Y.A.HUS.00364.00008.001

<table>
<tr><td>Y.A.HUS</td><td>00364.00008</td><td>کۆتایی شەعبان 1314 (٢ شوبات ١٨٩٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>١٨٢٢<br>لێکۆڵینـەوە لەسـەر هـۆکاری ئەنجـام دان و چۆنیەتـی ئـەم پرۆسـە سـەربازییە بکرێـت، کـە لـە پشـدەری سـەر بـە سـانجەقی سـلێمانی کـراوە، بـۆ ئـەم ئەرکـەش جەنابـی نەفعـی ئەفەنـدی ئەرکـی پێـدراوە، سـەرەتا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا رەزامەنـدی لەسـەر داوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی موتەسـەرفی ویلایـەت گـۆڕاوە، پرسـیار بکرێـت ئاخـۆ ئەمـرۆ فەرمانبـەری لێکۆڵینـەوە پێویسـت دەکات بچێتـە شـوێنەکە یاخـود نـا؟، دواتـر لـە والـی ویلایەتـی موسـڵ پرسـیار کـراوە، ئاخـۆ تەنیـا یـەك فەرمانبـەر لـە مەرکـەزی ویلایـەت بچێتـە شـوێنەکە یاخـود نـا؟، لـە وەڵامـدا تەلەگرافنامـە هاتـووە، لەبـەر تێکچوونی ئەمنیەت و ئاسایشـی پشـدەر، بـەردەوام ئـاگاداری دەدرێتـە قائیمقامیـەت، بـەم نزیکانـەش موتەسـەرفی سـلێمانی دەچێتـە ناوچەکـە، لەگـەڵ گەیشـتنی ناوبـراو لێکۆڵینـەوە و مامەڵـەی پێویسـت ئەنجـام دەدرێـت، بـەم راگەیەنـدراوە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە سـانجەقی زوریـش، میـری ئـاڵای سـادق بـەگ لەگـەڵ فەرمانبەرێکـی بابـی عالـی بـۆ ناوچەکـە دەچـن، بـە بریـار و فەرمانـی جەنابـی پاشـای هومایـۆن ئـەم کارە حەواڵـەی نەفعـی ئەفەنـدی کـراوە، ئەمـەش بـە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار وەڵامەکـە راگەیەنـدراوە، بـەڵام لـە رۆژانـی رابـردوو لـە بـارەی پیاوانـی موتەسـەرفی زور بـە گونجـاو زانـراوە لێکۆڵینـەوە ئەنجـام بدرێـت، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان چـی بێـت ئـەو جێبەجـێ دەکرێـت.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




| BEO | 000824.061734 | 25 سەفەر 1314 (٥ ئۆغستۆس ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |

هەواڵنامەی کتێب

فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
١١١٥
راگەیەندراوی بەندەیە

لە نێوان حاکمەکانی بانەی ئێران حەمۆ خان و فەتاح خان رووبەرووبوونەوە و دوژمنایەتی هەیە، بۆ ئەوەی عەشیرەتی عوسمانی تێکەڵی ئەم کارە نەبن، بە بریار و فەرمانی هومایۆن ئامادەکاری پێویست ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی سەرپێچی سەر سنووری ئێرانیش نەکەن، بەڵێن لە ئاغاکانی پشدەر وەرگیراوە، بەڵام پشدەریەکان کەللە رەقن و بە گوێرەی مەزاجیان رەفتار دەکەن، بۆیە بەڵێنەکانیان جێگەی متمانە نییە، دەستەی قەزای مەرگە لەگەڵ تابوورێکی سەرباز بگوازرێتەوە ناو پشدەر، ئەمەش بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش سوودی دەبێت، لە وەکالەتی والی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە، هاوپێچ نووسراوی بە بریار لە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار نێردراوە، لەگەڵ راگەیەندراوی عالی ئەم بابەتە خوێندنەوەی سەربازی بۆ کراوە و ئاماژەکەی لە مێژووی ٨ سەفەر ١٣١٤ ژمارە ٧١٣ ی نوسراوی تایبەتی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت هاتووە و لە وەڵامی ئەم پرسیارەی کە پێشووتر کراوە، تەلەگرافنامە لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدارەوەرگیراوە و وێنەیەکی پێشکەش کراوە، لە نێوان حاکمەکانی بانە دوژمنایەتیەکە بەلاوە نراوە و کۆتایی پێهاتووە، هەروەها هەردوولا کۆمەڵەکەیان پەرشوبڵاوبۆتەوە، لە ئێرانیش سەرپێچی کۆتایی پێ هاتووە، بەم راگەیەندراوە پشدەریەکان ماوەیەکە تەکالیفی میری و سەربازیان نەداوە، کاتێك حکوومەت داوایان لێ دەکات ئەمانە یاخی دەبن، هەروەها هێرش دەکەنە سەر گوندەکانی دەوروبەر، جگە لەمە بە زۆری و بە ناچاری دانیشتوانی گوندەکان بۆ ناو کارە پیسەکانی خۆیان راکێش دەکەن، بەهۆی کارە سەرپێچیەکانیان، ئەمانە بە تابوورێك راستەرێگا نابن و نابێ لە حکوومەت و هێز بێ بەش بکرێن و ئاوا بەجێ بهێڵدرێن، بەڵام خورەوشتی پشدەریەکان دیار و ئاشکرایە، کە کەللە رەقن، بۆ ملکەچ پێ کردنی ئەمانە هێزێکی تەواو رێك بخرێت و رەوان بکرێت، لەلایەکی تر ئەم سەربازەی کە لە پشدەرە لە وەرزی زستاندا پەیوەندییان بە سلێمانی و دەوروبەری نامێنێت، بۆ ئەوەی پشدەریەکان بە ئیدارەوە ببەسترێنەوە دەبێ لە سەرەتای زستاندا کارەکان جێبەجێ بکرێت، ئەگەر بێتو دەستپێشخەری نەکرێت لە ملکەچ پێکردنی ئەمانە، ئەوا لە خۆباییبوونیان زیاتر هیچ بەرووبوومێکی نابێت، لەم وەڵامەی کە لە ئاماژەکە هاتووە نووسراو بۆ جەنابی پاشا کراوە و لە فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی گفتوگۆی لەسەر کراوە، هەروەها نووسراوی نەزارەتی ناوهاتوو هاتووە و هاوپێچ گەرێندراوەتەوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.

رزا سەر عەسکەر



| BEO | 000827.061982 | 9 ڕەبیعی یەکەم 1314 (١٨ ئۆغستۆس ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |

بۆ لایەنی والای سەر عەسکەر
ناوچەی وەزنە کە ٧٦ گوند لە خۆ دەگرێت، داواکراوە بە ئێران ببەسترێتەوە، بە گەرانەوە و بەستنەوەی ئەم گوندانە، هەروەها بۆ ئەوەی عەشیرەتەکانی ئەم ناوچەیە ملکەچ بکرێنەوە و بریار و فەرمان پێویستە، جگە لەمە تابوورێك لە پشدەر نیشتەجێ بکرێت و ناوچەی ناوهاتوو بکرێتە مەرکەزی قەزای مەرگە، بەهۆی گرنگی و ستراتیژیەتی ناوچەکە حوسنی ئەفەندی ئاغای قۆڵ بە قوماندانیەتی سەربازی ناوهاتوو، لە قائیمقامیەتی ناوهاتوو دابمەزرێت، لە وەکالەتی والی موسڵ راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە لایەنی سەرعەسکەری راگەیاندووە، بە نووسراوی تایبەتی مابەینی هومایۆنی باش کیتابەتی شکۆدار راگەیەندراوە و ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار و وەکالەتی ناوهاتوو، لە والای سەر عەسکەریش بە نووسراو بریار و فەرمانی هومایۆن دەرچووە.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
پشدەر وەکو مەرکەزی قەزای مەرگە هەڵبژێردراوە، ئەم گرنگیەی کە ناوچەی ناوهاتوو هەیەتی، ئاغای قۆڵ حوسنی ئەفەندی بە بەرزکردنەوەی پلەکەی، لەوێ نیشتەجێ بێت و بە پلەی قوماندانیەتی سەربازی وەکو قائیمقام لە ناوچەکە دابمەزرێت، لە وەکالەتی والی موسڵ ئاماژەی پێکراوە و راگەیەندراوە، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت رەزامەندی نیشان داوە، لە مابەینی هومایۆنی ملوکانەی باش کیتابەتی شکۆداریش، بە نووسراوی تایبەت و تەلەگرافنامە، بە لایەنی والای سەر عەسکەری ویلایەتی ناوهاتوو ئاگاداری نێردراوە، لە نەزارەتی شکۆدار هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.






هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000827.061983</td><td>23 رەبیعی یەکەم 1314 (١ ئەیلوول ١٨٩٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ پەیوەندیداری سەدارەت<br>بۆ گواستنەوەی مەرکەزی قەزای مەرگە بۆ پشدەر و لە بارەی داگیرکردنی وەزنە، فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەرچووە، بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکەش، ئەم ئێوارەیە لە سلێمانی جولە دەکرێت، ئەم شوێنانەی بۆی دەرۆن، ١٠ رۆژ لە مەرکەزی سلێمانی دوورە، هێڵی تەلەگرافیش نییە، بۆیە هەواڵی گرنگ بە ساعی تایبەت دەنێردرێت و لە مەرکەزی تەلەگرافی سلێمانی جێبەجێ دەکرێت، ئەم ساعیەی کە رەوان دەکرێت، ٥ رۆژی پێ دەچێت، تا دەگاتە شوێنی مەبەست.<br>ئەرکانی جەنگی فەریقی دووەم عەبدوڵلا قوماندان و والی موسڵ</td></tr>
</table>

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000827.061983</td><td>2 رەبیعی یەکەم 1314 (١١ ئۆغستۆس ١٨٩٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پیرۆز<br>قەڵەمی تۆمار<br>تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار هاتووە، ئاغای قۆڵ حوسنی ئەفەندی لە ئەرکی سەربازی کاری دلێرانەی بینراوە و ئینکاری لێ ناکرێت، ئەگەر ئەم شوێنەی کە ئەو لێی بێت و ئەم هێزە نیزامیە لەلای ئەو بێت، دڵنیاین لە قەزای مەرگە کاروباری مولکیە بە باشی بەڕێوە دەبردرێت، بۆیە بە بەرزکردنەوەی پلەکەی دادەمەزرێت، لە ناحیەی مەدینە بەڕێوەبەرایەتی کردووە، کارەکانی بینراوە، بەم تێروانینە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>

| BEO | 000827.061983 | 25 سەفەر 1314 (٥ ئۆغستۆس ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
مەکتوبی قەڵەم
وێنەی ئەم تەلەگرافنامە بە شیفرەیە کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
لـە سـایەی جەنابـی پاشـاوە ئەمنیەتـی گشـتی ویلایەتـی موسـڵ و مەرکـەز و پاشـکۆکانی بەرقـەرار بـووە، ئـەم ئاسـایش و هێوریـەی کـە هەیـە، پێویسـتە بـەردەوام بێـت، بـەڵام ئەگـەر سـەیری جموجۆڵـی پشـدەریەکان و داودیـەکان بکرێـت، ئـەوا جێگـەی ئەندیشـەیە، ئەمانـە وەکـو گشـت عەشـیرەتە کۆچەرییـەکان کۆچـەری نیـن، ئەگەرچـی نیشـتەجێن و بـە کشـتوکاڵەوە سـەرقاڵن، بـەڵام ئاغاکانیـان بـە زۆری پارەیـان لـە دانیشـتوانی هـەژار وەرگرتـووە، جگـە لـەم سـەروەت و سـامانەی کۆیـان کردۆتـەوە، تاقمێـك چەتـەی چەکداریـان لـە دەوروبـەری خۆیـان دانـاوە، پەلامـاری دانیشـتوانی گوێرایـەڵ دەدەن، بوێـری دەکـەن کاری سـەرپێچی ئەنجـام بـدەن، چەنـد ساڵیشـە تەکالیفـی میـری و دە یـەك و باجیـان نـەداوە و پاشـکۆی سـەربازیان رادەسـت نەکـردووە، هـاوکاری سـەربازی هەڵاتـوو دەکـەن، لـە ناویـان سـەربازی هەڵاتـوو و تاوانبـار هەیـە و حەشـاریان دەدەن، بەمـەش مافـی حکوومـەت و خەڵـك پێشـێل دەکـەن، ئەمجـارە نـووسراوی فەرمـی لەلایـەن بینباشـی رەدیفـی کـۆی سـانجەق و نـازری وەرگرتنـی سـەربازی مەرگـە ............... ئەفەنـدی هاتـووە، دوای ئـەوەی پشـدەریەکان بـە دوای ئـەم بانگـەوازە نەکەوتـوون، سـەرپێچی دەکەنـە سـەر دانیشـتوان و بـە نـاوی باجـی دەربەگایەتـی بـاج لـە خەڵـك وەردەگـرن، لـە هـەر خەرمانێـك دوو تەغـار و لـە هـەر خانەیـەك ٥٠ قـوروش وەردەگـرن، بۆیـە بـە رێگـەی سـەرباز سـەرپێچیەکانیان بـۆ سـەر دانیشـتوان کۆتایـی پـێ بێـت، بریـار لـە موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی شـکۆدار پەسـەند کـراوە، بـەم تێروانینـە لـە کاتـی پشـکنین و چاودێـری بارودۆخـی دانیشـتوانی ناوهاتوو چـاك بکرێـت و بـە گشـتی هێـوری بـۆ ویلایـەت بگەرێندرێتـەوە، بـەم راگەیەنـدراوە قائیمقامیەتـی مەرگـە لەگـەڵ تابوورێکـی سـەربازی شـاهانە بـۆ ناحیـەی پشـدەر بگوازرێتـەوە، بەمـەش بـۆ حکوومـەت دەبێتـە دڵنیایـی، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی رێگـە لـە هەمـوو سـەرپێچی پشـدەریەکان بگیرێـت، ئەمیـن ئاغـا کەللـە رەق و فێڵبـاز ....... سـەرۆکی بلبـاس لەگـەڵ عەشـیرەتەکەی بەیەکـەوە لـە نـاو قـەزای هەولێـر نیشـتەجێ دەکرێـت، بـۆ ئەمـەش بەڵێنـی داوە، بـەڵام دوا جـار نکۆڵـی لـە بەڵێنەکـەی کـردووە و لـە نـاو عەشـیرەتەکەی نزیکـەی ٧٠-٨٠ سـوارەی هێنـاوە و چۆتـە پـاڵ پشـدەریەکان، پشـدەریەکانیش قەبوڵیـان کـردووە و پارێزگاریـان لـێ کـردووە، ناوبـراو لەگـەڵ هاوەڵانـی ئەمیـن چۆتـە لای وەزنـە، بـۆ ئـەوەی ئـەم کاتـەی کـە لـە گەرمیـان دەگەرێنـەوە، دووبـارە لەگـەڵ عەشـیرەتەکان شەروشـۆری گـەورە روونـەدات، رێگـە نەدرێـت پشـدەریەکان لـەم نـاوە سـەرپێچی و ئامادەکاری بکـەن، ئـەم تابـورەی لـە قـەزای مەرگەیـە بگوازرێتـەوە پشـدەر، لەلایەنـی مولکیـەش قائیمقامێـك دادەمەزرێـت، چ بـۆ پشـدەریەکان و داودیـەکان، چ لەگـەڵ عەشـیرەتی هەمەوەنـد، حوسـنی ئەفەنـدی لـەم نـاوە قائیمقامیەتـی کـردووە، ئەمـرۆ ئاغـای قـۆڵ لـە بەرێوەبەرایەتـی مەدینـەی سـەر بـە ناسریـەی ویلایەتـی بەسرایـە، پلەکـەی بـۆ بینباشـی بـەرز بکرێتـەوە و لـە ناوچـەی ناوهاتـوو دادەمەزرێـت، فەرمانەکـە بـە تەلەگـراف رەوان بکرێـت.
فەریقی دووەمی ئەرکانی جەنگی عەبدوڵڵا وەکیلی والی موسڵ



BEO.000843.063224.001

| BEO | 000843.063224 | 18 رەبیعی کۆتایی 1314 (٢٦ ئەیلوول ١٨٩٦) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
دوای ئـەوەی چەتەکانـی پشـدەر لـە بەرامبـەر سـەربازی شـاهانە سـەرپێچیان کـردووە، هانایـان بـۆ سـنووری ئێـران بـردووە و لـە گوندەکانـی ئێـران خۆیـان شـاردۆتەوە و پارێزگاریـان لـێ دەکرێـت، هەروەهـا حاکمـی بانـە فەتـاح خـان لەگـەڵ چەندیـن تفەنگچـی عەشـیرەتی ئێـران هـاوکاری چەتەکانـی پشـدەر دەکـەن، جگـە لەمـە دوای ئـەوەی سـەربازانی عوسـمانی دەکشـێنەوە، لـە سـنووری ئێـران سـەرپێچی دەکـەن، دواتـر دەگەڕێنـەوە لای حکوومەتـی ئێـران، بـۆ ئـەوەی ئـەم چەتانـە بگەڕێندرێنـەوە ئـاگاداری کاریگـەر دراوەتـە حکوومەتـی ئێـران، لـە وەکالەتـی ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ١٢ ئەیلـوول ١٣١٢ بـۆ دەوڵـەت ڕەوان کـراوە، بـە تێروانیـن لـە بەراییـەکان ئـاگاداری پێویسـت بدرێتـە باڵیۆزخانـەی تەهـران و باڵیۆزخانـەی ئێـران، دواتـر ئەنجامەکـەی ڕابگەیەندرێـت و تەلەگرافنامەکـەش ڕەوان بکرێتـەوە.



<table>
<tr><td>BEO</td><td>000846.063385</td><td>22 رەبیعی کۆتایی 1314 (٣٠ ئەیلوول ١٨٩٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>فەتاح خان حاکمی پێشووی بانە چەتەکانی پشدەری لە ناحیەی ئالانی ئێران قەبوڵ کردووە، ئەمنیەتی دانیشتوانی سەر سنووری عوسمانی تێکداوە، رۆژانی رابردووش لە چەتەکانی ناوهاتوو نزیکەی ٣٠ کەسی کۆکردۆتەوە، هێرشیان کردۆتە سەر فەرمانبەرانی دە یەك، لە ئەنجامدا کوشتن و بریندار، جگە لەمە کەولوپەل تالان کراوە، کەچی حکوومەتی ئێران لێیان خۆشبووە، تەلەگرافنامە لە مێژووی ١٦ ئەیلوول ١٣١٢ لە وەکالەتی والی موسڵ نێردراوە، بۆ گەرانەوەی چەتەکانی پشدەر کە بۆ ئێران رایانکردووە، تەلەگرافنامە لە مێژووی ١٩ رەبیعی کۆتایی ١٣١٤ لە وەکالەتی ناوهاتوو هاتووە، بە تێروانین لەم ئاگاداریە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت و نووسراوەکانیش رەوان بکرێتەوە.</td></tr>
</table>



BEO 000854 063987 003

هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 000854.063987 | 20 رەبیعی کۆتایی 1314 (٢٨ ئەیلوول ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمار
تەلەگرافنامەی بە شیفرەیە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە


لەلایەن فەتاح خان حاکیمی پێشووی بانە، چەتەکانی پشدەر لە ناحیەی ئالان قەبوڵ کراون، هەروەها لە نێوان ناحیەی ناوهاتوو ناحیەی ئالانی لای ئێمە تەنیا رووباری زابی بچووك هەیە، ئەمانەش بە گوێرەی وەرز لە هەر لایەکی هاتووچۆ گونجاو نییە، بەم تێروانینە چەتەکانی ناوهاتوو لەوێ خۆیان حەشار دەدەن و نیشتەجێ دەبن، بەم شێوەیە ئەمنیەتی دانیشتوانی ناو سنووری خاقانی تێك دەدەن، یەکەم رۆژ لە چەتەکانی ناوهاتوو نزیکەی ٣٠ جانەوەر هێرشیان کردۆتە سەر دەستەی دە یەکی گوندی موردی سەر بە ناحیەی ئالانی ناو سنووری ئێمە، هێرشەکە لەم کاتە بووە، کە ئەمانە خەریکی ئەرکی خۆیان بوون، شێخ ئەحمەدییان کوشتووە و عەبدوڵلایان بریندار کردووە، چەك و ئاژەڵی ناوبراو و تفەنگ و ماینی کاتیب سەعید ئەفەندی و تفەنگی شنایدەری زەبتیەیەکیان تاڵان کردووە، ئەمجارە لەسەر ئاماژەی قائیمقامیەتی شارباژێر، لە وەکالەتی موتەسەرفی سلێمانی راگەیەندراوە، ئەمنیەت و ئاسایشی سنوور زیاتر لە بەرژەوەندی حکوومەتی ئێرانە، ئەم فەرمانبەر و کەسانەی سەر بە حکوومەتی ناوهاتوون، بە هەموو شێوەیەك بەڵێن و مافەکان پێشێل دەکەن، هەموو رۆژ خۆیان لە گێلی دەدەن، ئەم چەتانەی کە لە سەڵتەنەتی عوسمانی رادەکەن، لە نێو پشدەریەکان دەپارێزرێن و حەشار دەدرێن، بۆ ئەوەی کۆتایی بەم سەرپێچی و ناجێگیر بوونی ئەمنیەت و ئاسایشەش بهێنرێت، لەلایەن بابی عالی چەند جارێك بە باڵیۆزخانەی تەهران راگەیەندراوە، هەرچی حکوومەتی ناوهاتووە هیچ هەنگاوێکی نەهاویشتووە، هەموو هەوڵێك لەلایەن حکوومەتی ئێمەوە دەدرێت، گواستنەوەی چەتەکانیش ئەرکی تایبەتی بەندەمانە، لەلایەن ئێرانەوە هیچ فەرمانبەرێکی فەرمی نییە، بۆ تەمبێ کردنی ئەم چەتانەی کە لە ناحیەی ئالانن، ناچارم لەگەڵ هێزی سەربازی سەرقاڵی ئەرك بم، لەم بەرپرسیارێتیە ئێران هیچ گوێ ناداتە مەترسییەکان، بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری پێویست و رێنمایی بدرێتە حکوومەتی ناوهاتوو، لە سەر گرنگی بابەتەکە بوێریم کرد لە راگەیاندنی، فەرمان.
قوماندان و والی ویلایەتی موسڵ فەریقی ئەرکانی جەنگی عەبدوڵڵا




| BEO | 000862.064641 | 30 جەمادی یەکەم 1314 (٦ تشرینی دووەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمار
تەلەگرافنامە لە وەکالەتی ویلایەتی موسڵ هاتووە
بە پەلەیە

لـە وەکالەتـی قوماندانـی فرقـەی ١٢، بینباشـی حوسـنی ئەفەنـدی قائیمقامـی پشـدەر و سـەعید ئەفەنـدی قوماندانـی تابـوور ئاغـای قـۆڵ ئـاگادار کراونەتـەوە، بـە تێروانـین لـە بەراییەکانـی تەلەگرافنامـەی ٢٤ تشرینـی یەکـەم ١٣١٢ لەگـەڵ تەلەگرافنامـەی موتەسـەرفی سـلێمانی ٢ تشرینـی یەکـەم ١٣١٢ دەرچـووە، لـە دوا جولـەدا کـە کراوەتـە سـەر سـەربازان، تاوانبـاران بـۆ ئێـران رایانکـردووە، لەوێـش پارێزگاریـان لێکـراوە، ناحیـەی ئالان کە سـەر بـە ئێرانـە و لەسـەر سـنووری عوسـمانییە، تێـدا ئاغاکانـی پشـدەر نیشـتەجێ کـراون، عەشـیرەتی پشـدەر لەگـەڵ دانیشـتوانی ناحیـەی ناوهاتـوو یەکیـان گرتـووە، زیاتـر لـە ١٥٠٠ کـەس کۆمەڵەیەکیـان پێك هێنـاوە، لـە ٢٣ی تشرینی یەکـەم بـە رێگـەی گونـدی لەسـتانە هێرشـیان کردۆتـە سـەر عەشـیرەتی ئۆجـاق و گوندەکانیـان سـووتاندووە و کەلوپەلیـان تـاڵان کـردووە، ئـەم هێـزە سـەربازییەی کـە لـە مەرکـەزی قەلعـە دیزەیـە ژمارەکـەی تـەواو نییـە، تەنیـا حوسـنی ئەفەنـدی بـە مەفرەزەیەکـی نیزامیـەی ١٠٠ کەسـی چاودێـری کـردوون، یـەك دوو کاتژمێـر شـەڕ کـراوە، لـە سـەربازی شـاهانە ٢ شـەهید و ٤ برینـدار، لـە چەتەکانیـش ٢ کـوڕی سـەلیم ئاغـا و کۆمەڵێـك کـەس کـوژراون وبرینـدار بوونـە، لەبـەر ئـەوەی هێـزی ناوهاتـوو بـە گوێـرەی پێویسـت نییـە، بـۆ رزگار کردنـی ئەوانـەی لە کەمینـن، بـە پەلـە تابورێـك بگاتـە هیمدادیـان، بـە تێروانیـن لـە گرنگـی و پەلەیـی کارەکـە ئامادەکاری بـە پەلـە بکرێـت ، ١٢٠ پیـادە کـە ئامـادەن لەگـەڵ مەفرەزەیەکـی ٣٠ ئێسـتر سـوار پێـك بهێنرێـت و لـە کـۆی سـانجەقەوە بـۆ شـوێنی ناوهاتـوو بـروات، لـە قوماندانـەوە نووسراوەتـەوە و لـە کەرکووکیـش ئەمـرۆ مەفـرەزەی ٦٠ سـوارە جولـەی کـردووە، بـەم شێوەیە ئەگـەر ئـەم هێـزە بـەش نـەکات، ئـەوا بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت لـە سـلێمانی تابوورێکـی سـەربازی شـاهانە بـۆ شـوێنەکە بـروات، دوای دڵنیاکردنـەوەی ئـەم تابـوورەی کـە لـە پشـدەرە بـە پەلـە بگەرێتـەوە، ئـەوەی لـە کـۆی سـانجەق و کەرکووکیـش دەروات، لـە والا راگەیەنـدراوە و تابوورەکـەی سـلێمانیش بـە پەلـە بچێتـە پشـدەر، هەروەهـا ئـەم هێـزە بارودۆخـی ناوەخـۆ جێگیـر دەکات و کەسێکی لێهاتـووی وەك میـری ئـاڵای عەلـی رزا بـەگ قوماندانیەتـی هێزەکـە بـکات و ماوەیـەك لـەوێ بمێنێتـەوە.
رەفیق



<table>
<tr><td>BEO</td><td>000863.064663</td><td>کۆتایی جەمادی یەکەم 1314 (٥ تشرینی دووەم ١٨٩٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>حوسێن ئەفەندی لە موتەسەرفی سانجەقی سلێمانی دامەزراوە، لە نووسراوەکەی تر ئاگادار کراوەتەوە، کە ناوبراو بە پەلە بەرێ بکەوێت، لە سەردەمی عەبدوڵلا پاشا چ بۆ سەر سانجەقی سلێمانی چ بۆ سەر پشدەریەکان پرۆسەی سەربازی ئەنجام دراوە، لە بارەی هۆکارەکان و چۆنیەتی، لێکۆڵینەوەی بێ لایەن و شەفافیەتانە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەمەش کەسێك هەڵبژێردرێت و رەوان بکرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەتە، بە نووسراوێك بریار و فەرمانی هومایۆن بە پەلە دەربچێت، بۆ ئەمەش نووسراو کراوە.</td></tr>
</table>



BEO.000865.064823.007



BEO.000865.064823.006

| BEO | 000865.064823 | 2 جەمادی کۆتایی 1314 (٩ تشرینی یەکەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٣٣٢٦
بۆ جەنابی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەیە


بە رادەست کردنی چەتەی پشدەر، رێگە لە سەرپێچیەکانیان بگیرێت، لەسەر تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵی عالی، پێشووتریش فەرمان و ئاماژەی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت هاتووە، بۆیە ئامۆژگاری کراون، لە وەڵامی باڵیۆزخانەی تەهران کە لە مێژووی ١٠ جەمادی یەکەم ١٣١٤ هاتووە، لەگەڵ نووسراوی بەندەمان پێشکەش کراوە، ئەم ئاماژەیەی لە تەلەگرافنامەکە راگەیەندراوە، لەم بابەتەدا فەرمانی سەدری ئەعزەمی ئێران دراوەتە شوێن خۆی، بەڵام کاریگەری فەرمانەکە نەبینراوە، هەروەها حکوومەتی ناوهاتوو قەبوڵ کردن و پارێزگاری کردنی ئەمانەی گرتۆتە ئەستۆ، لەم حاڵەتەدا ئاسایشی هەردوولای عەشیرەتەکان قورس دەکات، بۆیە هۆکاری گەرانەوەیان بۆ ئاسان بکرێت، لە کۆتاییدا لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە دەرچووە و نووسراو کراوە، تێدا دووپاتی دەستپێشخەری کردووە، لە تەلەگرافی سەدری ئەعزەم بەڵێن دراوە فەرمان دەربچێت، بەم کۆتاییەشدا هەندێك لە پشدەریەکان خۆیان رادەستی فەرمانبەرانی لای ئێمە کردووە، هەروەها فەتاح خان کە هاوکاری ئەمانەی کردووە، گوایە لە لایەنی ئێمەوە بۆ ناو عەشیرەتی ناوهاتوو رایکردووە، ئەم پروپاگەندەیە بە ویلایەتی ناوهاتوو راگەیەندراوە، بەڵام تا ئێستا لەسەر راست و دروستی هەواڵ وەرنەگیراوە، لە وەڵامی باڵیۆزخانەی ناوهاتوو تەلەگرافنامەی ٤ تشرینی دووەم ١٢٩٦ ژمارە ١١٥ وەرگیراوە، چارەسەری کێشەکە لە تەلەگرافنامەکە ئاماژەی پێکراوە، بە گەرانەوەی تەلەگرافنامەکە هاوپێچ پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.
نازری دەرەوە

| BEO | 000865.064823 | 6 جەمادی کۆتایی 1314 (١٢ تشرینی دووەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
ژووری تەلەگراف
وێنە
زۆر بە پەلەیە
دانیشتوانی پشدەر ئارەزووی ملکەچ بوون دەکەن، هەروەها ئەم چەك و کەلوپەلە سەربازیانەی کە لەلایانە لەگەڵ رادەست کردنیان، چۆنیەتی ملکەچ بوونەکەیان بە پەیوەندیدارانی ویلایەت رادەگەیەندرێت، ئەگەرچی لە وەڵامدا بە خودی خۆیان راگەیەندراوە، بەڵام تا ئێستا نەیانبردووە، ئەم تەلەگرافنامەیەی کە ئێستا لە قائیمقامیەتی پشدەر وەرگیراوە، تێدا ئاماژەی پێکردووە ئەم دەستەیەی کە رۆیشتووە، بە شێوەیەکی سەرکەوتوو کارەکەی تەواو کردووە، ئەنجامەکەی لە وەڵامەکەدا نووسیوەتەوە، لەسەر ئەم وەڵامەی کە وەرگیراوە، ئاساییە زانیاری رابگەیەندرێت، فەرمان.

وێنەی ئەم شیفرە تەلەگرافنامەیەیە کە لە وەکالەتی والی موسڵ وەرگیراوە
لە وەکالەتی موتەسەرفی سلێمانی تەلەگرافنامە هاتووە، بە هەمان شێوە دراوەتە باڵا، بە فەرمانی پەیوەندیداری سەدارەت لە پشدەر سوڵح کراوە و کارەکە بە باشی رێکخراوە، بۆ ئەمەش حەفید شێخ سەعید ئەفەندی لەگەڵ عەبدوڵلا پاشا قائیمقامی پێشووی هەولێر و عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی رواندز دەستەیەك پێك هێنراوە و رەوان کراوە، عەشیرەتەکان لەگەڵ دەستەی سوڵح گفتوگۆیان کردووە، ملکەچ بوونیان ئاسان کراوە و بایەخ بە نیشتەجێ کردنیان لە شوێنە کۆنەکانیان بدرێت و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکرێت، وەڵام دراوەتە وەکالەتی موتەسەرفی ناوهاتوو، بەم شێوەیە پشدەریەکان گوێرایەڵ دەبن و سەرکەوتنی جەنابی ئەفەندیمان لێهاتوویەکی یەکجار گەورەی نیشان داوە، بە تەمای خوا تا چەند رۆژی تر بە تەواوەتی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو هەموو شتێك بە حکوومەت رادەگەیەندرێت و یەکلایی دەبێتەوە، بۆیریم کرد موژدەکە رابگەیەنم، فەرمان. ٣١ تشرینی یەکەم ١٣١٢
وەکیلی والی و قوماندانی موسڵ رەفیق

هەوالنامەی کتێب




| 9 جەمادی کۆتایی 1314 (١٥ تشرینی دووەم ١٨٩٦) | 000866.064938 | BEO |
|---|---|---|
| فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی<br>هۆبەی چوارەم<br>١٨٩١<br>راگەیەندراوی بەندەمانە<br>لە پشدەریەکان ٦ نەفەر لە کوێخا و پیاوماقولان چوونەتە لای حکومەتی خۆچێی و ملکەچی خۆیان راگەیاندووە، هەروەها لە بارەی رووبەرووبوونەوەی پێشوو، ئەم کەلوپەلە بێ نرخانەی کە دەستیان کەوتووە، بۆ لێبووردنیان داوای هاوکاری پاشا دەکەن، تەلەگرافنامە لە وەکالەتی قوماندان و والی موسڵ هاتووە، هاوپێچ پێشکەش کراوە، هەروەها ئەم کەلوپەلانەی کە تاڵان کراوە، لە وەکالەتی ناوهاتوو بە تەلەگراف پرسیار لە جۆرەکە و ژمارەیان کراوە، لەم وەڵامەی وەردەگیرێت مامەڵەکە جێبەجێ دەکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>رزا سەر عەسکەر | | |



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000868.065085</td><td>11 جەمادی کۆتایی 1314 (١٧ تشرینی دووەم ١٨٩٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت ئەم پرۆسە سەربازیانەی چ بۆ سەر سلێمانی و چ بۆ سەر پشدەر ئەنجام دراوە، لێکۆڵینەوە لە هۆکاری و چۆنیەتی پرۆسەکان بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت، بۆ ئەنجام دانی ئەم کارەش میری میران جەنابی نەفعی ئەفەندی ئەندامی قۆمیسیۆنی تۆماری کەسێتی رەوان بکرێت، بۆ ناوبراویش لەگەڵ زیادکردنی مووچەکەی، بە شێوەیەکی کاتی ٥٠٠٠ قوروش مووچەی بۆ ببرێتەوە، بە گوێرەی شوێنەکەش خەرجی رێگای بۆ دەبردرێتەوە، لە سەر نووسراوی مێژووی کۆتایی جەمادی کۆتایی ١٣١٤ ژمارە ٣٣١٩، بە فەرمانی پاشا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت رەزامەندی نیشان داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.</td></tr>
</table>



<table>
<tr><td>BEO</td><td>000874.065544</td><td>25 جەمادی کۆتایی 1314 (١ کانوونی یەکەم ١٨٩٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>وەزنە و پشدەر کە لەسەر سنووری ئێران هەڵکەوتوون، لە بارەی ناونانیان بە مەعمورەی حەمیدیە لە نووسراوی مێژووی ١٠ جەمادی کۆتایی ١٣١٤ ژمارە ٣٠٢٤ بە بریاری شورای دەوڵەت جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت و بە فەرمانی پاشا رەزامەندی نیشان داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی و زانیاری بدرێتە فەرمانگەی زانیاری.</td></tr>
</table>




| BEO | 000876.065684 | 22 جەمادی کۆتایی 1314 (٢٨ تشرینی دووەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٣٦٤٠
بۆ جەنابی عالی پەیوەندیداری سەدارەت
ڕاگەیەندراوەبەندەمانە

٦ نەفەر لە سەرۆکەکانی پشدەر ملکەچی خۆیان بۆ حکوومەتی خۆچێی ڕاگەیاندووە، بۆ لێخۆشبوونیش، دەبێ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بۆ ئەم کەلوپەلە سەربازیانەی کە دەستییان کەوتووە، فەرمانی پاشا دەربکات، لەسەر هەندێك ووتەوە لە وەکالەتی ویلایەتی موسڵ دوو پارچە تەلەگرافنامە هاتووە، بە پێشکەش کردنی وێنەی ملکەچ بوونیان، بۆ شوێنی خۆیان ڕۆیشتوون، کەواتە ئامادەکاری و ئامۆژگاری دەستەکە کاریگەری خۆی هەبووە، هەروەها کەلوپەلی ناوهاتوو جۆر و برەکەی لە شوێن خۆی ئاماژەی پێکراوە، بە نووسراوی مێژووی ٥ تشرینی دووەم ١٣١٢ ی بەندەمان ڕاگەیەندراوە و نووسراوەتەوە، لە پشدەریەکان بەشێکی عەشیرەتی نورەددین پێش گەیشتنی دەستەکە و بەشەکەی تریشی کە سەر بە عەشیرەتی پشدەرن دوای گەیشتنی دەستەکە ملکەچی خۆیان ڕاگەیاندووە، بە ملکەچ بوونیان لە گوندەکانیان نیشتەجێ کراون و هێوری و ئارامی گەراوەتەوە، ئەم چەك و کەرەستانەی کە دەستیان کەوتووە، برەکەی بگەڕێندرێتەوە و لەلایەن سەرۆکەکانیش بەڵێن دراوە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی پێشوو بری لەناوچووەکانیش دابین بکرێت و ڕادەست بکرێتەوە، ئەم کارانە بە قائیمقامیەتی خۆچێی ڕاگەیەندراوە، بۆ زیادکردنی ئەمنیەت و دڵنیایی کردنەوەی ئەمانە، ئەم ساڵە لە کەمتەرخەمی تەکالیف و دوا جموجۆڵیان پەشیمان بوونەتەوە و ملکەچی خۆیان ڕاگەیاندووە، بۆ لێبووردنی گشتیش لەلایەن دەستەی ناوهاتووەوە تەلەگرافنامە وەرگیراوە و تێدا ئاماژەی تێدا کردووە، بە دەستکەوتنی تەکالیفی میری ئەم ساڵە تەنگانەیی نامێنێت و تا دەگەینە داهاتی نوێش کەمتەرخەمی نەکرێت، بە بڕیاری ئەنجوومەنی کارگێری بە موتەسەرفیەتی سلێمانی ڕاگەیەندراوە، جگە لەمە بۆ لێبووردن لەم تاوانانەی کە ئەنجامیان داوە، دەبێ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان بدات، ئەمجارە لە ویلایەت دوو پارچە تەلەگرافنامە وەرگیراوە و هاوپێچ پێشکەش کراوە، بە گوێرەی ئەم بارودۆخە لەلایەن جەنابی پەیوەندیداری وەکالەت جێبەجێ دەکرێت، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بڕیاری بەدەستەوەیە.
نازری کاروباری ناوەخۆ

هەواڵنامەی کتێب



| BEO | 000876.065700 | 29 جەمادی کۆتایی 1314 (٥ کانوونی یەکەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>بـۆ سـەر سـلێمانی و پشـدەریەکان جموجۆڵـی سـەربازی ئەنجـام دراوە، لـە بـارەی هـۆکاری ئەنجامدانیشـی لێکۆڵینـەوە ئەنجـام دراوە، بەندەمـان بـە بڕیـار و فەرمانـی جەنابـی پاشـامان، نەفعـی ئەفەنـدی لـە قۆمیسـیۆنی تۆمـاری کەسـێتی ڕۆیشـتووە، تاوەکـو لێکۆڵینـەوە ئەنجـام بـدات، بـە زیادکـرن و بـە شـێوەیەکی کاتـی ٥٠٠٠ قوروش مووچـە و مووچـەی زیادکـراو و خەرجـی ڕێـگای پـێ دەدرێـت، جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی نیشـان دراوە، بـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆداریش ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا بـە ڕۆیشـتنی نەفعـی ئەفەنـدی، پێویسـتە بژێـوی ڕۆژانـە بـۆ خێزانەکـەی بەجـێ بهێڵێـت، بۆیـە پێویسـتە مووچـەی چـوار مانگـی بـۆ ڕێـك بخرێـت و خـەرج بکرێـت، ئەگـەر بێتـو ڕەزامەندیـش نەدرێـت، ئـەوا بڕێـك پـارەی کۆکـراوە لەگەڵ مووچـەی زیادکراوەکـە بـۆ ویلایـەت حەواڵـە بکرێـت، داواکـراوە پەلـە بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی مامەڵەکـە. | | |




هەولێنامەی کتێب

| BEO | 000881.066005 | 9 ڕەجەب 1314 (١٤ کانوونی یەکەم ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار

لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەم دواییـەی ئاغاکانـی پشـدەر، سـەلیم ئاغـا کـوژراوە، لـە نـاو عەشـیرەتی ناوهاتـووش عوسـمان ئاغا خـاوەن دەسـەڵات و گوێڕایەڵـی حکوومەتـە، بۆیـە دوور لـە پشـدەر، لـە ناوچەیەکـی ویلایەتـی موسـڵ بـە قائیمقـام دابمەزرێـت، لـە وەکالەتـی ویلایەتـی ناوهاتـوو ڕاگەیەنـدراوە و ئامـاژەی پێکـراوە، لەسـەر ئـەم ڕاگەیەنـدراوە و ئاماژەپێکردنـە، فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت دەرچـووە، بـە نـووسراوی تایبەتـی مابەینـی هومایۆنـی بـاش کیتابەتـی شـکۆدار ئـاگاداری دەرچـووە، بـە بڕیـار و فەرمانـی هومایـۆن هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی مامەڵەکـە و ڕاگەیاندنـی.



| BEO | 000887.066514 | 21 رەجەب 1314 (٢٦ كانوونی یەكەم ١٨٩٦) |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>چ بـۆ سـەر سـانجەقی سـلێمانی چ بـۆ سـەر پشـدەریەكان پرۆسـەی سـەربازی ئەنجـام دراوە، بـە فەرمانـی پاشـای ملوكانـە بریـار دراوە، لێكۆڵینـەوە لەسـەر هۆكارەكـە و چۆنیەتـی و ئەنجامەكـەی بكرێـت، بـۆ ئەمـەش لـە دەرسـەعادەت فەرمانبەرێـك رەوان بكرێـت، هەروەهـا ئەگـەر پێویسـت بـە رۆیشـتنی فەرمانبـەر بـكات، لـە مەركـەزی ویلایـەت كەسـێك رەوان بكرێـت، لـە ئەنجامـی لێكۆڵینەوەكـە ئـاگادار بكرێنـەوە و رابگەیەندرێـت كـە كاریگـەری بەسـەر ئەمنیـەت دەبێـت یاخـود نابێـت، بـە زیادكردنـی ئـەم خوێندنەوە بـە پەلـە ئاماژەی پـێ بكرێت. | | |




| BEO | 000912.068361 | 25 رەمەزان 1314 (٢٧ شوبات ١٨٩٧) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار

بــۆ ئــەوەی ڕێگــە نەدرێــت عەشــیرەتی عوســمانیەکان ســەرپێچی بکەنــە ســەر ئێــران، لەلایــەن حکوومەتــی ئێرانــەوە پەیوەنــدی کــراوە، هەروەهــا لەلایــەن حکوومەتــەوە ئامــادەکاری دۆســتانە ئەنجــام دراوە، بــۆ بەرقــەرار بوونــی ئاسایشــیش ڕێگــە نەدرێــت عەشــیرەتی ئێــران هێــرش بکاتــە ســەر خاکــی عوســمانی، جگــە لەمــە ئەوانــەی بەهــۆی تاوانــەوە هانــا بــۆ خاکــی ئێــران دەبــەن، قەبــوڵ نەکرێــن و پارێزگاریــان لــێ نەکرێــت، لــە مێــژووی ١٥ ڕەجــەب ١٣١٤ ئــاگاداری دووپاتکردنــەوە دراوەتــە حکوومەتــی ئێــران، کەلوپــەل و ئاژەڵەکانــی پشــدەریەکان کــە لــە ســنوورە، بــۆ عەشــیرەتەکانی ئێــران ڕەوان کــراوە، تاقمێــك عەشــیرەت و دانیشــتوانیان بــە خۆیــان شــوبهاندووە و بــۆ لای خۆیــان ڕاکێشــاوە، بــە هەمــووان کۆمەڵەیەکیــان پێــك هێنــاوە، دەستپێشــخەری دەکــەن بــۆ ئــەوەی هێــرش بکەنــە ســەر مەرکــەزی قــەزا، لەســەر ئــەم هەواڵــە ئامــادەکاری پێویســت ئەنجــام دراوە، بــەڵام بــە تێروانیــن لــەم لێکۆڵینەوانــەی کــە کــراوە، جگــە لــە عەشــیرەتی پشــدەر ئــەم عەشــیرەتانەی کــە لــە ناوچەکانــی نزیــك ســنوور دەژیــن، جولــەی نەگونجــاو ئەنجــام دەدەن، هەمیشــە و هەمــوو کات هــاوکاری عەشــیرەتەکانی ئێــران دەکــەن، بــۆ ئــەوەی مەمالیکــی ئێرانیــش تووشــی دەردە ســەری نەبێــت، ســاڵی ڕابــردوو ســەرباز ڕەوانــەی ســنوور کــراوە، ئەوانــەی تێپەریــوون دەســتگیر کــراون، تــا ڕێگــە نەدرێــت عەشــیرەتەکان ســنوور ببەزێنــن، بــەڵام لــەم کاتــەی کــە حکوومەتــی ئێــران خەریکــی هەمــان مامەڵــە بــووە، چەتەکانــی پشــدەر قەبــوڵ کــراوە و پارێزگاریــان لێکــراوە، لەگــەڵ عەشــیرەتەکانی ئێــران ســەرپێچیان ئەنجــام داوە، بەمــەش عەشــیرەتەکانی ئێــران چاوپۆشــیان لێکــراوە، ئەگــەر ئــەم ســاڵەش حکوومەتــی ناوبــراو مافــی ســنوور نەپارێزێــت، ئــەوا عەشــیرەتەکانی ئێمــەش ڕێگەیــان لێناگیرێــت و دەچنــە ســنووری ئێرانــەوە و ســەرپێچی ئەنجــام دەدەن، سکاڵاکان بــە هەنــد وەرناگیرێــن و پێویســتە ئاســایش بەرقــەرار بکرێــت، ئامــادەکاری باشــیش لــە نێــوان هــەردوولادا ئەنجــام بدرێــت، ڕێگــە نەدرێــت عەشــیرەتەکانی ئێــران بێنــە لای ئێمــە و لەگــەڵ عەشــیرەتی پشــدەر یــەك بگرن و ســەرپێچی ئەنجــام بــدەن، بــۆ ئــەوەی پارێــزگاری و هــاوکاری پشــدەریەکان نەکرێــن، ئــەم والیــە ئێرانیانــەی کــە لــە ســنوورن، پێویســتە فەرمانــی یەکلاییکــرەوە بــدەن، تەلەگرافنامــەی ویلایەتــی موســڵ لــە مێــژووی ٦ شــوبات ١٣١٢ بــۆ دەوڵــەت ڕەوان کــراوە، بــە ڕێگــەی باڵیۆزخانــەی ئێــران و باڵیۆزخانــەی تەهــران ئــاگاداری پێویســت دراوەتــە حکوومەتــی ناوهاتــوو، ئەنجامەکــەی ڕابگەیەندرێــت و تەلەگرافنامەکــەش ڕەوان بکرێتــەوە.






| BEO | 000915.068616 | 5 شەوال 1314 (٩ مارت ١٨٩٧) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
بـۆ ئـەوەی عەشـیرەتەکانی ئێـران بـۆ لای ئێمـە هەنگاونەهاوێـژن و ڕێگـری لـە هـاوکاری کردنـی عەشـیرەتی پشـدەر بکرێـت، ئامـاژەی ویلایەتـی موسـڵ، بـە ڕێگـەی باڵیۆزخانـەی تەهـران و باڵیۆزخانـەی ئێـران ئـاگاداری دراوەتـە حکوومەتـی ئێـران، لـە ٢٥ و ٢٨ ڕەمەـزان ١٣١٤ ئامـۆژگاری دراوە، لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو نـووسراو هاتۆتـە نەزارەتـی ناوخـۆی شـکۆدار، لـە مێـژووی ٢٦ ڕەمـەزان ١٣١٤ ژمـارە ٤٧٦٩ تەلەگرافنامـەی نەزارەتـی ناوهاتـوو نێردراوەتـەوە عالـی، عەشـیرەتی ناوهاتـوو سـنووری بەزانـدووە و بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ پشـدەریەکان یەکنەگـرن، ئـاگاداری دراوەتـە ئـەم والیـە ئێرانیانـەی کـە لـە سـنوورن، دوای دووپاتکردنـەوە لەسـەر ئامـاژەی پێشـوو مامەڵەکـە جێبەجـێ بکرێـت و ئەنجامەکـەی ڕابگەیەندرێـت، نووسراوەکانیـش ڕەوان بکرێتـەوە.

| BEO | 000915.068616 | 28 ڕەمەزان 1314 (٢ مارت ١٨٩٧) |
|---|---|---|

فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
٢٦٣٧
ڕاگەیەندراوی بەندەمانە
پشـدەریەکان هێـز کۆدەکەنـەوە، تـا هێـرش بکەنـە سـەر مەرکـەزی قـەزای مەعمورەتولحەمیدیە، بـەم ڕاگەیەنـدراوە تابورێـك سـەربازی شـاهانە بـە پەلە بگاتە شـوێنی مەبەسـت، لـە خۆچێـی ڕاگەیەنـدراوە، هێزێکـی ٣٢٠ ڕەوان کراوە، لـە موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی شـکۆدار تەلەگرافنامـە هاتـووە، وێنەیەکـی ڕەوانـی پەیوەندیـداری سـەدارەت دەکرێـت، بـە ڕەوان کردنـی، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.
سەر عەسکەر رزا




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 5 شەوال 1314 (٩ مارت ١٨٩٧) | 000916.068651 | BEO |

بۆ ویلایەتی موسڵ

بـۆ نەزارەتـی دەرەوە نـووسراو کـراوە، تـا لـە بـارەی عەشـیرەتەکانی ئێـران ئـاگاداری بدرێتـە حکوومەتـی ئێـران، هەروەهـا ئەمجـارە لـە موشـیرەتی لەشـکری شەشـەم تەلەگرافنامـە بـۆ لایەنـی سـەر عەسـکەریمان هاتـووە، لـە بەرامبـەر سـەرپێچی پشـدەریەکان، بـە پێویسـت زانـراوە تابوورێـك رەوان بکرێـت، لە بـارەی بیرۆکـە و بۆچوونی پشـدەریەکانیش دەسـتگیرکردن دەسـتی پێکـردووە، ئـەم ئەنجامەی کە لـە لێکۆڵینـەوە دەردەچێـت، رابگەیەندرێت.



<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>01346.000017</td><td>26 زیلقەعدە 1314 (٢٨ نیسان ١٨٩٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>٣٣٧٢<br>بۆ جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لەلایـەن واڵای سەرعەسـکەری ویلایەتـی موسـڵ، بینباشـی حیلمـی ئەفەنـدی لـە ئـاڵای ٤٥ی نیزامیـە تابـووری ئێسـتر سـوارەی چـوارەم، بـۆ قائیمقامیـەت و قوماندانیەتـی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـە دامـەزراوە، بـۆ شـوێنی ئەویـش بینباشـی مەحمـود ئەفەنـدی دادەمەزرێـت، لـەم بارەیـەوە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار و مەزبەتـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە رێکخـراوە، بەیەکـەوە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمانـی جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت چـی بێـت، جێبەجـێ دەکرێـت.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




| DH.MKT | 02079.00070 | 17 شەعبان 1314 (٢١ كانوونی دووەم ١٨٩٧) |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی میری میرانی ئەفەندم


وەزنــە و پشــدەر یەکدەگــرن و نــاوی مەعمــورەی حەمیدیــەی لــێ دەهێنرێــت، بــە فەرمانــی پاشــای جەنابــی پەیوەندیــداری خەلافــەت ڕەزامەنــدی نیشــان دراوە و لــە ڕۆژنامــەی ئیقــدام بــاس کــراوە، لــەم حاڵەتــەدا عەشــیرەتەکانی وەزنــە و مەنگــور لــە ژێــر دەســەڵات و ئیــدارەی حکوومەتــی ئێــران ماوەتــەوە، ســەرەتا ئــەم بابەتــە کراوەتــە بریــار و ئــەم لێکۆڵینەوانــەی کــراوە جێبەجــێ دەکرێــت، لــە باڵیــۆزی ئێــران ڕاپــۆرت دراوەتــە نەزارەتــی دەرەوەی شــکۆدار و بــۆ دەوڵــەت ڕەوان کــراوە، لــە نــووسراوی ١١ شــەعبان ١٣١٤ ژمــارە ٤١٨٤ ڕوون بۆتــەوە، لەگــەڵ ئــەوەی مولکــی دەوڵەتــە، کەچــی لەلایــەن حکوومەتــی ئێرانــەوە ناحیەکانــی لاهیجــان و وەزنــە و میــرگان بــە شــێوەی نــا شــەرعی دەســتی بەســەر داگیــراوە، بۆیــە لەلایــەن هــەردوو لا لێکۆڵینــەوەی هاوبــەش ئەنجــام بدرێــت، ســەرەتا لەلایــەن حکوومەتــی ئێرانــەوە ڕەزامەنــدی نیشــان دراوە، بــۆ ئــەم مەبەســتە فەرمانبــەر دامــەزراوە و ئەرکیــان پــێ دراوە، لــە کۆتاییــدا لێکۆڵینەوەکــە لــە وەزنــە کــراوە و حکوومەتــی ناوهاتــوو لــە وەرگرتنــی پێداگری کــردووە، بۆیــە کارەکــە وەکــو خــۆی بەجــێ هێڵــدراوە، بــۆ جێبەجــێ کردنــی لێکۆڵینــەوەش، نــووسراو لــە نەزارەتــی دەرەوەی شــکۆدار حەواڵــە کــراوە، لەگــەڵ ئەمــەش لاهیجــان و میــرگان جگــە لــە وەزنــە، هیــچ گومانێکــی تێــدا نییــە، بەشــێکە لــە خاکــی عالــی، لــە بــارەی پشــدەر و وەزنــەوە بــە نــاوی مەعمــورەی حەمیدیــە نــاو بهێنرێــت، لەســەر ئامــاژەی دەوڵــەت بــە بریــاری شــورای دەوڵەتیــش جەنابــی پەیوەندیــداری خەلافــەت بــە فەرمانــی پاشــا ڕەزامەنــدی نیشــان داوە لــە مێــژووی ٢٥ جەمــادی کۆتایــی ١٣١٤ بــۆ عالــی ڕەوان کــراوە، لــەم بارودۆخــەدا، هەروەهــا بــە پروپاگەنــدەی باڵیــۆز و بریــاری نێــردراو و بــە تێروانیــن لــە ئامــاژەی ناوەخــۆ خوێندنــەوەی بــۆ دەکرێــت، هیممــەت بکرێــت لــە ناردنــەوەی هاوپێچــەکان.

سەدری ئەعزەم




ŞD.02171.00011.001

| ŞD | 02171.00011 | 13 رەبیعی کۆتایی 1314 (٢١ ئەیلوول ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |
| پوختەی ئەوراق<br>دەستەی قەزای مەرگەی سەر بە سانجەقی سلێمانی بۆ ناحیەی پشدەر و بەرێوەبەرایەتی پشدەریش بۆ مەرگە بگوازرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە رەزامەندی نیشان دراوە. | | |





ŞD.02171.00017.001

هەواڵنامەی کتێب

| ŞD | 02171.00017 | **19 رەبیعی كۆتایی 1314 (٢٧ ئەیلوول ١٨٩٦)** |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی كاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
شیفرەی ویلایەتی موسڵ

ئـەم كارانـەی لـە سـایەی جەنابـی پاشـا ئەنجـام دراوە، كاریگەریەكـەی دەركەوتـووە، هەروەهـا بـۆ پاراسـتنی دانیشـتوانی گوێرایـەڵ ئامـادەكاری تـەواو بكرێـت، تـا مـاف و ئەمنیەتیـان پارێـزراو بێـت، ئەمـەش بـە نـەزارەت و سـەربازانی مەركـەزی قـەزا ئەنجـام دەدرێـت، بـۆ ئـەم فەرمانبەرانـەش فەرمـان دراوە شـوێنێكی حەوانـەوەی كاتـی هەبێـت، دەمـەوێ ئەوەتـان پـێ رابگەیەنـم كـە لـەوێ پشـدەریەكان نـاو و ناونیشـانی خۆیـان گۆڕیـوە، چونكـە ئەمانـە ماوەیەكـی زۆرە بـە نـاوی پشـدەر دەسـت لـە هەمـوو كاروبارێـك وەردەدەن و گوێرایەلـی ئاغاكانیانـن و ئاغاكانیـان بـە شـێوەیەكی سـەربەخۆ هەڵسـوكەوت دەكـەن، ئـەم ئاغایانـە پێیـان وایـە عەشـیرەتەكەیان نـاوی نورەددینـە، گوایـە ئەمانـە لـە نەوەكانـی نورەددیـن كـوڕی سـەلاحەددین ئەیوبیـن، بـەم پروپاگەندەیـە هـەر یەكەیـان خـۆی بـە پاشـایەك دەزانێـت، یەكـەم و دوا جاریـش بوێـری كاری خـراپ دەكـەن و خۆیـان پاشـای خۆیانـن، بـەم بیرۆكەیـە هەمـوو شـتێك رەت دەكەنـەوە، لـە بەرامبـەر سـەربازانی دلێـر گوێرایـەڵ نیـن، بۆیـە پێویسـتە ئـەم نـاوە بـە هیـچ شـێوەیەك بـەكار نەهێنرێـت، ناوێكـی تـر بـۆ قەزاكـە دابنرێـت.





ŞD.02171.00035.001

| ŞD | 02171.00035 | 25 رەجەب 1314 (٣٠ کانوونی یەکەم ١٨٩٦) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار

لەبەر سەرپێچی پێشووی دانیشتوانی ناحیەی پشدەر، لە تەکالیفی میری تەنیا بەشێکی وەکو شوێنگرەوە و بە شێوەیەکی براوە لەلایەن ئاغاکانیەوە دەدرێت، داهاتی دە یەك داواکراوە، جگە لەمە باج و رسوماتی سەرمەڕ ماوەیەکی زۆرە نایدەن، بەم هۆیەوە بە ناوی دانیشتوانی ناوهاتووەوە باجی میری کۆبۆتەوە و لەم بارودۆخەدا دەستکەوتنی ئەم داهاتە خۆی لە خۆیدا حوکمەکەی روون و ئاشکرایە، لەگەڵ دەرکەوتنی بارودۆخی ئەم دواییە، گونجاو نییە ئەمانە بخرێنە تەنگانەوە، بەڵام دڵنیایی میری بۆ پشدەریەکان برەکە و ماوەکەی قەبوڵ بکرێت و بە فەرمی کاتی زیاتریان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی پشدەریەکان تووشی تەنگانەیی نەکرێن بڕ و جۆری تەکالیفی میری لە بانە پرسیار بکرێت، تا رەزامەندی نەدرێت، لەگەڵ دانیشتووان رووبەرووبوونەوە روو نەدات، ئەمەش بە موتەسەرف و قائیمقام راگەیەندراوە، بۆ داهات وەرگرتنەوەش، فەرمان لە ویلایەت دەردەچێت، بە گوێرەی جێبەجێ کردنەکەشی وا بە گونجاو و دروست زانراوە بە شێوەی هەنگاو بێت، بە ئومێدی ئەوەین پەیوەندیدارانی نەزارەت رەزامەندی لەسەر بدەن.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 001111.083314 | 27 زیلقەعدە 1315 (١٩ نیسان ١٨٩٨) |
|---|---|---|


بۆ لای والای سەر عەسکەر

لەلایەن عوسمان مامش عەلی بانەیی محەمەد بەگی پشدەری شارۆچکەی بانەی ئێران ئابلۆقەدراوە، دواتر لەبەر ئەوەی حاکمی بانە هانای بۆ شارۆچکەی پێنچوین بردووە، بۆ کوشتنی حاکمی ناوبراو و سووتاندنی شارۆچکەی پێنچوین، لە پشدەریەکان و کاشانیەکان ٤٠٠٠ کەس کۆبوونەتەوە، هەروەها ئەم بەشەی پشدەریەکان کە ملکەچ نەبوونە، لەگەڵ گشت بەشەکەی تر ڕێککەوتوون، لە دژی حاکمی ناوهاتوو شەڕ دەکەن، بە گوێرەی هەواڵ، ئەوانەی ملکەچیش بوونە بە پەرشوبڵاوی هاوکاریان دەکەن، لە بارەی راپۆرتی ئاسایش لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار نووسراو کراوە ئەگەر پێویست بکات هێزی سەربازی بە پەلە رەوان بکرێت، بە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە، بۆ ئامادەکاریش لەلایەن حکوومەتەوە ڕێگە لە سەرپێچی بگیرێت و راپۆرتی ئاسایش بە هەند وەربگیرێت، لە وەڵامی ویلایەتی ناوهاتوو ئامۆژگاری پێویست بدرێتە ئەمانە، بە تێروانین لە نوسراوی نەزارەتی ناوخۆی شکۆدار، کە لە مێژووی ٢٧ زیلقەعدە ١٣١٥ ژمارە ٤٧٤ هاتووە و هاوپێچ پێشکەش کراوە، تا کارەکە لەلایەنی سەربازیەوە جێبەجێ بکرێت و هاوپێچەکان رەوان بکرێتەوە.



| BEO | 001115.083601 | 5 زيلحيجه 1315 (٢٧ نيسان ١٨٩٨) |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوەی شکۆدار و لایەنی سەر عەسکەر
لە نێوان عەشیرەتەکانی ئێران رووبەرووبوونەوە روویداوە، عەشیرەتە ناوهاتووەکان حاکمی بانەیان لە کار لاداوە و کەسێکی تریان لە شوێن ئەو دامەزراندووە، هەروەها لە دژی ئەمانە لەلایەکی تر عەشیرەتی مەنگوری ئێران هاتۆتە دەورووبەری گوندەکانی سەر سنوور، ئەگەر ئەمانە پەرشوبڵاو نەکرێنەوە ئەوا رووداو روو دەدات و فراوان دەبێت، ئەم بارودۆخە هەر لە کۆنەوە لەگەڵ پشدەریەکان دوژمنایەتیان هەبووە، عەشیرەتەکانی ئەم لایەنە هێشتا بەشداریان نەکردووە، ئەمەش لەلایەن والی موسڵ راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، بە گوێرەی پێویست ئامۆژگاری بدرێتە ئەمانە، تاوەکو بەشداری ئەم ناکۆکیە نەکەن و خۆیان نەخەنە ناو ئەم گێژاوە، بۆ ئەمەش ئامادەکاری بکرێت، بۆ پەرشوبڵاوکردنەوەی عەشیرەتەکانی ئێرانیش بە رێگەی نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار ئاگاداری دراوەتە باڵیۆزخانەی ئێران، ئەگەر بێتو عەشیرەتە ناوهاتووەکان گوێ رایەڵی ئامۆژگارییەکان نەبن و بەشداری بکەن، ئەم کاتە لەلایەنی سەربازییەوە ئامادەکاری بکرێت، لە بارەی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەش ئاگاداری دراوەتە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار، فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەرچووە، بە نووسراوی تایبەتی مابەینی هومایۆنی باش کیتابەتی شکۆدار راگەیەندراوە، ئاگاداریش دراوەتە لایەنی والای سەر عەسکەر و نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوەی شکۆدار، لە نەزارەتەکانی شکۆدار بە نووسراوی بریار و فەرمان، ئاگاداری دراوەتە باڵیۆز و ویلایەت، ئەنجامەکەشی رابگەیەندرێت.




DH.MKT.02085.00046.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT | 02085.00046 | 26 جەمادی یەکەم 1315 (٢٣ تشرینی یەکەم ١٨٩٧) |
|---|---|---|
| لە بارەی سەرۆکەکانی عەشیرەتی پشدەر بە ناوی بایز ئاغا و هاوەڵانی، لە مێژووی ٢٥ مایس ١٣١٣ نووسراوی عالی پەیوەندیداری نەزارەت هاتووە، لە دژی ناوبراوان ئەم داواکاریەی بۆ دادگای سەرەتایی سانجەقی سلێمانی بەرز کراوەتەوە، بۆ دادگای سەرەتای مەرکەزی موسڵ گوازراوەتەوە، لە فەرمانگەی داواکار سەر بە دادگای پێداچوونەوە، لە مێژووی ٢ رەبیعی کۆتایی ١٣١٥ ئیعلام لەگەڵ هاوپێچەکانی نێردراوە، لە مێژووی ٢ ئەیلوول ١٣١٣ بۆ والی ویلایەت رەوان کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە. نازری داد | | |



OSMANLI ARŞİVİ
DH. MKT


DH.MKT.02368.00121.001

| 6 ڕەبیعی یەکەم 1315 (٥ ئۆغستۆس ١٨٩٧) | 02368.00121 | DH.MKT |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت<br>ئەمین ئەفەندی قائیمقامی سەربازی شاهانە لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە دادەمەزرێت، بە ئاماژەی ویلایەتی موسڵ، مامەڵەکە لە مێژووی ١٩ مارت ١٣١٦ دووپاتکراوەتەوە، ئەمجارە لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە وەرگیراوە، داواکراوە پەلەی لێ بکرێت، لەسەر ئاماژە و ڕاگەیەندراوی پێشوو کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO</td><td>001144.085727</td><td>25 موحەررەم 1316 (٢٦ حوزەیران ١٨٩٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ئاوقافی هومایۆنی شکۆدار<br>جامیعێکی شەریف لە گوندی قەڵای دیزە کە مەرکەزی قەزای مەعمورەی حەمیدیەیە دروست دەکرێت، بۆ ئەمەش نەخشە، ووتارخوێن، مودەریس و شوێنی نیشتەجێی دیاری کراوە، لە زاناکانی پشدەر محەمەد ئەفەندی بە مووچەی ٥٠٠ قوروش دامەزراوە، لەسەر هەندێك گفتوگۆ، لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ مەزبەتە لە مێژووی ٦ موحەررەم ١٣١٦ ژمارە ٣٨ بۆ دەوڵەت نێردراوە، بە تێروانین لە هاوپێچەکە، جێبەجێ بکرێت و مامەڵەکە رەوان بکرێتەوە.</td></tr>
</table>




| BEO | 001237.092759 | 8 ڕەجەب 1316 (٢٢ تشرینی دووەم ١٨٩٨) |
|---|---|---|

بۆ جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
بیناباشی حیلمی ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ ئەرکی پێدراوە، لەبەر تەنگانەیی بژێوی ناوبراو، داوای کردووە دەرماڵەی مولکیە و سەربازی بۆ دابین بکرێت، هەروەها ناوچەکە لە سنوور نزیکە و لە خاڵێکە عەشیرەتی پشدەر باڵا دەستە، لەبەر گرنگی شوێنەکە، پێویستی بە کەسێکی وەکو ناوبراوە، لە ئاماژەی ناوەخۆ روون بۆتەوە، ئەوانەی لە ئەرکی سەربازی و مولکیەن، مووچەکەیان بە گوێرەی نیزام جێبەجێ دابین دەکرێت، لە فەرمانگەی دارایی شورای دەوڵەت مەزبەتە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لە بارەی دابین کردنی دەرماڵەی سەربازی و مولکیەی ناوبراو، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت.
سەدری ئەعزەم




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 001251.093765 | 20 شەعبان 1316 (٣ کانوونی دووەم ١٨٩٩) |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی والآی سەر عەسکەریمان<br>عوسمان ئاغای پشدەری لە ڕووداوەکەی پشدەر دەستی هەبووە، ناوبراو تا ئێستا هەڵاتبوو، بەڵام ئەمجارە هاتۆتە مەرکەزی قەزای مەعمورەی حەمیدیە و ملکەچی خۆی ڕاگەیاندووە، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار دەرچووە، لەگەڵ نووسراوی مێژووی ١٧ شەعبان ١٣١٦ ژمارە ٤١٧٧ی نەزارەتی ناوهاتوو بۆ لایەنی سەر عەسکەر ڕەوان کراوە. | | |



DH.MKT.02102.00009.001


<table>
<tr><th>DH.MKT</th><th>02102.00009</th><th>19 ڕەبیعی کۆتایی 1316 (٦ ئەیلوول ١٨٩٨)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی پەیوەندیداری شێخایەتی<br>بە فەرمانی پاشا لە پایەی ویلایەتی ناوهاتوو راگەیەندراوە، ناحیەی پشدەری سەر بە ویلایەتی موسڵ، بە ناوی مەعمورەی حەمیدیە کراوەتە قەزا، لە بارەی دابینکردن و دابین نەکردنی مووچە بۆ نائیبی قەزای ناوهاتوو، لە نووسراوی مێژووی ٩ تەمموز ١٣١٤ بە دووپاتکردنەوە پرس بە پەیوەندیداری فەتوا کراوە، ناحیەی پشدەر بە قەزای مەرگە و قەزای مەرگە بە پشدەر، بەم دواییەش بە ناوی قەزای مەعمورەی حەمیدیە ناوبردراوە، لەسەر ئاماژەی فەتوا، ناحیەی ناوهاتوو بچێتە سەر قەزایەکی تر، لە نووسراوی مێژووی ٣ کانوونی یەکەم ١٣١٣ دەرکەوتووە تۆمار نەکراوە و نەدۆزراوەتەوە.</td></tr>
</table>



DH.MKT.02137.00070.001


هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT</td><td>02137.00070</td><td>8 رەمەزان 1316 (٢٠ کانوونی دووەم ١٨٩٩)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>ئاخــۆ لەگــەڵ مووچــەی ســەربازی، دابینکردنــی مووچــەی قائیمقامیەتــی بــۆ بینباشــی حیلمــی ئەفەنــدی قومانـدان و قائیمقامـی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـە گونجاوە یاخـود گونجـاو نییـە؟، لەسـەر دەسـتووری عالـی لەلایــەن پەیوەندیــداری ســەدارەت ڕەزامەنــدی نیشــان دراوە، ئــەم فەرمانــەی دەردەچێــت ڕابگەیەندرێــت، لــە وەڵامــی نــووسراوی مێــژووی ٢٦ ئەیلــوول ١٣١٤ ژمــارە ١١٦ بــە ووتــەی ژمێریــاری نــووسراوی بــۆ کــراوە.</td></tr>
</table>



DH.MKT.02154.00096.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02154.00096</td><td>17 شەعبان 1316 (٣١ کانوونی یەکەم ١٨٩٨)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>عوسـمان ئاغا لـە ئاغاکانـی پشـدەرە و لـە رووداوی پشـدەر دەسـتی هەبـووە، تـا ئێسـتاش لـە هەڵاتووەکانـە، بـەڵام ئەمجـارە هاتۆتـە مەرکـەزی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـە، تـکا و پاراوەتـەوە، ئـەم تەلەگرافنامەیـەی کـە لـە ١٥ کانوونـی یەکـەم ١٣١٤ لـە ویلایەتـی موسـڵ وەرگیراوە و پێشـکەش کراوە، فەرمـان دراوە مامەڵەکـە جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>




DH.MKT 02156.00104.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT | 02156.00104 | 22 شەعبان 1316 (٥ کانوونی دووەم ١٨٩٩) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
لە ئاغاکانی پشدەرە و لە مەسەلەی پشدەر دەستی هەبووە، دواتر بۆ ئێران رایکردووە، بۆیە نموونەی وەکو عوسمان ئاغا داوا کراوە، لەم نووسراوەی کە راگەیەندراوە، لە کۆتاییدا ناوبراو هاتۆتە قەزای مەعمورەی حەمیدیە، داوای ملکەچ بوونی کردووە، لەم تەلەگرافنامەیەی کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، چۆنیەتیەکەی بە لایەنی پەیوەندیداری وەکالەت راگەیەندراوە، کارەکە جێبەجێ بکرێت.



| ŞD | 02688.00015 | 20 جەمادی یەکەم 1316 (٦ تشرینی یەکەم ١٨٩٨) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
٢٨٩٠
بۆ جەنابی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەیە
قائیمقامی قەزای مەعمورەی حەمیدیە کە لە چینی دووەمە، بینباشی حیلمی ئەفەندی بە دەرماڵە سەربازی ئەرکەکەی بەرێوە دەبات، لەبەر تەنگانەیی و نەدانی دەرماڵەی مولکیە و سەربازی بەیەکەوە، ناتوانێت ئەرکەکەی بەرێوە ببات، بۆیە دەستی لە کار کێشاوەتەوە، هەروەها ناوچەکە لە سنوور نزیکە و عەشیرەتی پشدەر لە خاڵێکی گرنگن، بۆیە قەزای ناوهاتوو بگۆردرێت بۆ چینی یەکەم، مووچەی ناوبراویش بە گوێرەی چینەکە دابین بکرێت، هەرچەندە لە نووسراوی ویلایەتی موسڵ دەرکەوتووە، بەڵام گۆرینی قەزای ناوهاتوو بۆ چینی یەکەم، بودجە تووشی خەرجی دەکات، ئەمەش گونجاو نابێت، بەڵام ئەم فەرمانبەرە سەربازیانەی کە لە خزمەتی مولکیە بەکار دەهێنرێن هەندێکیان بە پێویست زانراوە بەکار بهێنرێن، بۆیە دەرماڵەی هەردوو لای پێ بدرێت، لە بارەی دابینکردنی مووچەی قائیمقامیەتی دەست بەسەر کراویش، فەرمانی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت بە ووتەی ژمێریاری رەزامەندی لەسەر دراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.
نازری کاروباری ناوەخۆ




DH.MKT.02238.00076.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02238.00076 | 17 رەبیعی کۆتایی 1317 (٢٥ ئۆغستۆس ١٨٩٩) |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە<br>دوای مردنی کچەکەی، تەنیا کوڕێکی ماوە بە ناوی عەبدوڵلا، بەڵام ساڵێك و نیوە باوکی نەفەقەی بۆ نەناردووە، بۆ ئەوەی مووچەکەی ئەحمەد روشدی ئەفەندی قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە، مانگ بە مانگ ببردرێت و بۆ کورەکەی رەوان بکرێت، لەلایەن خانمی ناوبراو داواکاری پێشکەش کراوە، تا بژێوی خۆی پێ دابین بکات، هاوپێچ رەوان کراوە تا مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت. | | |





| DH.MKT | 02263.00026 | 24 جەمادی کۆتایی 1317 (٣٠ تشرینی یەکەم ١٨٩٩) |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی واڵای سەرعەسکەر و ویلایەتی موسڵی عالی<br>وەڵامی نووسراوی سوپاسالاری مێژووی ١٦ ئۆغستۆس ١٣١٥ ژمارە ١٤ یە، بەهۆی زیانە زۆرەکانیەوە حیلمی بەگ قائیمقام و قوماندانی مەعمورەی حەمیدیە بۆ موسڵ نێردراوە، لەسەر ئاماژەی سوپاسالارە، بۆ شوێنی ناوبراو ئەمین بەگ قائیمقامەکانی سەربازی و بۆ قائیمقامیەتی بازیانیش قاسم بەگ دامەزرێن، رەزامەندی لە پەیوەندیداری سەدارەت دەرچووە.<br><br>بۆ موسڵ<br>وەڵامی تەلەگرافنامەی ٢٣ ئەیلوول ١٣١٥، بۆ قائیمقامیەتەکانی مەعمورەی حەمیدیە و بازیان لە قائیمقامەکانی سەربازی ئەمین بەگ و قاسم بەگ دادەمەزرێن، لە سەر ئاماژەی پەیامی واڵای سەر عەسکەر نووسراو بۆ پایەی پەیوەندیدارانی سەدارەت کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەکە نووسراو کراوە. | | |




DH.MKT 02310.00004.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02310.00004</td><td>24 شەوال 1317 (٢٥ شوبات ١٩٠٠)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت<br>لەسەر لێبووردنی حیلمی بەگ قوماندان و قائیمقامی قەزای مەعمورەی حەمیدیە، لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، لە شوێن ناوبراو، ئەمین بەگ قائیمقامی ئالای ٣٥ی سوارە دەست بە کار دەبێت، لە مێژووی ٢٥ ئۆغستۆس ١٣١٥ نوسراوی بەندە راگەیەندراوە، لەبەر گرنگی قەزاکە و ماوەیەکی زۆریشە بە وەکالەت بەرێوە دەبردرێت، بۆیە لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە وەرگیراوە، لەسەر ئاماژە پێکردنی، بە پەلە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>



DH.MKT.02327.00037.001

| DH.MKT | 02327.00037 | 2 زيلحيجه 1317 (٣ نيسان ١٩٠٠) |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>ئەمین بەگ لە قائیمقامەکانی سەربازی شاهانە، لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە دامەزراوە، لەسەر ئاماژەی ویلایەتی موسڵ، لە ١٢ شوبات ١٣١٥ دووبارە نووسراو راگەیەندراوە، لەبەر گرنگی قەزای ناوهاتوو و هاتنی وەرزی هەژماری ساڵانەی سەرمەڕ، ئەمجارە لە ویلایەتی ناوهاتوو نووسراو کراوە، پەلە بکرێت لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکە. | | |





DH.ŞFR.00247.00082.001

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00247.00082</td><td>26 موحەررەم 1318 (٢٦ مایس ١٩٠٠)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>.............. کوڕی خان نیازی ئەوەی هەیە، هێرش بکاتە سەر بانە، بۆ دروست کردنی کۆمەڵەیەکیش پەیوەندی بە ئاغاکانی پشدەر کردووە، بەڵام حکوومەت ڕێگە نادات ئەم هەنگاوە سەر بگرێت، بۆیە لەسەر سنووریش ڕووداوێك ڕوویندا‌وە، لە موتەسەرفی سلێمانی هەواڵ نێردراوە.<br>والی موسڵ حازم</td></tr>
</table>




DH.MKT 02355.00065.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02355.00065</td><td>7 سەفەر 1318 (٦ حوزەیران ١٩٠٠)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ لایەنی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت<br>یونس ئاغا نائیبی حکوومەتی پێشووی شارۆچکەی بانە مردووە، کوڕەکەی لەگەڵ عوسمان ئاغا، عەلی ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری دوای ڕێککەوتن کۆبوونەتەوە، دواتر لەگەڵ نەفیری عام جولەی کردووە، بەڵام لە گوندی سیارن، دانیشتوان رووبەروویان بوونەتەوە و شەڕوپێکدادان روویداوە، لە ئەنجام عوسمان ئاغا بە دیل گیراوە، بۆ کۆتایی هێنان بەم کارە، دووبارە نەفیری عام جولەیان کردووە، هەروەها بانە نزیکی پشدەرە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت رووداو رووبدات، نووسراو بۆ فرقەی قوماندانیەتی ویلایەتی موسڵی عالی کراوە، لە موشیرەتی شکۆدار هەواڵ نێردراوە، بە ئاماژەی واڵای سەر عەسکەر لە مێژووی ٤ مایس ١٣١٦ ژمارە ٧١٦ نووسراوی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت دەرچووە، تا ڕێگە نەدرێت سەرپێچی بکرێت، ئاگاداری دراوەتە ویلایەتی ناوهاتوو، وەڵامەکەی وەرگیراوە و هاوپێچ تەلەگرافنامە پیشکەش کراوە، کوڕی ناوبراوی مردوو بۆ ئەوەی دووبارە هێرش بکاتەوە سەر بانە سەردانی ئاغاکانی پشدەری کردووە، بەڵام حکوومەت ڕێگەی نەداوە، بۆیە رووداو روونادات.</td></tr>
</table>





DH.MKT.02401.00046.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02401.00046 | 15 جەمادی یەکەم 1318 (١٠ ئەیلوول ١٩٠٠) |
| --- | --- | --- |

بۆ سەر عەسکەر
ئەمیـن بەکـر قائیمقامـی ئـاڵای ٣٥ی سـوارە، بـە قومانـدان و قائیمقامیەتـی مەعمـورەی حەمیدیـە دامـەزراوە، مووچەکـەی لەلایەنـی سـەربازییەوە دابیـن کـراوە، کە مانگانـە ١١٢٥ قوروش مووچـەی بۆ دەبردرێتـەوە، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکـەش، لـە ویلایەتـی موسـڵ ئـاگاداری وەرگیـراوە، بـە ووتـەی ژمێریـاری راگەیەنـدراوە و نـووسراوی بـۆ کـراوە.




DH.MKT.02448.00087.001

| 12 شەوال 1318 (٢ شوبات ١٩٠١) | 02448.00087 | DH.MKT |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵی عالی<br>محەمەد ئەفەندی فەرمانبەری ناسنامەی قەزای مەعمورەی حەمیدیە، بۆ جێبەجێ کردنی فەریزەی حەج، مۆڵەتی ٦ مانگی پێ دراوە، لەسەر نووسراوی ١٤ تشرینی دووەم ١٣١٦ ژمارە ٨٠ جێگیر کراوە. | | |





DH.TMIK.M.00111.00033.001


هەواڵنامەی کتێب

| 2 جەمادی کۆتایی 1319 (١٦ ئەیلوول ١٩٠١) | 00111.00033 | DH.TMIK.M |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
هـەواڵ هاتـووە، بایـز کاکـە عەبدوڵـڵا لـە سـەرۆکەکانی مەنگـوری لـە وەزنـە، هەروەهـا حەمـە بایـز بلبـاس و ئـەم سـەربازانەی کـە حاکیمەکانـی سـاوجبۆلاق و سەردەشـت کۆیـان کردۆتـەوە، لەگـەڵ ٨٠٠ خانـە دێنـە سـنووری قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـە، لـە قائیمقامیەتـی قـەزای ناوهاتـوو هـەواڵ هاتـووە، ئەگـەر ناوبـراوان لـە ئێرانـەوە ملکـەچ و پارانـەوەی خۆیـان بـۆ پەیوەندیدارانـی خەلافـەت رابگەیەنـن، ئـەوا رابگەیەندرێـت بـە چ شـێوازێك مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێـت.
نازم والی موسڵ









| DH.ŞFR | 00259.00112 | 17 موحەررەم 1319 (٦ مایس ١٩٠١) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
هەردوو عەشیرەتی مەنگور و عەشیرەتی پشدەر، بەشێکی لە ناو خاکی ئێران و لەم شوێنانەن کە لە سنووری خاقانی نزیکە، بەشەکەی تریشی لە قەزای مەعمورەی حەمیدیەن، لە نێوانیان دوژمنایەتی هەیە و بەهۆی رووداوەکانەوە هەواڵی زوڵم و سەرپێچی پشدەریەکان بەرامبەر بە مەنگوریەکان هاتووە، لەلایەن حکوومەتی ناوەخۆ و سەربازی شاهانەی سەر سنووریش رێگری لەم سەرپێچیە کراوە، بە گوێرەی پێویستیش بە هەنگاو هەموو جۆرە ئامۆژگاریەکیان پێدراوە، بەڵام لە رێگەگرتن سەرکەوتوو نەبوونە، لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم دواییە نزیکەی ٣٠ کوژراو هەبووە، پشدەریەکانیش بە دۆراوی گەراونەتەوە، بە گوێرەی ئەم هەواڵانەی کە هاتووە، واپێدەچێت رووبەڕووبوونەوەی نێوان عەشیرەتەکان سەر لە نوێ روو بداتەوە، ئاماژە دراوەتە قوماندان و قائیمقامیەتی ناوەخۆ و موتەسەرفی سلێمانی، تا ئامادەکاری بکرێت و رێگە لەم رووداوانە بگیرێت، هەروەها پەیوەندی بە موشیرەتی شکۆداریش کراوە، لە یەکەم هەنگاودا تەلەگرافنامە رەوان کراوە، بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکرێت بڕی لەناوچوون بە ١٠٠ کەس زیاترە خەملێنراوە، بەڵام دوای پرسیار کردن، لەم وەڵامەی کە وەرگیراوە لە ناوچوون بۆ ٣٠ کەس کەمی کردووە، ئەگەری هەیە ئەم ژمارەیە زیادەڕۆیی تێدا کرا بێت. زانیاری راگەیەندراوە.
والی موسڵ حازم




DH.ŞFR.00259.00117.001



DH.ŞFR.00259.00117.001


<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00259.00117</td><td>18 موحەررەم 1319 (٧ مایس ١٩٠١)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>هاوپێچی تەلەگرافی مێژووی ٢٣ نیسان ١٣١٧، ئێستا لە قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە تەلەگرافنامە وەرگیراوە، لە ئەنجامی رووبەرووبوونەوەکە، لە ئاغاکانی مەنگور حەمدی بایز ئاغا، حەمزە ئاغا و عەلی ئاغا لە ئەندامانی عەشیرەتەکانیش حەوت کەس و لە عەشیرەتی پشدەریش ئەحمەد ئاغا مردووە، هەرچی هاوکارەکانە، ئەوا دیار نییە چەند کەس مردووە، بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت رووداوی لەم جۆرە دووبارە بێتەوە، ئامادەکاری پێویست ئەنجام بدرێت.<br>حازم والی موسڵ</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00271.00108.001

| DH.ŞFR | 00271.00108 | 2 رەمەزان 1319 (١٣ كانوونی یەكەم ١٩٠١) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شكۆدار
لـە قائیمقامەكانـی سـەربازی ئەمیـن بـەگ، لـە قوماندانیەتـی و قائیمقامیەتـی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیەیـە، كەچـی لەلایەنی موشـیرەتی لەشـكری شەشـەمی هومایۆن، خەریكـە لادەدرێت، چونكـە بە تاقیكردنەوە سـەلمێنراوە، بەڕێوەبردنـی دوو ئەركـی وەكـو قائیمقـام و قوماندانیەتـی لەلایـەن كەسـێكەوە دەبێتـە هۆی دروسـت بوونی كێشـە و كۆتایـی نەهاتنـی، لـە موتەسـەرفی سـلێمانی راگەیەنـدراوە، لەبـەر گرنگـی شوێنەكەشـەوە ناكرێـت ماوەیەكـی درێـژ بـە وەكالـەت بەڕێوەببردرێـت، هەرچـی زووە بـە پەلـە كەسـێك دابمەزرێـت و ڕەوان بكرێـت، راگەیەنـدراوە.
ڕەشید والی موسڵ



DH.MKT.00455.00008.001


| DH.MKT | 00455.00008 | 6 زيلحيجه 1319 (١٦ مارت ١٩٠٢) |
| --- | --- | --- |
| بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی تۆمار<br>ئەم تەلەگرافنامەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە<br>دوێنــی بەیانــی ســەربازی شــاهانە لــە مەرکــەزی قــەزا، هێرشــیان کردۆتــە ســەر بــازار و خەڵکیــان ئابلۆقــەداوە، لــەم کاتــەدا ئەســپ ســوارێك بــۆ ناڵبەنــد کردنــی ئاژەڵەکــەی لــە بــازار بــووە، چــەك و جلوبــەرگ و کەلوپەلــی ئەســپ ســوارەکەیان تــاڵان کــردووە، لــە قائیمقامیەتــی مەعمــورەی حەمیدیــە ئامــاژەی پێکــراوە، لــە موشــیرەتی لەشــکری شەشــەمی هومایۆنــی شــکۆدار و قوماندانــی فرقــەی ١٢ راگەیەنــدراوە، بــە گوێــرەی ئــەم وەڵامــەی کــە دێــت مامەڵەکــە ئاســایی جێبەجــێ دەکرێــت.<br>رەشید والی | | |



| DH.MKT | 00465.00007 | 26 زیلقەعدە 1319 (٦ مارت ١٩٠٢) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
١٣٨١

ئەمین بەگ قائیمقامی قەزای مەعمورەی حەمیدیەی ویلایەتی موسڵ و قائیمقامی سەربازی شاهانە، لەلایەن لەشکری هومایۆن لادراوە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو، خەلیل ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای عەدین دامەزرێت، وەڵام لە جەنابی پەیوەندیداری نەزارەت هاتووە، هەروەها لە مەزبەتەی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە مێژووی ١١ شوبات ١٣١٧ ژمارە ٣٥٠٣ نووسراوی سەدری ئەعزەم هاتووە، خەلیل ئەفەندی لە قەزاکانی حجور و عەدین دامەزراوە، کەچی لە قۆمیسیۆن ئەرکەکەی پەسەند نەکراوە، ئاماژەی پێکراوە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو کەسێکی دەرچووی مەکتەب یاخود کەسێکی هەڵبژێردراو دامەزرێت. لە نووسراوی پێشوو راگەیەندراوە، قەزای ناوهاتوو کە لە چینی سێیەمە، بۆ قائیمقامیەتەکەی مولازمێك نییە ئارەزووی ئەم کارە بکات، لە ویلایەتی دیاربەکر محەمەد تۆفیق ئەفەندی هەڵبژێردراو لە چینی سێیەم، کە لە قائیمقامیەتی دیرك کۆتایی بە ئەرکەکەی هاتووە، بۆ ئەم کارە گونجاو نییە، لە ئاماژەی پێشووتر بۆ جەنابی پەیوەندیداری نەزارەت رەوان کراوە و لە وەڵامی ویلایەتی ناوهاتوو، نووسراوی مێژووی ٢٨ ئۆغستۆس ١٣١٧ ژمارە ٨١، حاجی محەمەد تۆفیق ئەفەندی داوای کردووە لە قائیمقامیەتێك دامەزرێت، بەم تێروانینە محەمەد تۆفیق ئەفەندی لە قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە دامەزرێت، بە دەرچوونی فەرمانی جەنابی پەیوەندیداری نەزارەت مامەڵەکە جێبەجێ دەکرێت، بەمەش نووسراوی سەدری ئەعزەم رەوان کرایەوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.



| İ.DH | 01386.000030 | 16 رەبیعی کۆتایی 1319 (٢ ئۆغستۆس ١٩٠١) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
١١٩٥
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لەسەر ئەم نووسراوەی کە لە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار بۆ شورای دەوڵەت رەوان کراوە، مەزبەتە لە فەرمانگەی دارایی رێکخراوە و بە هاوپێچەوە پێشکەش کراوە، قەزای مەعمورەی حەمیدیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ قۆناغی حکوومەتی نییە، فەرمانبەران لە خانەی خۆیان ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، خەریکە خانەیەک دەکردرێت، تا بکرێتە قۆناغی حکوومەت، بۆ ئەمەش ٧٠٠٠ قوروش خەرجی دروست کردن و نۆژەنکردنەوەیەتی، لە بودجەی داد ١٧٠٠٠ و هەندێك قوروش بۆ موازەنەی ناوەخۆ گوازراوەتەوە، بە پێویست زانراوە بگوازرێتەوە نەزارەتی ناوهاتوو، لەم بابەتەدا بە هەر شێوەیەك بێت فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کرا ئەفەندم.
سەدری ئەعزەم





<table>
<tr><td>BEO</td><td>001656.124170</td><td>14 سەفەر 1319 (٢ حوزەیران ١٩٠١)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قۆمیسیۆن و چاکسازی بەخێراکردنی مامەڵە<br>وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیە کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە<br>هاوپێچی نووسراوی ٢٣ نیسان ١٣١٧، بۆ ئەم بابەتە تەلەگرافنامە لە قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە وەرگیراوە، لە رووبەرووبوونەوەکەدا دەرکەوتووە، حەمدی ئاغا و عەلی ئاغا لە ئاغای مەنگور، لە ئەندامانی عەشیرەتیش حەوت و لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی پشدەریش ئەحمەد ئاغا و رزا ئاغا کوژراوە، تا ئێستا ژمارەی دروستی لەناوچووان دیار نییە، بۆ رێگەگرتن لە رووداوەکان ئامادەکاری پێویست ئەنجام بدرێت، راگەیەندراوە.</td></tr>
</table>

<table>
<tr><td>BEO</td><td>001656.124170</td><td>14 سەفەر 1319 (٢ حوزەیران ١٩٠١)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قۆمیسیۆن و چاکسازی بەخێراکردنی مامەڵە<br>وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیە کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە<br>ئەم عەشیرەتانە بەشێکی لە ناو ئێران و لەم ناوچانەن کە نزیکە لە سنووری خاقانی، بەشەکەی تریش لە قەزای مەعمورەی حەمیدیەیە، دەرکەوتووە دیسان لەگەڵ عەشیرەتی مەنگور، عەشیرەتی پشدەر لە ناو قەزای ناوهاتوون، لەبەر دوژمنایەتی نێوانیشیان، پشدەریەکان ئامادەکاری دەکەن، تا پەلاماری مەنگوریەکان بدەن، بە وەرگرتنی ئەم هەواڵە، لەلایەن حکومەتی ناوەخۆ و سەربازانی سەر سنوور رێگەیان لێ گیراوە، بە گوێرەی پێویست هەموو جۆرە ئامۆژگارییەك و رێنماییەك دراوەتە ئەمانە، بەڵام بێ سوود بووە، لە کۆتاییدا لەم رووبەرووبوونەوەی کە روویداوە، نزیکەی ٣٠ کەس مردووە و پشدەریەکان بە دۆراوی گەراونەتەوە، وا پێدەچێت دیسان لە نێوان عەشیرەتە ناوبراوەکان رووبەرووبوونەوە رووبدات، بۆیە ئامادەکاری کاریگەر ئەنجام بدرێت، ئەمەش بە قوماندانی خۆچێی و قائیمقامیەت و موتەسەرفی سلێمانی راگەیەندراوە، گفتوگۆ لەگەڵ موشیرەتی شکۆداریش کراوە، لەم بابەتەدا مانگانە تەلەگرافنامە وەرگیراوە و تێدا روون کراوەتەوە، بە بێ لێکۆڵینەوە بری لەناوچووان لە ١٠٠ کەس زیاتر خەملێنراوە، بەڵام دواتر لەم وەڵامەی کە وەرگیراوە ژمارەکە بۆ ٣٠ کەس کەم بۆتەوە، راگەیەندراوە فەرمان.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 001712.128346 | 14 جەمادی یەکەم 1319 (٢٩ ئۆغستۆس ١٩٠١) |
| --- | --- | --- |


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
وێنەکانی لە بالآدا تۆمار کراوە، هەروەها فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت لە پەراوێزەکەی هاتووە، داوا لە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار کراوە هیمەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.

ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەم خانووە ئەنجام دراوە، کە لە قەزای مەعمورەی حەمیدیە بۆ قۆناغی حکوومەت دەکرێت.




| BEO | 001814.135989 | 11 زیلحیجه 1319 (٢١ مارت ١٩٠٢) |
|---|---|---|

بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەریمان
ئـەم سـەربازانەی لـە مەرکـەزی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـەن، هێرشـیان کردۆتـە سـەر بـازار و دانیشـتوانیان ئابڵوقـە داوە و چـەك و جلەکانـی ئەسـپ سـوارێکیان تـاڵان کـردووە، هەروەهـا ئـاگاداری دراوەتـە موشـیرەتی لەشـکری شـکۆدار و فرقـەی قومانـدان، ئـەم تەلەگرافنامەیـەی لـە ویلایەتـی موسـڵ بـۆ نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار ڕەوان کـراوە، لەگـەڵ نـووسراوی مێـژووی ٩ زیلحیجـە ١٣١٩ ژمـارە ١١٤ی نەزارەتـی ناوهاتـوو، بەیەکـەوە بـۆ لایەنـی واڵای سـپاهیدار نێـردراوە، چۆنیەتـی کارەکـەش بـە لایەنـی عالـی ڕاگەیەنـدراوە، ئـەم ئامادەکارییانـەی کـراوە، ئەنجامەکـەی بـە پەلـە ڕابگەیەندرێـت و هاوپێچـەکان ڕەوان بکرێتـەوە.




DH.MKT.02494.00073.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02494.00073</td><td>19 سەفەر 1319 (٧ حوزەیران ١٩٠١)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵی عالی<br>وەڵامی نووسراوی مێژووی ١٠ مارت ١٣١٧ ژمارە ٢، ئەم خانەیەی لە مەعمورەی حەمیدیە دەکرێتە قۆناغی حکوومەت، دەکڕدرێت و بۆ خەرجیەکەشی لە پایەی سەدارەت ڕەزامەندی نیشان دراوە، بە ووتەی ژمێریاری ڕاگەیەندراوە و نووسراو کراوە.</td></tr>
</table>




DH.MKT 02503.00096.001

<table>
<tr><th>DH.MKT</th><th>02503.00096</th><th>9 ڕەجەب 1319 (٢٢ تشرینی یەکەم ١٩٠١)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە<br>ئەمین بەگی پشدەری لە گوندی قامش سەر بە قەزای شارباژێر نیشتەجێیە، ژمارەیەکی تەواو تفەنگچی کۆکردۆتەوە و هێرشی کردۆتە سەر گوندی پلەزدن، بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر شەڕیان کردووە، ئەگەر ڕێگەی لێ نەگیرێت، ئەوا لە داهاتوودا ڕووداوی گەورە ڕوو دەدات، تاوەکو ئێستا ئەم کۆمەڵەیە پەرشوبڵاو نەکراوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەمین بەگ دووربخرێتەوە و کۆمەڵەکە پەرشوبڵاو بکرێتەوە، لە موتەسەرفی سلێمانی داواکراوە مەفرەزەیەکی نیزامیە دابمەزرێت و ڕەوان بکرێت، لەسەر ڕاگەیەندراوی وەکالەتی قوماندانی فرقەی ١٢، بۆ ئەوەی ڕێگە لە ڕووبەڕووبوونەوە بگیرێت و ڕێگە نەدرێت دووبارە بکرێتەوە، هەروەها ڕێگە نەدرێت سەرپێچی ڕوو بدات، ئەم مەفرەزەیە ببێتە پاڵپشتی بۆ ئەفسەری ناوچەکە، لە سلێمانی مەفرەزەیەك ڕێك بخرێت یاخود مەفرەزەی دەوروبەری ناوچەکە یەکبگرن و بۆ ئەم کارە دەست بە کار بن، هەرچی ڕاستی جێبەجێ کردنەکەیە، ئەوا لە پایەی ویلایەت پرسیار کراوە، لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنیش ئاماژەی پێکراوە، لە مێژووی ١٦ مایس ١٣١٧ ژمارە ٤١٧ نووسراوی پەیوەندیداری سەدارەت پێشکەشی سەر عەسکەر کراوە، ئەنجامی مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت و ڕابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02523.00021 | کۆتایی جەمادی یەکەم 1319 (١٣ ئەیلوول ١٩٠١) |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵی عالی<br>وەڵامـی مێـژووی ٢٣ حوزەیـران ١٣١٧ نـووسراوی عالییـە، قائیمقـام حیلمـی بـەگ تەنیـا بـە دەرماڵـەی سـەربازی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـە دامـەزراوە، بـۆ دابیـن کردنـی دەرماڵـەی مولکیـە، لـە مێـژووی ١٤ تشرینـی دووەم ١٣١٤ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت فەرمانـی داوە، ٢٤ تشرینـی دووەمـی هەمـان سـاڵیش، نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم دەرچـووە، بـەم تێروانینـە دەرماڵـەی مولکیـە لـە مێـژووی دەرچوونـی فەرمانـی پاشـا هەژمـار دەکرێـت، بـە ووتـەی ژمێریـاری نـووسراوی بـۆ کـراوە. | | |




DH.MKT.02544.00011.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02544.00011</td><td>کۆتایی رەجەب 1319 (١١ تشرینی دووەم ١٩٠١)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی عالی پەیوەندیداری سەدارەت<br>لـە باڵیۆزخانـەی تەهـران رەزامەنـدی دراوە، مامۆسـتای پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی دانیـمارك موسـیو دیتەفك، بـە رێگـەی موسـڵ و حەلـەب بچێتـە ئینگلتـەرا، بـەڵام لـە سـنووری قەزاکانـی سـلێمانی، مەعمـورەی حەمیدیـە، رانیـە و کـۆی سـانجەق پشـکنین و گەرانـی ئەنجـام داوە، دواتـر لـە خاکـی ئێـران گەراوەتـەوە سـاوجبۆلاق، لـە بـاش مودیریەتـی بەغـداد تەلەگرافنامـە نێـردراوە، لـە مێـژووی ١٨ ئەیلـوول ١٣١٧ ژمـارە ٣٩٨ وێنەیەکـی لـە نەزارەتـی پۆسـتە و تەلەگـراف رەوان کـراوە، لەسـەر بریـاری پەیوەندیـداری سـەدارەت پێشـکەش کـراوە.</td></tr>
</table>





DH.MKT 02562 00004 001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02562.00004 | 16 شەعبان 1319 (٢٨ تشرینی دووەم ١٩٠١) |
|---|---|---|


بۆ ویلایەتی موسڵ
لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی ئێران کاك عەبدوڵڵا زادە بایز ئاغا، لەگەڵ ٢٠٠ ئەسپ سواری عەشیرەتی مەنگوری ئێرانی، گوندەکانی ناحیەی پشدەریان تاڵان کردووە و بری ئەم ئاژەڵانەش بە ناردنی دەفتەر کاری پێویست ئەنجام بدرێت، لە پایەی ویلایەت نووسراوی مێژووی ٦ ئەیلوول ١٣١٧ ژمارە ٨٠ دەرچووە، لە کاتی پەیوەندی کردن بە ناردنی دەفتەری ناوهاتوو ئامۆژگاری پێویست دراوەتە باڵیۆزخانەی تەهران، لەم وەڵامەی کە وەردەگیرێت ئاگاداریەکە بە ئاسایی بینراوە، لە وەڵامی نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار، لە مێژووی ٣٠ تشرینی یەکەم ١٣١٧ ژمارە ٦١٧ نووسراو کراوە.



DH.MKT.02586.00111.001

| DH.MKT | 02586.00111 | 2 زیلقەعدە 1319 (١٠ شوبات ١٩٠٢) |
|---|---|---|

بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت
ئەمین بەگ قوماندان و قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە، لە قائیمقامەکانی سەربازیە، لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار لادراوە، بە پەلە بۆ قەزای ناوهاتوو قائیمقامێك دابمەزرێت و رەوان بکرێت، لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە وەرگیراوە، هەروەها لە ناو مولازمەکانی ویلایەتی یەمەن، هەندێك لە قائیمقامەکان زمانی عەرەبی و لە میزاجی عوربان شارەزان، لەمانە خەلیل ئەفەندی دابمەزرێت، ئەوراقی زانیاری هاوپێچ پێشکەش کراوە.



هەواڵنامەی کتێب

| 19 سەفەر 1319 (٧ حوزەیران ١٩٠١) | 02711.00042 | ŞD |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی تۆمار<br>ژمارە ١٢١٨<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>راگەیەندراوی بەندەمانە<br>لە قەزای مەعمورەی حەمیدیە قۆناغی حکوومەت نییە، فەرمانبەران بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو و هەر یەکە لە خانەکەی خۆی مامەڵەی خەڵك و حکوومەت جێبەجێ دەکەن، ئەمجارە بۆ قۆناغی حکوومەت خانەیەك دەکرێت، ئەم خانەیەش بە ١٧٠٠٠ قوروش لە موازەنەی ساڵی ١٣١٦ تەرخان دەکرێت، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارەش، لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، بە هاتنی ساڵی ١٣١٧ بۆ خەرجی کرین و نۆژەنکردنەوە، لە بودجەی داد ١٧٠٠٠ قوروش و هەندێك گوازراوەتەوە، بە ووتەی ژمێریاریش رەزامەندی لەسەر دراوە، لەم بابەتە بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.<br>نازری کاروباری ناوەخۆ | | |



| DH.TMIK.M | 00119.00029 | 14 سەفەر 1320 (٢٣ مایس ١٩٠٢) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٤١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
عەشیرەتی پشدەر لەگەڵ سەرۆکی عەشیرەتی مەنگور محەمەد بایز بە خەڵکێکی زۆرەوە دێنە سنوور، لەم بارەیەوە زانیاری لە ویلایەتی موسڵی عالی دراوەتە نەزارەتی شکۆدار، ئەگەر بێتو ئەم هەواڵە راست بێت، ئەوا دەبێ رێگە لەم جولە بگیرێت، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمان دراوەتە حکوومەت، ئەنجامەکەشی لە کۆتا رادەگەیەندرێت، ئاگاداری دراوەتە وەزارەتی کاروباری دەرەوە و لە باڵیۆزخانەی تەهرانیش نووسراو وەرگیراوە، وێنەیەکی لە سەرەتای سەفەر ١٣٢٠ راگەیەندراوە، لەم لێکۆڵینەوانەی کراوە، روون بۆتەوە بایز ئاغا سەرپێچی نەکردووە و فەرمانبەرانی سنووریش زانیاریان نەناردووە، تێدا دووپاتی بکەنەوە کە لەلایەن ناوبراوەوە هێرشیان کرابێتە سەر، ئەم پروپاگەندەیە لەلایەن پشدەریەکان کراوە تا هێرشی خۆیان بۆ سەر مەنگوریەکان بشارنەوە و لە بیری ببنەوە، لەگەڵ ئەمەش بەڵێننامەی لە وەرگیراوە، تا هێرش نەکاتە سەر دەوروبەر، دیسان فەرمانبەرێك بۆ لای ئاغای ناوبراو رەوان کراوە، بە ئاماژەی کارگوزاری ئازربێجان، لە وەزارەتی ناوهاتوو راگەیەندراوە، ئەمجارە لە باڵیۆزخانەی ناوهاتوو هاوپێچ نووسراو وەرگیراوە و تێدا نیشان دراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.
نازری دەرەوە





DH.TMIK.M 00140 00019 003

هەواڵنامەی کتێب


| DH.TMIK.M | 00140.00019 | 3 زیلحیجه 1320 (٣ مارت ١٩٠٣) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەباریەکانی سانجەقی سلێمانی و لە کەرکووکیش سەیدەکانی تاڵەبانی رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە، لە نێوان یەکتر شەڕ روویداوە، تاڵەبانیەکان دوو پیاوماقولی جەباریەکانیان کوشتووە، بەم هۆیەشەوە لە نێوانیان دوژمنایەتیەکە قوڵتر بۆتەوە، بۆ هێرش کردنە سەر یەکتر، هەردوو لا خەریکی کۆکردنەوەی کۆمەڵن و سەرقاڵی ئامادەکارین، لە موتەسەرفی سلێمانی ئاماژەی پێکراوە، لەم بابەتەدا بە پەلە ئامادەکاری بکرێت و ڕێگەیەك بدۆزرێتەوە، ئەم دوو کۆمەڵەیە پەرشوبڵاو بکرێتەوە و ڕێگە نەدرێت دوژمنایەتی فراوانتر بێت، نووسراو بۆ جەنابی محەمەد پاشا و موتەسەرفی کەرکووك کراوە، هەروەها بۆ سلێمانیش نووسراو کراوە.
نوری والی موسڵ




| DH.ŞFR | 00290.00114 | 23 جەمادی یەکەم 1320 (٢٨ ئۆغستۆس ١٩٠٢) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جگە لە واژووەکانی دەستەی قەزا، لە وەکیلی قائیمقامی قەزای مەعمورەی حەمیدیە، تەلەگرافنامە وەرگیراوە و تێدا هاتووە، لە ناوەخۆ ئەفسەر و ئەندامانی سەربازی لەگەڵ بینباشیەکانی نیزامی ئەرکی سەربازیان جێهێشتووە، بەم کارەش بازرگانی و کاروکاسبی دانیشتوان و ئەرکی فەرمانبەرانی ناوخۆ و مامەڵەی مولکیە و دادی پەککخستووە، ئەم کەسانەی بوێری لێدان و ئەشکەنجەدانی خەڵك و سەرپێچی دەکەن، هەڵاتوون و چوونەتە ناحیەی مەرگە، تەلەگرافنامەیەکی تر بە واژووی ٩ کەس لە دانیشتوان بەرز کراوەتەوە، تێدا روون کراوەتەوە، کە فەرمانبەرانی سلێمانی و ئەفسەرانی سەربازی مامەڵەی پێچەوانەی یاسا و رەزامەندی عالی هەڵسوکەوت دەکەن، لەبەر بێ توانایی وەکیلی قائیمقام سکاڵا بەرز کراوەتەوە، هەروەها لە موتەسەرفیەتیش دووپاتکراوەتەوە، دانیشتوانی سەر سنووری ئێران بە تەواوەتی لە عەشیرەتی کوردی پێك هاتوون، بۆیە قەزای ناوهاتوو جێگەی گرنگی پێدانە، ئەم رووداوانەی روو دەدات جێگەی خۆشحاڵی نییە، لە بارەی ئەندامانی ئەفسەران بە لێکۆڵینەوە مامەڵەی یەکلاییکەرەوە بدرێت، بە گەرانەوەی دەستە ئاسایشی ناوچەکە بەرقەرار دەبێت، جگە لەمە دانیشتوانەکەی هەواڵیان داوە، ساڵح بەگ ئاغای تابووری زەبتیەی پێشوو بە وەکالەت لە قائیمقامیەت دامەزرێت و رەوان بکرێت، هەروەك بە موتەسەرفیەتی سلێمانی ووتراوە، هەرچی زووە جولە بکرێت و بۆ ساڵح بەگ نووسراو کراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەلایەنی دادەوە ئەنجام دەدرێت، داواکاری گشتی پێشووی لیوا بچێتە قەزای ناوهاتوو، بۆ ئەمەش لە نەزارەتی دادی شکۆدار رەزامەندی وەرگرتووە، قەزای ناوهاتوو زۆر گرنگ و شوێنەکەی ستراتیژیە، بۆیە پێویستی بە قائیمقامێکی لێهاتووە.
والی موسڵ نوری




DH.ŞFR.00293.00017.001

<table>
<tr><th>DH.ŞFR</th><th>00293.00017</th><th>17 جەمادی کۆتایی 1320 (٢١ ئەیلوول ١٩٠٢)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>دەستەی قەزای مەعمورەی حەمیدیە شوێنەکەیان بەجێ هێشتووە و دەگوازرێنەوە بۆ مەرگە، هەروەها ئەم ئامادەکاریەی کە لە ویلایەت ئەنجام دراوە، لە تەلەگرافنامەی بە شیفرەی ١٥ ئۆغستۆس ١٣١٨ بە تێروتەسەلی راگەیەندراوە، کە لە کاتی خۆیدا بە زیادەوە لە قەزای ناوهاتوو قائیمقامیەتی کردووە، لە بەر هەندێك هۆکار قائیمقامیەتەکەی لێ وەرگیراوەتەوە، تەنیا بە ئەرکی قوماندان لە ناوچەکە ماوەتەوە، لەسەر ئەم هەواڵانەی هاتووە، ناوبراو دادگایی دەکرێت و لە شوێن ئەو مستەفا بەگ میری ئاڵای دامەزراوە و دەستی بە رۆیشتن کردووە، تەلەگراف لەلایەن فەریق محەمەد پاشا دەرچووە، ساڵح بەگ ئاغای تابووری پێشووی سلێمانی بە گەیشتنی بۆ ناوچە، دەستەی ناوەخۆ لە مەرگە گەڕاوەتەوە بۆ مەرکەزی قەزا و لێکۆڵینەوە لە هۆکاری مەسەلەکە دەکرێت، ئاگاداری دراوەتە موتەسەرفی سیواس، تا کارەکە جێبەجێ بکات، بە راگەیاندنی سەرەتا و دوا ئاگاداری ئەنجامەکەی رادەگەیەندرێت، هەروەها لە نێوان هۆکارەکان قەزا پشتگیری کارەکە دەکات، پێویستە یاریدەدەری داواکاری گشتی سلێمانیش لە لێکۆڵینەوەکە بەشداری بکات، ئەگەرچی داواکاری گشتی ئیستیناف لە لایەنی نەزارەتی دادی شکۆدارەوە رەزامەندی نیشان داوە، بەڵام رەزامەندی نەداوە.<br>نوری والی موسڵ</td></tr>
</table>




| 6 رەبیعی یەکەم 1320 (١٣ حوزەیران ١٩٠٢) | 00523.00024 | DH.MKT |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>ئەمجـارە داود نائیـل ئەفەنـدی لـە وەکالەتـی قائیمقامیەتـی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـەی ویلایەتـی موسـڵ دامـەزراوە، خەرجـی رێگاکـەی بـە ١٥٨١ قـوروش هەژمـار کـراوە، بـە ووتـەی ژمێریـاری ناردنـی راگەیەنـدراوە. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00556.00031 | 4 جەمادی یەکەم 1320 (٩ ئۆغستۆس ١٩٠٢) |
| --- | --- | --- |

بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لـە مولازیمـە لێهاتـوو و بـە توانایەکانـە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـە دووره و مووچەکـەی لـە ١١٢٥ قـوروش پێـك دێـت، قەبوڵـی نەکـردووە بچێتـە سـەر کارەکـەی، تـا کەسـێکی گونجـاو دەدۆزرێتـەوە، بـە وەکالـەت داود نائیـل ئەفەنـدی دادەمەزرێـت، ناوبـراو دەرچـووی مەکتەبـی دواناوەنـدی و لـە زەمانـی ناوچەکـە ئاشـنایە، لـە کاتـی چوونـە سـەر ئەرکەکـەی، لەگـەڵ دەسـت بـە کار بوونـی مانگانـەی ١١٦٢ و نیـو قـوروش مووچـەی بـۆی دابیـن دەکرێـت، لـە شـوێنە کۆنەکەشـی دەسـت لـە کار هەڵگرتنـی بـۆ دەکرێـت، هەرچـی خەرجـی رێگایـە بـە ووتـەی ژمێریـاری بـۆی دابیـن دەکرێـت.



| DH.MKT | 00661.00066 | 4 زیلحیجه 1320 (٤ مارت ١٩٠٣) |
|---|---|---|
| بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>شـارۆچكەی بانـە كـە لـە سـەر سـنووری خاقانـی ئێرانـە، لـە نێـوان حاكـم و بەگزادەكانـی ناكۆكـی هەیـە، بـە هـۆی نـوێ بوونـەوەی دوژمنایەتیەكـەش، چەنـد بەگزادەیـەك كـوژراوە، بۆیـە كۆمەڵەیـەك پێـك هێـنراوە و لـە سـنوور پەیوەندییـان بـە عەشـیرەتی پشـدەر كـردووە، بـۆ تۆڵەسـەندنەوە داوای هاوكاریـان كـردووە، بـەم هەواڵـە، نابـێ هیـچ عەشـیرەتێكی عوسـمانی بەشـداری ئـەم دوژمنایەتیـە بـكات، ئـاگاداری دراوەتـە قائیمقامەكانـی شـارباژێر و مەعمـورەی حەمیدیـە، لـە ویلایەتـی موسـڵ زانیـاری دراوە، لـەم تەلەگرافنامەیـەی كـە لـە موتەسـەرفی سـلێمانی وەرگیـراوە، زانیاریـەكان راگەیەنـدراوە. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 001838.137788 | 17 موحەررەم 1320 (٢٦ نیسان ١٩٠٢) |
|---|---|---|


بابی عالی
قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە
ژمارە ٥١

لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیەی ویلایەتی موسڵ، بە کراوەیی ماوەتەوە، لە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆداریش خەلیل ئەفەندی هەڵبژێردراوە، بەڵام هەڵبژاردننامەی قائیمقامیەتی پێ نەدراوە، بۆیە کەسێکی گونجاو تر لە قەزای ناوهاتوو دابنرێت، لە مەزبەتەی ٤ شوبات ١٣١٧ راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، ئەمجارە لە نەزارەتی ناوهاتوو نووسراوی مێژووی ١٨ مارت ١٣١٨ ژمارە ٢٥١ پێشکەشی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە کراوە، کەسێك نییە مولازم بێت و ئارەزووی قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیەی چینی سێیەمە بکات، بەڵام تۆفیق ئەفەندی هەڵبژێردراو لە چینی سێیەم، پێشتر لە قائیمقامیەتی قەزای دیرەکی ویلایەتی دیاربەکر دامەزراوە و کۆتایی بە کارەکەی هاتووە، دیسان داوای کردووە لە قائیمقامیەتێك دابمەزرێت. کەچی زانیاری تۆماری کەسێتی ووردبینی بۆ کراوە، دەرکەوتووە تەمەنی گەیشتۆتە پیری و لە قائیمقامیەتی یەکەم کە لە نوسەیبین بووە، لەبەر تەمبەڵی و بێ توانایی لە کارەکەی لادراوە، بۆیە کەسێکی تر لە قەزای مەعمورەی حەمیدیە دابمەزرێت، کە تەمەنی گونجاو بێت، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو نێردراوە، نووسراوی ناوهاتوو رەوان کراوەتەوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.



BEO.001958.146791.001

<table>
<tr><th>BEO</th><th>001958.146791</th><th>25 شه‌عبان 1320 (٢٧ تشرینی دووه‌م ١٩٠٢)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ لایه‌نی واڵای سه‌ر عه‌سكه‌ر و نه‌زاره‌ته‌كانی دارایی و داد و ده‌فته‌ری خاقانی شكۆدار<br><br>وێنه‌كانی له‌ باڵادا تۆمار كراوه‌ و فه‌رمانی پاشای جه‌نابی په‌یوه‌ندیداری خه‌لافه‌ت له‌ په‌راوێز ئاماژه‌ی پێكراوه‌، ئاگاداری دراوه‌ته‌ نه‌زاره‌ته‌كانی ناوه‌خۆ و دارایی و داد و ده‌فته‌رخاقانیش، له‌ لایه‌نی سه‌ر عه‌سكه‌ر جێبه‌جێ بكرێت.<br><br>له‌ ناحیه‌ی سورتاشی سلێمانی، كه‌ سه‌ر به‌ قه‌زای مه‌عموره‌تولحه‌میدیه‌یه‌، له‌ قه‌زای ناوهاتوو ده‌سه‌نرێت و ده‌خرێته‌ سه‌ر مه‌ركه‌زی لیوا.</td></tr>
</table>




DH.TMIK.M.00161.00046.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M | 00161.00046 | 3 زیلقەعدە 1321 (٢١ کانوونی دووەم ١٩٠٤) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٣٤١١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
بایز ئاغا لەلایەن حکوومەتی ئێران مووچە و پلەی پێدراوە، بەڵام بەجێی هێشتووە، لەگەڵ ٥٠٠ خانەی عەشیرەتەکەی هاتۆتە قەزاکانی رانیە و مەعمورەی حەمیدیە، لە بارەی نیشتەجێ کردن و قەبوڵ کردنی ناوبراو، بە ئاماژەی ویلایەتی موسڵ و بریاری ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمان رەزامەندی نیشان داوە، کە ناوبراو پلەی میری میرانی پێ بدرێت، بریار و فەرمانی هومایۆنی شاهانە دەرچووە، بۆ جێبەجێ کردنی هیممەت بکرێت.
سەدری ئەعزەم



DH.TMIK.M.00165.00022.001

| DH.TMIK.M | 00165.00022 | 19 زيلحيجه 1321 (٧ مارت ١٩٠٤) |
| --- | --- | --- |

بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەر و نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار

دوای مردنـی مسـتەفا بـەگ قوماندانـی مەعمـورەی حەمیدیـە، تـا ئێسـتا قوماندانێکـی لێهاتـوو دانەمـەزراوە و هێشـتا قائیمقامـی قـەزا نەچۆتـە ناوچەکـە، لەلایەکـی تـر دوژمنایەتـی کۆنـی نێـوان عەشـیرەتەکانی پشـدەر و مەنگـور نـوێ بۆتـەوە، لەلایـەن پشـدەریەکانەوەش هێـرش و پەلامـار بـۆ سـەر مەنگورێـەکان بەردەوامـە و کۆتایـی نەهاتـووە، بـۆ ئامـۆژگار و ڕێگەگرتـن لـە ڕووبەڕووبوونـەوە، دەسـتەی سـوڵح لـە سـلێمانی ڕۆیشـتووە و بـە موتەسـەرف ڕاگەیەنـدراوە، لەگـەڵ ئەمـەش ئامـادەکاری پێویسـت ئەنجـام دەدرێـت، بـە بەشـداری کردنـی وەکیلـی قائیمقامـی قـەزای ناوهاتـوو، بـە پەلـە لـە قوماندانیـەت و لـە میـرە سـەربازییەکانی کەرکـووك، کەسـێکی لێهاتـوو دابمەزرێـت و ڕەوان بکرێـت، لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە، لـە قۆمیسـیۆنی بـە خێراکردنـی مامەڵەکانیـش خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە و ئامـاژە دراوەتـە موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی شـکۆدار، لـە بـارەی هـاوکاری سـەر عەسـکەر نـووسراو کـراوە.

دەرەوە

لـە نێـوان عەشـیرەتەکانی پشـدەر و مەنگـور دوژمنایەتـی کـۆن هەیـە و نـوێ بۆتـەوە، لەلایـەن پشـدەریەکانیش ئامـادەکاری دەکرێـت، تـا هێـرش بکرێتـە سـەر مەنگـور، لـەم هێرشـە عەشـیرەتەکانی بانـەی ئێـران نیـازی بەشـدار کردنیـان هەیـە، بەمـەش کۆمەڵێـك سـەرپێچی و تـاڵان ڕوویانـداوە، بـۆ ئـەوەی کۆتایـی بـەم بابەتـە بێـت، تەلەگرافنامـە لـە ویلایەتـی موسـڵ وەرگیـراوە و لـە قۆمیسـیۆنی خێراکردنـی مامڵـەکان خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، بـۆ ڕێگـە گرتـن لـە سـەرپێچیەکانی عەشـیرەتەکانی ئێرانیـش، حکوومەتـی ئێـران دەستپێشـغەری کـردووە، ئـاگاداری دراوەتـە باڵیۆزخانـەی تەهـران، لـە ویلایەتیـش زانیـاری نێـردراوە.



Y.MTV.00256.00081.002



Y.MTV.00256.00081.003

| 8 زیلحیجە 1321 (٢٥ شوبات ١٩٠٤) | 00256.00081 | Y.MTV |
|---|---|---|

پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی تۆمار
تایبەتی
وێنەی شیفرەی ئەم تەلەگرافنامەیە، کە لە مێژووی ١٠ شوبات ١٣١٩، لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن رەوان کراوە.

هاوپێچی تەلەگرافنامەی ٨ شوبات ١٣١٩، لە نێوان عەشیرەتەکانی پشدەر و مەنگور رووبەرووبوونەوە و ناکۆکی هەیە، بۆ هێورکردنەوەی ئەم بارودۆخە و بەلاوەنانی تاوانەکان، ئاگاداری دراوەتە قائیمقامیەت، بەڵام پشدەریەکان گوێ ناگرن و تاوانەکانیان بۆ سەر مەنگوریەکان بەردەوامە، کاتژمێرێك لە مەرکەزی قەزا دوورن، لەگەڵ رۆژهەڵاتن بە چڕی دەستیان بە شەڕ کردووە، پشدەریەکان لەم شەرە شکستیان خواردووە، مەنگوریەکانیش لە تاو گیانی خۆیان ٦ گوندیان سووتاندووە و تاڵان کردووە، هەردوو لا زیانیان پێ گەیشتووە، بەڵام برەکەی دیار نییە، هەروەها شەڕی هەردوولاش بەردەوامە، لە ئاماژەی وەکالەتی قوماندانی مەعمورەی حەمیدیە راگەیەندراوە، بەڵام وەکالەتی قوماندانی فرقەی ١٢ی ویلایەتی موسڵ پەلەی نەکردووە، بەم شێوەیەش رووداوەکان فراوانتر بوونە، لە مەسەلەی عەشیرەتەکانی عوسمانی و ملکەچ بوونیان نییەتی پیسی فەرمانبەرانی سەر سنووری ئێرانیش هەستی پێکراوە، بۆیە پێویستە فەرمانبەرانی ئێران لەوێ دوور بخرێنەوە، ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو عەشیرەتی ناوهاتووش فراوان بووە و رووداوەکان زیادی کرووە، دەرکەوتووە توانای بیناباشی حەسەن ئەفەندی کە لە وەکالەتی قوماندانیەتی مەعمورەی حەمیدیەیە، بە پێی پێویست نەبووە و لە ئەرکی وەکالەتی قوماندانیەتی ناوهاتووش بەردەوامە، عیززەت بەگ کە لە قائیمقامی ئالای ٣٤ی سوارە بووە، میری ئالای پێدراوە، بە پەلە بۆ شوێنی مەبەست رەوان بکرێت، دوای ئەوەی ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ دێت، لەگەڵ مەفرەزەکە بچێتە ناوچەکان و هەژماری سەر مەڕ و ئاژەڵی دانیشتوانیش کۆبکاتەوە و هەژماریان بکات، هەروەها بەیەکەوە بچنە مەعمورە و چاکسازی لە نێوان ئەم عەشیرەتانە بکرێت، رەوانی لایەنی وەزنە و لاهیجانیش بکرێن، بەم شێوەیە رێگە لە رووداوەکان دەگیرێت، بۆیە ئامادەکاری پێویست ئەنجام بدرێت، ئامۆژگاری پێویست بدرێتە لایەنەکان، لەگەڵ ئەمەش ئاگاداری بدرێتە میری ناوبراو، فەرمانیش دراوەتە وەکالەتی قوماندانی فرقەی ١٢، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەش نووسراو بۆ ویلایەتی موسڵ کراوە.

| 8 زیلحیجە 1321 (٢٥ شوبات ١٩٠٤) | 00256.00081 | Y.MTV |
|---|---|---|

پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی تۆمار
تایبەتی
وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیەیە، کە لە مێژووی ١٠ شوبات ١٣١٩، لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن هاتووە.

هاوپێچی تەلەگرافنامەی مێژووی ١٠ شوبات ١٣١٩، ئەم تەلەگرافنامەیەی کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، میرزا قادر ئاغای کۆی سانجەق و محەمەد قەرەنی ئاغای بلباس، لەگەڵ تاقمێك عەشیرەتی گەندەڵکار بەشداریان لە ناکۆکی نێوان مەنگور و پشدەر کردووە، لایەنگری پشدەریەکانیان کردووە و هاوکاریان بوونە، بۆ هێورکردنەوەی فرتوفێڵی ئەمانە لە گوندی کوردخەزێم هێزی سەربازی رەوان بکرێت و جێگیر بکرێت، بە ئاماژەی قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە لە موتەسەرفی سلێمانی راگەیەندراوە، بە پێویست زانراوە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت، بۆیە لە سلێمانی یاخود لە شوێنی تر دوو بلۆك رەوانی گوندی ناوهاتوو بکرێت، فەرمان دراوە، رابگەیەندرێت.



Y.MTV.00257.00111.002

هەواڵنامەی کتێب

| Y.MTV | 00257.00111 | 28 زیلحیجه 1321 (١٦ مارت ١٩٠٤) |
|---|---|---|

پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی تۆمار
تایبەتی
وێنەی شیفرەی ئەم تەلەگرافنامەیە، کە لە مێژووی ١ مارت ١٣٢٠، لەلایەن موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن هاتووە.

لە مێژووی ١٢ شوبات ١٣١٩ وەڵامی ئەم ئاگاداریەیە، کە پێشووتر هاتووە، تەلەگرافنامە لە وەکالەتی قوماندانی فرقەی ١٢ وەرگیراوە، لە باڵا گوازراوەتەوە، میری ئالای عیززەت بەگ وەکیلی قوماندانی مەعمورەی حەمیدیە گوێ بیست بووە، ئێران سەربازی کۆکردۆتەوە، بەڵام هەواڵی دروستیشی دەست نەکەوتووە، بە دروستی و نادروستی ئەم هەواڵە، ئامادەکاری پێویست بکرێت و رێگە نەدرێت رووداوێکی نەخوازراو روو بدات، جگە لەمە لەسەر ئەم ئامۆژگاریانەی، کە دراوەتە مەنگوریەکان بارودۆخەکە هێور بۆتەوە، سەربازانی پشدەریش کە لە مەعمورەن، بەرامبەر پیشەگەران بە خراپی جولاونەتەوە، زۆربەیان لە گوندەکانیان کەلوپەل و ماڵیان گوازتۆتەوە، ئەگەرچی باریشیان زۆر گران نییە، بەڵام لەسەر ئەم ئامۆژگاری و بەڵێنانەی کە پێیان دراوە، بەشێکی گەڕاونەتەوە، بەشەکەی تریشی لە ترسان بوێری گەڕانەوەیان نەکردووە، ئەمانەش بە بەڵێنی بەهێزەوە دەستیان بە گەڕانەوە کردووە، ئێستاش لە گوندی مەنگوریەکان مەفرەزەیەکی پیادە نیشتەجێ بکرێت، ئەگەر بێتو پشدەریەکانیش وەحشیەتکارانەیان زیاد بکات، پێویستە لەم گوندانەی کە بوونیان هەیە، ٤٠ تا ٥٠ مەفرەزەی پیادە نیشتەجێ بکرێت، بەم شێوەیە ئەم سەرپێچیانەی کە بەرامبەر بە یەکتر ئەنجامی دەدەن، بنبڕ دەکرێت، لە لایەکی تریش لە نێوان عەشیرەتەکان ئاشتبوونەوە ئەنجام بدرێت.




DH.ŞFR.00309.00034.001


<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00309.00034</td><td>3 ڕەبیعی کۆتایی 1321 (٢٩ حوزەیران ١٩٠٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لەبەر ئەوەی حاکمی بانە دوورخراوەتەوە و لە کارەکەی دەرکراوە، لە ئاغاکانی پشدەر عەباس ئاغا ئەمین بەگ لەگەڵ تاقمێك تفەنگچی بەیەکەوە چوونەتە لای عوسمان ئاغای پشدەری، کە زاوای حاکمە، بۆ پاراستنی حاکمی ناوبراویش چۆتە لای تاژان و تاژیانی ئێران، هەردوولا لەوێ کۆبوونەتەوە، ئاغاکانی مەعمورەی حەمیدیەش خۆیان ئامادە دەکەن، تا باشداری بکەن، ئەم زانیاریانە لە موتەسەرفی سلێمانی راگەیەندراوە، بەهۆی سکاڵای ئێران، ڕێگە نەدرێت لە سنوور کێشە و ڕووداو سەرهەڵ بدات، پێویستە عەشیرەتەکانی عوسمانی تێکەڵی کاری لەم جۆرەی ئێران نەبن، لە وەڵامدا راگەیەندراوە.<br>نوری والی موسڵ</td></tr>
</table>



DH.ŞFR.00311.00057.001

| DH.ŞFR | 00311.00057 | 7 جەمادی کۆتایی 1321 (٣١ ئۆغستۆس ١٩٠٣) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
ماوەی سێ چوار رۆژە لە دەوروبەری وەزنەی مەعمورەی حەمیدیەی سەر بە سلێمانی، عەشیرەتەکانی عوسمانی و عەشیرەتەکانی ئێران لە هەردوو لای زاب فیشەك دەگرنە یەکتر و کەوتوونەتە گیانی یەکتر، حاکمی ساوجبۆلاق رایگەیاندووە ئێرانەیەکان زۆرن و ئەوانیش خەریکە دێنە پاڵیانەوە، عەشایری عوسمانی زستانە و قوماندانی ناوەخۆ داوای سەربازیان کردووە، تەلەگرافنامە لە فرقەی قوماندانی ١٢، فەریق محەمەد پاشا و موتەسەرفی سلێمانی وەرگیراوە، بە گرنگیەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەگەر وا بروات ئەم رووداوە فراوانتر دەبێت، ئەم هێزەی کە لە ناوچەکە جێگیرە بەش ناکات، ئەگەرچی سەردانی موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار کراوە، بەڵام بۆ رێگەگرتن لە سەرپێچیەکانی ئێران پێویستە بە پەلە ئاگاداری بدرێتە حکومەتی ئێران، بە گرنگیەوە راگەیەندراوە، فەرمان.
نوری والی موسڵ



DH.ŞFR.00315.00079.001

| DH.ŞFR | 00315.00079 | 24 جەمادی کۆتایی 1321 (١٧ ئەیلوول ١٩٠٣) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٢٥ ئەیلـول ١٣١٩، داود ئەفەنـدی قوماندانـی مەعمـورەی حەمیدیـە و وەکیلـی قائیمقـام سـەرپێچی و خـوی خراپی زۆرە، هەروەهـا کـەس رازی نییـە بـە وەکالـەت کار بـکات، گرنگـی بابەتەکـە لـە فرقەی قومانـدان نیشـان دراوە، بۆیە مستەفا بـەگ کـە بـە وەکالـەت قوماندانـی مەعمورەیـە، بریـار دراوە بـە شـێوەیەکی کاتـی ماڵئاوایـی لـێ بکرێـت، لەبـەر گرنگـی قـەزای ناوهاتـووش تـکا دەکرێـت قائیمقامێکـی لێهاتـوو دامەزرێـت و رەوان بکرێـت، فەرمـان.
والی موسڵ نوری






هەواڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR | 00323.00012 | 25 موحەررەم 1321 (٢٣ نیسان ١٩٠٣) |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار


دوای مردنی مستەفا بەگ قوماندانی مەعمورەی حەمیدیە، قوماندانێکی لێهاتوو و شارەزا دانەمەزراوە و هێشتاش قائیمقامی قەزا نەگەیشتۆتە شوێنەکە و بە وەکالەتیش کەسێکی لێهاتوو نەدۆزراوەتەوە، بۆیە دوژمنایەتی کۆنی نێوان عەشیرەتی پشدەر و مەنگور دووبارە بۆتەوە، هەردوولا هەڕەشە لە یەکتر دەکەن، هەواڵ لە نێوان موشیرەتی لەشکری همایۆنی شکۆدار و قوماندانی فرقە لەگەڵ موتەسەرفی سلێمانی گۆڕدراوەتەوە، بەڵام ژمارەی هێزی سەربازی تەواو نییە، ئەگەر ئاموژگاری و ئاگاداری بە گوێرەی بەرژەوەندی ئیدارە ئەنجام بدرێت، ئەوا بەرامبەر عەشیرەتەکان هێزی سەربازی بەکار ناهێنرێت، تەنیا بە ئاموژگاری کارەکە جێبەجێ دەکرێت، لەم تەلەگرافنامانەی کە وەرگیراوە کۆمەڵەی پشدەریەکان هێرشیان کردۆتە سەر مەنگوریەکان و رووبەرووبوونەوەکانیش بەردەوامە، هەروەها هەندێك گوندیان تاڵان کردووە و سووتاندوویانە، ئەم عەشیرەتە ئێرانیانەی بانە کە لە هێرشەکە بەشدار بوونە بکشێنەوە شوێنی خۆیان، تا هەواڵ لە باڵیۆزخانەی تەهران و قائیمقامێك دێت لە سلێمانی کەسێك بە وەکالەت رەوان بکرێت، لە موتەسەرفی سلێمانی دەستەیەکی سوڵح راگەیەندراوە، بە هاوبەشی رێگە لە رووبەرووبوونەوە و دووبارە نەبوونەوەی بگیرێت، لەگەڵ ئەمەش هێزێکی تەواو بچێتە ناوچەکە و دەست بە کار بێت، بە پەلە لە قوماندانیەتی مەعمورەی حەمیدیە و لە میرە سەربازییەکانی کەرکووك کەسێکی لێهاتوو رەوان بکرێت، نووسراو بۆ موشیرەتی ناوهاتوو و قوماندانیەتی فرقە کراوە، جگە لەمە بە پەلە بریار لە پایەی سەر عەسکەر دەربچێت، بە گرنگییەوە راگەیەندراوە.


نوری والی موسڵ



DH.ŞFR.00324.00001.001

<table>
<tr><th>DH.ŞFR</th><th>00324.00001</th><th>26 زیلحیجە 1321 (١٤ مارت ١٩٠٤)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لـە ٢٤ شـوبات ١٣١٩، لـە کۆتاییـدا قائیمقامـی مەعمـورەی حەمیدیـە بەرێکەوتـووە بـۆ سـەر ئەرکەکـەی و بەبـێ وەسـتان گەیشـتۆتە شـوێنی مەبەسـت، لـە لەشـکری هومایۆنیـش میـری ئـاڵای عەزیـز بـەگ لـە قوماندانیـەت دامـەزراوە، لـە مەرکـەزی لیـواش دەسـتەیەکی تەندروسـت لەگـەڵ ناوبـراو بـۆ شـوێنەکە بـروات، تـا نێـوان عەشـیرەتەکان هێـور بکاتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە موتەسـەرفی سـلێمانی ئـاگاداری دووپاتکردنـەوە هاتـووە.<br>والی موسڵ نوری</td></tr>
</table>






هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00790.00027 | 14 شەعبان 1321 (٥ تشرینی دووەم ١٩٠٣) |
|---|---|---|
| بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت<br>تاوەکو ئێستا قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە بە شێوەی وەکالەت و لەلایەن داود ئەفەندی بە وەکالەت ئیدارەکەی بەڕێوە دەبردرێت، بەڵام لەگەڵ قوماندانی ناوچەکە ڕێك ناکەوێت، بۆیە هێنراوەتە مەرکەزی ویلایەت، تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ لە مێژووی ٤ تشرینی یەکەم ١٣١٩ دەرچووە، تێدا ئاماژەی پێکراوە، محەمەد خەیری ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای نوسەیبین لە قەزای ناوهاتوو دامەزرێت، کە لە چینی سێیەم مولازمی هەڵبژێردراوە و نۆرەی هاتووە، جگە لەمەش زمانی عەرەبی دەزانێت، وێنەی پەسەند کراوی تەلەگرافنامەی ناوهاتوو، لەگەڵ زانیاری کەسێتی هاوپێچ پێشکەش کراوە، جێبەجێ کردنی لەسەر پەیوەندیدارانی سەدارەت وەستاوە. | | |

| DH.MKT | 00790.00027 | 20 شەوال 1321(٩ کانوونی دووەم ١٩٠٤) |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>خەیری ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە دامەزراوە، لە مێژووی دەست بە کار بوونی مانگانە ١١٢٥ قوروش مووچەی بۆ دەبردرێتەوە، کارەکە جێبەجێ کراوە، هەروەها بە گوێرەی نیزام لەگەڵ دەست بە کار بوونی، لە کارەکەی تری دەست لە کار هەڵگرتنی بۆ دەردەچێت، جگە لەمە خەرجی ڕێگاکەی بە ١٩٢٣ قوروش و ١٠ پارە خەملێنراوە و دابین کراوە، تێدا لە ٥٪ی دەنێردرێتە سندوقی ئاسانکاری بابی عالی، خەرجی ڕێگای کە لە موازەنە تۆمار کراوە، لەگەڵ ڕێکخستنی، لە خشتەی خەرجی تۆمار کراوە، لە ژمێریاری باسکراوە و کاری ناوبراو تەواو بووە. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| 14 شەوال 1321 (٣ کانوونی دووەم ١٩٠٤) | 01013.00025 | ŞD |
|---|---|---|


نەزارەتی سندوقی خانەنشین و دوورخراوانی مولکیە
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٦٥٢

سـەعید ئەفەنـدی نـازری دە یەکـی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـەی خانەنشـین کـراو مـردووە، داواکاری لەلایـەن خێزانەکـەی پیـرۆزە خـان و کچەکانـی ئامینـە خـان و فاتیمـە خـان و کوڕەکـەی تاهیـر ئەفەنـدی بـەرز کراوەتـەوە و داوای مووچـە دەکـەن، نـووسراو لـە ویلایەتـی موسـڵ دەرچـووە، لەگـەڵ داواکارییەکـە و ئەوراقـی پەیوەسـت بـەم بابەتـە، هاوپێـچ لـە ژمێریـاری ڕێکخـراوە و لـە دەسـتەی گشـتی ووردبینـی بـۆ کـراوە. کۆچکـردووی ناوبـراو مانگانـە لـە سـندوق ٢٥٠ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن کرابـوو، لـە مێـژووی ٤ تشرینـی یەکـەم ١٣١٥ خانەنشـین کـراوە، هەروەهـا بـە بڕیارنامـەی فەرمانبەرانـی مولکیـە ئەمانـە شـایەنی ئـەوەن مووچەیەکـی ١٢٥ قوروشـیان بـۆ ببڕێتـەوە، بـۆ خێزانەکـە و کچەکانـی هـەر یەکـە ٣٠ قـوروش و کوڕەکەشـی ٣٢ قوروشـی بـۆ براوەتـەوە، پشـت بەسـتن بـە بڕیارنامـەی ناوهاتـوو مامەڵەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ دابیـن کردنیشـی لـە سـندوق نـووسراو کـراوە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە بڕیـاری بەدەسـتەوەیە.


İ.DH.01417


| | | |
|---|---|---|
| İ.DH | 01417.000001 | **22 ڕەمەزان 1321 (١٢ کانوونی یەکەم ١٩٠٣)** |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٢٥٤١
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
قائیمقامی قەزای مەعمورەی حەمیدیە سەر بە ویلایەتی موسڵ بۆشایی تێکەوتووە، خەیری ئەفەندی قائیمقامی پێشووی نوسەیبین دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە بە زۆرینەی دەنگ مەزبەتە ڕێکخراوە و نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار و زانیاری وەرگیردراو راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمانی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت چ بێت جێبەجێ دەکرێت.
سەدری ئەعزەم




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>01418.000007</td><td>7 شەوال 1321 (٢٧ کانوونی یەکەم ١٩٠٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>٢٦٢٥<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بایز ئاغا لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە مووچە و پلەی پێدراوە، بەڵام بەجێی هێشتووە و لەگەڵ ٥٠٠ خانەی عەشیرەتەکەی هاتوونەتە قەزاکانی رانیە و مەعمورەی حەمیدیە، داوای ملکەچ بوون و نیشتەجێ کردنی کردووە، سەبارەت بە پاداشت کردنی، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، مەزبەتەش لە ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان دراوەتە قەڵەم، دواتر راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بە گوێرەی بەراییەکان، ناوبراو پلەی میری میرانی پێ دەدرێت، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە بریار و فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت ئەو جێبەجێ دەکرێت.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



| BEO | 002121.159022 | 22 ڕەبیعی کۆتایی 1321 (١٨ تەمموز ١٩٠٣) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
خەریکە حاکمی بانە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت و دوور دەخرێتەوە، حاکمی ناوهاتوو لەگەڵ عوسمان ئاغا پشدەری بە ژن و ژنخوازی نزیکایەتیان هەیە، بۆیە لە ئاغاکانی پشدەر عەباس ئاغا ئەمین بەگ تاقمێك تفەنگچی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە و بۆ پاراستنی حاکمی ناوبراو بۆ لایەنەکانی ئێران ڕۆیشتووە، هەردوو لا لەوێ کۆبوونەتەوە، هەروەها ئاغاکانی مەعمورەی حەمیدیەش لە ئامادەباشیدان، ئەم زانیارییانە لە موتەسەرفی سلێمانی ڕاگەیەندراوە، لە ئێران سکاڵا بەرز کراوەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە بە سەر ئێشە و ڕووبەڕووبوونەوەی سنوور نەدرێت و ڕێگە نەدرێت عەشیرەتەکانی عوسمانی بەشداری ئەم کارە بکەن، ئامۆژگاری دراوەتە موتەسەرف، ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکردووە و بە دووپاتکردنەوە ئاگاداری ڕاگەیەندراوە، جگە لەمە لە ویلایەتی ناوهاتوو نووسراو کراوە و بە نەزارەتی ناوخۆی شکۆدار کراوە.





BEO.002157.161741.002


هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 002157.161741 | 7 جەمادی کۆتایی 1321 (٣١ ئۆغستۆس ١٩٠٣) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پیرۆز
قەڵەمی شیفرە
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە
قـەزای مەعمـورەی حەمیـد کـە سـەر بـە سـلێمانیە، هەروەهـا لـە دەورووبـەری وەزنـەی مەمالیکـی عوسـمانییە، لەلایـەن عەشـیرەتەکانی ئێـران هێـرش کراوەتـە سـەر عەشـیرەتەکانی عوسـمانی، مـاوەی سـێ چـوار ڕۆژە لـە هـەردوو لای ڕووبـاری زاب عەشیرەتەکان فیشـەك دەگرنـە یـەك، حاکمـی سـاوجبۆلاق هـاوکاری ئێرانیـەکان دەکات، بـەم ڕاگەیەنـدراوە عەشـیرەتەکانی عوسـمانی و قوماندانـی ناوەخـۆ داوای سـەربازیان کـردووە، تەلەگرافنامـەی فەریـق مەحمـود پاشـا قوماندانـی فرقـەی ١٢ لەگـەڵ تەلەگرافنامـەی موتەسـەرفی سـلێمانی بـە گرنگیـەوە ئاماژەی پێکـراوە، ئـاوا بـروات ئـەم مەسـەلەیە فراوانـتر دەبێـت، بەمـەش هێـزی ناوەخـۆ بەشـی ئـەم مەسـەلەیە نـاکات، ئەگەرچـی گفتوگـۆ لەگـەڵ موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی شـکۆدار کـراوە، بـەڵام هەرچـی زووە و بـە پەلـە ئـاگاداری بدرێتـە حکوومەتـی ئێـران، تـا ڕێگـە لـە سـەرپێچی ئێرانیـەکان بگیرێـت، فەرمـان.
نوری والی



<table>
<tr><td>BEO</td><td>002166.162406</td><td>19 جەمادی کۆتایی 1321 (١٢ ئەیلوول ١٩٠٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">شیفرە بۆ ویلایەتی موسڵ<br>عەشیرەتەکانی وەزنە و لاهیجان و کلیکان کە لەسەر سنووری خاقانین، خەریکە یاخی دەبن، لەم بابەتەدا لە ویلایەتەوە ئامادەکاری نەکراوە، بە یەك گرتنی قەزاکانی رواندز و رانیە و مەعمورەی حەمیدیە لیوایەك پێك بهێنرێت، بەمەش داهاتی ناوەخۆیان زیاد دەکات، جگە لەمە بیر لە سەرپێچی ئێران کراوەتەوە و بۆ ئەمەش شتێك کراوە، هەروەها عوسمان پاشا قائیمقامی گوڵەنبەر خوی خراپی فراوان بووە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە، رووداوی خراپ بە دوای خۆیدا بێنێت، مەحمود پاشای جافیش جانەوەری بینراوە و لە نێوان عەشیرەتەکان گەندەڵی بڵاوکردۆتەوە، ئەم پێشبرکێیەش، بۆتە هۆکاری رووبەڕووبوونەوە، لەلایەکی تر خێزانی عوسمان پاشا لە ئێرانە و بە بیرۆکەی ئێران کاریگەرە، ساڵح پاشاش ئەرکەکەی بۆ فاو گوازراوەتەوە، بەشێکی گەورەی داهاتی گوڵەنبەریش کەوتۆتە دەست عوسمان پاشا، لە ویلایەتەوە زانیاری دراوە، لە بەرامبەر ئەم بارودۆخە ئامادەکاری کراوە، بۆ روون کردنەوە ئاماژەی پێ کراوە.</td></tr>
</table>




BEO-002175-163111-002

هەواڵنامەی کتێب


| BEO | 002175.163111 | 27 جەمادی کۆتایی 1321 (٢٠ ئەیلوول ١٩٠٣) |
|---|---|---|

فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
٢٢٤٥
راگەیەندراوی بەندەمانە
مێـژووی ٢٤ ئۆغسـتۆس ١٣١٩ ژمـارە ٢٠٣٢ هاوپێچـی نـووسراوی بەندەمانـە. بـۆ گەرانـەوەی ئـەم ئێرانیانـەی لـە قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـە هێرشـیان کردۆتـە سـەر سـەربازانی شـاهانە، لـە موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی همایۆنـی شـکۆدار تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ٣٠ ئۆغسـتۆس ١٣١٩ هاتـووە، لەگـەڵ ئەمـەش ئاغاکانـی سـەربازی عوسـمانی داوای جبەخانـە دەکـەن، نامەیـان هاتـووە و تێـدا ئامـاژەی پـێ کـراوە، ئەگـەر ئـەم داواکاریەیـان جێبەجـێ نەبێـت، ئـەوا بـە بێزاریـەوە شـوێنەکەیان بەجێدەهێڵـن، بـە تێروانیـن لـە بەراییـەکان و بـۆ ئامادەکاری سـەربازی، بریـار دراوەتـە قوماندانـی فرقـەی ١٢، لـە مێـژووی ١ ئەیلـوول ١٣١٩ تەلەگرافنامـە لـە موشـیرەتی ناوهاتـوو وەرگیـراوە، وێنـەی هـەر یـەك لـەم تەلەگرافنامانـە دەدرێتـە پاشـا، بـە پێشـکەش کردنـی هاوپێـچ، هەرچـی زووە مامەڵەکـە جێبەجـێ بکرێـت و ئەنجامەکـەی رابگەیەندرێـت، تـا بدرێتـە موشـیرەتی ناوهاتـوو، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.
رزا سەرعەسکەر




| 27 رەمەزان 1321 (17 کانوونی یەکەم ١٩٠٣) | 002238.167842 | BEO |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵی شکۆدار
خەیری ئەفەندی قائیمقامی پێشوو لە قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە دامەزراوە، لە سەر نووسراوی مێژووی ١٤ شەعبان ١٣٢١ ژمارە ٤٦٠٤، بە بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە مێژووی ٢٥ رەمەزان ١٣٢١ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا رەزامەندی داوە، بەڵام لە بارەی ئەم سکالایانەی لەسەر ناوبراوە، بە هیچ شێوەیەك دامەزراندنەوەی گونجاو نییە، ئەمەش بە نووسراو لە قۆمیسیۆنی ناوهاتوو راگەیەندراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکە.




| BEO | 002281.171059 | 7 زيلحيجه 1321 (٢٤ شوبات ١٩٠٤) |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەر<br>قوماندانیەتی مەعمورەی حەمیدیە بۆشایی تێکەوتووە، تا ئێستاش کەس دانەمەزراوە، بۆیە لە نێوان عەشیرەتەکان رووبەرووبوونەوە و شەڕ سەریهەڵداوەتەوە، بە پەلە کەسێکی لێهاتوو لە میرە سەربازییەکانی کەرکووك دابمەزرێت، لە مێژووی ١٠ شوبات ١٣١٩ تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ بۆ سەروو رەوان کراوە، بە پەلە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت و هاوپێچەکان رەوان بکرێتەوە. | | |



| BEO | 002284.171272 | 16 زیلحیجه 1321 (٤ مارت ١٩٠٤) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
هاوپێچی نووسراوی ٢٨ زیلحیجە ١٣٢١، ئەم شوێنانەی کە لە نێوان سنووری وەزنە و مەعمورەی حەمیدیەیە بە بەفر داپۆشراوە، بۆیە لە بارەی کۆبوونەوەی سەربازانی ئێرانی زانیاری وەرنەگیراوە و بۆ لێکۆڵینەوە فەرمانبەری تایبەتی دەرچووە، ئەم زانیاریانەی کە وەردەگیرێت لە موتەسەرفی کەرکووك و سلێمانی ئاماژەی پێکراوە، لە مێژووی ١٨ شوبات ١٣١٩ تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ دەرچووە و بۆ دەوڵەت رەوان کراوە، بە پەلە جێبەجێ بکرێت، هاوپێچەکانیش رەوان بکرێتەوە.





BEO.002296.172181.002

هەواڵنامەی کێبر

| 14 زيلحيجه 1321 (٢ مارت ١٩٠٤) | 002296.172181 | BEO |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی شیفرە
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
تەلەگرافنامەی ١٠ شوبات ١٣١٩ هاوپێچی بەندەیە، ئەم وەڵامەی کە بە شێوەی تەلەگرافنامە لە موتەسەرفەکانی کەرکوك و سلێمانی هاتووە، دەرکەوتووە ئەم ناوچانەی دەکەوێتە نێوان سنووری وەزنە و مەعمورەی حەمیدیە، بە بەفر داپۆشراوە، بۆیە دەرچوونی فەرمان گونجاو نییە، هەروەها لە بارەی کۆبوونەوەی سەربازانی ئێرانی لە سەر سنوور زانیاری وەرنەگیراوە، لە بنەرەتدا ئەم عەشیرەتانەی بە درێژایی سنووری ئێران بوونیان هەیە، پێویستییان بە سەربازی بەرگریە، لە مێژووی ٢٨ زیلقەعدە ١٣٢١ مودەریسی عەشیرەتی پیران مەلا رەسول نامەیەکی بۆ مودەریسی مەعمورەی حەمیدیە ناردووە، تێدا ئاماژەی پێکردووە، روسیا و حکوومەتی ئێران رێککەوتوون، بەم رێککەوتنەش حکوومەتی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی شەڕ دەکات، بەم پروپاگەندە، دانیشتوانی چەکداریان هێناوە، ئەمەش دروستی هەواڵەکە دەردەخات، بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆبوونەوەی ئەمانەش چاودێر دەرچووە، بەم زانیاریەی کە لەم چاودێرەوە وەردەگیرێت، کار دەکرێت، بە ئاماژەی قوماندان و قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە راگەیەندراوە، ئەم هەواڵانەی کە وەردەگیرێت رادەگەیەندرێت.
والی نوری




DH.ŞFR.00332.00124.001



DH.ŞFR.00332.00124.001

| DH.ŞFR | 00332.00124 | 7 رەجەب 1322 (١٧ ئەیلوول ١٩٠٤) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
عەشیرەتی بایز پاشا لە قەزاکانی مەعمورەی حەمیدیە و رانیە نیشتەجێیە و شێخی عەشیرەتی مەنگور و هاونیشتیمانی دەوڵەتی عالیەیە، ئەم عەشیرەتە هەموو وەرزی هاوین بۆ چوونە کوێستان بە ئێران تێدەپەڕن، ماوەیەك لەگەڵ عەشیرەتی ناوبراو لە ئێران دەمێنێتەوە، بەڵام ساڵی رابردوو گەڕاوەتەوە و داوای ملکەچ بوونی کردووە، لەلایەکی تر ماوەیەك پێش ئێستا بەهۆی کارە باشەکانی و دڵسۆزییەوە پلەی میری میرانی پێ دراوە، لەسەر ئەم لێکۆڵینەوە وورد و قوڵەی لەسەر بازرگانی و مامەڵەی ٦٠-٧٠ ساڵەی کراوە، داواکاری لە مێژووی ٢٩ ئەیلول ١٣١٩ ژمارە ٤ پێشکەشی پایەی سەدارەت کراوە، بەم دواییە تەلەگرافنامەکانی مێژووی ٨ و ٢٩ نیسان ١٣٢٠ و ١٦ مایس ١٣٢٠، دواتریش وەڵامی داواکاری مێژووی ١٠ تەمموز ١٣٢٠ ژمارە ٦٢، بەیەکەوە پێشکەشی نەزارەتی شکۆدار کراوە، ناوچەکانی وەزنە و لاهیجان و میرگان لە شوێنە هەستیارەکانی مەمالیکی شاهانەن، لەم بابەتەدا دەوڵەتی ئێران بۆ رۆژێکیش بێت تێکەڵ کارەکە نەبووە و هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە، دەتوانرێت سانجەقێکی گەورە پێك بهێنرێت و زۆر عەشیرەت و دانیشتوان لە خۆ بگرێت، بە نیشتەجێ کردنی سەربازی شاهانەش ئەمنیەت بەرقەرار دەبێت.
نوری والی موسڵ




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>DH.MKT</th><th>00900.00072</th><th>4 زیلقەعدە 1322 (١٠ کانوونی دووەم ١٩٠٥)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٦ تشرینی یەکەم ١٣٢٠، بۆ قۆناغی حکوومەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە خانە دەکردرێت و وەکو هەشت یەك ویلایەتی بەهیە بە نیاز بوو لە دارایی ساڵی ١٣١٧ بڕی ٧٠٠٠ قوروش حەواڵە بکات، بەڵام بڕیاری دواخستنی لەسەر دراوە، بۆیە ڕێکخستنی گونجاو نییە و گوازراوەتەوە سەر دارایی ساڵی ١٣٢٠، لە وەڵامی ئەم ئاماژەی کە پێشوو ڕەوان کراوە، لە نەزارەتی دارایی شکۆدار نووسراوی مێژووی ٢ کانوونی یەکەم ١٣٢٠ ژمارە ٧٧٥ نێردراوە، لە دارایی ئەم ساڵەدا ڕێك دەخرێت، کەچی تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، دەرکەوتووە بڕە پارەی ناوهاتوو تا کۆتایی ١٣١٧ و ئەم قەرزەی کە پەیوەستە بە ساڵەکانی ترەوە دواخراوە، لەم بابەتەدا هیچ شتێك پەیوەست نابێت بە خەزینە.</td></tr>
</table>




ŞD.02189.00025.001




ŞD.02189.00025.003


| ŞD | 02189.00025 | 30 زیلحیجە 1322 (٧ مارت ١٩٠٥) |
|---|---|---|

بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەت
ماوەی ٧٠٠ ساڵە لەگەڵ ئێران سنوورە و بە درێژایی سنوور ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ خانە لەگەڵ عەشیرەتەکەمان جێگیرە، هەزارەها گیانی ئازیزمان لە پێناو دەوڵەتی عالی خۆی فیدا کردووە، عەشیرەتی پشدەر هەموو کاتێك بە گیان ئامادەیە خۆی لە پێناو ئەم وولاتە فیدا بکات، بەڵام ئەم فیداکارییەی من لەلایەن فەرمانبەرانی خۆچێی بە پێچەوانەوە ئاماژەی پێکراوە و بە هەدەر رۆیشتووە، بە فەرمانی جەنابی پاشا مەرکەزی قەزا بۆ قەزای مەعمورەی حەمیدیە گوازراوەتەوە، تا ئەمرۆ خزمەت و ملکەچیمان زۆرە، هەرچی عەشیرەتەکەمانە میزاجی جانەوەریان هەیە، بۆیە کەللە رەقن، لەبەر ئەوەی هیچ زانیارییەکیان نییە و خزمەتی بیرۆکەی فەرمانبەرانی خۆچێی دەکەن، مەبەستیانە لە نێوان دوو دەوڵەت چەتەیی بکەن و ناحیەی وەزنەشیان داگیر کردووە، بۆ گەرانەوەی ناوچەکە و دەرکردنیان، زۆر جار ئامادەکاری کراوە، دەستەی گوندەکان بۆ بەرژەوەندی تاکی خۆیان، سەرۆکی مەنگوری ئێران بایز ئاغای چەتەیان هێناوەتە کوێستان و هێوری عەشیرەتەکەمانی تێکداوە و لەسەر شانی عەشیرەتەکەمان نیشتەجێ بووە، هەروەها خراپی ناوبراوان بۆ زۆر چاکە گۆراوە، تەنانەت پلە و نیشانیان پێ دراوە، چەتەی ناوبراو لە پر دڵسۆزی خۆی بۆ شاهانە شکاندووە و لە خۆبایی بووە، عەشیرەتەکەمانی تووشی ئازار و جەفا کردووە، بە ناچاری لەسەر خۆمان لاداوە و بەرگریکردنمان لە بەرامبەر چەتەی ناوبراو، دیسان دڵسۆزی خۆمان رادەگەیەنین و ئەوانیش دووبارە پێچەوانەی راستی و دادوەری راگەیەندراویان بڵاوکردۆتەوە بە گوێرەی بارودۆخەکە مافمان بدرێتەوە و داوای دادپەروەری دەکەین.
قەرەنی سەرۆکی پشدەر


| ŞD | 02189.00025 | 2 رەبیعی یەکەم 1322 (١٦ حوزەیران ١٩٠٤) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٥٥
بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لە وەڵامی ئاماژە و راگەیەندراوی پێشوو، لە مێژووی ١٠ نیسان ١٣٣٢ ژمارە ٢ فەرماننامەی عالی پەیوەندیدارانی سەرۆکایەتی روون بۆتەوە، بۆ یەکلاییکرنەوەی دوژمنایەتی نێوان مەنگوریەکان و پشدەریەکان دەستپێشخەری کراوە و ئامادەکاری باش کراوە، ئەنجامی خۆچێیش راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، ماوەیەکی زۆرە لە نێوان عەشیرەتەکان دوژمنایەتی هەیە و ناوە ناوە رووداو و شەڕ روو دەدات، تەنانەت چەند مانگ پێش ئێستا پشدەریەکان بە دەرفەتیان زانیوە و بۆ تۆڵەسەندنەوە هێرشیان کردۆتە سەر مەنگور، لە نێوان هەر دوولا چەند کوژراو و بریندارێك هەبووە، لە بەرامبەر هێرشەکەی پشدەریەکان، مەنگوریەکانیش بۆ تۆڵەسەندنەوە دەستپێشخەریان کردووە، ئەم گەندەڵیە خەریکە بۆ ناو عەشیرەتەکانی تریش دەروات و بۆتە هاندانێك، بۆ ئەوەی لەسەر سنوور رووداو روو نەدات، بە گفتوگۆکردن لەگەڵ موشیرەتی لەشکری شەشەمی همایۆنی شکۆدار، عیززەت بەگ میری ئالای سوارە لە قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە دامەزرێت، لەسەر ئەم ئامۆژگاری و رێنماییانەی دراوەتە قائیمقامیەتی خۆچێی، لەلایەن ناوبراو ئامادەکاری بە سوود کراوە، سەرۆکەکانی عەشیرەتە ناوبراوەکان هێنراونەتە مەرکەزی قەزا و نێوانیان چاك کراوەتەوە، ئەمنیەت و ئاسایشی گشتی گەراوەتەوە، لەم تەلەگرافنامانەی بە هاوبەشی لە قائیمقامیەتی خۆچێی و لە سەرۆکی عەشیرەتەکانی مەنگور و پشدەر بە ناوی بایز پاشا و قەرەنی ئاغا وەرگیراوە، بە تێروانین لە بەراییەکانی روون بۆتەوە، لەگەڵ تەلەگرافنامەی ٨ نیسان ١٣٢٠ بە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار راگەیەندراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.
والی موسڵ

هەواڵنامەی کتێب




<table dir="rtl">
<tr><td>BEO</td><td>002378.178323</td><td>16 جەمادی یەکەم 1322 (٢٩ تەمموز ١٩٠٤)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەریمان<br>تاقمێك عەشیرەتی کۆچەری و جانەوەر کاری سەرپێچی و زوڵمکاری ئەنجام دەدەن، لە بەرامبەر ئەمەدا ئامادەکاری پێویست و بە پەلە جێبەجێ بکرێت، چونکە پارێزگاری کردنی ئاسایش گرنگ و پێویستە، ئەم هێزەی ئێستا هەیە ژمارەکەی تەواو نییە، هەروەها ئاڵای سوارەی نیزامیەی موسڵیش بەشداری ئەم ئامادەکارییە دەکات، هێزەکە لە ٤٠٠ نەفەر پێك دێت و نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ ئاژەڵیش هەیە، هەر ئێستا بۆ ئاڵای سوارە ئاژەڵ بکردرێت و لە قوماندانیەتی ژاندارمەی ویلایەت، قوماندانی مەعمورەی حەمیدیە میری ئاڵای عیززەت بەگ دامەزرێت، لە ویلایەتی موسڵ دوو تەلەگرافنامە هاتووە، هاوپێچ بۆ واڵای سپاهیدار نێردراوە، بە تێروانین لە بەراییەکان، بە پەلە جێبەجێ بکرێت و هاوپێچەکان ڕەوان بکرێتەوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 002394.179521 | 10 جەمادی کۆتایی 1322 (٢٢ ئۆغستۆس ١٩٠٤) |
| --- | --- | --- |
| بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەر<br>ماوەی دوو ساڵە قوماندانی ژاندارمەی ویلایەتی موسڵ بۆشایی تێکەوتووە، لە بارەی چاودێری چەتەکانیش کێشە دروست بووە، بۆ قوماندانیەتی ناوهاتوو، میری ئاڵای عیززەت بەگ قوماندانی مەعمورەی حەمیدیە پاکانەی دەرچووە، تەلەگرافنامەی ویلایەتی ناوهاتوو لە ٨ ئۆغستۆس ١٣٢٠ بۆ لای سەر عەسکەر ڕەوان کراوە، هەرچی زووە بە پەلە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت و هاوپێچەکانیش ڕەوان بکرێتەوە. | | |



I.A.S.00057.00007.004

<table>
<tr><th>İ.AS</th><th>00057.00007</th><th>12 جەمادی یەکەم 1323 (١٥ تەمموز ١٩٠٥)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>١٣٦٩<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>ئەندامانی ژاندارمەی قەزاکانی مەعمورەی حەمیدیە و شەهربازاری سەر بە ویلایەتی موسڵ گۆرینەوەیان پێ دەکرێت، بۆ رەزامەندیش لە فەرمانگەی ژاندارمە مەزبەتە دراوەتە قەڵەم و هاوپێچ لە والای سەر عەسکەریش نووسراو هاتووە، بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت ئەم جێبەجێ دەکرێت.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




I.ML. 00070.00015.004

هەواڵنامەی ئێیر

| İ.ML | 00070.00015 | 20 شەوال 1323 (١٨ کانوونی یەکەم ١٩٠٥) |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٢٧٨١
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

لەسەر ئەم راپۆرتەی کە لە نەزارەتی دارایی شکۆدار بۆ شورای دەوڵەت رەوان کراوە، مەزبەتە لە فەرمانگەی دارایی رێکخراوە و پێشکەش کراوە، ئەمجارە لە ناحیەی پشدەر سەر بە قەزای مەعمورەی حەمیدیەی پاشکۆی موسڵ، مولك و تەمەتتوعات و باجەکەی کۆتایی پێ هاتووە، ئامادەکاری سەربازی رێکخراوە، هەروەها بەشە پارەی مەعاریف و بۆ شوێنگرەوەی سەربازی، بەشی ناموسڵمانانی نێر بە کۆکراوەیی گەیشتۆتە ٢٠٨٧٤ قوروش، لەگەڵ دەرماڵەی کۆن بە موازەنە دەرکەوتووە ٦١٩٠ قوروش و ٣٥ پارە کەمی کردووە، بە یەك هەنگاو ئەوەی تایبەتە بە خەرجی نووسراو ٤١٥٠ قوروش لەگەڵ ئامادەکاری سەربازی و بەشی مەعاریف، هەر یەکە بە جیا هەژمار کراوە، خشتەی نوێی ناوهاتوو لە ساڵی ١٣١٩ دوە بە پێویست زانراوە رەوانی نەزارەتی ناوهاتوو بکرێت، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت ئەو جێبەجێ دەکرێت.
سەدری ئەعزەم



DH.TMIK.M.00199.00025.002

| DH.TMIK.M | 00199.00025 | 4 رەبیعی کۆتایی 1323 (٨ حوزەیران ١٩٠٥) |
| --- | --- | --- |
| بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>هەواڵ هاتووە، عەشیرەتی پشدەر نیشتەجێی ناو ویلایەتی بەهیە و نزیك سنووری ئێران، نییەتی ئەوەیان هەیە سنوور ببەزێنن، بۆ ڕێگەگرتن لە سەرپێچی و هێرشەکانیان، پەیوەندی بە کارگوزاری ئازربێجان کراوە، چۆنیەتیەکەشی بە ویلایەتی بەهیە ووتراوە، لە باش شەهبەندەریش وەرگیراوە، بە نووسراو لە نەزارەتی دەرەوەی شکۆداریش نێردراوە، بە ووتەی قۆمیسیۆن مامەڵەکە بە پەلە جێبەجێ بکرێت، بۆیە بۆ سەروو ڕەوان کراوە، بە تێروانین لە بەراییەکان هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |



DH.TMIK.M.00202.00011.003

هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M | 00202.00011 | 19 جەمادی یەکەم 1323 (٢٢ تەمموز ١٩٠٥) |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
حەمزە ئاغا زادە و باپیر ئاغا پروپاگەندەی ئەوە دەکەن، کە لە ژێر ئیدارەی ئیرانیەکانن، لە راستییدا عەشیرەتی مامش کە سەر بە ئێرانە بە رێککەوتن لەگەڵ ئێران دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر بایز پاشا، ئەمەش لە قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە راگەیەندراوە، بۆ ئەوەی رێگە لە سەرپێچی بگیرێت، ئاگاداری دراوەتە ناوەخۆ، هەروەها لەلایەن سالارولدەولە حاکمی سەنیە، نووسراو بۆ عوسمان پاشا قائیمقامی گوڵعەنبەر نێردراوە، لەسەر سەرپێچی پێشووی خەڵکی سەر سنوور داوای بەستنی پەیوەندی دۆستانە کراوە، لەلایەن پاشای ناوبراویش ئەمنیەت و ئاسایشی سنووری خاقانی بەلاوە نراوە، ئەم وەڵامەی دراوەتەوە، لەلایەن موتەسەرفی سلێمانی ئاماژەی پێکراوە و لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە و لە قۆمیسیۆنی بە خێراکردنی مامەڵەکانیش خوێندنەوەی بۆ کراوە، دوو پارچە تەلەگرافنامە راگەیەندراوە، بۆ رێگە گرتن لە سەرپێچی عەشیرەتەکان دەستپێشخەری پێویست ئەنجام بدرێت، ئاگاداری دراوەتە باڵیۆزخانەی ئێران.



| DH.TMIK.M | 00212.00028 | 8 کانوونی دووەم 1906 |
| --- | --- | --- |

بۆ جەنابی عالی پەیوەندیداری سەدارەت

بـۆ ئـەوەی عەشـیرەتە جۆراوجۆرەکانـی نـاو موسـڵ ڕێـك بخرێـن و بـە یەکتریـەوە ببەسـترێنەوە، هەروەهـا سـەرپێچی کەرانـی سـەر سـنووری ئێـران سـزا بدرێـن و ڕێگـە لـە سـەرپێچیەکانی ئێـران بگیرێـت، ئامـادەکاری بکرێـت، قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـە بخرێتـە سـەر قەزایەکانـی ڕانیـە و کـۆی سـانجەق، جگـە لەمـە ناحیەکانـی وەکـو کنـاو و میرگـە بخرێنـە سـەریان و موتەسـەرفیەتێك دابمەزرێـت، ئـەوەی دەکرێتـە مەرکەزەکـەش بـە لای کەمـەوە دوو تابـوور سـەربازی شـاهانە لەگـەڵ بلۆکێکـی ئێسـتر سـوارە نیشـتەجێ بکرێـت، شـوێنی پێویسـتیش دروسـت بکرێـت و بـە شـێوەیەکی گونجـاو سـەرباز پاداشـت بکرێـت، لەلایەکـی تـر ئـارەزوو دەکرێـت بەرامبـەر بـە ئێـران کاری بـاش ئەنجـام بدرێـت، لـە لایـەن جەنابـی عەبدوڵـڵا پاشـا موشـیری ئەرکانـی جەنگـی پێشکەشـی عەتەبـەی عالـی کـراوە، خوێندنـەوەی بەندەمانـی بـۆ کـراوە و نـووسراوی سـەدری ئەعزەمـی پەیوەندیـداری سـەدارەت لـە مێـژووی کانوونـی یەکـەم ١٣٢١ بڕیـاری لەسـەر دراوە، لـەم بابەتـەدا پـرس و ڕا کـراوە و وەڵام لـە ویلایەتـی موسـڵی عالـی هاتـووە، بـە ووتـەی قۆمیسـیۆنی بەخێراکردنـی مامەڵـە، وێنـەی تەلەگرافنامـە پێشـکەش کـراوە، تێـدا هاتـووە خوێندنـەوە بـۆ دامەزراندنـی موتەسـەرفیەت موشـیری ناوهاتـوو کـراوە، عەشـیرەتەکانی عوسـمانی دەوروبـەر لـە وەزنـە و پاشـکۆکانی جێگیـر بکرێـت و ڕێـك بخرێـن و ڕێگـە لـە سـەرپێچی ئێـران بگیرێـت، بـەڵام بـە گوێـرەی بەرژەوەنـدی گشـتی، دروسـت کردنـی موتەسـەرفیەت خەرجیەکـی زۆری دەوێـت، ئەگـەر بێتـو دەسـتەی لیـوای سـلێمانی بـۆ ناوچەکـە بگوازرێتـەوە و قائیمقامیەتـی چینـی یەکەمـی سـلێمانیش بگوازرێتـەوە ئـەوێ، ئـەوا خەرجـی ناوێـت، بێگومـان کاریگـەری دەسـەڵاتیان بەسـەر سـەیدەکان و ئاغاکان و گشـت عەشـیرەتەکان دەبێـت، ئـەم گەندەڵیانـەی هەمـوو ڕۆژێـك لـە سـلێمانی نـوێ دەبێتـەوە، بـە شـێوەیەکی سروشـتی لەناودەچێـت و بـۆ حکوومەتـی سـەنیە زۆر گرنـگ و بـە سـوود دەبێـت، جگـە لەمـە نیـوەی داهاتـی ناوچەکـە کـەم بۆتـەوە، بـەم ڕێگەیـەوە داهاتـی لیـوای ناوهاتـوو دەسـت دەکەوێـت و ئـەوەی ماوەتـەوە کۆدەکرێتـەوە، کەرکـووك و سـلێمانی بـۆ چینـی سـێیەم هاتۆتـە خـوارەوە، دەکرێـت لـە چینـی سـێیەم موتەسـەرفیەتێك لـە مەعمـورەی حەمیدیـە دابمەزرێـت، بـە تەخمینـی پێویسـتە ١٥٠٠ لیـرە خـەرج بکرێـت، لـە کۆتاییـدا ئەگـەر بـەش نـەکات لـە سـەروو پـارەی بـۆ دابیـن بکرێـت، بـە گوێـرەی ڕاگەیەنـدراوەکان ئەگـەر بکرێـت چ لـە کاروبـاری دارایـی و ئیـداری چ لـە خەرجـی مامەڵەکـە جێبەجـێ بکرێـت، بـۆ ڕەزامەنـدی بڕیـاری سـەروو پێویسـتە.




| DH.ŞFR | 00346.00073 | 3 ڕەبیعی کۆتایی 1323 (٧ حوزەیران ١٩٠٥) |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>تەلەگرافنامەی ٢٠ مایس ١٣٢١ هاوپێچی بەندەمانە، نامەیەك كە بۆ حاكمی سەردەشت نێردراوە، ئەم كۆمەڵەیەی كە هاوكاریەتی، عەشیرەتی سوسنەش چۆتە پاڵیەوە، دەستی بەسەر ئەوێ داگرتووە، بە گەرانەوەی كورەكانی قەرەكلی عەبدوڵلا ئیبراهیم ئاغا، عەشیرەتی سوسنە لە پشدەریەكان هەڵاتوون، بە ڕێگە نەدان بە گەرانەوەیان، عەشیرەتی مەنگوری خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لە موتەسەرفی سلێمانی نووسراو كراوە، لەم بابەتەدا وا بە پێویست زانراوە مەفرەزە بڕوات، تا ڕێگە نەدرێت كێشەی سنوور روو بدات وەڵام لە فرقەی قوماندانەوە بۆ موتەسەرف نووسراوە، هەواڵی پێویستیش دراوەتە ئێران.<br>والی موسڵ نوری | | |



| DH.ŞFR | 00358.00048 | 25 شەوال 1323 (٢٣ کانوونی یەکەم ١٩٠٥) |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
٧ کانوونی یەکەم ١٣٢١، لە بارەی موتەسەرفیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە، خوێندنەوەکەی جەنابی موشیر عەبدوڵڵا پاشا لە شوێن خۆیەتی، هەروەها سەرکەوتوو بووە لە جێگیر کردنی عەشیرەتەکانی دەوروبەر لە وەزنە و پاشکۆکانی نەهێشتنی سەرپێچیەکانی ئێران، بەڵام سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی موتەسەرفیەت بۆ خەزینە دەبێتە خەرجیەکی زۆر، دەستەی لیوا لە سلێمانی هەڵگیراوە و بە گواستنەوەی بۆ قەزای ناوهاتوو و سلێمانیش قائیمقامیەتەکەی دەبێتە چینی یەکەم، پێویست ناکات ئەم خەرجیەش بکرێت، سلێمانی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، دەسەڵاتەکان لە بەرامبەر سەرپێچیکاران، سەیدەکان، ئاغاکان و گشت عەشیرەتەکانەوە کاریگەریان نامێنێت، هەموو رۆژ بە شێوەیەك گەندەڵی لە سلێمانی روو دەدات، بە یەك دوو ئامادەکاری و بە بێ خەرجی، بە سوود و گرنگی حکوومەت دەگەڕێتەوە و بە سروشتی خۆی گەندەڵی نامێنێت، جگە لەمە داهاتی سانجەقی سلێمانی کەمی کردووە، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بارودۆخی جارانی، ووردبینی بۆ داهاتی پێشووی وەرنەگیراوە بکرێت و فەرمانی وەرگرتنی بۆ دەربچێت، ئەمجارە رەشنووسەکە خوێندنەوەی بۆ کراوە و بە تەلەگرافنامە مەزبەتەی مێژووی ٥ تشرینی دووەم ١٣٢١ راگەیەندراوە، سانجەقەکانی کەرکووك و سلێمانی لە چینی یەکەم بۆ چینی سێیەم دابەزیون، بەمەش بۆ مەعمورەی حەمیدیەش لە چینی سێیەم موتەسەرفێك دابمەزرێت و بە هەردوو شێوەدا مەعمورەی حەمیدیە فراوان دەکرێت و کارگێریەی حکوومەتیش فراوان دەبێت، ئەم خەرجیەی کە پێویستە بکرێت بە تەخمینی لە ١٥٠٠ لیرە پێك دێت، ئەم پارەیە دوای دەرخستە ئەگەر بەش نەکات، لەلایەن وەستاوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت.
مستەفا والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب


| ŞD | 00425.00044 | 19 رەجەب 1323 (١٩ ئەیلوول ١٩٠٥) |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی کاروباری دارایی
کارگێری تۆماری باجی گشتی
ژمارە ٢٢١٨
ئەمجارە ناحیەی پشدەر سەر بە قەزای مەعمورەی حەمیدیەی پاشکۆی ویلایەتی موسڵ تۆماری رێکخراوە و کۆتایی پێ هاتووە، باجی تەکالیفی نوێی پێش تۆمار رێکخراوە، برەکەی دیارە و لە ئەنجوومەنی خۆچێی بە پەسەندکراوی لە خشتەی هاتوو تۆمار کراوە، ئەم ووردبینیەی کە کراوە هاوپێچ لە پوختەکەی نیشان دراوە و پێشکەش کراوە، لە ناحیەی ناوهاتوو ئەملاك و کەلوپەلی گشتی لەگەڵ باجی پیشەگەران و کەرەستەی سەربازی رێکخراوە و خەرجی مەعاریف و شوێنگرەوەی سەربازی بۆ هاووڵاتی ناموسڵمانی نێر بە کۆکراوەیی ٢٠٨٧٤ قوروش و ١٥ پارە دەکات، پێش تۆمارکردن برە پارەی ناوبراو دابین کراوە، باجە کۆنەکەش پێویستە هەڵبوەشێتەوە، لەگەڵ ئەمەش ئامادەکاری سەربازی و بەشی مەعاریف ٢٧٠٢٥ قوروش و ١٠ پارە لەگەڵ موازەنە ٦١٩٠ قوروش و ٣٥ پارە کەمي کردووە، بۆ ئەوەی برەکە بە یەك جاری دابین بکرێت، لە هەزارەها یەکی ئەملاك و زەوی و زار لەگەڵ لە سەدا نیوی تەمەتتوعاتی پیشەگەران هەژمار کراوە، ئەوەی پێویستە بنێردرێت برەکەی دەکاتە ٤١٥٠ قوروش و ٢٢ پارە، جگە لەمە لە هەزارەها پێنج باجی نیشتەجێ بوون و لە بەرامبەر باجی دەست بەسەرکراو ٤٠ قوروش دابین کراوە، خەرجی تۆمار کرا و ئامادەکاری سەربازی و بەشی خەرجی مەعاریفی باس کراوە، بە جیا جیا هەژمار کراوە، دوای رەزامەندی، بە فەرمانی پاشا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت خشتەی نوێ ناوهاتوو، بە ئاماژەی خۆچێی لەساڵی ١٣١٩ەوە دەستپێشخەری کراوە لە جێبەجێ کردنی، فەرمانی پاشای پەیوەندیداری سەدارەت راگەیەندراوە و رەزامەندی بە بریاری ئەنجوومەنی دارایی لەگەڵ فەرمانگەی گشتی تۆماری باج گفتوگۆی لەسەر کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.
نازری دارایی




| | | |
|---|---|---|
| 20 سەفەر 1323 (٢٦ نیسان ١٩٠٥) | 00950.00036 | DH.MKT |

بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
خەیـری ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـەی ویلایەتـی موسـڵ گوازراوەتـەوە بـۆ قائیمقامیەتـی ئەبولکەمالـی سـانجەقی زور، قـەزای ناوهاتـووش بۆشـایی تێکەوتـووە، بـۆ قائیمقامیەتـی ناوهاتـوو نـوری بـەگ قائیمقامـی پێشـووی میدیـە دامـەزراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە پێویسـتی بە بریـاری پەیوندیـداری پایەبـەرزە.




<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00960.00065</td><td>19 جەمادی یەکەم 1323 (٢٢ تەمموز ١٩٠٥)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>رزا بەگ لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە دامەزراوە، لە مێژووی دەست بە کار بوونی مانگانە ١١٢٥ قوروش مووچەی بۆ دەبردرێتەوە، بە گوێرەی نیزامیش بە دەست بەکار بوونی لە کارە نوێیەکەی، لە کارە کۆنەکەی دەست لە کار هەڵگرتنی بۆ دەکرێت، لەگەڵ راگەیاندنی خەرجی رێگای بۆ دابین دەکرێت و دەنێردرێتە سندوق، لە موازەنەی ناوەخۆ بە رێکخستن و جێبەجێ کردنی، لە خشتەی خەرجی تۆمار دەکرێت، بە ووتەی ژمێریاری رادەگەیەندرێت.</td></tr>
</table>



| DH.MKT | 01020.00022 | 26 شەعبان 1323 (٢٦ تشرینی یەکەم ١٩٠٥) |
|---|---|---|


بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
رزا بەگ لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا نەهاتۆتە شوێنی کارەکەی، بۆیە ماوەی سێ چوار مانگە ساڵح ئەفەندی فەرمانبەری ئەوراقی سانجەقی سلێمانی بە وەکالەت قائیمقامیەتی ناوبراو بەڕێوە دەبات، بەڵام لەبەر گرنگی قەزاکە و دووری ناوچەکە، بە زیادکردنی مووچەکەی مافی ئەرکەکەی نادات و ئیدارەی شوێنەکە چاکتر بەڕێوە ناچێت، بەهۆی زوڵم و زیان پێگەیاندنەوە، نموونەی وەکو وەکیلی ناوبراو بە دابین کردنی سێ یەکی مووچەوە دەبێت، ئەم ئەرکانەی کە بە وەکالەت بەڕێوە دەبردرێت، جگە لە مووچە رەسەنەکەی مووچە وەکالەتەکەی پێ دەدرێت، ئەم وەکیلەی دادەمەزرێت بە گوێرەی پلە و چینەکەی، ئەگەر پێویست بکات زیاتر لە پێنج مووچەی بۆ دابین دەکرێت، بە رەزامەندی دەتوانرێت بری سێیەك و چواریەکی مووچەکەی بە ئاقچە بدرێت، بە تێروانین لە خەرجیەکە، بە ووتەی ژمێریاری رەزامەندی لەسەر مامەڵەکە دراوە.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 01028.00017 | 25 رەمەزان 1323 (٢٣ تشرینی دووەم ١٩٠٥) |
|---|---|---|

بۆ لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
قائیمقامی قەزای مەعمورەی حەمیدیەی ویلایەتی موسڵ بۆشایی تێکەوتووە، لەبەر ئەوەی لە مولازمەکانیش کەسێك نییە ئارەزووی ئەم ئەرکە بکات، دەبێ کەسێك بکرێتە قائیمقامی ئەم شوێنە، زیاتر لە ١٠ ساڵە لە بەرێوەبەرایەتیەکانی دەورووبەر خزمەت و کاری باشی کرد بێت، لەبەر ئەوەی خو و میزاجی ناوچەکە روون بۆتەوە بە چ شێوەیەکە، عەبدولرەحمان ئەفەندی دامەزرێت، کە لە بەرێوەبەرایەتی ناحیەی کەوکەب بووردراوە، زانیاری کەسێتی بە هاوپێچەوە پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەکە بۆ پەیوەندیداری سەدارەت دەگەرێتەوە.




<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>01435.000039</td><td>2 رەبیعی کۆتایی 1323 (٦ حوزەیران ١٩٠٥)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>٩٩٧<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیەی ویلایەتی موسڵ بە کراوەیی ماوەتەوە و بۆشایی تێکەوتووە، رزا بەگ قائیمقامی قەزای کرماسنی بگوازرێتەوە قەزاکە، بۆ شوێنی ئەویش حوسێن وەهبی قائیمقامی مەرمەریس، بۆ شوێنی ناوبراویش ئەمین ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قولە دامەزرێن، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار، مەزبەتە لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە رێکخراوە، لەگەڵ کاغەزی زانیاری وەرگێردراو، راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



| BEO | 002643.198184 | 9 جەمادی کۆتایی 1323 (١١ ئۆغستۆس ١٩٠٥) |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی والای سەر عەسکەریمان<br>وێنەکانیان لە بالا تۆمار کراوە، هەروەها بە گوێرەی پەراوێزی فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت، داوا لە لایەنی سەر عەسکەر کراوە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت.<br><br>لە قەزاکانی مەعمورەتولحەمید و شارباژێری ویلایەتی موسڵ، گۆرینەوە بە ئەندامانی ژاندارمە دەکرێت. | | |




BEO.002737.205255.002

| BEO | 002737.205255 | 4 زیلقەعدە 1323 (٣١ کانوونی یەکەم ١٩٠٥) |
|---|---|---|

بابی عالی
قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە
ژمارە ٢٩٣
نووسراوی ٩ تشرینی دووەم ١٣٢١ ژمارە ٣٧٢٠، لە نەزارەتی ناوخۆی شکۆدار حەواڵەی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە کراوە و خوێندنەوەی بۆ کرا.

لە بابەتەکەیدا هاتووە؛ لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیەی ویلایەتی موسڵ، کە لە چینی سێیەمە، بۆشایی تێکەوتووە، لە مولازمەکان کەسێك نییە ئارەزووی ئەم ئەرکە بکات، عەبدولرەحمان ئەفەندی کە لە بەڕێوەبەری ناحیەی کەوکەب بووردراوە، زیاتر لە ١٠ ساڵە لە ناحیەکان بەڕێوەبەر بووە، حاڵی حازریش داوای کردووە لە قائیمقامیەتێك دابمەزرێت، هەروەها روون بۆتەوە لەگەڵ میزاجی ناوچەکە ئاوێتە دەبێت، لە ١٤ تەمموز ١٣١٥ نووسراوی سەدری ئەعزەم لەگەڵ فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت راگەیەندراوە، بە گوێرەی ئەم راگەیەندراوانە، قائیمقامی قەزاکان دەبێ لە مەکتەبی مولکیەی شاهانە دەرچووبێت و هەڵبژاردننامەی قائیمقامیەتی هەبێت، ئەگەر هەڵبژاردننامەی نەبێت، دەبێ بە فەرمانی پاشا رەزامەندی لەسەر درابێت، لەسەر زانیاری کەسێتی مەرجەکانی بەکارهێنانیان تەواو بێت، ئینجا ئەمانە ئەرکیان پێ دەدرێت، بەڵام ناوبراو هەڵبژاردننامەی قائیمقامیەتی نییە و لە ئەرکی قائیمقامیەتی خزمەتی نەبینراوە، بۆیە هەڵبژاردن و دامەزراندنی گونجاو و پەسەند نییە، لەبەر ئەوەی کەسێکیش نییە ئارەزووی ئەم ئەرکە بکات و لەبەر دووری شوێنەکەش، کەسێك بێت مووچەکەی ١١٢٥ قوروش بێت، بەم تێبینیە کەسێك بدۆزرێتەوە، چینەکەی بۆ چینی دووەم بەرز بکرێتەوە و لە هەڵبژێردراوەکان گونجاوترینیان دابمەزرێت، لە مێژووی ٢٣ کانوونی دووەم ١٣١٨ ژمارە ٣٣ نووسراوی سەدری ئەعزەم راگەیەندراوە، لە مەکتەبی سوڵتانیە لەگەڵ مەکتەبەکانی دواناوەندی دەرچووبێت و بەڕێوەبەری ناحیە دەبێ خوێندنی تەواو کردبێت، ئەوانەی مەکتەبیان تەواو نەکردووە و بەڕێوەبەری ناحیەن، ئەوا بە مەرجی ١٠ خزمەت، بۆ بەرزکردنەوەی پۆلەکەشیان تاقیکردنەوەیان ساڵی جارێك دەبێت، بە گشتی ئەوانەی بە ئەرکی بەڕێوەبەر پلەکەیان بەرز دەبێتەوە بۆ قائیمقامیەت، ژمارەی مولازمەکان بۆ ١٥ کەم بۆتەوە، ئەگەر بە ساڵێك تێپەرێنێت، ئەگینا بۆ بەرزکردنەوەی پۆلەکەی تاقیکردنەوە ئەنجام نادرێت، بە بریاری شورای دەوڵەت و ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان و بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت رەزامەندی دراوە، ئەگەرچی ئەوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی بۆ قائیمقامیەت بەرز کراونەتەوە، لە قۆمیسیۆن ژمارەیان دیار نییە، چونکە ئەم ناوچانەی دوورن، قائیمقامی چینی سێیەم و هەڵبژێردراوەکان ئارەزووی ئەم ناوچانە ناکەن، بۆیە ئەم جۆرە قەزایانە بە ماوەیەکی درێژ بە شێوەی وەکالەت بەڕێوە دەبردرێت، هەروەها لە نەزارەتی ناوهاتوو بەڕێوەبەری ناحیەکان هەڵدەبژێردرێن، ئەمانە بە سەرکەوتنی بنکەکەیان دامەزراندنیان لە قائیمقامیەت بە مەرجی باسکراو و لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیە لێهاتوویان نیشان دەدەن، ئینجا بە گوێرەی رێنمایی هەڵبژاردننامەیان پێ دەدرێت، بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەشیان کارەکە جێبەجێ دەکرێت، لە جەنابی پاشا لە پەیوەندیداری سەدارەت راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.



| ŞD | 02752.00003 | 26 شەعبان 1323 (٢٦ تشرینی یەکەم ١٩٠٥) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٣٤٥٠
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەمانە
رزا بەگ کە لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە دامەزراوە، تا ئێستا نەچۆتە سەر ئەرکەکەی، ساڵح ئەفەندی فەرمانبەری ئەوراقی سانجەقی سلێمانی ماوەی سێ چوار مانگ دەبێت بە وەکالەت ئەرکەکە بەڕێوە دەبات، بەڵام لەبەر گرنگی ناوچەکە و دووری شوێنەکە ناتوانێت بە پێنج مووچە بژێوی دابین بکات، بەمەش غەدری لێ دەکرێت، دەریشکەوتووە ناردنی قائیمقام دوادەکەوێت، بۆ خەرجی پێویست وەکیلی ناوبراو سێیەکی مووچەکەی پێ بدرێت، بۆ ئەمەش نووسراو لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، ئەم ئەرکانەی بە وەکالەت بەڕێوە دەبردرێن جگە لە مووچە رەسەنەکەیان، ئەگەر پێویست بکات زیاتر لە پێنج مووچەیان بۆ دابین دەکرێت، واتە بە رەزامەندی بری سێیەك و چواریەکی ئاقچەیان بۆ دابین دەکرێت، بۆ جێبەجێ کردنی بریاری خەرجی رێگاش بە تێروانین لە ووتەی ژمێریاری رەزامەندی لەسەر دراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.
نازری کاروباری ناوەخۆ




| BEO | 002763.207163 | 7 زیلحیجە 1323 (٢ شوبات ١٩٠٦) |
| --- | --- | --- |

شورای دەوڵەت
فەرمانگەی دارایی
٣٧٨٧


نووسراوی مێژووی ٢٦ شەعبان ١٣٢٣ ژمارە ٤٥٠ لە نەزارەتی ناوەخۆی حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی داراییش خوێندنەوەی بۆ کرا.

رزا بەگ لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا نەچۆتە سەر ئەرکەکەی، ئەرکەکەش لەلایەن ساڵح ئەفەندی فەرمانبەری ئەوراقی سانجەقی سلێمانی بە وەکالەت بەرێوەدەبردرێت، لەبەر گرنگی قەزاکە و دووری ناوچەکە، بە زیادکردنی مووچەکەی بژێوی ژیانی پێ دابین ناکرێت، بۆیە زیانی پێ گەیشتووە و مەغدورە، هەروەها روون بۆتەوە ناردنی قائیمقام دوادەکەوێت، بۆیە خەرجی پێویست دابین بکرێت، لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە سێیەکی مووچەکەی پێ بدرێت، هەروەها ئەم ئەرکانەی کە بە پێویست زانراوە بە وەکالەت بەرێوە ببردرێت و ئەم وەکیلانەی کارەکە بەرێوە دەبەن، بە گوێرەی چین و بارودۆخەکەیان، ئەگەر پێویست بکات، زیاتر لە پێنج مووچەیان بۆ دابین دەکرێت، ئەمەش بە وەرگرتنی رەزامەندی، لە مووچەی رەسەنەکەی، بری سێیەك و چواریەکی ئاقچەی پێ دەدرێت، بە گوێرەی بریارنامەش خەرجی رێگای ناوبراو دابین دەکرێت، بۆ وەرگرتنی رەزامەندی لەسەر دابینکردنی سێیەکی مووچەی ناوبراو، لەلایەن نەزارەتی ناوهاتووەوە نووسراو حەواڵە کراوە، تا جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.




İ.HUS.00139.00034.002

<table>
<tr><td>İ.HUS</td><td>00139.00034</td><td>11 موحەررەم 1324 (٧ مارت ١٩٠٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>١٨٨<br>ئەگەر بۆ موتەسەرفی قەزای مەعمورەی حەمیدیە بگوازرێتەوە، سنوور زیاتر سەقامگیر دەبێت، نووسراو لە ئەنجوومەنی وەکیلەکان کراوە و بریارەکە بە مەزبەتە رابگەیەندرێت، فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەرچووە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.<br>جەنابی سەر کاتیب</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب


| DH.TMIK.M | 00222.00033 | 21 رەبیعی یەکەم 1324 (١٥ مایس ١٩٠٦) |
| --- | --- | --- |

بۆ جەنابی عالی پەیوەندیدارانی سەدارەت


بـە مەبەسـتی دەسـتکەوتنی هێـزی عەشـیرەت، رۆسـتەم بـەگ نائیبـی پێشـووی بانـە هاتۆتـە ئـەم لایـە، بـە رێگـەی هاندانیـش پشـدەریەکانی بـۆ لایـەی خـۆی راکێشـاوە و دەسـتی بـە هێـرش کـردووە، لـە موتەسـەرفی سـلێمانی راگەیەنـدراوە، بـۆ گەرانـەوەی پشـدەریەکان بـۆ ئـەم لایەنـە، بـە پەلـە مەفرەزەیـەك پێـك بهێنرێـت، نـووسراو بـۆ موتەسـەرف و قائیمقامـی مەعمـورەی حەمیدیـە کـراوە، ئـەم وەڵامـەی لـە سـلێمانیش وەرگیـراوە، دەرکەوتـووە دوای ئـەوەی پشـدەریەکان بـە رووبەرووبوونـەوە لەگـەڵ حەمـە خـان حاکمـی بانـە، بـە دۆراوی گەراونەتـەوە، دووبـارە بـۆ تۆڵەسـەندنەوە کۆمەڵەیەکیـان پێـك هێنـاوە، چوونەتـەوە لای بانـە، بـۆ ئـەوەی رێگـە لـە فـراوان بوونـی گەندەڵـی و سـەرپێچی بگیرێـت، بـە هێـزی نیزامیـە و ئینزیباتـی پشـدەریەکان بگەرێندرێنـەوە شـوێنەکانی خۆیـان، بـۆ ئەمـەش دووبـارە لـە قوماندانـی فرقـەی لەشـکر و موتەسـەرفی ناوهاتـوو و قائیمقامـەکان ئـاگاداری نێـردراوە، لـەم تەلەگرافنامەیـەی لـە ویلایەتـی موسـڵ وەرگیـراوە، زانیـاری جەنابـی عالـی راگەیەنـدراوە و ئامـاژەی پێکـراوە، لـە قۆمیسـیۆن راگەیەنـدراوە بـە پەلـە مامەڵەکـە جێبەجـێ بکرێـت.


OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
226 | 60 | 2

DH.TMIK.M.00226.00060.001


OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
226 | 60 | 3

DH.TMIK.M.00226.00060.002


OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
226 | 60 | 5

DH.TMIK.M.00226.00060.005

| DH.TMIK.M | 00226.00060 | 12 رەبیعی یەکەم 1324 (٦ مایس ١٩٠٦) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
رۆستەم بەگ نائیبی پێشووی بانەی ئێران وەکو نائیبەکانی تر، بۆ ئەوەی هێزی عەشیرەتی دەست بکەوێت، هاتۆتە ئەم لایەنە، بە رێگەی هاندان، هاوکاری لە پشدەریەکان وەرگرتووە، دەیەوێت دەست بە هێرش بکات، ئەم هەواڵانە لە موتەسەرفیەتی سلێمانی راگەیەندراوە، بۆ گەرانەوەی پشدەریەکانیش بە پەلە مەفرەزەیەك بگەیەندرێتە ناوچەکە، بۆ ئەمەش ئامادەکاری لە قوماندانیەتی فرقەی نیزامیەی کەرکووك و لایەنی سەربازی کراوە، نووسراو بۆ قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیەش کراوە، ئەمجارە لە سلێمانی تەلەگرافنامە وەرگیراوە، پشدەریەکان لەگەڵ حەمە خان حاکمی بانە رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە و پشدەریەکان بە دۆراوی گەراونەتەوە، بەڵام بۆ تۆڵەسەندنەوە دووبارە کۆمەڵەیەکیان پێك هێناوە و چوونەتە لای بانە، بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت گەندەڵیان فراوانتر بێت و بۆ گەرانەوەی پشدەریەکان، هێزی نیزامیە و زەبتیە بکەونە کار، ئاگاداری دراوەتە قوماندانی فرقەی لەشکر و موتەسەرف و قائیمقامی ناوبراو، راگەیەندراوە فەرمان.
مستەفا والی


هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M | 00226.00060 | 12 جەمادی یەکەم 1324 (٤ تەمموز ١٩٠٦) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
لە موتەسەرفیەتی سلێمانی راگەیەندراوە، ناکۆکی لە نێوان بەگزادەکانی بانەی سەر بە ئێران هەیە، تێدا بەگزادە محەمەد خان و لە هەر لایەک ١٢ کەس و لە لایەنگرانیشیان ٨ کەس کوژراوە، هەروەها لە لایەنی ئێمەش ئامادەکاری بکرێت، تا عەشیرەتەکان بەشداری لەم شەڕە نەکەن، لە وەڵامدا ئامۆژگاری پێویستیان پێ بدرێت.
مستەفا والی

| DH.TMIK.M | 00226.00060 | 7 جەمادی کۆتایی 1324 (٢٩ تەمموز ١٩٠٦) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
١٢ تەمموز ١٣٢٢ هاوپێچی تەلەگرافنامەی بەندەیە، پشدەریەکان گەراونەتەوە شوێنی خۆیان، حاڵی حازر کۆمەڵەکەیان نەماوە و بە ئاماژەی موتەسەرفی سلێمانی ئامادەکاری بکرێت، تا جارێکی تر سەرپێچی و هێرش ئەنجام نەدەن، بۆ ئەمەش ئاگاداری دووپاتکردنەوە دەرچووە، راگەیەندراوە فەرمان.
مستەفا والی




Y.MTV 00284.00025.002

| Y.MTV | 00284.00025 | 2 موحەررەم 1324 (٢٦ شوبات ١٩٠٦) |
|---|---|---|

بۆ موشیرەتی ئەرکانی جەنگی شکۆدار

هاوپێچی مێژووی ٢٣ کانوونی دووەم ١٣٢١، هەر لە سەرەتاوە عەشیرەتەکانی نیشتەجێ بووی وەزنە و لاهیجان و میرگان، بە گشتی لە ژێر ناوی بلباسن، لەگەڵ فرقەی پیران، راستەوخۆ لە تۆماری ناسنامەی قەزای رانیە ناویان تۆمار کراوە، هەروەها باجی ساڵی ١٢٧٠ تا ١٣١١ بە ناوی عەشیرەتی پیران بری ٣٠٠٠٠ و بە ناوی فرقەی منلاور نزیکەی ٥٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠ هەزاری ئەم ساڵە لە کۆی سانجەق و دیسان لە مێژووی ١٣١٣ یش لە قەزای رانیە رێکخراوە و دابین کراوە، بەڵام بەم دواییە بەستراوەتەوە بە قەزای مەعمورەی حەمیدیە، تەنانەت ئەم باجانە پێش یەك دوو ساڵ، دووبارە لە قەزایەکانی هەولێر و رانیە وەرگیراوە، ئەم تۆمارانەی لە قەزایەکانی ناوهاتوو هەیە، بە مەزبەتە پەسەند کراوە و وەرگیراوە، لەم مەزبەتانەدا دەرکەوتووە، لە ساڵەکانی ٦٨ و ٦٩ تەنانەت ئەمرۆش عەشیرەتی کوریکیش کە لەلایەنی سەردەشت نیشتەجێیە، باجی داوەتە قەزای کۆی سانجەق، ئەم عەشیرەتە عوسمانیانەی ناویان هاتووە دەشتاییەکانی ناوچەی وەزنە و میرگان و لاهیجان کوێستانی ئەمانە بووە و بەهەوی ئەم تەکالیفانەی لێیان وەرگیراوە، لەم ناوچانە خانە و گوندیان دروست کردووە، لە کوێستانی فرقەی مامش بەهۆی جولەی نابەجێیان، ٧٠-٨٠ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن محەمەد پاشا رواندزی دوور خراونەتەوە، هەروەها بلباس و مەنگور و پیران لەگەڵ گشت فرقەکان، نێوانیان تێکچووە، بەشێکی لەلایەنی مەعمورەی حەمیدیە ماونەتەوە، بەشەکەی تریشی کە لە جانەوەرەکانن لەگەڵ سەرۆکەکەیان لەلایەنی سندسی ئێران لە ناو مامشەکانی تر شەڕیان کردووە، ئەمانە لەلایەن ئێرانەوە لە ناو سندس تاقمێك گوندیان پێ دراوە و ماوەیەك لەوێ ماونەتەوە، دواتر بە هاندان و هاوکاری ئێرانیەکانەوە لەلایەن سندس و شنۆوە لەگەڵ مامشەکان و گشت قەبیلەکان هاوکاری کراون، لە سندس باوکی محەمەد ئاغای مامش و تەنانەت بە خۆشی پەرشوبڵاو بووە و چۆتە لای لاهیجان و ئێرەیان ئاوەدان کردۆتەوە، لە وەرزی هاوینیش لەلایەنی لاهیجان بۆ کوێستانەکانیان دەرچوون، لەگەڵ عەشیرەتەکانی تر رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە، ئەم شوێنەی لێی بوونە گشتی بۆ خۆیان بردووە و دەستییان بەسەر داگرتووە، بە تێپەربوونی کاتیش ناوچەکەیان فراوان کردووە. لە مێژووی ١٣١١ ی کۆچی لە نێوان فرقەی ناوهاتووی بلباس ناکۆکی روویداوە، دەوڵەتی ئێرانیش فرقەی پیرانی بە عەشیرەتی عوسمانی پەسەند کردووە، لە بارەی ئەم بابەتە لەگەڵ بابی عالی پەیوەندی کراوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم بابەتە روون بۆتەوە، کەچی ئەمجارە لەلایەن ئێرانەوە بە بێ رەزامەندی دروست کراوە و بەم دواییەش شوێنی گومرگەکە رووخێنراوە، فرقەی پیران خاکی پاکی عوسمانی شوێنی نیشتەجێ بوونیان بووە، کەچی فرقەی مامش نیشتەجێ بووە، بە هەر شێوەیەکیش بێت دەستی بەسەر لاهیجانیش داگرتووە. لە دەرەوەی سنووری لاهیجان بە ئاراستەی شنۆ و لەلای سندس شوێنی عەشیرەتی مامشی سەر بە ئێرانە، دیسان لەلایەکەی تر هەندێك لە عەشیرەتی مەنگور تێدا دەژین، تا ئێستا لەلای دەوڵەتی عالیەوە سەرپێچیەك روویندەداوە، بەم بارودۆخە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ناوچەکە بەرێوە دەبردرێت، لە ماددەی ٣ ی پەیماننامەی ١٢٦٣ ی دەوڵەتی ئێران هاتووە، دەبێ زەوی ناکۆك لەسەرەکان پارێزگاریان لێ بکرێت، بۆ بەهێزکردنی سنووریش لە بەرامبەر فەرمانبەرانی عوسمانی، فەرمانبەری ناردووە، لە نزیك سنووری سەرۆکەکانی عەشیرەتی عوسمانی، بە پلە و پاداشت کردن کار دەکات و یەك دژی ئەوی تر هان دەدات، بە پاراستنی لایەنێك لە شوێنی نیشتەجێ کردن قسەی دەروات، مامشیەکان کە نیشتەجێی لاهیجان و هاونیشتیمانی عوسمانین، هەمان سیاسەت پەیرەو دەکات، ئارەزووی ئەوە دەکات کە کاریگەری دەسەڵاتی بەسەر مەنگور و پیرانەکانی ئێمەش هەبێت، لەسەر فەرمانی پایەبەرزی پاشا، پرۆتۆکۆڵێکی پەسەندکراوی سنوور بوونی نییە، بۆ دیاریکردنی سنوور و نەهێشتنی رووبەرووبوونەوە، لەلایەن دەوڵەتی عالی عوسمانی دەستپێشخەری نیشان دراوە، بۆ نەزۆك کردن و نزیك نەکردنەوەی ئێران لە کارەکە، هەمیشە لە دەرفەتێك سوود وەردەگرێت، لە کاتی سەرقاڵی بە هەژماری ئاژەڵ بیرۆکەی داناوە بە هەنگاو تاقمێك زەوی و گوند داگیر بکات، هەروەها بە ماددەی پەیماننامەی ناوهاتوو و بە رێگای سەرۆکایەتی کردن پارێزگاری دەکات، راگەیەندراوە فەرمان.

سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە فەریق واجد



DH.ŞFR.00364.00092.001


<table>
<tr><th>DH.ŞFR</th><th>00364.00092</th><th>28 رەبیعی یەکەم 1324 (٢٢ مایس ١٩٠٦)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>٣٠ نیسان ١٣٢٢ هاوپێچی تەلەگرافنامەی بەندەمانە، لەسەر ئاگاداری و ئامادەکاری، سەرۆکەکانی پشدەر هێنراون و پەرشوبڵاوکراونەتەوە و خراونەتە ژێر بەڵێنەوە، لەلایەن وەکالەتی قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە زانیاری دراوە، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەکە پەرشوبڵاوکراونەتەوە، بەڵام رێگە نەدرێت لەلایەنی بانەوە سەرپێچی بکەن، دووبارە فەرمان و ئاگاداری راگەیەندراوە، فەرمان.<br>مستەفا والی موسڵ</td></tr>
</table>





DH.ŞFR.00364.00114.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00364.00114</td><td>2 ڕەبیعی کۆتایی 1324 (٢٦ مایس ١٩٠٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>٩ مایس ١٣٢٢ هاوپێچی تەلەگرافی ڕاگەیەندراوە، ئەگەرچی پشدەریەکان بە کۆمەڵ، بۆ لایەنی ئێران جولەیان کردووە، بەڵام لە ویلایەت ئاگاداری هاتووە و لەسەر ئەم ئاگاداریە کۆمەڵەکە پەرشوبڵاوکراوە، لەسەر ڕاگەیەندراوی قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە ئاماژە ڕاگەیەندراوە، فەرمان.<br>مستەفا والی موسڵ</td></tr>
</table>



DH.ŞFR.00367.00074.001



DH.ŞFR.00367.00074.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00367.00074</td><td>30 جەمادی یەکەم 1324 (٢٢ تەمموز ١٩٠٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>٢١ حوزەیران ١٣٢٢ هاوپێچی تەلەگرافنامەی بەندەیە، پشدەریەکان ئامادەکاری دەکەن، تا هێرش بکەنە سەر بانە، بۆ ئەوەی ڕێگەیان لێ بگیرێت، پێویستە مەفرەزە ڕەوان بکرێت، ئەگەرچی لە کاتی خۆیدا، بۆ قوماندانیەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن نووسراو کراوە، بەڵام لەلایەن موتەسەرفی سلێمانی خوێندنەوەی بۆ کراوە و ڕاگەیەندراوە، کە پێویست ناکات سەرباز ڕەوان بکرێت، بۆیە گەیشتنی سەرباز دواکەوتووە، پشدەریەکانیش ئەم هۆکارەیان هەڵقۆزتەوە و هێرشیان کردۆتە سەر بانە، لەم ڕووبەڕووبوونەوەی ڕوویداوە نزیکەی ٤٠ تا ٥٠ کەس کوژراوە و بریندار بووە، لە موتەسەرفیەتی سلێمانی ڕاگەیەندراوە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت گەندەڵی و سەرپێچی دووبارە بێتەوە، بە پەلە مەفرەزە ڕەوانی شوێنەکە بکرێت، لە قوماندانیەتی ناوهاتوو لەگەڵ لایەنی سەربازی بە یەکگرتووی ئامادەکاری پێویست ئەنجام بدەن، بوێری کەران دەستگیر بکرێن، بەمەش ئاسایش و ئەمنیەت دەگەڕێتەوە، لە موتەسەرفی ناوهاتوو ئاگاداری نێردراوە.<br>مستەفا والی موسڵ</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00367.00091.001

| DH.ŞFR | 00367.00091 | 3 جەمادی کۆتایی 1324 (٢٥ تەمموز ١٩٠٦) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار


تەممـوز ١٣٢٢ هاوپێچـی بەندەمانـە، لـە شـارۆچکەی سەردەشـت پشـدەریەکان هاوکارییـان لـە مامشــەکانی نیشـتەجێ بـوو وەرگرتـووە و چوونەتـە بانـە، لـە ئەنجامـی رووبەرووبوونەوەکـەدا، ١١ کـوژراو و ١٠ برینداریـان هەبـووە، ٧٠ تـا ٨٠ سـەر ئاژەڵیشـیان لەناوچـووە، جگـە لەمـە ١٢٠ چەکیـان بەجـێ هێشـتووە، دواتـر گەراونەتـەوە مەملەکەتـی خۆیـان، لـە موتەسـەرفی سـلێمانی راگەیەنـدراوە شـارۆچکەی بانـەش تووشـی زیـان نەبـووە، لەلایەنـی سـەربازی یەکگرتـوو، ئـەوەی پێویسـت بێـت لـە مەفـرەزە نیشـتەجێ بکرێـت و ئامـادەکاری بکرێـت، رێگـە نەدرێـت دووبـارە پشـدەریەکان سـەرپێچی بکەنـەوە، بـەم فەرمانـە ئـاگاداری پێویسـت دراوە و راگەیەنـدراوە.

مستەفا والی




DH.ŞFR.00367.00128.001

| DH.ŞFR | 00367.00128 | 7 جەمادی کۆتایی 1324 (٢٩ تەمموز ١٩٠٦) |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>١٢ تەمموز ١٣٢٢ هاوپێچی تەلەگرافنامەی بەندەمانە، پشدەریەکان بۆ شوێنی خۆیان کشاونەتەوە، حاڵی حازر هیچ کۆمەڵەیەکیان نەماوە، لە موتەسەرفی سلێمانی راگەیەندراوە، فەرمان دراوە جارێکی تر رێگەیان پێ نەدرێت سەرپێچی ئەنجام بدەن و دەست بەشەڕ و هێرش بکەنەوە، دووبارە ئاگاداری دڵنیاییکەرەوە دەرچووە، راگەیەندراوە.<br>مستەفا والی موسڵ | | |



هەواڵنامەی کتێب


| ١٠ شەوال 1324 (٢٧ تشرینی دووەم ١٩٠٦) | 00915.00048 | DH.MKT |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی واڵای جەنابی سەر عەسکەریمان<br>میری ئاڵای عیززەت بەگ قوماندانی قەزای مەعمورەی حەمیدیە ئەرکی تری پێ دەدرێت و لە قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو دادەمەزرێت، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، ئاماژەکە لە لیستێك خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، نووسراویش بۆ جەنابی سەروو دەکرێت. | | |





<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01057.00045</td><td>14 موحەررەم 1324 (١٠ مارت ١٩٠٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>لـە چینـی سـێیەم، قائیمقامیەتـی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـەی ویلایەتـی موسـڵ بۆشـایی تێکەوتـووە، بـۆ شـوێنی مەبەسـت، ئەمیـن شـوکری ئەفەنـدی دەرچـووی مەکتەبـی مولکیـەی شـاهانە و لـە چینـی هەڵبژێـردراو و قائیمقامـی پێشـووی ویلایەتـی سـیواس، کـە ئەمـرۆ لـە سیواسـە، دابمەزرێـت.</td></tr>
</table>


<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01057.00045</td><td>15 ڕەبیعی یەکەم 1324 (٩ مایس ١٩٠٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>ئەمیـن شـوکری ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای مەعمـورەی حەمیـد دامـەزراوە، لەگـەڵ گەیشـتنی بـۆ شـوێنی مەبەسـت و لـە مێـژووی دەسـت بـە کاربوونـی، مانگانـە ١١٢٥ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن کـراوە، بـە گوێـرەی نیـزام لـە شـوێنە کۆنەکـەی دەسـت لـە کار هەڵگرتنـی بـۆ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی مێژووەکـەی، جگـە لـە ٦٪، خەرجـی ڕێگاکـەی کـە لـە ١٠٥٩ قـوروش و ٣٠ پـارە پێـک دێـت، لـە ٥٪ی لـێ دەبردرێـت و دەنێردرێتـە سـندوقی ئاسـانکاری بابـی عالـی، لـە موازەنـە تۆمـار کـراوە، لەگـەڵ ڕێکخسـتنی خەرجـی ڕێگاکـەی، خشـتەی خەرجیەکانـی بـە ووتـەی ژمێریـاری ڕاگەیەنـدراوە و نـووسراوی بـۆ کـراوە.</td></tr>
</table>



DH.MKT.01089.00068.001

| DH.MKT | 01089.00068 | 9 رەبیعی کۆتایی 1324 (٢ حوزەیران ١٩٠٦) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
٢٢٧
رەسول ئاغا بەڕێوەبەری مەرگە، عەشیرەتەکانی کوێستان و پشدەریەکانی دژی یەکتر هانداوە، بۆیە مانەوەی لە ئەرکەکەی گونجاو نییە، بە ئاماژەی قوماندانی لەشکری شەشەمی همایۆن، نووسراو بۆ واڵای سەر عەسکەر کراوە، نووسراو بۆ پایەی پەیوەندیداری سەدارەتیش نێردراوە، لە نووسراوی مێژووی ١٣ مایس ١٣٢٢ ژمارە ٩٧٩ سەدری ئەعزەم فەرمانی داوە، لە کاتی ووردبینی دەرکەوتووە، ناوبراو بۆ رۆژێکیش بێت لە تۆمارەکان وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی مەرگە ناوی تۆمار نەکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ویلایەتی موسڵ ئاماژە بە بۆشایی ناوچەکە کراوە، بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوهاتوو دەرچووی مەکتەبی دواناوەندی مولازم عەبدوڵلا ئەفەندی دامەزرێت، بە فەرمانی جەنابی پەیوەندیدارانی سەدارەت و بە نووسراوی فەرمی بۆ ناوچەی کارەکەی رۆیشتووە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.




DH.MKT.01140.00040.001


| DH.MKT | 01140.00040 | 18 شەوال 1324 (٥ کانوونی یەکەم ١٩٠٦) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
٦٩٥
ئەمین شوکری قائیمقامی قەزای مەعمورەی حەمیدیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ داوای کردووە ئەرکەکەی بۆ قائیمقامیەتی قەزای ئەربەعەی سەر بە ویلایەتی سیواس بگوازرێتەوە، بەم شێوەیە لە چینی سێیەم قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە بە کراوەیی ماوەتەوە، دوای پێشنیار کردن کەسێك نەدۆزراوەتەوە، لە دەرچووی مەکتەبی مولکیەی شاهانە و لە مولازمەکان و قائیمقامی هەڵبژێردراو بێت، تا ئەم ئەرکە قەبوڵ بکات، بەڵام ئەحمەد نوری ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی ئاماسری داواکاری بەرز کردۆتەوە و داوای کردووە لە قائیمقامیەتێك دابمەزرێت، ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکان و بە وەکالەت قائیمقامیەتی بارتین بووە، خزمەتی باشی بینراوە، بۆیە ئەحمەد نوری ئەفەندی لە قائیمقامیەتی ناوهاتوو دابمەزرێت، جەنابی پەیوەندیداری نەزارەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.



هەواڵنامەی کتێب


| BEO | 002778.208285 | 14 موحەررەم 1324 (١٠ مارت ١٩٠٦) |
| --- | --- | --- |
| بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار<br>هاوپێچی نووسراوی ٣٠ زیلقەعدە ١٣٢٣، لە رووی سەقامگیریەوە گواستنەوەی بۆ موتەسەرفیەتی قەزای مەعمورەتولحەمیدیەی ناو ویلایەتی موسڵ و خاڵێکی نزیکی سنوور، گرنگی خۆی سەلماندووە، بە نووسراو لە ئەنجوومەنی بریکارەکان بریاری لەسەر دراوە و بە مەزبەتە راگەیەندراوە، جێبەجێ کردنی بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەبێت و بە نووسراوی تایبەت لە باش کیتابەتی مابەینی هومایۆنی شکۆدار تۆمار کراوە، بە تێروانین لە بریار و فەرمانی هومایۆنی شاهانە و ئاگاداری پێشوو بە پەلە جێبەجێ بکرێت. | | |



| BEO | 002783.208687 | 18 موحەررەم 1324 (١٤ مارت ١٩٠٦) |
| --- | --- | --- |


بۆ نەزارەتی دارایی عالی
وێنەی لە باڵا تۆمار کراوە، فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەرچووە و بە گوێرەی پەراوێزەکەی داوا لە نەزارەتی دارایی عالی کراوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.

بۆ باجی پێداویستی سەربازی و پارەی مەعاریف، لە ناحیەی پشدەر سەر بە قەزای مەعمورەی حەمیدیەیە، کۆتایی بە تۆمار کردنی گشت ئەملاك و تەمەتتوعاتی هێنرا، هەروەها خشتەی نوێ لە ساڵی ١٣١٩ ەوە وەرگیراوە.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 002810.210730 | 26 سەفەر 1324 (٢١ نیسان ١٩٠٦) |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>قەزای مەعمورەتولحەمید سەر بە ویلایەتی موسڵ بێ قائیمقامە، بۆ دامەزراندنی ئەمین شوکری ئەفەندی قائیمقامی پێشووی تەنوس، لە نووسراوی مێژووی ٢٥ شوبات ١٣٢١ ژمارە ٥١٣٦ ی دەوڵەت و بە بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە ٢٦ سەفەر ١٣٢٤ فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەرچووە، بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەکە هیممەت بکرێت. | | |



| BEO | 002834.212522 | 29 ڕەبیعی یەکەم 1324 ٢٣ مایس ١٩٠٦) |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەر<br>هاوپێچی نووسراوی ٢١ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٤، لەسەر ئەم ئاگاداری و ئامادەکاریانەی کە کراوە، سەرۆکەکانی پشدەر هێنراون و بۆ پەرشوبڵاوکردنیان خراونەتە ژێر بەڵێنەوە، لە قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە ڕاگەیەندراوە، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەکەیان پەرشوبڵاوکراوەتەوە، بەڵام ڕێگە نەدرێت لەلایەنی بانە سەرپێچی بکەن، بە دڵنیاییەوەش ئامۆژگاری دراوەتە قائیمقامی ناوهاتوو، ئەمجارە لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە وەرگیراوە لەلایەنی سەربازییەوە ئاگاداری بەپەلەیان پێ بدرێت و رابگەیەندرێت. | | |





| BEO | 002835.212616 | 2 رەبیعی کۆتایی 1324 (٢٦ مایس ١٩٠٦) |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>رەسول ئاغا بەرێوەبەری مەرگە، عەشیرەتەکانی بانە و پشدەریەکانی لە دژی یەکتر هان داوە و هەوڵ دەدات لە دژی یەکتر هەڵسنە سەر پێ، بۆیە لەم کاتە هەستییارەدا گونجاو نییە، لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت، لەسەر ئاماژەی قوماندانی لەشکری شەشەمی همایۆن، بە نووسراو لە والای سەر عەسکەر راگەیەندراوە، بە تێروانین لەم بابەتەدا کارەکە جێبەجێ بکرێت و رابگەیەندرێت. | | |

| BEO | 002835.212616 | 29 رەبیعی یەکەم 1324 (٢٣ مایس ١٩٠٦) |
|---|---|---|
| فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی<br>هۆبەی چوارەم<br>٦٣٤<br>راگەیەندراوی بەندەیە<br>لە ٢٦ نیسان ١٣٢٢ ژمارە ٥٢٠ هاوپێچی نووسراوی بەندەیە، پێش ئەوەی پشدەریەکان بگەنە شارباژێر، لە پرێکدا بابەکر قادر ئاغا پشدەری، کە بە فرقەی بانە پەیوەستە لەگەڵ هاوەڵانی هێرشی کردۆتە سەر فرقەی عەلی ئاغا، بەڵام هێرشەکەی شکستی هێناوە، حاڵی حازر لە هەردوو لا لەشکر کۆدەکرێتەوە، هەروەها رەسول ئاغا بەرێوەبەری مەرگە، کە کورە مامی بابەکر قادر ئاغایە، عەشیرەتەکانی پشدەر و بانە دژی یەکتر هان دەدات و لە دژی یەکتر جولەیان پێ دەکات، بۆیە مانەوەی لە بەرێوەبەرایەتیەکە گونجاو نییە، تەلەگرافنامەی وەکالەتی قوماندانیەتی فرقەی ١٢ حەواڵە کراوە و تەلەگرافنامە لە قوماندانیەتی لەشکری شەشەمی همایۆن هاتووە، وێنەی تەلەگرافنامەکە لەسەر رەزامەندی پەیوەندیداری سەدارەت پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.<br>رزا سەرعەسکەر | | |


OSMANLI ARŞİVİ
BEO

BEO.002930.219740.002


| BEO | 002930.219740 | 19 شەعبان 1324 (٨ تشرینی یەکەم ١٩٠٦) |
|---|---|---|

فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
وێنەی تەلەگرافنامەی بە شیفرەی مێژووی ٢٥ ئەیلوول ١٣٢٢، جەنابی فەریق سدقی پاشا قوماندانی لەشکری شەشەمی هومایۆنی بەغداد پێشکەشی کردووە.

وێنە
لەلایەن سێ چەتەی دانیشتوانی مەریوان، ئەمین باهیس لە فرقەی عەشیرەتی جاف کوژراوە، بۆیە چەند ئەسپ سوارێکی جاف بۆ کوشتنی چەتەکان چوونەتە شوێنی رووداوەکە و باس لەوە دەکرێت چەتەکان کوژراون، تا دێت فتنە و گەندەڵی لە فراوان بوون دایە، هەروەها جافەکانیش فرقەکانی هارونی و سەدانی و گشت فرقەکانی تر بە پیادە و ئەسپ سوار کۆبوونەتەوە و هێرشیان کردۆتە سەر قەڵای مەریوان و گوندەکانیان تاڵان کردووە، لەلایەکی تر ئەم سەربازە ئێرانیانەی کە بۆ مەریوان هاتوون، لە بنەرەتدا نییەتی تۆڵەسەندنەوەیان هەیە، بە هێرش کردنە سەر جافەکان سەرمەریان تاڵان کردووە و بە ١١ سوارە دەست درێژیان کردۆتە سەر هەندێك ئافرەت، لەسەر ئەمە جافەکان یەکیان گرتووە و راستەوخۆ بۆ سەر سوننە و مەسیحیەکان رۆیشتوون، لەوێ بە رێگەی سەربازی شاهانە پارێزراون، جگە لەمە دانیشتوانی جاف تا دێت لە زیاد بوون دایە، لە ناو سنووری ئێران کار دەکەن بۆ تاڵان کردن و وێران کردنی چەند گوندێك، سەرۆکی جاف مەحمود پاشاش مەسەلەکەی بە شێوەیەکی باش رێك خستووە، بۆ گەرانەوەی پارەوپولی تاڵانکراو و خێزان و منداڵی جافەکان لە گوندی سرورەیە، داوای هاوکاری و یارمەتی حوسێن بەگی مەریوانی کراوە، لە بەگزادەکان محەمەد ساڵح بەگ رۆیشتووە، ئەگەر بە زووترین کات مەسەلەکە لە رەگ و ریشەوە چارەسەر نەکرێت، ئەوا کێشەکە فراوان دەبێت و زۆر کێشە روو دەدات، ئەم مەفرەزە سەربازییەی بۆ گەرانەوەی جافەکان رۆیشتووە، بە زمانێکی گونجاو ئامۆژگاری کردوون، تا بگەرێنەوە شوێنەکانی خۆیان، بەڵام گوێرایەڵ نەبوونە و لە بەرامبەر سەربازی شاهانە چەکیان بە کار هێناوە، ئەم رووبەرووبوونەوەی کە لە نێوان جافەکان و سەربازی شاهانە روویداوە، کەسێك بریندار بووە و لەم ئەسپ سوارانەی عەشیرەتیش کە رایان کردووە، ٢ ئەسپ سوار کوژراوە، ٣ بریندار بووە، هەروەها ئەم مەرومالات و ئاژەڵانەی دەست بەسەر کراون، رادەستی دەستەی دەستکەوتن کراوە، جافەکان و مەروانیەکان ماوەی دوو رۆژە شەروپێکدادانیان بەردەوامە، لە جافەکان ٧ کوژراو و زیاتر لە ١٠ بریندار هەیە، تا ئێستاش شەر بەردەوامە، بە ئاماژەی قوماندانی هێزی تێکەڵ بە وەکالەتی قوماندانیەتی سلێمانی راگەیەندراوە، بۆ رێگەگرتن لە سەرپێچی جافەکان و هەمەوەندەکان و پشدەریەکان دوو تابوری نیزامیە بنێردرێتە مەعمورە، لە هەموو لایەکیش وەکو هاوکاری هێزی پاڵپشت رەوان بکرێت. تەلەگرافنامەی قوماندانی فرقەی ١٢ حەواڵەی باڵا کراوە، لەبەر ئەوەی بابەتەکە گرنگە و پەیوەندی بە سنوورەوە هەیە، بە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە و بە پێویست زانراوە بە پەلە برێك ژاندارمە رەوان بکرێت، هەروەها بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ویلایەتی ناوهاتوو، بە یەکگرتوویی رێگە نەدەن لە سنوور هیچ رووداوێکی نەخوازراو روو بدات، بە قوماندانی ناوهاتوو راگەیەندراوە.




BEO.002932.219890.002




BEO.002932.219890.003


| 1 رەمەزان 1324 (١٩ تشرینی یەکەم ١٩٠٦) | 002932.219890 | BEO |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٢١٦
جەنابی سەدری ئەعزەم پەیوەندیداری سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەمانە
هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٢١ شەعبان ١٣٢٤ی بەندەمانە، ئەندامی عەشیرەتەکانی پشدەر دەیانەوێت کەلوپەل و پارەوپولی دانیشتوان تاڵان بکەن، ئەگەرچی هێرشیان کردۆتە سەر بانەی لایەنی ئێران، بەڵام لەبەر ئەم بەرگریەی کە کراوە، بە دۆراوی گەراونەتەوە خاکی عوسمانی، لە کۆتاییدا لەگەڵ هەندێك کەس بە رێککەوتن و بە مەبەستی گەیشتن بە مەرامەکانیان، دووبارە هێرشیان کردۆتە سەر بانە، برێك مەریان تاڵان کردووە و هەڵاتوون، حاڵی حازریش ٤ عەشیرەتیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە، دیسان خۆیان ئامادە دەکەن، تا هێرش بکەن، بەم هەواڵانە دیسان دەیانەوێت سەرپێچی بکەن، لە کاتی رووبەرووبوونەوە ئەگەری هەیە رووداوی مەترسیدار رووبدات، بۆ ئەمەش ئامادەکاری پێویست بکرێت، لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە بە راپۆرت نووسراوەتەوە و پەیوەندی کراوە، وێنەی نووسراوی باڵیۆزخانەی تەهران هاتووە و هاوپێچ پێشکەش کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.
نازری دەرەوە

هەواڵنامەی کتێب

| 1 رەمەزان 1324 (١٩ تشرینی یەکەم ١٩٠٦) | 002932.219890 | BEO |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی تۆمار
وێنەی نووسراوی باڵیۆزخانەی تەهران، لە ١٥ ئۆغستۆس ١٣٢٢ هاتووە
حکوومەتی بانەی ئێران لەگەڵ عەشیرەتی پشدەری سەر بە عەشیرەتەکانی عوسمانی خەریکن هەندێك رووداوی سەرپێچی ئەنجام بدەن، لەسەر هەندێك ووتە کە باس لەم هەواڵانە دەکەن، لە هەواڵگری بانە راپۆرت بۆ باڵیۆزخانەی عوسمانی رەوان کراوە، لەلایەن دانیشتوانی ناوهاتوو و خانەکانی ئێران نووسراوی تایبەتیان رەوان کردووە، شایەتی ووردبینی کردنە و نووسراوی نهێنییەکان، لەلایەن جەنابی پەیوەندیدارانی نەزارەت هاوپێچ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.



| BEO | 002951.221317 | 10 شەوال 1324 (٢٧ تشرینی دووەم ١٩٠٦) |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەر<br>وەکیلی قائیمقام عەبدوڵڵا موخلیس بەگ لە سەر مەسەلەی سنووری ئێران فیداکاری بینراوە، بۆیە لە خەرجی زیادە ڕۆژانەکەی یاخود مووچەکەی زیاد بکرێت، ناوبراو داواکاری بەرز کردۆتەوە، لەسەر ئاماژەی ویلایەتی موسڵ بە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار ڕاگەیەندراوە، وەکیلی قائیمقام کاری کردووە و بە ناچاری دیسان نێردراوەتەوە ناوچەکە، پرس بە سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە فەریق میری میران جەنابی زەکی پاشا کراوە، لەم وەڵامەی وەردەگیرێت ڕابگەیەندرێت. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| کۆتایی زیلقەعدە 1324 (١٤ کانوونی دووەم ١٩٠٧) | 002965.222322 | BEO |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە
ژمارە ٣٣١

نووسراوی مێژووی ٢٠ شەوال ١٣٢٤ ژمارە ٣٧٧٨، لە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار حەواڵەی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە کراوە، لە چینی سێیەم قائیمقامی قەزای مەعمورەی حەمیدیە سەر بە ویلایەتی موسڵ، چ لە مەکتەبی مولکیەی شاهانە چ لە قائیمقامەکانی مولازمی هەڵبژێردراو کەسێك ئارەزووی ئەم ئەرکە ناکات، بەڵام ئەحمەد نوری ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی ئاماسری داواکاری بەرز کردۆتەوە، جگە لەمە بەڕێوەبەری زۆر ناحیە بووە، لە هەمان کاتدا لە قائیمقامیەتی بارتین بە وەکالەت ئەرکی پێدراوە، بۆیە داوای کردووە لە قائیمقامیەتێك دابمەزرێت، بۆیە لە قائیمقامیەتی ناوهاتوو دابمەزرێت، بەڵام بە گوێرەی نیزام قائیمقامیەتی قەزا دەبێ دەرچووی مەکتەبی مولکیەی شاهانە و لە هەڵبژێردراوەکان، واتە هەڵبژاردننامەی هەبێت، بۆیە بۆ قەزای ناوهاتوو کەسێك دابنرێت مەرجەکانی تەواو بێت، بۆ ئەمەش نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو نێردراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.




DH.ŞFR.00386.00102.001



DH.ŞFR.00386.00102.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00386.00102</td><td>22 ڕەجەب 1325 (٣١ ئۆغستۆس ١٩٠٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لەسـەر ئـەم بابەتانـەی کـە پـرس و را کـراوە، فەرمانـی سـەدری ئەعـزەم لـە پەیوەندیدارانـی سـەدارەت دەرچـووە و لەسـەر ئـەم فەرمانـە، تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ٣٠ تەممـوز ١٣٢٣ی قوماندانـی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن ڕاگەیەنـدراوە.<br>مستەفا والی موسڵ<br><br>لەسـەر ئامـاژەی عالـی پەیوەندیـداری ویلایـەت، وەڵام بـۆ ئـاگاداری پێشـوو و تەلەگرافنامـە لـە قوماندانیەتـی هێـزی سـنوور هاتـووە، لـە بـارەی دامەزراندنـی قەرەقۆڵخانـە و تەلەگرافخانـەی پشـدەر و لاهیجـان هیـچ زانیاریـەك نەهاتـووە، بایـز ئاغـا لـە تائیفـەی مەنگـور بـە ناونیشـانی قائیمقـام ئەرکـی پێـدراوە، جگـە لەمـە لـە بـارەی سـەرپێچی ئاغـای پشـدەر بـۆ سـەر سـنوور، سـکاڵای باڵیۆزخانـەی ئێـران بـێ بنەمایـە، بـە بریـار و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی ملوکانـە، ڕێگـە نادرێـت ئێـران بـۆ یـەك هەنـگاو لـە زەوی عوسـمانی نزیـك بێتـەوە و سـنوور بپارێزرێـت، لـە نـاو پاشـکۆکانی لاهیجانیـش قەرەقۆڵخانـە دروسـت بکرێـت، هـەر کێـش بێـت وەکـو قائیمقـام ئەرکـی پـێ بدرێـت، دەسـتتێوەردانی باڵیۆزخانـەی ناوبـراو جێگـەی سـەر سـورمانە، هـەر خـۆی لـە خۆیـدا شـتێك نییـە جێگـەی دەسـتتێوەردان بێـت، کەچـی ئێـران تێکەڵـی کارەکـە دەبێـت، ڕاگەیەنـدراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 003124.234299 | 5 رەجەب 1325 (١٤ ئۆغستۆس ١٩٠٧) |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار


نووسراوی بە بریاری ١١ و ٢٦ ی جەمادی کۆتایی ١٣٢٥ ژمارە ١١٢٥ و ١٢٨٤ و ١٢٨٥ دەوڵەتە، لە بارەی سەرۆکی قەرەقۆڵخانە و تەلەگرافخانەی پسوە و لاهیجان زانیاری نییە، بایز ئاغا لە تائیفەی مەنگور بە ناونیشانی قائیمقام بۆ ئەوێ رەوان کراوە و ئەرکی پێدراوە، سەبارەت بە گوندەکانی پشدەر و پەلاماری ئاغا بۆ سەر سنوور، لە باڵیۆزخانەی ئێران پەیوەندی کراوە و سکاڵا بەرز کراوەتەوە، بەڵام بێ بنەرەت و تەندروست نییە، لەم وەڵامەی لە ویلایەتی موسڵ و واڵای سەر عەسکەر هاتووە، هاوپێچ بۆ دەوڵەت رەوان کراوە، لە نووسراوی بە بریار و تەلەگرافنامەی مێژووی ٣٠ تەمموز ١٣٢٣ و ٤ رەجەب ١٣٢٥ هاتووە، بە تێروانین لە هەواڵ و پەیوەندی پێشوو کارەکە جێبەجێ بکرێت و رابگەیەندرێت، هاوپێچەکانیش رەوان بکرێتەوە.



BEO.003134.235030.002

| BEO | 003134.235030 | 13 رەجەب 1325 (٢٢ ئۆغستۆس ١٩٠٧) |
|---|---|---|

فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
١٦٣٨
راگەیەندراوی بەندەیە
لە مەسەلەی سنووری ئێران، عەبدوڵلا موخلیس بەگ وەکیلی قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە فیداکاریەکی زۆری نواندوە و لەگەڵ ئەم خەرجیە زۆرەی کە کردوویەتی رۆژانەکەی یاخود مووچەکەی زیاد بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش داواکاری بەرز کردۆتەوە، بەم راگەیەندراوە فەریق میری میران زەکی پاشا سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە پرسیاری کردووە، ئاخۆ ناوبراو لەوێ چ کارێکی ئەنجام داوە و ئاخۆ بە ناچاری رەوانی ئەوێ کراوە؟، ئەم پرسیارەش لە مێژووی ١٥ تشرینی دووەم ١٣٢٢ ژمارە ١٦٢٢ بە نووسراوی سەدری ئەعزەم ئاراستەی جەنابی پاشای ناوهاتوو کراوە، ئەمجارە لە وەڵامدا نووسراو هاتووە وێنەیەکی هاوپێچ پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
سەر عەسکەر رزا



هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 003153.236441 | 13 شەعبان 1325 (٢١ ئەيلوول ١٩٠٧) |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار
وێنەی لە باڵا تۆمار کراوە، فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەرچووە و بە گوێرەی پەراوێزەکەی لە نەزارەتی دارایی شکۆدار هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکە.

بۆ جێبەجێ کردنی نووسراوی مامەڵەی ناحیەی سورتاشی سەر بە ویلایەتی موسڵ، کاتیبی باجی لیوا ئەرکی پێ دراوە و مووچەکەی زیاد کراوە، هەروەها لە مەرگە و پشدەر کاتیبی باج دادەمەزرێت و مووچەیان بۆ دەبرێتەوە.





BEO.003211.240775.002

| BEO | 003211.240775 | 7 زیلقەعدە 1325 (١٢ کانوونی یەکەم ١٩٠٧) |
| --- | --- | --- |
| بۆ پایەی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیداری سەدارەت<br>بەنـدەی ئەمینتـان لـە سـنووری خاقانـی بـە توانایـە، لـە باوباپیرانمانـەوە وەکـو دڵسـۆز و پاکـی موسـڵمان بـۆ پاراسـتنی مافـی پیـرۆزی سـەڵتەنەت بـەردەوام گیانمـان فیدایـە، لـە سـەرۆکەکانی عەشـیرەتی پشـدەر و ئەمـرۆ دەتوانیـن زیاتـر لـە ٣٠٠٠ سـوارە و پیـادە بهێنیـن و رەوان بکەیـن، ئەمـەش دڵسـۆزی ئێمـە نیشـان دەدات کـە لـە لایەنگـری سـەڵتەنەتین، ئەگەرچـی لـە هـەر بابەتێکـی نێـوان عەشـیرەتەکان، هیـچ کاتێـك لـە بەرامبـەر بایـز پاشـای مەنگـوری نەبووین، بـەڵام بـە پاراسـتنی ئێمـە، بـۆ فەرمانـی سـەڵتەنەت خۆمـان فیـدا دەکەیـن، بـۆ ئەمـەش چاوەرێـی ئاماژەیـەك دەکەیـن، فەرمـان.<br>سەرۆکی پشدەر مامەند<br>لە سەرۆکەکان مەحمود ئاغازادە ئەبابەکر<br>لە سەرۆکەکان سەلیم ئاغازادە ئەبابەکر<br>لە سەرۆکەکان سەلیم ئاغازادە عەباس | | |




هەواڵنامەی کتێب

| ZB | 00450.00138 | 9 رەبیعی کۆتایی 1326 (١١ مایس ١٩٠٨) |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵی عالی<br>عەبدولمەجید فەرمانبەری پۆلیس لە قەزای مەعمورەی حەمیدیەی سانجەقی سلێمانی خزمەت دەکات، بە واژووی ناوبراو داواکاری بەرز کراوەتەوە، لەبەر خراپی بژێوی، داوای کردووە بە پلەی ئەفسەر دابمەزرێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە تۆماری ژمێریاری زانیاری کەسێتی نییە، بۆیە داواکراوە رابگەیەندرێت ناوبراو لە کامە مێژوو وەکو پۆلیس دامەزراوە. | | |





<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>01467.000015</td><td>7 جەمادی کۆتایی 1326 (٧ تەمموز ١٩٠٨)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>١٩١٤<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لەبەر گرنگی و تایبەتمەندی قەزای مەعمورەی حەمیدیە، بینباشی نیزامیە حەسەن ئەفەندی لە قائیمقامیەتەکەی دامەزراوە، جگە لە دەرماڵەی سەربازییەکەی، سێیەکی مووچەکەی پێ دەدرێت، لەم بارەیەوە نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار هاتووە و هاوپێچ پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا فەرمانی پاشای پەیوەندیداری خەلافەت چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT | 02663.00006 | 24 شەوال 1326 (١٩ تشرینی دووەم ١٩٠٨) |


بۆ جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی پشدەر بە ناوی بابەکر مەحمود ئاغا و سەلیم ئاغا، لە قەزای مەعمورەتولحەمید نیشتەجێنە، بەهۆی خزمەتەکانیانەوە، هەر یەکە بە نیشانێك ڕێزیان لێ بگیرێت، نووسراوی ویلایەتی موسڵ بە هاوپێچەوە پێشکەش کرا، جێبەجێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ پایەبەرز.



DH.MKT 02698.00040.001


| | | |
|---|---|---|
| **DH.MKT** | 02698.00040 | **7 زیلحیجە 1326 (٣١ کانوونی یەکەم ١٩٠٨)** |

بۆ ویلایەتی موسڵ
لە مێژووی ٢٧ زیلقەعدە ١٣٢٦، ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی لە قائیمقامیەتی مەعمورەی حەمیدیە دامەزراوە.




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02703.00046</td><td>17 زیلحیجه 1326 (١٠ کانوونی دووەم ١٩٠٩)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لـە قائیمقامیەتـی کەیفـی سـەر بـە ویلایەتـی ئـەرزروم و قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ، سـەفوەت بـەگ و ئیبراهیـم ئەدهـەم ئەفەنـدی دامـەزراون، بـۆ خەرجـی ڕێگاکەیـان بـە کۆکراوەیـی ٢٨٧٤ قـوروش، لـە دەرماڵـەی ناوەخـۆی ئـەم ساڵەدا هەژمـار کـراوە، هەروەهـا مووچەکـەی سـەفوەت بـەگ لـە یاریـدەدەری تۆمـاری دیاربەکـر دابیـن کـراوە، لـە خەزینەی شـکۆداریش ڕێکخـراوە، ١٥٠٠ قـوروش لە مێـژووی ١٣٢٤ ی کانوونـی یەکـەم ڕۆژی ٨ ەوە هەژمـار دەکرێـت، لـە ژمێریـاری ڕاگەیەنـدراوە مامەڵەکـە جێبەجـێ بکرێـت.</td></tr>
</table>




| DH.MKT | 02713.00011 | 27 زیلحیجه 1326 (٢٠ کانوونی دووەم ١٩٠٩) |
| --- | --- | --- |
| بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە دامەزراوە، لە مێژووی دەست بە کار بوونی مانگانە ١١٢٥ قوروش مووچەی بۆ دابین دەکرێت، هەرچی خەرجی ڕێگایە ئەوا لێرە دابین دەکرێت، بە گوێرەی نیزام لە مێژووی دەست بە کار بوونی، لە ئەرکی پێشووی دەست لە کار هەڵگرتنی بۆ دەکرێت، بە ووتەی ژمێریاری راگەیەندراوە. | | |





DH.MKT.02717.00011.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02717.00011 | 28 زیلحیجه 1326 (٢١ کانوونی دووەم ١٩٠٩) |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>ئۆنیە مەملەکەتی خۆمە و لە سەر رێگاکەمە، بۆ رێکخستنی کاروباری دایکم، پێویست دەکات بچمە لای و ٢٠ رۆژ لەلای دەمێنمەوە، داوا دەکەم هاوکاری بکرێم، تا ئێستا فەرمانەکەم نەنووسراوەتەوە، بە ناردنی بۆ پۆستە، منیش دەست بە جولە دەکەم، تکایە فەرمان.<br>قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە ئیبراهیم | | |




<table>
<tr><td>BEO</td><td>003432.257353</td><td>15 شەوال 1326 (١٠ تشرینی دووەم ١٩٠٨)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>وێنـەی لـە بـاڵا تۆمـار کـراوە و فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت دەرچـووە، لـە پەراوێزەکـەی ئامـاژەی پێکـراوە، لـە نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار هیمـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی مامەڵەکـە.<br><br>لەسـەر پاشـکۆی نوێـی قـەزای مەعمـورەی حەمیدیـە، لـە مێـژووی ١٣٢٢ ەوە دەسـت بـە وەرگرتنـی بکرێـت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MUİ | 00001.1.00045 | 15 شەعبان 1327 (١ ئەیلوول ١٩٠٩) |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵی عالی
وەڵامی تەلەگرافنامەی مێژووی ١٨ تەمموز ١٣٢٥ ی پایەی والایە، پارەی ئەم فەرمانبەرانەی سانجەقی کەرکووك و قەزای مەعمورەی حەمیدیە کە بۆ تەمبێ کردنی چەتەکانی هەمەوەند بەکار دەهێنرێن، لە دارایی ناوخۆ رێك دەخرێت، لە بەرامبەر ئەمەشدا ئەم دەرماڵەی لە پسولەکان وەردەگیرێت، لە ناوخۆ هەژمار دەکرێت، بۆ خەرج کردنیشی پێویستە رەزامەندی لە دەفتەردار وەربگیرێت، بە پەیوەندی کردن نەزارەتی دارایی عالی ئاگادار کراوەتەوە و لە وەڵامدا نووسراوی سەدری ئەعزەم هاتووە، ئەم فەرمانبەرانەی کە لە لیوای ناوهاتوو بەکار دەهێنرێت، لە بودجەی ئەم ساڵەدا ١٠٠٠٠ قوروش دابین کراوە و مامەڵەی لێکۆڵینەوەش دەستی پێکردووە، ئەم دوو فەرمانبەرەی لە قەزای ناوهاتوو بەکار دەهێنرێن، هەر یەکە مانگانە ٢٥٠ قوروشیان پێ دەدرێت، ئەم برە پارەیە رێکخراوە و بۆ هەردوو فەرمانبەر دابین کراوە، بە تەلەگرافنامە ئاماژەی پێکراوە، بە ووتەی ژمێریاری هەر ئێستا ئاگادار بکرێنەوە.




DH.ŞFR.00409.00054.001



DH.ŞFR.00409.00054.001

| DH.ŞFR | 00409.00054 | 2 موحەررەم 1327 (٢٤ کانوونی دووەم ١٩٠٩) |
| --- | --- | --- |


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
لـە ڕێگـەی پەیوەنـدی کـردن بـە سـەرۆکەکانی پشـدەر و مەنگـور و کـورك و گشـت سـەرۆك عەشـیرەتەکان، دەستپێشـغەری دەکرێـت لـە کشـانەوەی ئـەم عەشـیرەتە عوسـمانیانەی لـە سـەر سـنوورن، لـە نووسراوەکانـی ئـەم بابەتـەدا لەلایـەن باپیـر حەمـزە ئاغـا بـۆ میـرزا قولـی خـان حاکمـی سـاوجبۆلاق ڕەوان کـراوە، هەڵگـری نامەکـە ڕێـزی لێگیـراوە، بـە ئامـاژەی سـەرۆکی مەنگـور بایـز پاشـا بـۆ موتەسـەرفی سـلێمانی ڕەوان دەکرێـت، ئەگـەر لـە دڵسـۆزی عەشـیرەتەکانی پشـدەر، ئەمنیـەت بەرقەراریـش بێـت، بـەڵام هەندێـك بەدخـو دەمێننـەوە، بۆیـە تابوورەکانـی سـنوور چـاو کـراوە بـن، نـووسراو بـۆ قوماندانیەتـی فرقـەی ١٢ کـراوە.
والی موسڵ فەریق زەکی



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02731.00039 | 4 موحەررەم 1327 (٢٦ کانوونی دووەم ١٩٠٩) |
|---|---|---|

نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی پیادە
هۆبەی ١
٣٥٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لەبەر گرنگی قەزای مەعمورەی حەمیدیە و شوێنە تایبەتەکەی، بینباشی نیزامیە حەسەن ئەفەندی بۆ ئەم قائیمقامیەتە دامەزراوە، جگە لە دەرماڵە سەربازییەکەی، سێیەکی مووچەی قائیمقامیەتەکەی پێ بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە نەزارەتی شکۆدار ئاماژەی پێکراوە، لەسەر ئەم ئاماژە پێکردنە، لە مێژووی ٢٥ حوزەیران ١٣٢٤ بە فەرمانی پاشای جەنابی پاشا ڕەزامەندی دراوە، ئەگەرچی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیداری سەدارەت ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام بینباشی ناوبراو نازانرێت بە کامە پەیوەستە، پێویستە بزانرێت سەر بە کامە لایەنە و لە کامە لایەنەوە فەرمان بە دامەزراندنی دراوە، پرسیار لە عالی کراوە، لە فەرمانگەی پیادە گفتوگۆی لەسەر کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.
نازری دەرەوە




DH.MKT.02731.00091.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02731.00091</td><td>8 موحەررەم 1327 (٣٠ كانوونی دووەم ١٩٠٩)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شكۆدار<br>لـە ١١ كانوونــی دووەم ١٣٢٤، ئیبراهیـم ئەفەنـدی قائیمقامــی مەعمــورەی حەمیدیـە بـەرەو شــوێنی ئەركەكـەی بــەڕێ دەكەوێـت، لـە وەڵامــی قائیمقامیەتــی ئۆنیـە ڕاگەیەنـدراوە، فەرمـان<br>والی عارف</td></tr>
</table>




DH.MKT.02857.00053.001



DH.MKT.02857.00053.001

هەواڵنامەی کتێب




DH.MKT.02857.00053.002

| DH.MKT | 02857.00053 | 8 جەمادی کۆتایی 1327 (٢٧ حوزەیران ١٩٠٩) |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>قەزا هەڵدەوەشێتەوە، داواکارم کاریگەری لەسەر لیوا و ویلایەت نەبێت، بە گوێرەی ووردبینی و پێویستی خۆچێی، داواکارم دادگای یاسایی دابمەزرێت و بە پەلە جێبەجێ بکرێت.<br>قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە ئیبراهیم | | |

| DH.MKT | 02857.00053 | 8 جەمادی کۆتایی 1327 (٢٧ حوزەیران ١٩٠٩) |
|---|---|---|
| لە دژی والی و موتەسەرف سکاڵا بەرز کراوەتەوە، لەم بارەیەوە نووسراوی قۆمیسیۆن نەبینراوە، بەڵکو گەڕێندراوەتەوە و پێشکەش کراوە. | | |


| DH.MKT | 02857.00053 | 8 جەمادی کۆتایی 1327 (٢٧ حوزەیران ١٩٠٩) |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>لە لایەن قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە لە مێژووی ٧ حوزەیران ١٣٢٥ تەلەگرافنامە دەرچووە و وێنەیەکی هێنراوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. | | |



DH.MKT 02907.00043.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02907.00043 | 4 شەعبان 1327 (٢١ ئۆغستۆس ١٩٠٩) |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>لە مێژووی ٣ ئۆغستۆس ١٣٢٥، عەلی ئەفەندی و ئیبراهیم ئەفەندی قائیمقامەکانی رانیە و مەعمورەی حەمیدیە گۆرینەوەیان جێبەجێ کراوە. | | |





ML.EEM.00823.00033.002

| ML.EEM | 00823.00033 | 7 زیلحیجە 1328 (١٠ کانوونی یەکەم ١٩١٠) |
|---|---|---|


نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی هۆبەی ئەملاك
قەڵەمی دووەم ٣١٣٠


بە تێروانیــن لــە تۆمــاری باجــی زەوی شرویتــی قــەزای مەعمــورەی حەمیدیــەی ســەر بــە ســانجەقی ســلێمانی، نزیکــەی ٥٠٠٠٠ دۆنمــە، بــە تەخمینــی نرخەکــەی لــە ١٠٦٠٠٠ و ٢٧٥ قــوروش پێــك دێــت، لــە کۆنــەوەش لەلایــەن عەشــیرەتی مەنگــور زودی وەکــو حەزوئــارەزوو بەڕێــوەی دەبــەن، ئــەم زەوییــە ســاڵانە ٢٠٠٠ و کســور قــوروش داهاتــی هەیــە، کەچــی بایــز پاشــا ویســتویەتی بــە ٤٠-٥٠ لیــرە وەکــو شــوێنگرەوە دەســتی بەســەردابگرێت، ئەگــەر بێتــو زەوی ناوهاتــوو لەلایــەن میرییــەوە بەڕێــوە بچێــت، ئــەوا لەگــەڵ پاشــکۆکانی داهاتــی ســاڵانەی ٢٥٠٠٠ قــوروش دەبێــت، دەفتەرخاقانــی لیــوای ناوهاتــوو لــە کاتــی ئەرکەکەیــدا ئامــاژەی پێکــردووە، ئەگــەر بێتــو لەلایــەن میرییــەوە زەوی ناوهاتــوو بەڕێوەببردرێــت و داهاتەکــەی کۆبکرێتــەوە و بــڕی خەرجــی دەربێنرێــت، ســوودی بــۆ حکوومــەت دەبێــت، بــە مەزبەتــە ڕاگەیەنــدراوە و لــە بــارەی زانیارییەکــەی وەڵام هاتــووە، نــووسراو لــە فەرمانبــەری ناوهاتــوو هاتــووە و لــە مەزبەتەکــە ڕوون کراوەتــەوە، زەوی گونــدی شرویــت هــەر لــە کۆنــەوە شــوێنی نیشــتەجێ بوونــی عەشــیرەتی مەنگــور بــووە، هەندێــك ســاڵ ٤٠-٥٠ هەندێــك جاریــش ١٠-١٥ خانــەی لــێ بــووە، ئــەم زەوییــەی پشــت بــە بــاران دەبەســتێت، هەمــوو ســاڵ بەرووبوومەکــەی وەکــو شــوێنگرەوە ١٠٠٠ و ٢٠٠٠ قــوروش حەواڵــە کــراوە، یاخــود لەلایــەن حکوومەتــەوە بــە شــێوەی ئەمانــەت هــەر بــەم ڕێژەیــە، بــە کۆکردنــەوەی بــاج کاری پــێ دەکات، لــەم حاڵەتــەدا لــە پێــش گونــدی ناوهاتــوو ڕووبــاری شرویــت تێدەپەڕێــت، ئەگــەر بێتــو بــە زانینــی حکوومــەت کشــتوکاڵی لەســەر بکرێــت، ئــەم بەرووبوومــە بچێنرێــت کــە پێویســتە، ئــەم فەرمانبــەرەی دادەمەزرێــت مووچەکــەی بــە ٣٠٠٠ قــوروش لەگــەڵ ١٠٠٠٠ قــوروش زیــادە، داهاتێکــی بــۆ دابیــن بکرێــت، دووەم ســاڵیش بڕەکــەی بــە بــڕی بەشــێك داهــات مووچەکــەی کــەم بکاتــەوە، هەروەهــا ئــەم گوندانــەی لــە دەوروبەرینــە ئەگــەر دانیشــتوانەکەی عەشــیرەت بێــت، بــەڵام ئــەم کەســانە بــن کــە گوێرایەڵــن، زەوییەکــەی بــە هەمــوو شــێوەیەك کشــتوکاڵی لەســەر بکرێــت و ســوود و قازانجیشــی بــۆ خەزینــەی حکوومــەت دەبێــت، بــە ڕاگەیانــدن و ئامــاژە پێکردنــی، لــە خۆچێــی ڕابگەیەندرێــت ئاخــۆ بەڕێوەبردنــی لەلایــەن حکوومەتــەوە گونجــاوە یــا نەگونجــاوە؟، ئــەم کاتــەی بــە گونجــاو بزانرێــت، پێویســتە داهاتەکــەی کۆبکرێتــەوە، ڕێکخســتنی حەواڵــە بکرێــت، ئەمــەش لــە نــووسراوی نەزارەتــی دەفتەرخاقانــی نووسراوەتــەوە. زەوی بــێ خــاوەن چ بــە موزایــدە و مامەڵــەی فرۆشــتن، یاخــود تــا لــە ژێــر دەســت دەردەهێنرێــت، وەکــو جــاران و لەلایــەن بەڕێوەبەرایەتــی دەفتەرخاقانــی بەڕێــوە دەبردرێــت، بــە تێروانیــن لــە نــووسراوی تشرینــی دووەم ١٣٢٥ پەیوەندیــداری نــەزارەت هاتــووە، زەوی شرویــت زەوییەکــی زۆر فراوانــە و بــۆ کشــتوکاڵ بــە پیــت و بەرەکەتــە، کەچــی بەشــێکی زۆری بەهــۆی خراپــی بەڕێوەبــردن و لەلایــەن ئــەم و ئــەو دەســتی بەســەر داگیــراوە و تاڵانــی کــردووە، چەندیــن ســاڵە لەلایــەن ناوبــراوان بەڕێــوە دەبردرێــت، ئەمــەش وایکــردووە حکومــەت ســوود لــە ڕێــژەی فراوانــی زەوییەکــە و توانــای کشــتوکاڵیەکەی وەرنەگرێــت، پێویســتە ئــەم زەوییــە ئــاوەدان بکرێتــەوە و داهاتەکــەی زیــاد بکرێــت، بــە گوێــرەی نەزارەتــی دەفتەرخاقانــی بەڕێوەبردنــی بــەم شــێوەیەی ئێســتا گونجــاو نییــە، بــەڵام زەوی ناوهاتــوو لەلایــەن میرییــەوە کشــتوکاڵی لەســەر بکرێــت، ســاڵانە داهاتێکــی زۆری دەســت دەکەوێــت، بــۆ ئەمــەش لــە نەزارەتــی ناوهاتــوو ئامــاژەی پێکــراوە، بــە شــێوەیەکی کاتــی و تایبەتــی لەلایــەن فەرمانبەرانــەوە بــەکار بهێنرێــن، خەرجیەکەشــی لــە فەرمانگــەی هەڵبــژاردن بەڕێوەببردرێــت، خەزینــەی ویلایەتــی موســڵ کارگێریەکــی ئەمــلاك و پاشــکۆ و هۆبــەی جۆراوجــۆری هەبێــت، ئــاوەدان کردنــەوەی زەوی ناوهاتــوو لــە لایــەن هۆبــەی ئەملاکــی خۆچێیــەوە بەڕێــوە ببردرێــت، بــۆ ئەمــەش بڕیــار و ئــاگاداری دراوەتــە دەفتــەرداری ویلایەتــی موســڵ، لــەم بابەتــەدا بڕیــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەم کەســەیە کــە بڕیــاری بەدەســتەوەیە.
مومەییزی قەڵەمی دووەمی ئەملاك




| BEO | 003753.281470 | 12 جەمادی یەکەم 1328 (٢٢ مایس ١٩١٠) |
| --- | --- | --- |


بۆ نەزارەتی جەنگی شکۆدار
بـۆ ڕێگەگرتـن لـە چەتـەکاری هەمەوەنـدەکان بـە شـێوەیەکی کاتـی ٣٠٠ پشـدەر ناویـان تۆمـار کـراوە و بـەکار دەهێنرێـن، بـۆ دەرماڵـەی ئەمانـەش ئەگـەر پارەکـە بدرێـت، ئـەوا دامـەزراوەی ژاندارمـە تووشـی ئیفلیجـی دەکات، نـووسراوی ٥ مایـس ١٣٢٦ ئامـاژەی پێکـراوە، بـەڵام بەکارهێنانـی پشـدەریەکان بـۆ ماوەیەکـی کاتییـە و لـە کاتـی کۆتایـی هێنـان بـە ئەرکەکەیـان، ئـەم بـڕە پـارەی کـە پێیـان دەدرێـت، دیسـان لـە نـاو فەرمانگەکـە دەمێنێتـەوە و دەدرێتـەوە ژاندارمـەکان، هەروەهـا لـە هەندێـك شـوێن بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە پێویسـتی بـە کاتێکـی زۆرە، ئـاگاداری لـە مێـژووی ٢٦ نیسـان ١٣٢٦ دراوەتـە نەزارەتـی شـکۆدار، بـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی وەکیلـەکان کۆتایـی بـە دامـەزراوەی ژاندارمـە دەهێنرێـت و پشـدەریەکان بـەکار بهێنرێـن، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی بەرقەراربوونـی ئاسایشـی ناوچەکـە، بۆیـە هیممـەت بکرێـت.







هەواڵنامەی کتێب









| DH.EUM.EMN | 00014.00007 | 23 زیلقەعدە 1330 (٣ تشرینی دووەم ١٩١٢) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١٩٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
پێنج خشتەی تاوانی تایبەت بە مانگی ئۆغستۆسی ساڵی ١٣٢٨ ی قەزایەکانی سلێمانی و گوڵعەنبەر و ساربازێر و مەعموورە و بازیان لە موتەسەرفەوە پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.
میری لیوا وەکیلی والی موسڵ

خشتەی تاوانەکانی مانگی ئۆغستۆسی ساڵی 1328ی قەزای شەهربازار سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ

| مێژووی ڕووداو | شوێن | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوانلێکراو | مێژووی دەستگیر کردن | ئەگەر بکەر هەڵاتووە هۆکاری دەستگیر نەکردنی | بەهۆی دەستگیرنەکردنی بکەر ناوی ئەم فەرمانبەرانەی ئەرکیان پێ دراوە | ئەم مامەڵەی کە بەرامبەر ئەم فەرمانبەرانەی بکەریان دەستگیر نەگردووە ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 ئۆغستۆس 1328 | تیر | کوشتن | - | شەریف جەلال | - | بکەری تاوانەکەی نادیارە | - | - | شەو لە خەودا بە فیشەك کوژراوە |
| 3 ئۆغستۆس 1328 | تیر | ڕێگری تالان | چەتەی ناودار قادر ئیسماعیل لەگەڵ کوڕەکانی ئەحمەد و مەحمود | دانیشتووی گوندی سیرەمیرگ | - | بکەرەکان بۆ لایەنی ئێران هەڵاتوون | - | - | |

خشتەی تاوانەکانی مانگی ئۆغستۆسی ساڵی 1328ی قەزای مەعموورە سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ

| مێژووی ڕووداو | شوێن | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوانلێکراو | مێژووی دەستگیر کردن | ئەگەر بکەر هەڵاتووە، هۆکاری دەستگیر نەکردنی | بەهۆی دەستگیرنەکردنی بکەر ناوی ئەم فەرمانبەرانەی ئەرکیان پێ دراوە | ئەم مامەڵەی کە بەرامبەر ئەم فەرمانبەرانەی بکەریان دەستگیر نەگردووە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | ئەنجام دراوە | |
| 21 تەممووز 1328 | ناحیەی مەرگە | حەشاردان و پارێزگاری کردن لە سەربازانی هەڵاتوو | ماڵی گشتی | موراد گوندی رەشید حوسێن بەگ | دەستگیر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە | - | - | - | - |
| 4 ئۆغستۆس 1328 | گوند | دەستدرێژی ناموس | دەروێش عەزیز | شێخ واحد | هەمان شت | - | - | - | - |
| 4 ئۆغستۆس 1328 | گوند | ئەشکەنجە و زیندان | دیوانە عەزیز | شێخ ئەمین | هەمان شت | - | - | - | - |
| 12 ئۆغستۆس 1328 | گوند | بریندار | فەتحوڵلا کوڕی شێخە گوندی مەرگە | مدحەت بەگ | هەمان شت | - | - | - | - |
| 14 ئۆغستۆس 1328 | گوند | بریندار | ئەحمەد کوڕی پیروت | دایکی مەمەند فاتیمە | هەمان شت | - | - | - | - |
| 13 ئۆغستۆس 1328 | گوند | بردن و تالان | فەتاح کوڕی حەسەن | عەبدولرەحمان ئاغا | هەمان شت | - | - | - | - |
| 14 ئۆغستۆس 1328 | گوند | بردن و تالان | شێخە کوڕی مەلا خدر | عایشە خالوون | هەمان شت | - | - | - | - |
| 11 ئۆغستۆس 1328 | لە شوێنێك بە ناوە بازار | | کوشتن | رەسول ئاغا کوڕی مستەفا ئاغا | مستەفا کوڕی جەواهیر | هەمان شت | - | - | - |
| 28 ئۆغستۆس 1328 | گوند | کوشتن | کوخە عەزیز | ئیبراهیم محەمەد و هاوڵاتی دانیشتووی | هەمان شت | - | - | - | - |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | گوندی مێوژە سەر بە قەزای ڕانیە | | | | | |
| 22 ئۆغستۆس 1328 | لە ناوچەی هەنجیرلو | کوشتن | کوخە ساڵح | فەقێ ڕەشید و هاوەڵانی | هەمان شت | - | - | - | - |

خشتەی تاوانەکانی مانگی ئۆغستۆسی ساڵی 1328ی قەزای گولعەنبەر سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ

| مێژووی ڕووداو | شوێن | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوانلێکراو | مێژووی دەستگیر کردن | ئەگەر بکەر هەڵاتووە، هۆکاری دەستگیر نەکردنی | بەهۆی دەستگیرنەکردنی بکەر ناوی ئەو فەرمانبەرانەی ئەرکیان پێ دراوە | ئەو مامەڵەی کە بەرامبەر ئەو فەرمانبەرانەی بکەریان دەستگیر نەکردووە ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 ئۆغستۆس 1328 | گورد عالم | تاڵان | لە تائیفەی شێخ ئیسماعیل قادر ساڵح و عەلی مستەفا و ساڵح مەحمود و ڕەحمان ئەحمەد | مافی گشتی | لەمانە ڕەحمان کوڕی ئەحمەد لە 18 ئۆغستۆس 1328 لە بارەیانەوە دەستبەسەرکردنێکی نادیار دەرچووە | | | | |
| 19 ئۆغستۆس 1328 | باتی خەیلان | سووتاندن | لە عەشیرەتی ڕۆژبەیانی فەتاح کوڕی ڕۆستەم قەوزی | مەحمود نادر و هاوڵاتی | دەستگیر نەکراوە | | | | |
| 29 ئۆغستۆس 1328 | لە ڕێگای | تاڵان | عەبدولقادر کوڕی | ڕەمەزان کوڕی | دەستگیر نەکراوە | | | | |

هەواڵنامەی کتێب

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سلێمانی | | مستەفا | ڕەحیم | | | | | |

خشتەی تاوانەکانی مانگی ئۆغستۆس ساڵی 1328ی قەزای سلێمانی سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ

| مێژووی ڕووداو | شوێن | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوانلێکراو | مێژووی دەستگیر کردن | ئەگەر بکەر هەڵاتووە، هۆکاری دەستگیر نەکردنی | پەیڕەوی دەستگیرنەکردنی بکەر ناوی ئەم فەرمانبەرانەی ئەرکیان پێ دراوە | ئەم مامەڵەی کە بەرامبەر ئەم فەرمانبەرانەی بکەریان دەستگیر نەکردووە ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 ئۆغستۆس 1328 | گوند | بریندار | محەممەد کوڕی عەبدوڵا و باوکی عەبدوڵا گوندی کولەبی | گوندی مەنگوڕی محەممەد و کەریم منداڵەکانی فەتاح | لە 1 هەمان ساڵ | | | | |
| 20 هەمان ساڵ | گوند | فیشەک تەقاندن و بریندار | محەممەد ئەمین گوندی ولدانە | گوندی مەنگوڕی فاتیمە کچی ساڵح | 000 | هەڵاتووە و لە دەرەوەیە | | | |
| 21 هەمان ساڵ | لە شار | بە دارکاری کردن | ناوچەی دەرگەزێن کەریم کوڕی خەلە پاری | عەزیز | 21 هەمان ساڵ | | | | |
| 22 هەمان ساڵ | لە گوند | چەک بەکارهێنانی چەک و بریندار | گوندی مەرگەیی محەممەد کوڕی حاجی سەعید | گوندی ئەلیۆلاق محەممەد ساڵح | 22 هەمان ساڵ | | | | |
| 25 هەمان | چەک | گوندی کانی | ناوچەی | 25ی | | | | | |


| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سال | بەکارهێنان و بریندار کردن بە فیشەک | گومەیی مەحمود کوڕی عەبدولرەحمان | سەر شەقام ئەمین | هەمان سال بە ژاندارمە دەستگیر کراوە | | | | | |

خشتەی تاوانەکانی مانگی ئۆغستۆسی ساڵی 1328ی قەزای بازیان سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ

| مێژووی ڕووداو | شوێن | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوانلێکراو | مێژووی دەستگیر کردن | ئەگەر بکەر هەڵاتووە هۆکاری دەستگیر نەکردنی | بەهۆی دەستگیرنەکردنی بکەر ناوی ئەو فەرمانبەرانەی ئەرکیان پێ دراوە | ئەو مامەڵەی کە بەرامبەر ئەو فەرمانبەرانەی بکەریان دەستگیر نەکردووە ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 18 ئۆغستۆس 1328 | شیرین جاخ | تالانکردنی پارەوپول | حوسێن کوڕی عەل ڕۆژبەیانی و گوڵگەل ڕەسول و عەل ئابنان کامەران و هیبەل سەید غەفور کوڕی سەید ئەحمەد و سەید قادر و وەساکی گوند کاک عەبدوڵا کوڕی ئەمین ئاغا و محەمەد ڕزا کوڕی ئەحمەد | لە نیزامیە مولازمی دووەم خەڵکی سلێمانی عەل ئەفەندی کوڕی کاکەرەش ئاغا | لە 18 ئۆغستۆس 1328 | | | | قوماندانی ژاندارمە مولازمی یەکەم خورشید ئەفەندی لەلایەن ئەم مەفرەزەی ژاندارمەی کە قوماندانیەتی دەکات لە مێژووی ڕوودوەکە دەستگیر کراون |
| 26 ئۆغستۆس 1328 | گوندی نورە | چەک بەکارهێنان و بریندار | ستەمبەرل دەستگیرکراو هەمەوەند | ئەندامانی ژاندارمە شەریف | | هێشتا دەستگیر نەکراون | | | |

هەواڵنامەی کتێب


| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نادر و حەسەن و حوسێن کوڕەکانی سالح رەیحان هەروەها کوڕی پاشا تۆفیق و سالحە عافە و کوڕی جوامێر حەمە شەریف و و ئەحمەد رەش برادەرزادەکانی نەریمان و محەمەد | کوڕی مەعروف و سالح کوڕی عەبدوڵلا و محەمەد کوڕی قادر و محەمەد تۆفیق کوڕی ئەرمەن غەفور و ئەحمەد کوڕی قادر و سالح کوڕی ناسر و سدیق کوڕی ئەحمەد و مەحمود کوڕی ئەحمەد و شەریف کوڕی قادر و فەرەج کوڕی مەحمود عەبدوڵلا | | و لە چاودێری کردندان و ئەم هێزەی هەیە تەواو نییە بۆ کارەکە | | | |




هەواڵنامەی کتێب

| DH.H | 00053.00053 | 15 شەعبان 1331 (٢٠ تەمموز ١٩١٣) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
٧٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
بـە هاندانـی بایـز ئاغـا و عەبـاس ئاغـای پشـدەری، دانیشـتوانی گونـدی کانـی گـوەی سـەر بـە ناحیـەی مەرگـە، هێرشـیان کردۆتـە سـەر گونـدی سـیدر، لـە دژی ئـەم مەفرەزەیـەی کـە چۆتـە ناوچەکـە، خانـەی جانـەوەر مـەلا عەبدوڵـڵا و هاوەڵانــی کراوەتــە حەشــارگە و چــەك بــە کارهێــنراوە، لــە ئەنجـام نەفەرێکـی ژاندارمـەی پیـادە مـردووە، دووانیشـیان برینـدار کـردووە، لـە کاتـی گفتوگـۆش دوو لە بوێری کـەران کوژراوە و پێنچیشـیان بـە چەکەوە دەسـتگیر کـراوە، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی سـەر لـە ژاندارمـەکان بشـێوێنن، گوندەکەیـان سـووتاندووە و رایانکـردووە، بـۆ دەسـتگیرکردنی ئەمانـەش چاودێـری چروپـڕ لـە ناوچەکـە دەسـتی پێکـردووە، لەسـەر زانیـاری موتەسـەرفی سـلێمانی رایگەیانـدووە و چاودێریەکـە قاتێکـی تـر چـڕ کراوەتـەوە، بـۆ تەمبـێ کردنـی بوێـری کـەران تەلەگـراف نووسراوەتــەوە، لــەم بابەتــەدا بریــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەم کەســەیە کــە بریــاری بەدەســتەوەیە.
والی موسڵ





DH.SYS.00108.00015.002




DH.SYS.00108.00015.003




DH.SYS.00108.00015.004




DH.SYS.00108.00015.005

| DH.SYS | 00108.00015 | 3 شەعبان 1331 (٨ تەمموز ١٩١٣) |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
٥٤١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
حاکمـی پشـدەر لـە دژی پشـدەریەکان جولاوەتـەوە، بۆیـە پشـدەریەکان نەخشـەیان دانابـوو هێـرش بکەنـە سـەر سەردەشـت و لـە سـنوور سـەرپێچی بکـەن، بـەڵام سـەرۆکەکەیان مەحمـود ئاغـا ئامـۆژگاری کـراوە، وازی لـەم بیرۆکەیـە هێنـاوە، پێویسـتە ئـەم جـۆرە گەندەڵیانـە لـە دەرەوە لـە نـاو ببردرێـت، لـەم کارە دەیانەوێـت لەگـەڵ حاکمـی سەردەشـت چاویـان بـە یـەك بکەوێـت، لـە شـوێنێکی گونجـاوی سـەر سـنوور قائیمقامـی قـەزا و قوماندانـی بلۆکـی مەعمـورەی حەمیـدە هێزێکـی ٤٠-٥٠ کەسـی لەگـەڵ مەفرەزەیـەك جولەیـان کـردووە، لـە موسـڵ قوماندانیەتـی لەشـکری قۆڵـی ١٢ لـە مێـژووی ٢٣ حوزەیـران ١٣٢٩ دوو پارچـە تەلەگرافنامـە هاتـووە، وێنـەی هـەر یەکێکیـان هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، زانیاریـش دراوەتـە نەزارەتـی دەرەوەی شـکۆدار، لـە نەزارەتەکانـی ناوهاتـوو دەستپێشـخەری پێشـوەختە بکرێـت و رێگـە نەدرێـت شـتێکی نەشـیاو لـە سـنوور روو بـدات، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە بریـاری بـە دەسـتەوەیە.
راوێژکاری نازری جەنگی

| DH.SYS | 00108.00015 | 3 شەعبان 1331 (٨ تەمموز ١٩١٣) |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی یەکەم
وێنـەی ئـەم تەلەگرافنامەیەیـە، لـە مێـژووی ٢٣ حوزەیـران ١٣٢٩ لەلایـەن قوماندانیەتـی لەشـکری قۆڵـی ١٢ی موسـڵ هاتـووە.
هاوپێچی مێژووی بە شیفرەی ئەمرۆیە، ئێستا تەلەگرافنامەی قوماندانی بلۆکی سـەر سـنووری مەعموره وەرگیراوە، وێنەیەکـی راگەیەنـدراوە، بـە هاوەڵـی قائیمقـام مەفرەزەیەکـی سـەربازی جولـەی کـردووە، بـەم مەرجـەی بلۆکـی سـنوور سـەرپێچی نـەکات و سـکاڵای لەسـەر نەبێـت یاخـود شـەڕێك روو نـەدات، لـە وەڵامـدا راگەیەنـدراوە.

وێنە
لەسـەر ئـەم تەلەگرافنامەیـە بـە شـیفرەیەی کـە راگەیەنـدراوە، وا پێدەچێـت و چـاوەڕێ دەکـرا لـە سـەر سـنوور شـەڕێك بەرپـا بێـت و لـە نێـوان لەشـکری هـەردوولا دەرگای شـەڕێك بکرێتـەوە، تەنانـەت لـە نێـوان لەشـکری هـەردوولا رووبەڕووبوونـەوە روویـداوە، عەبـاس ئاغـا بـرای سـەرۆکی پشـدەر بابەکـر مەحمـود ئاغـا برینـدار بـووە، بـۆ کوژانـەوەی ئـەم گرژیـە و بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ حاکمـی سەردەشـت لـە ناوچەیەکـی سـەر سـنوور کۆبوونـەوە بکرێـت و مەسـەلەکە کۆتایـی پـێ بهێنرێـت، لەگـەڵ قائیمقامـی قـەزا بریـاری ناوەخـۆ دراوە و جێبەجـێ کردنـی بـە گونجـاو زانـراوە، لـە مەفـرەزەی نیزامیـەی ئێـرە مەفرەزەیەکـی ٤٠-٥٠ سـەربازی جولـە بکـەن، داوا دەکرێـت رەزامەنـدی نیشـان بدرێـت.


| 3 شەعبان 1331 (٨ تەمموز ١٩١٣) | 00108.00015 | DH.SYS |
|---|---|---|

فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
وێنەی ئەم شیفرەیەیە، لە مێژووی ٢٣ حوزەیران ١٣٢٩ لە لەلایەن ئەسعەد پاشا قوماندانی لەشکری قۆڵی ١٢ هاتووە.

لەلایەن حاکمی سەردەشت، سەرۆك عەشیرەتەکانی سوسنی بریاجی و ملکری کە سەر بە پشدەریەکانن، لادراوە و دانراوە، هەروەها جگە لە پشدەریەکان هەرەشە لە عەشیرەتەکانی ئێران دەکات و مەرومالاتیان تالان دەکات، مەنگوریەکانی ئێرانی هێناوە، تا هاوکاریان بکات، بەمەش پشدەریەکان هەڵچوونە و سنووری کوێستانیان بریوە و بەشەکەی تریش کۆبوونەتەوە، بە هاتنی ئەم هەواڵە، مولازمی بلۆك رەشید ئەفەندی و مولازمی ژاندارمە ئیسحاق ئەفەندی رەوانەی کوێستان کراون و بابەکر مەحمود ئاغایان هێناوەتە قەزا، بە ئامۆژگاریکردن و رێنمایی سەرقاڵ بوونە، بەڵام لەبەر دوژمنایەتی کۆنیان، بە نزیك بوونەوەی هەردوولا لە یەکتر، پشدەریەکان نەخشەی هێرش کردنە سەر سەردەشتیان دارشتووە، بۆ ئەوەی رێگە بە کۆبوونەوەیان نەدرێت و بۆ کشانەوەی عەشیرەتەکانمان کە سنووریان بەزاندووە، لە قوماندانی بلۆکی سنووری مەعمورە راگەیەندراوە، ژمارەی هێزی سەر سنوور تەواو نییە، بۆ ئەم ئامادەکارییانەی لەلایەن حکوومەتەوە دەکرێت، نووسراو هاتووە رێگە نەدرێت عەشیرەتەکانمان سنوور ببەزێنن، بەڵام دەبێ فەرمان بدرێتە دەرەوەش کار بکات.


| 10 شەعبان 1331 (٨ تەمموز ١٩١٣) | 00108.00015 | DH.SYS |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
٨١
شیفرە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
٢٧ حوزەیران ١٣٢٩، لە نێوان پشدەریەکان و مەنگوریەکانی سەردەشت ناکۆکی هەیە، هەواڵ هاتووە رووبەرووبوونەوەی چەکداری لە نێوانیان روو دەدات، بۆ ئەم کارە وەکیلی قائیمقام بە ئەرك چۆتە ناوچەکە، لە کاتی گەرانەوە مەسەلەکەی یەکلاییکردۆتەوە، پشدەریەکانیش هێور بوونەتەوە، لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکە و هەواڵی موتەسەرفی سلێمانی روون بۆتەوە.
موحەررەم والی



| BEO | 004179.313377 | 25 جەمادی کۆتایی 1331 (١ مایس ١٩١٣) |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>شیفرە، زۆر بە پەلەیە<br>گونـدی بەتـوس دەکەوێتـە نێـوان سەردەشـتی ئێـران و پشـدەر، ماوەیەکـی زۆرە گشـت باجـەکان دەدەنـە ئێمـە، لـە کاتـی ووردبینـی کردنـی تۆمارەکانـی دارایـی، تـا بەیانـی زانیارییـەکان رەوان بکرێـت. | | |

هەوانامەی کتێب




BEO.004182.313631.004




BEO.004182.313631.005

| BEO | 004182.313631 | 4 رەجەب 1331 (٩ حوزەیران ١٩١٣) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
هۆبەی دووەم
وێنە
لە تەلەگرافی ٥ حوزەیران ١٣٢٩ و ٢٥ مایس ١٣٢٩ هاتووە، ئەگەر خێزانەکەی بە هۆکاری سیاسی نەگەڕێتەوە، بایز پاشا لە زۆر عەشیرەت بێبەشمان دەکات، لە قسەکان مەبەستمان ئەوەیە بایز پاشا لەم ناوچە سنووریە، لە عەشیرەتەکانی دەرەوە و ناوەوە قسەی دەروات و خاوەن قسەی خۆیەتی، لەگەڵ ئەمەش هەست دەکرێت لە بەرامبەر حکوومەتی عوسمانی دڵسۆزە، بە هەنگاویش ئەمەی بە پراکتیکی سەلماندووە، بۆیە شایەنی ئەوەیە مووچە و پلەی پاشای پێ بدرێت، ئەگەر لە ئێران بمێنێتەوە، خۆی و ئەم عەشیرەتانەی لە ژێر دەسەڵاتینە مەیلیان بۆ ئێران دەروات، بایز پاشا لە خاڵی ساوچبۆلاق دەتوانرێت بەرامبەر بە نیشتیمانەکەمان ببێتە پارێزگارێکی گرنگ، بۆیە پاراستنی ناوبراو بۆ ئێمە گرنگ و پێویستە، ئێستا خۆی و خێزانەکەی و دوو کوڕەکەی لە ساوچبۆلاق بارمتەیە، رزگار کردنی ئەمانە دەبێتە جێگەی دڵنیایی ناوبراو.

ئەم شیفرەیە، کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
٢ حوزەیران ١٣٢٩ ژمارە ١٥٣، لە بارەی گەرانەوەی بایز پاشا و خێزانەکەی بە پەنابەری سیاسی، لە موتەسەرفی سلێمانی تەلەگرافنامەی بە شیفرەی ٨ حوزەیران ١٣٢٩ لەگەڵ وەڵامەکەی و تەلەگرافنامەی وەکیلی مەعمورەی حەمیدیە بۆ باڵا گوازراوەتەوە.
والی موحەررەم


هاوپێچی نووسراوی ١٣ حوزەیران ١٣٢٩ پێشکەشی سەدری ئەعزەم کراوە.

هەولێرنامەی کتێب


| BEO | 004182.313631 | 4 رەجەب 1331 (٩ حوزەیران ١٩١٣) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
هۆبەی دووەم
وێنەی ئەم شیفرەیە، لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
لە وەکالەتی قائیمقامی مەعمورەی حەمیدیە بۆ موتەسەرفی سلێمانی نووسراوە، وەکو تەلەگرافنامەی بە شیفرەی ٢٥ مایس ١٣٢٩ بە گواستنەوە راگەیەندراوە، ٢٧ مایس ١٣٢٩.
والی موحەررەم


وێنە
ئێستا لە بایز ئاغای سەرۆکی ئۆجاق نامە وەرگیراوە، بە تێروانین لە نامەکە بایز پاشا لەلایەن باڵیۆزخانەی رووسیاوە جبەخانە و تفەنگی جانیترار و لەلایەن والی تەبریزەوەش تۆپێکی شالی پێدراوە و بە سەرۆکایەتی مەنگور دامەزراوە، بۆ دڵنیایی بایز پاشا خێزانێکی هێنراوەتە ساوچبۆلاق، ئەگەر بە پەنابەری سیاسی خێزانەکەی نەهێنرێتەوە، ئەوا بایز پاشا لە زۆر عەشیرەت بێبەشمان بکات.





<table>
<tr><td>BEO</td><td>004185.313844</td><td>4 ڕەجەب 1331 (٩ حوزەیران ١٩١٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی<br>هۆبەی چوارەم<br>٣٦٠<br>پوختەی بابەتەکە<br>لە سەرۆکەکانی پشدەر سلێمان ئاغازادە عەباس ئاغا، لەلایەن حکوومەتی سلێمانیەوە بە ٣ ساڵ زیندانی کردن سزا دراوە.<br><br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>لە سەرۆکەکانی پشدەر سلێمان ئاغازادە عەباس ئاغا، تا سزاکەی بە شێوەیەکی کاتی جێبەجێ بکرێت، لە موسڵ وێنەی تەلەگرافنامەی قوماندانی لەشکری ١٢ ی قوڵ پێشکەش کراوە، لە دەورووبەری سنوور کاریگەری باشی بینراوە، هەر ئێستا نووسراوەکان جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بڕیاری بەدەستەوەیە.<br>ڕاوێژکار نازری جەنگی</td></tr>
</table>














| DH.EUM.MTK | 00026.00010 | 16 رەبیعی کۆتایی 1332 (١٤ مارت ١٩١٤) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
وێنەی ئەم نووسراوەیە، لە مێژووی ١١ مارت ١٣٣٠ ژمارە ٣٢ لە لایەن موتەسەرفی سلێمانی هاتووە.
وەڵامی نووسراوی مێژووی ٢ مارت ١٣٣٠ فەرماننامەی عالی پەیوەندیداری ویلایەتە، لە مەرکەزی قەزا رووداو و تاوان لە تشرینی یەکەم و دووەم و کانوونی یەکەم و دووەمی رووی نەداوە، بۆیە خشتەی رێك نەخراوە و پێشکەش نەکراوە، لەگەڵ نووسراوی ٣ تشرینی دووەم ١٣٢٩ و ژمارە ٣١٧ و ٤ کانوونی یەکەم ١٣٢٩ ژمارە ٤١٨ و ١ شوبات ١٣٢٩ ژمارە ٤٧٠ راگەیەندراوە، هەروەها خشتەی شوبات لە مێژووی ١ مارت ١٣٣٠ ژمارە ١ پێشکەش کراوە، لەگەڵ پەراوێزی پۆلیس قۆمیسەر روون بۆتەوە، لەم بابەتەدا بریار بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بە دەستەوەیە.

| مێژووی رووداو | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوان لێکراو | |
|---|---|---|---|---|
| 15 تشرینی یەکەم 1329 | کوشتن | قرتاموزل برزو و هاوەڵانی | دلاوەر کوری رەسول عەلی | بازیان |
| 11 تشرینی یەکەم 1329 | کوشتن و تالان | عەباس سەلیم ئاغا پشدەری و هاوەڵانی | مەعروف حەمە عەباس و هاوەڵانی | شاربازێر |
| 12 تشرینی یەکەم 1329 | تالان | حەسەن مام عەلی و خدر محەممەد ئاغا | پیرۆتە گێل کوری ئەحمەد | مەعموورەی حەمیدیە |
| 17 تشرینی یەکەم 1329 | کوشتن و تاوانی تر | پەروین و عەلی و هاوەڵانی | حاجی بابەکر | مەعموورەی حەمیدیە |
| 17 تشرینی یەکەم 1329 | تالان | سلێمان کوری رەسول و هاوەڵانی | مام رەسول و هاوەڵانی | مەعموورەی حەمیدیە |

قەزای بازیان سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ تاوانەکانی مانگی تشرینی یەکەم 1329 کە روویانداوە

| مێژووی رووداو | شوێن | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوانلێکراو | مێژووی دەستگیر کردن | ئەگەر بێتو هەڵاتووە هۆکاری دەستگیر نەکردنی | بەهۆی دەستگیرنەکردنی بێتو ناوی ئەم فەرمانبەرانەی ئەرکیان پێ دراوە | ئەم مامەڵەی کە بەرامبەر ئەم فەرمانبەرانەی بێکاریان دەستگیر نەکردووە ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 15 تشرینی یەکەم 1329 | گوندی نورە | کوشتن | قرتاموزل برزو و ئەمینە سور و باوکەکانیان خەسرۆ و لەتیف و فەتاح کوری عومەر و کورەکانی عەلی و ئەحمەد و | دلاوەر کچی رەسول عەلی گوندی نورە | | هەڵاتوون و دەستگیر نەکراون | | | |
| | | | شەریف جلکە و عەبدوڵا | | | | | | |
| لە فەرمانگەی ئیستنتاقی دادگای سەرەتایی لەگەڵ بەرابیەکان ئیملای بۆ کراوە و خشتەکەی رێکخراوە و پێشکەش کراوە. 22 کانوونی یەکەم 1329<br>کاتبی تەحریراتی بازیان | | | | | | | | | |

قەزای شارباژێر سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ تاوانەکانی مانگی تشرینی یەکەم 1329 کە ڕوویانداوە

| میژووی ڕووداو | شوێن | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوانلێکراو | میژووی دەستگیر کردن | ئەگەر بکەر هەڵاتووە هۆکاری دەستگیر نەکردنی | بەهۆی دەستگیرنەکردنی بکەر ناوی ئەم فەرمانبەرانەی تەرکیان پێ دراوە | ئەم مامەڵەی کە بەرامبەر ئەم فەرمانبەرانەی بکەریان دەستگیر نەکردووە ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 11 تشرینی یەکەم 1329 | قزی | کوشتن و تاڵان | عەباسی سەلیم ئاغا پشدەری و حەسەن لە گوندی گەلالە و 12 کەسی ناوی نادیارە | مەعروف حەمە عەباس گوندی شێوەگڵ و محەممەد کوڕی حاجی ئیسماعیل و تۆفیق کوڕی مەلا مەحموود و مستەفای بیاوێ | دەستگیر نەکراون، لە بارەیانەوە لێکۆڵینەوە و پشکنین بەردەوامە | | | | بکەرەکان لە ناوچەی ناوپشدەر هێرشیان کردۆتە سەر مەعروف حەمە عەباسی بە فیشەک کوژراوە و بە تاڵانی هاوەڵانی گوندەکەی کەلوپەل و پارەوپوولیان تاڵان کراوە. |

قەزای گولعەنبەر سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ تاوانەکانی مانگی تشرینی یەکەم 1329 کە ڕوویانداوە


| میژووی ڕووداو | شوێن | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوانلێکراو | میژووی دەستگیر کردن | ئەگەر بکەر هەڵاتووە هۆکاری دەستگیر نەکردنی | بەهۆی دەستگیرنەکردنی بکەر ناوی ئەم فەرمانبەرانەی تەرکیان پێ دراوە | ئەم مامەڵەی کە بەرامبەر ئەم فەرمانبەرانەی بکەریان دەستگیر نەکردووە ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 ئەیلول 1329 | لە نێوان سیوێرە | کوشتن | قادر خسرۆ و کوڕەکەی عەزیز و حەمە ئاسوار و برادەری کەریم | لە تایفەی باشبگە سلێمان و کوڕی ڕەحیم | بۆ دەستگیرکردنی هێشتا یاسا بڕیاری نەداوە | | | | |
| 6 تشرینی یەکەم 1329 | گوندی گەدرە | فێڵ و بەرتیل | ئەحمەد بەگ بەڕێوەبەری سەروچاك | ماڵی گشتی | هەمان شت | | | | |

قەزای مەعموورە سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ تاوانەکانی مانگی تشرینی یەکەم 1329 کە ڕوویانداوە


| میژووی ڕووداو | شوێن | جۆری تاوان | تاوانکار | تاوانلێکراو | میژووی دەستگیر کردن | ئەگەر بکەر هەڵاتووە هۆکاری دەستگیر نەکردنی | بەهۆی دەستگیرنەکردنی بکەر ناوی ئەم فەرمانبەرانەی تەرکیان پێ دراوە | ئەم مامەڵەی کە بەرامبەر ئەم فەرمانبەرانەی بکەریان دەستگیر نەکردووە ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 12 تشرینی | خرگولیە | تاڵان | حەسەن مام عەلی و | پیروێنە گێل کوڕی | بکەری دەستگیر | بکەری لە قەزای | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم 1329 | | | خدر محەمەد ئاغا گوندی بازموسیان سەر بە رانیە | ئەحمەد لە گوندی خرکولیە | نەکراوە | رنیەیە | | | |
| 17 تشرینی یەکەم 1329 | کوشتن و بریندار و تالان | بیروت و عەلی و باوکیان قربانی و بازموسیانی خجر و ئیبراهیم و حەسەن و مام عەلی کوری محەمەد ئاغا | حاجی بابەکر گوندی مەمەندئاوا | ئەمەش | ئەمەش | | | | |
| 17 تشرینی یەکەم 1329 | جیای گورگور | تالان | سلێمان کوری رەسول و حەمە کوخە عەلی گوندی جنارتە و حەمە خجر و عەبدوڵڵا کوری عایشە گلی گوندی توتویەیی | مام رەسول گوندی گەلاڵە و 9 نەفەر لە هاوەڵانی | حەمە خجر و حەمە عایشە گلی گوندی کانی ترتریی لە 17 تشرینی یەکەم 1329 دەستگیر کراون | | | | |

هەواڵنامەی کتێب





DH.ŞFR.00434.00019.001





DH.ŞFR.00434.00019.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00434.00019</td><td>26 شەعبان 1332 (٢٠ تەمموز ١٩١٤)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>ئاغـای قـوڵ خانەنشـین بـووە و بـە ڕێگـەی زەردەشـت چۆتـە ئـەم دەشـتایەی کـە سـەر بـە عەشـیرەتی پشـدەرە، بـە هاندانـی پیاوێـك، بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان و وەرگرتنـی بڕیارێـك، لـە هـەردوولای سـنوور لـە لێهاتووتریـن سـەرۆك عەشـیرەتەکان ئەنجوومەنێکـی گـەورە پێـك هاتـووە، ئـەم هەواڵـە بـە قائیمقامیەتـی مەعمـورە ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا عەشـیرەتی پشـدەر تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە و کەڵلـە ڕەقیـان بەرچـاوە، بـە ڕێگـەی قائیمقامـی مەعمـورەی حەمیدیـە، هەرچـی زووە پیاوێـك بـۆ لای ڕەسـول ئاغـا قائیمقامـی بازیـان و لـە ئاغاکانـی پشـدەر ڕەوان بکرێـت، لـە کاتـی پێویسـتیش ژاندارمەیەکـی تـورك یەکێـك لـە پیاوەکانـی خـۆی هەڵبگرێـت و بچێتـە لای ئێـران، ناوبـراو دەسـتگیر بـکات و بـە پارێـزراوی بهێنرێتـە مەرکـەزی لیـوا، بـۆ ئەمـەش ڕێنمایـی پێویسـت دراوەتـە ناوبـراو، ئـەم کەسـەی کـە دیـاری کـراوە، ماوەیـەك پێـش ئێسـتا بـۆ سـینوپ ڕایکـردووە، دەسـتگیرکردنی ئاشـکرا و ڕوونـە، لـەم ئەنجامـەی کـە دەسـت دەکەوێـت ڕابگەیەندرێـت.<br>والی موسڵ سلێمان</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00434.00049.001




DH.ŞFR.00434.00049.001

| DH.ŞFR | 00434.00049 | 28 شەعبان 1332 (٢٢ تەمموز ١٩١٤) |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لە بارەی لێخۆشبوون و تەمبێ کردنی عەشیرەتی پشدەر، لەلایەن حکوومەتەوە پێشوەچوونێک نەبینراوە و هیچ کاتێك بارودۆخەکە بە هێوری نەماوەتەوە و لایەنەکان بە چەتەیی خەریك بوونە، ئەگەر حاڵی حازر لێخۆشبوونیان بۆ دەربچێت سوودی نابێت، بە پێچەوانەوە زیانی دەبێت، بە چوونی منیش بۆ قەزای مەعمورە، لە ناوچە نائارامەکان قەرەقۆڵخانە دابمەزرێن و هێزی تەواو نیشتەجێ بکرێت، دوای ئەمەش ئامادەکاری بکرێت و مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر بووردرێن وای بۆ دەچن، حکوومەت بێ دەسەڵاتە و سەرپێچیان زیاتر دەبێت، بۆ ئەوەی نەبنە نموونەی خراپ بۆ ئەوانی تر، کاری پێویست ئەنجام بدرێت، فەرمان.<br>نەزیف والی موسڵ | | |




DH.ŞFR.00435.00010.001

<table dir="rtl">
<tr><th>DH.ŞFR</th><th>00435.00010</th><th>10 رەمەزان 1332 (٢ ئۆغستۆس ١٩١٤)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شكۆدار<br>هاوپێچ ٧ تەممـوز ١٣٣٠، یەكێـك لـە ئاغـای قۆڵـی خانەنشـین كـراو هاتۆتـە لای سـەرۆكی عەشـیرەتی پشـدەر، لـە بـارەی سـنوورەوە بـەردەوام لەلایـەن قائیمقامـی مەعمـورەی حەمیدیـە ئـاگاداری نێـردراوە و ئامـاژە بـە بارودۆخەكـەی كـراوە، لەلایـەن عەزیـز سـاڵح سـەرۆكی قۆمیسـیۆنی سـنووریش هـەواڵ هاتـووە، لەلایـەن ناوبـراوەوەش ئامـاژە بـۆ سـەرچاوەكەی رەوان كـراوە، بـە زانیـاری رەسـول ئاغـا قائیمقامـی بازیـان لێكۆڵینـەوە و پشـكنین ئەنجـام دراوە، بـەڵام هیـچ بەڵگەیـەك نییـە، كـە كەسـێكی ئـاوا هاتبێتـە ناوچەكـە، چونكـە بـە هاتنـی كەسـێكی ئـاوا پایـە بـەرز بـۆ ناوچەكـە، ئامـادەكاری پێویسـت ئەنجـام دەدرێـت.<br>سلێمان نەزیف والی موسڵ</td></tr>
</table>



DH.EUM.2.Şb.00015.00026.001

| | | |
|---|---|---|
| DH.EUM.2.ŞB | 00015.00026 | 3 سەفەر 1334 (١١ کانوونی یەکەم ١٩١٥) |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئـەم سـەربازەی ڕەوان کـرا بـوو، چۆتـە نـاو شـنۆ، هەروەهـا مەفـرەزەی سـەربازی ڕەوانی مەرکـەزی پشـدەر دەکرێت.
لە دەربەند حەیدەر والی موسڵ